# ماكسيم گۆركی

## هاوسەفەر

## و

## چەند چیرۆكێكی دی

## ئا- و: حەمە كەریم عارف

پێشكەشە بە گیانی پاكی:

١-- دایكم: ڕەحمە دەروێش كەریم

٢-- باوكم: عەبدولكەریم عارف

پێڕست

حەمەکەریم پیاوێک لە..................... شێرکۆ بێکەس

ژینامەی م. گۆرکی.

تاوێک لەگەڵ م.گۆرکی.

بیست وشەش پیاو وکچێک.

کۆنۆڤالۆف.

ئەفسانەی دایک.

چلکاش.

هاوسەفەر.

ئامانجی ئەدەبیات.

دایک وفرزەند.

ژینامەی وەرگێڕ.

حەمە کەریم عارف

پیاوێک لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێرکۆ بێکەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێک وتێکەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف
پیاوێک لە شەونخونی و
لە ڕێژنەی وشەو
خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و
پەنجەرەیەک بۆ خەمی کەسک و
گزنگی بەیان.
حەمەکەریم عارف
ژێ یەک بۆ خۆشەویستی ئەبەدی
ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و
گۆرانیی هەمیشە پاراوی
گەرووی ژیان!
هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا
هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.
هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.
هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!
ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم
ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.
بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و
چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.
بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو
خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە رۆژنامەیەک ونە گۆڤارێک و
نە شەقامێکی کەرکوک ونە مەقامێکی
عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەک
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەک
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەک

باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!
کەرکوکییەک..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاک لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا ڕێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە
هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ
ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەک کە سەر ڕێژە لە وشەو

که لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ ژمارە(٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

## ژياننامەی م.گورکی

(١)

ماكسيم گۆركى" ١٨٦٨- ١٩٣٦ " (ناوى خوازراوى ئالكسى ماكسيموفيچ پيشكوفه، رۆماننوس‌و شانۆنامەنووسى بەناوبانگى رووسييە، لە نيژنى نۆڤوگۆرۆدا (شارى گۆركى ئێستا) لە دايك بووە. چوار ساڵان بوو كە بابە پەردە فرۆشەكەى مرد، و لە دەساڵيدا دايكيشى لە دەستدا. گۆركى چەند ساڵێک چووە قوتابخانە، پاشان ناچار بوو بۆ وەدەست هێنانى بژێوى دەرس‌و خوێندن تەرک بكات. لە هەموو دەرگايەكيدا هەموو كارێكى وەكو شاگرد پينە دۆزى، كرد. لە دوازدە ساڵيدا لە ماڵ هەڵات، و لە يەكێک لە كەشتييەكانى روبارى ڤۆلگادا بوو بە قاپشۆرى ئاشپەزخانە. ئاشچى كەشيتييەكە كە جانتايەكى تەژى كتێبى هەبوو، هانى كتێب خوێندنەوەى دا. پاش ئەوە كەوتە كارێن وەكو نيگاركێشى پورترێت، ئەكتەرى، نانەوايى، كرێكارى بارئەندازى كەشتى، و ميوە فرۆشى. لە ساڵى ١٨٩١دا پەيوەندى بە چالاكييە شۆڕشگێرييەكانەوە كرد، و تێكڕا سێ جاران گيرا. يەكەمين چيرۆكى لە ساڵى ١٨٩٢دا بڵاو بووەوە كە سەركەوتنى بەدەست نەهێنا، بەڵام ئەو بەردەوام بوو بە جۆرێ كە لە ساڵى ١٩٠١بە دواوە خوێنەرێكى زۆر بۆ بەرهەمەكانى پەيدا بوون وچەندين جار چاپكرانەوە. گۆركى لە ساڵى ١٩٠٦دا سەفەرێكى بۆ ئەمريكا كرد تا پيتاک بۆ بزووتنەوەى شۆڕشگێڕى كۆ بكاتەوە. لەوێندەر بە گەرمى پێشوازى لێكرا، بەڵام گاڤێ كە سەفارەتى تزار زانى ئەو ژنەى لەگەڵيايە هاوسەرى خۆى نييە، سەرزەنشى كرد. گۆركى بۆدوڕگەى كاپرى لە ئيتاڵيا رۆيى‌و ماوەى حەوت ساڵانى وەكو دوور خراوەيەكى سياسى لەوێندەر بەسەر برد. لەم دوڕگەيەدا قوتابخانەيەكى بۆ منالانى شۆڕشگێڕان و بۆ ناڕازييانى سياسى پێكەوە ناو بەڕێوەبرد. يەكێک لە قوتابيانى قوتابخانەكەى ئەو يوسف ستالين بوو.لە ساڵى ١٩١٣دا رێگەدرا بۆ روسيا بگەڕێتەوە. لە شۆڕشى ١٩١٧دا هەوەڵجار لەگەڵ

مەنشەفیکاندا دابوو، بەڵام پاشان هاتە سەر رای حزبی بولشوفیک. لە ساڵی ١٩٢١ بە هۆی ناکۆکییەکەوە لەگەڵ لینیندا، ناچار وڵاتی بەجێهێشت. گۆرکی تا ساڵی ١٩٢٨ی لە ئاڵمان بەسەر برد، وئەوسا داوای لێکرا بۆ وڵاتی خۆی بزڤرێتەوە. سەرەنجام لهشاری گۆرکی (شارێکی نزیکی مۆسکۆیە کە بەناوی ئەوەوەیە) چاوی لێکنا.

(٢)

بەشی گۆرکی لە ئەدەبیاتی رووسیدا ئەمەیە کە "دنیایەکی تازەی لە جیهانی خەڵکی هەژارو دەربەدەرانی کۆمەڵایەتی (خانە بە کۆڵانو کرێکاران، لۆمپەنان، دزانو بەرەڵڵایان، سۆزانیو دەلالان، بادەنۆشو ئالودان) کەشف کرد. پەیامی ناراستەوخۆی گۆرکی لەم بارەیەوە ئاشکرایە: ئاوارەو بەرەڵلایانی سوکو سەلیم بەو روحە جوانەوە کە هەیانە، نابێ لە یادی بەشەریەتدا فەرامۆش بکرێن، چونکە ئەم ماڵ بە کۆڵانە قوربانیانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ستەمکارن"، لە راستیدا بابەتو و نێوەرۆکی هەمیشەیی گۆرکی "چیرۆکی روحێکی لاڵە کە هەوڵدەدات بێتە زمان، چیرۆکی بنیادەمانێکی بە سروشت ساغن کە لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا بەرەڵلا بوونەو بەرەو روناکی لەپە کوتێ دەکەن".

(٣)

گۆرکی گەلەک کورتە چیرۆکانی نووسیوە. یەکەمین کۆ چیرۆکی کورتی بە نێوی "سکێچو چیرۆکان" لە ساڵی ١٨٩٨دا بڵاوبووەوە،ناویان خستە سەرزاران، "کونوڤالوڤ- ١٨٩٦"، "ئورلوفو ژنەکەی- ١٨٩٧"، "بیستو شەش پیاوو کیژێک، ١٨٩٩"، و "لە دایک بوونی مرۆڤێک ١٩١٢" لە باشترین کورتە چیرۆکی ئەون.لە رۆمانە هەرە زندووەکانی گۆرکی دەشێت ناوی فوما گوردیف- ١٨٩٩، سێ هاورێ- ١٩٠٠، و دایک- ١٩٠٧ ببرێ. گۆرکی رۆمانێکی داستانی تەواو نەبووی چوار بەرگیشی هەیە کە ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، و ئەدەبی روسیا لە ماوەی چل ساڵی بەر لە شۆڕشی

١٩١٧ دەگێڕێتەوە. ئەم ڕۆمانە گەورەیە کە "ژیانی کلیم سامگین"ی ناوە بریتییە لە چوار ڕۆمانی جیا، تەماشاڤان ١٩٣٠، موگناتیس-١٩٣١، ئاگرێن دیکە-١٩٣٨، و خەیاڵ- ١٩٣٨. جگە لەمە باشترین بەرهەمێن نە چیرۆکڤانی گۆرکی ژیاننامە سێ بەشییەکەیەتی کە: سەردەمی منداڵی – ١٩١٣، لە نێو خەڵکیدا – ١٩١٥، رۆژانیزانستگەم- ١٩٢٣ لە خۆ دەگرێ.

(٤)

لە نێو بەرهەمە درامییەکانی گۆرکیدا، شانۆنامانی: بۆرژوازی- ١٩٠٠، ژێرەوە- ١٩٠٢، منالآنی هەتاو- ١٩٠٥و دواهەمین- ١٩٠٨ لە هەموویان بەناوبانگترن. بەرهەمەکانی گۆرکی کە لە دەربەدەریو رۆژ رەشی لاوی ئەوەوە، لە باوەڕ بە هێزی گەلو گەشبینی سەبارەت بە ئایندە و لە ڤیانی ژیانەوە ئیلهامی وەردەگرت، و لە هەمان حاڵدا ئاوێتەی گیانی شۆڕشگێڕیی رۆمانتیک بوو، خستیانە ناو جەرگەی ژیانی ئەدەبیو رۆشنبیریی رۆژگاری خۆیەوە. نووسینەکانی خستە خزمەت ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە، و رێچکەو رێبازی ناسراو بە ریالیزمی سوسیالیزمی لە ئەدەبیاتدا دامەزراند)، بە هەر حاڵ چاوخشانێکی خێرا بە دوو بەرهەمی گۆرکیدا، پەیامو شێوازی ئەودەردەخات.

لە ژێری ژێرەوە: درامایەکە دەربارەی چەند بنیادەمێکی بەدبەختو دەربەدەر کە لە میوانخانەیەکی هەرزان باییدا لە دەوری یەکدی خڕبوونەتەوە. لە ناو ئەمانەدا، نەفەرێکیان دزێکە بە نێوی پیل، کە لەگەڵ ڤاسیلیسای هاوسەری موڵکدارێکدا پەیوەندی ئاشقێنی پەیدا دەکات، بەڵام لێی بێتاقەت دەبێو حەز لە ناتاشای خوشکی ئەو دەکات. ڤاسیلیسا کە لەم بابەتە زۆر تورە بووە، بەرەبەرە ئۆقرە دەگرێ، و داوا لە پیل دەکات مێردەکەی بکوژێت تا ئەویش پێویستی و فاکتەرەکانی زەماوەندی ئەم لەگەڵ ناتاشادا فەراهەم بکات. پیل پێشنیازەکەی ڤاسیلیسا رەفز دەکات، و ئەو هەراو هەنگامەیەک دەنێتەوە. پیلش مێردەکەی دەکوژێت. ڤاسیلیسا، پیل بە تاوان تۆمەتبار

دەکات، لێ ناتاشاش تێکەڵ دەبێ، و پیلو ڤاسیلیسا دەکەونە زندانەوە. لەم کۆمەڵەدا یەکێکیانیش بە نەخۆشی دەردە باریکە دەمرێت، و نەفەرێکی دیکە کە ئەکتەرێکیبادەئالودەیە، خۆی هەڵدەواسێ.

(٥)

دایک:ئەم رۆمانە لەسەر تەوەری کەسایەتی دایکێکو کوڕە مەیخورەکەیەتی کە (پاش گۆڕانی حاڵی) دەبێ بە ئامیان و ناوەڕۆکی سەرەکی شانەیەکی سوسیالیستی لە کارخانەیەکدا. کوڕە، کە پاڤیلی ناوە، بە تاوانی هاندانی کرێکاران بۆ مانگرتنو رابەرایەتیکردنی رێپێوانی رۆژی یەکی ئایار (رۆژی جیهانی کرێکار) دەگیرێتو حوکمی دوور خستنەوە بۆ سیبریا دەدرێ. دایکەکە وەکو ئەرکی دایکایەتی، دەکەوێتە دابەشکردنی بەیاننامە شۆڕشگێڕییەکانی کوڕەکەی. مامورانی تزار بە بەیاننامەکانەوە دەیگرن، بێدەنگی دەکەنو شلکوتی مەرگی دەکەن.

(٦)

هەر چەندە چیرۆکەکانی گۆرکی کاریگەرن، بەڵام زۆر دوور دێتە بەرچاو کە بەرهەمی نەمربن. چ گومانێک نییە کە گۆرکی پەیامێکی هەبوو، بەڵام ئەم پەیامە سنووردار و پەیوەست بوو بەزەمانی خۆیەوە، و ئاشکرایە کەبەهرەو بلیمەتیشی هەبوو، بەڵام لە پایەی هونەرمەندیدا زۆر شتی کەم بوو. بەرهەمەکانی کاوێژکردنەوەی یەکترن. وێنەکانی ریالیستیانە نین، بەڵکو ئایدیالی یا موبالەغە ئامێزن.

بنیادەمە ئاوارەو چەورەو شەلاتییەکانی لە رادەبەدەر زیرەکو هوشیارن، بۆ نموونە دایکەکە (قارەمانی سەرەکی رۆمانێکە بە هەمان ناو کە پێشتر باس کرا) ژنێکی واقیعی وەکو خەڵکی نییە، بەڵکو حەزو کەماڵخوازی گۆرکی لەمەڕ دایکێک دەنوێنێ کە لە نێو رەنجبەرانەوە هەستابێ. گۆرکی لە شێوەی پەرداخو تەکنیکدا "گیرۆدەی ناڕەوانیو بێ سەرو بەرییەکەی دۆستۆفسکییە، بێئەوەی گەرمو گوڕی ڤیانی برایانەی ئەوی هەبێ".

ڕەنگە فلپس نا هەقی نەبێ کە دەڵێت: "گۆرکی بە خێرایی موشەک دەردەچوو، بەڵام شێوەی هاتنە خوارەوەی ئاسایی بوو".

.

## تاوێک لەگەڵ گۆرکی دا

بەڕێکەوت، شەوێکی درەنگ، لەلای گۆرکییەوە بۆ ماڵ دەڕۆیشتمەوە و تابەر دەرگا بەڕێی کردم و گوتی:

- ئەریٚ، بۆچی هەموو جاریٚ بەشەو دێی بۆ ماڵی من؟ لە شۆفار وسیخوڕانی پۆلیس دەترسیت؟ دەزانی چییە، هەوڵبدە بۆ نیوەڕۆ وفراڤین وەرە.

من، هەرچەندە هەستم دەکرد، کە هەندێجار، فراڤین خواردن لدەف گۆرکی و لەماڵی ویدا، کۆمەکێکی باشە بۆ گیرفانی ناچیز ونیوە بەتاڵی من، بە ئەسپایی گوتم:

- بۆ فراڤین باش نییە... لەکاتی فراڤیندا هەمیشە کۆمەڵێک خەڵکت لەلایە..

- ئاخرر باشیەکەی لەمەدایە. هەم خەڵکی دەبینی، هەم خۆت نیشاندەدەیت. سبەینیٚ وەرە. فراڤین دەخۆین، ئەوسا دەچین بۆ ژووری کارەکەی من، هەنگیٚ گویٚ دەگریت و دەبینی کەمن چۆن نووسەرانی تازە کوورە و تازە کار فێردەکەم و تەعلیم دادەدەم. لەوەیە ڕۆژیٚ، ڕۆژگارێک ئەو دەرس و وانانەی من بەکەڵکی تۆش بێن.

ئیدی بە قسەم کرد. چووم. کاتیٚ چاوم بەو کاغەزانە کەوت کەلەسەر مێزەکەی گۆرکی، بەڕێک وپێکی سەفتە کرابوون، لە خۆڕا هاوارم کرد:- باشە هەر هەموو ئەمانە بابەت و نووسینی خەڵکین؟

گۆرکی، بەڕێزەوە، دەستە گەورەکانی بەسەر سەفتە کاغەزەکاندا هێنا، دیاربوو ئەو کاغەزانەی جیا کردبوونەوە، تالەگەڵ نووسەرەکانیاندا، گفتوگۆ بکات. بە شانازییەوە گوتی:

- تۆ چیت دیوە! ئەمە کەمە، کانگاکەیان ها لێرەیە.

هەنگیٚ ئاماژەی بۆ تاقێکی ئاسایی کرد کەلە تەختەی پان و ساف دروستکرابوو، سەرانسەری دیوارەکەی پشت مێزەکەی گرتبووەوە و پڕ بوو لە کاغەز.

ناو تاقەکە، کە لەم سەر تا ئەوسەری دیوارەکە بوو، یەکپارچە سەفتە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی نووسراوی هەمەجۆر وجیاواز بوو. بە نەزم و زاکونییەکی یەجگار جدی و سەیر، لەشێوەی سەفتە، نامیلکە و لوولەدا، دانرابوون. لەو تاقەدا هەموو جۆرە کاغەزێکی نووسین، کاغەزی نۆتەنووسی، کاغەزی لەزگەی دیوار و تەنانەت کاغەزی تەنکی پەڕە سیغاریش دەبینرا..

هەڵبەتە، چونکە من پێشوەختە، سەبارەت بە نووسەراتی زۆربەوبگرە هەموو دانیشتوانی نیژنی – نوڤوگورود، بە گومان وڕەشبین بووم، بۆیە ئەو خەرمانە گەورەیەی دەستنووسی خەڵکی، کارێکی زۆر خراپی تێکردم و پێی بێتاقەت بووم.

ئیدی بێ هیچخۆشحاڵییەک پرسیم: – زۆر دەنووسن؟

گۆرکی، بە شادی وبەجۆش وخرۆشەوە، لەسەر کورسییەکەی جوڵا، بە دەستە زەلامەکانی کەوتە گەڕان بەناو ئەو کومەدیەی کە دەست نووسەکانی تیابوو، تا ئەو کەرەستانە دەربێنێ کە بۆ کارەکەی پێویستی پێبوو. بەدەم ئەو کارەوە زۆر سادە و دێهاتیانە گوتی: – زۆر، زۆر، زۆر دەنووسن.

منکورسییەکەم لە نزیکی کورسییەکەی ئەوەوە دانا تا ئەو بەشانەی ئەو دەستنووسانە بخوێنمەوە کە گۆرکی بە دیقەت بە قەڵەمی ڕەساس خەتی بەژێردا هێنابوون، ئیدی بۆم دەرکەوت کە بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی دەستنووسەکان، نامە و تێبینی زۆر سادە وساکارانەی نووسەرەکانیان لەگەڵدایە و لەو نامانەدا تکا لە گۆرکی دەکەن کە دەستنووسەکەیان " تا کۆتایی " بخوێنێتەوە: چونکە " جوانترین و گرینگترین بەشی دەستنووسەکە، لە کۆتاییەکەیدایە. "

وێڕای ئەوەی کە هێشتا سەبارەت بە نووسەران بە گومان بووم پرسیم:

– کێهان زۆرتر دەنووسن، ژنان یان پیاوان؟

- هەم نان و هەم پیاوان، هەر دوولایان زۆر دەنووسن. بەڕاستی مایەی دڵخۆشییە.

- بێگومان، ئەم شێتاتیە زیاتر لە ئێمەمانانەوەیە، یانی لە گەنجانەوەیە؟

- نا، مەزەندەکەت دروست نییە. پیرەمێردان و پیرەژنانیش درێغی ناکەن. خۆ پیرەکان هەر نەبێ بیوگرافیەکیان هەیە. بەڵام ئێوەی گەنج چیتان هەیە؟ هێشتا هیچتان نییە، تەنیا هەولێکە و دەیدەن. پیرەمێردێک هەیە کە هەندێجار بۆ ئێرە دێت، گومانی تیا نییە نەوەد ساڵ دەبێت. هەموو شتێک دەزانێت، ئینسایکلوپیدیایەکی گەڕۆکە بۆخۆی. لێ نووسین بەڵەد نییە، پیاو دڵی دەسووتێ، کە بمرێت کەلەپووری دەوڵەمەند و گرانبایی بیرەوەریەکانی لەگەڵ خۆیدا دەباتە گۆڕەوە.

لەم کاتەدا نووسەرانی ئەم دەستنووسانەی لەسەر مێزەکە ئامادە وڕیز کرابوون، یەک یەک وبە پارێزەوە خۆیان بە ژووری کارکردنەکەی گۆرکیدا کرد، ئیدی گفتگۆیەکەی من و ئەو بەشێوەیەکی کاتی وەستا، من لەو بەینەدا، ئەوەندەم دەرفەت پەیدا کرد کە بپرسم:- باشە تۆ ئاوا و بەم قەرەباڵغییە کار دەکەیت؟

گۆرکی، بە پەشۆکاوی بەرسڤی دایەوە:

- ئەو قسەیە چییە! نە گیانەکەم! ئەمڕۆ بە ڕێکەوت ئەم قەرەباڵغییە دروست بووە.

نووسەرەکان، بە ئەسپایی وبە پارێزەوە، دەهاتنە ژوورەوە، لەپاڵ دیوارەکانی ئۆفیسەکەدا ڕیز دەبوون، دەترسان ورتەیەکیان لێوەبێ، یان کۆکەیەک بکەن، هەر شتێکیان بهاتبایەڕێ خۆیان لێ لادەدا، خۆیان دەپاراست تا بەر مێزەکە نەکەون، نەبادا لە هاتنە ژوورەوەدا بۆ ناو ئەو پەرستگە پیرۆزە، شتێک بلەوتێنن یان گلاوبکەن.

ستایشی بێڕیای وان سەبارەت بە گۆرکی و ئۆفیسەکەی، یان وەرشە ئەدەبییەکەی، یەجگار لەبەر دڵان ودڵگر بوو. من لەلای خۆمەوە پێم وابوو کە " دەبێ وابێت. " ئەو کاتانە من کە بابایەکی دوورخراوەی سیاسی بووم، زۆرم حەزدەکرد کە گۆرکی، ڕەخنەی توند لە نووسینەکانیان بگرێت وجنێو بدات. قەناعەتم وابوو " ئەمانە

بەرەوپیری شۆڕش ناچن، چونکە نە شۆرەت وناوبانگی تیابوو، نە پارە و پوول، تەنیا زندان و دوورخستنەوەی لە دوایە. بەڵام سەبارەت بە ئەدەبیات، وەکو شەپۆلی دەریا بە سەریا دەڕژێن. "

وەختێ لە بۆچوونە سەرەتاییەکانی خۆی دەربارەی تێکڕای دەستنووسەکان بووەوە، گۆرکی هاتەسەر هەڵسەنگاندنی تایبەتی هەر دەستنووسێک بەجیا، بێدەنگیەکی مەرگ ئاسا، وەکو بێدەنگی هۆڵەکانی دادگای پێش خوێندنەوەو ڕاگەیاندنی حوکمی دادگا، باڵی بەسەر ئۆفیسەکەی ویدا کێشا. دەنگی سووکی جیڕەجیڕی کورسییەکان و ئاه وهەناسەی ساردی ئەو نووسەرانەی کە متمانەیان بەخۆ نەبوو و داخیان بۆ ئەوە دەخوارد کە چما ڕێگەیان بەخۆ داوە، بەو نووسینە پەڕپووتانەیانەوە بێنە حوزووری گۆرکی، بە ئاستەم دەگەییە گوێ.

– ئیڤان موکاسەیف، لێرەیە؟

– بەڵێ ئامادەیە.

نووسینەکەی موکاسەیف، یەک تۆز لە سێ لاپەڕەی بچووکی دەست خەت زۆرتر بوو، بۆیە گۆرکی پێشنیازی کرد، کەبەخۆی بەدەنگی بەرز نووسینەکەی خۆی بخوێنێتەوە.

ئەو گەنجە سادەیە، کە قژە زەردەکەی تەڕ کردبوو و بۆ سەرەوە هەڵیدابووەوە و شانەی کردبوو و دەم و چاوە سوورەکەی یەکپارچە زیپکە و جوانەزمە بوو، وەکو قوتابییەک کە دەرس و وانەکەی ئامادە نەکردبێ، بەو ئاوایە پەشۆکا.

نیگایەکی، پڕتەوازی، گۆرکی کرد وبە زەحمەت گوتی:

– من ناتوانم بە دەنگی بەرز بیخوێنمەوە، زۆر زەحمەتە.

گۆرکی، بۆ دڵنەوایی ئەو گوتی: - هەر چۆنێک دەتوانی، خۆ ناکرێ من نووسینەکەی تۆ بدەمە یەکێکی دی بیخوێنێتەوە، خەتەکەت ناخۆشە، ناخوێنرێتەوە، کاغەزەکەشی بەکەڵک نایەت، هەموو پیتەکان، بەسەر کاغەزەکەوە بڵاو بوونەتەوە..

هەرچەندە بۆ موکاسەیف، زۆر زەحمەت بوو کەبەخۆی حیکایەتەکەی خۆی بۆ ئامادەبووان بخوێنێتەوە، لێ وێڕای ئەوەش ناچار بوو، مل بدات، نەدەکرا گەنگەشەی گۆرکی بکات! ئەمە جگە لەوەی وەختایەک هێرشی یەکەمین شەپۆلی ترس تێ پەڕی، نووسەر خەریک بوو تووشی نائومێدی ببێت، قیروسیای کرد، هەرچی دەبێ با ببێت، بەدەنگی بەرز ناونیشانی چیرۆکەکەی خوێندەوە، دەنگی خۆی نەناسییەوە. ناونیشانی چیرۆک وحیکایەتەکە " یاس گوڵ دەکات " بوو.

دیاربوو کە گوێگران، ئەو ناونیشانە ڕۆمانسیەیان بەدڵ بوو. بزەیەک کەوتەسەر سیمای هەموویان. یەکێکیش بە ستایشەوە گوتی: " ئەی ئافەرین باریکەڵڵا " ...

موکاسەیف، بەدەنگێکی لەرزۆک وشەرمنانە، بەمجۆرە دەستی بە خوێندنەوە کرد: " کاتێ لە بولڤاری پوشکیندا، لەشارا، یەکەم دەوەنی یاس گوڵی کرد (ڤتلوگین) ی قوتابی پۆلی حەوتەمی قوتابخانەی ئامادەیی ئەدەبی ساراتوف، بە تەواوەتی ئامادەگی خۆی خۆی لەدەست دا، ورەی بەردا، نەیدەتوانی بچێتە تاقیکردنەوەو تێگەیی، بەڕاستی ئاشقی " ئاسترایوموفا "ی قوتابی پۆلی حەوتەمی قوتابخانەی ئامادەیی ئەدەبییە.... گوێگرەکان لە درێژەی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا بۆیان دەرکەوت کە ڤتلوگینی قوتابی ئامادەیی، حەزی لە ئاسترایوموڤا کردبوو و ئاسترایوموڤا، زۆری سەرزەنشت کردبوو، دیاربوو داک وبابیشی، زۆریان قسەی سارد وسڕ پێگوتبوو کە: " جارێ زۆر زووە، وەختی ئاشقێنی نییە. دەبێ بخوێنی، خوێندن تەواو بکەیت، ئەوجا دەبێ لەکارێک دابمەزرێی، دەبێ یارمەتی داک و بابت بدەیت." دڵی ڤتلوگین تا ماوەیەکی زۆر ئۆقرەی نەبوو.

قوتابی ناڤبری، تاقیکردنەوەو قوتابخانەی لە مێشکی خۆی سڕییەوەو خەمبارو پەشیو، سەرگەردان و وەیلان بە شەقامەکانی ساراتوفوکەناراوەکانی ڤولگادا بێهودە دەسووڕایەوە. " بەڵام لە باخی پوشکیندا، داری یاس وەکو بەهار گوڵی دەکرد و دنیای عەتروەشان دەکرد." هەنگێ ڤتلوگین، وەکو ئەوەی کەسێک لە غەیبەوە بیجوڵێنێت، دانیشت ودەستی بە نووسینی چیرۆکێک کرد. بەخەیاڵی خۆی کاتێ ئەو چیرۆکە چاپ وبڵاو ببێتەوەو خەڵکی ساراتوف، بکەونە ستایشی ئەو چیرۆکەو شانازی بەوەوە بکەن کە نووسەرێکی بەتوانا و بەهرەدار لە شارەکەیاندا پەیدا بووە، هەنگێ خاتوو ئاستراپوموڤا، کاڵەک بە ئەژنۆ دەشکێنێ و داخ بۆ ئەوە دەخوات کە بۆچی ئەشق وڤیانی پاک وبێگەردی ئەوی ڕەتکردووەتەوە، هەنگێ بە مەمنوونیەوە دووی دەکەوێت.

بەزەحمەتێکی زۆر چیرۆکەکەی تا کۆتایی خوێندەوە. بەلای ڤتلوگینەوە چیرۆکەکە بە ڕادەیەک جوان و سەرنجڕاکێش و گۆرکیانە بوو، کە لێبڕا بەرلە چاپکردنی تاقی بکاتەوەو بە چیرۆکەکە کار لە هەست وسۆزی دڵبەرەکەی بکات. کاتێ کە دەستنووسی چیرۆکەکەی دا بەو کیژە تا بیخوێنێتەوە، زۆر بە متمانەوە پێی گوت کە ماکسیم گۆرکی بە عەمراتی قوتابخانەی ئامادەیی نەبینیوەو کەچی نەک هەر لە سەرانسەری ڕووسیا، بەڵکو لە سەرانسەری دنیادا بەنێوبانگ و وێردی سەر زمانانە. کەواتە ئەو، ڤتلوگین کە تەقریبەن قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، دەبێ زۆر لە گۆرکی زیاتر شانسی شۆرەت ونێوبانگی لە دنیای ئەدەبیاتدا هەبێ! خاتوو ئاستراپوموڤا، ڕۆژی دواتر کە دەستنووسەکەی بۆ بردبووەوە بەوپەڕی خەمساردی و بێ موبالاتی بە ڤتلوگینی گوتبوو کە ئەم حیکایەت و چیرۆکەی خوێندووەتەوەو" هەرچەندە من لەم شتانە تێناگەم و سەریان لێدەرناکەم، بەڵام بە ئاشکرا دیارە، ئەو کەسەی کە ئەم چیرۆکەی نووسیوە، نووسەر نییە." ڤتلوگین، گڕ دەگرێ و هاوار دەکات: " چما نووسەر نەبووە؟ چۆن نووسەر نەبووە؟ من خۆم هەڵناکێشمو ناڵێم

نووسەرێکی تەواوم. بەڵام دەبم بە نووسەرێکی باش. " کیژێ بە هەمان ڕاشکاوی خۆی، کە بەشێک بوو لە تەبیعەتی، پرسی: " یانی کەی دەبیت بە نووسەر؟! " ڤتلوگین، بەرسڤی دایەوە: " هەرکاتێ کە ئەم چیرۆکە چاپ وبڵاوبکەنەوە. گەورەترین کێشە ئەمەیە تا یەکەمین بەرهەمی مرۆڤ چاپبکەن، مرۆڤ ئاشنایەتی دەگەڵ ئۆفیس و نووسینگەی ڕۆژنامە وبڵاڤۆکاندا پەیدا بکات، ئەوسا هەموو کارەکان خۆبەخۆ دەکەونە سەرسکە. تۆ پێت وایە ڕەوشی گۆرکی لە هەوەڵەوە ئاسان بووە؟ لە ڕەوشی منیش دژوارتر بووە... "

ئاسترایوموڤا، بە خەمساردی گوتی: " ئێ، چار چییە، سەبر دەکەین، با بزانین. "

ڤتلوگین، بە پەستی هاواری کرد: " سەبری چی، چاوەڕوانی چی؟! "

کیژێ بەرسڤی دایەوە: " چاوەڕوانی چاپ وبڵاوکردنەوەی. "

ڕژدی کیژێ، ڤتلوگینی وادارکرد کەلە چاپکردنی چیرۆکەکەدا لەزێبکات و لە ڕاستیدا، دژوارترین قۆناغی ژیانی قوتابی ناڤبری دەستی پێکرد. چەندین نوسخە لەو چیرۆکە کۆپی کرا، لە زۆر شوێندا بڵاوکرایەوەو دەستاودەستی دەکرد، درابوو بە ئۆفیسی ڕۆژنامەکانی پایتەخت وباژێرۆکان ویارۆی نووسەر، جگە لە نامورادی هیچی دی نەدەدووریەوە.

ئۆفیسی ڕۆژنامەکان، دەتگوت بەدەمی یەکیاندا قڕاندووە، هەموو یە دەنگ دەیانگوت: " چیرۆکێکی ئەوەندە خراپە کە شایستەی باسکردن نییە، ئەدەبی نییە، کۆمەڵێک ڕستە و دەربڕینی دزراوە، بێ ناوەڕۆکە، نووسەر دەستی داوەتە کارێک کە کاری ئەو نییە.."

یەک ساڵ، بەو حاڵەوە بووری، نەناو پەیدا بوو نە باو. مەسەلەی ئەشق و ڤیانەکەش هیچی لێ شین نەبوو. ڤتلوگین کەبە تەبیعەت زۆر هەستیار بوو، لەو ساڵەدا زۆر گۆڕا، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما، ناحەز وناشیرین بوو. دوای هەرەسهێنان و داڕوخانی

کۆشکی خولیا و ئاواتە زۆر گەورەکانی، ئیدی نەیدەتوانی بە ژیانی خاکیانە وناچیزی جارانی خۆی ڕازی بێت، هەستی دەکرد کە کەوتووەتە کوێرە کۆڵانێکەوە کە هیچ چارەو مالیجەیەکی نییە. " بەڵام لە باغی پوشکین دا، درەختی یاس وەکو پار گوڵی دەکرد ودنیای عەتروەشان دەکرد " هەنگێ ڤتلوگین، بەهەر گیانە هارییەک (گیانە سەرییەک) بوو، دەمانچەیەکی پەیدا کرد، کە تەنیا سێ فیشەکی لەگەڵ بوو، دووانیانی نا بە ئاسترایوموڤاوەو سێیەمیانیشی بەخۆیەوە نا. قەدەر وای هانی کە کیژێ بە سووکە برینێک وکەمێک ترسان ڕزگاری بوو، لێ ڤتلوگین، دەم ودەست مرد" هەموو خەڵکی ساراتوف، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی بەڕێکردن و ناشتنی تەرمەکەیدا کرد. ژمارەیەکی زۆر لە کچانی دوا پۆلەکانی ئامادەیی ئەدەبی، بە جلکی تەنکی بەهارییەوە، دوای تابووتەکەی کە نقومی گوڵ بوو، کەوتبوون. کیژەکان بەو جلانەوە لە فریشتەی ئومێدبەخشی ئاسمان دەچوون.. لە سەر قەبران، گەورەو بچووک، مامۆستایان وقوتابیان، هەموو هەر دەگریان، خاتوو ئاسترایوموڤا لەهەموویانبە کوڵ وبەجۆشتر دەگریا وڕوندکی دەڕشت: تێگەیی بوو کە ئەشق و ڤیان چییە و دەکاتە چی.. ئەو ڕۆژە تا شەوێ لەو شارەدا، ئارامییەکی بەهەشتی بەرپا بوو کە ساراتۆف، پێشتر هەرگیز ڕۆژی وای بەخۆوە نەبینی بوو. لە بولڤاری پوشکین درەختی یاس گوڵی دەکرد و بە سەخاوەت و دڵاواییەوە دنیای عەتر وەشان دەکرد."

هەموو هەناسەیان لەخۆ بڕی بوو، مات وخامۆش گوێیان لە حیکایەت و چیرۆکەکەی موکاسەیف دەگرت. هەر لە یەکەم دێڕەکانەوە چیرۆکەکەی ئەویان بە چیرۆکێکی بێ پەردە لە قەڵەم دا و، لە ڕادەبەدەر هەڵچوون. هەندێک لە گەنجەکان، بە ترس و دوو دڵییەکی زیاتر لە ترس و دوو دڵی خودی موکاسەیف ەوە، چاوەڕوانی ئەوە بوون بزانن گۆرکی چ دەڵێت وهەڵسەنگاندنی ئەو بۆ چیرۆکێک کە نێوی ئەویشی تیا برابوو چ دەبێت و تاچ ڕادەیەک بە ئینسافەوە حوکمی لەسەر دەدات. هەمووان، بەدەم چاوەڕوانی بۆچوونی گۆرکییەوە، لەجێی خۆ وشک بووبوون، گۆرکی، لە پشت

مێزەکەیەوە دانیشتبوو و تەمەشای پێشەوەی دەکرد، بە دەنگێکی هێواش و کەمێک گڕ گوتی

– ئێ،چ بڵێم. ئەمەش بۆخۆی بابەتێکە. تەنانەت حیکایەتیش نییە، وتارە. بگرە وتاریش نییە، هەواڵێکی ڕۆژنامەوانیە، هەواڵێکە لە شاری ساراتوفەوە، دەربارەی ڕووداوێکی تازە کەلەو شارەدا ڕوویداوە. لەبیرمە کە خۆم هەمان ئەم خەبەرەم دەربارەی ئەم کوڕ و کچە خوێندکارەی ئامادەیی ئەدەبی لە بڵاوکراوەی " ساراتوفسکی وستینک " دا خوێندووەتەوە. تەنانەت لەو سەروبەندەدا کەشیشان هاتنە دەنگ و دەیانگوت کە ڕۆڵی پەروەردەی ئۆلی و ئەخلاقی قوتابخانەکان یەجگار کەمە و لە نرخی نەبوودایە..

نووسەرەکە، خۆشحاڵ و شاد بوو وگوتی:

_ بەخۆت خوێندبووتەوە؟ بزانە، من چۆن حەقیقەتم، وەکو خۆی تۆمار کردووە؟ هیچم لە گیرفانی خۆمەوە دەرنەهێناوە، هەموو بابەتەکانم لە ژیانەوە وەرگرتووە.

گۆرکی، بەهەمان ئارامی خۆیەوە، ئانیشکەکانی نابوونەسەر مێزەکە، قامکە درێژەکانی، تێک هەڵکێشابوون، بەکاوەخۆ، بەمجۆرە هاتەقسان:_–ڕاستە واقیع وەکو خۆی تۆمار کراوە، بەڵام بۆ نووسینی ئەدەبی جوان، ئەمە بەس نییە. کەم وکووڕی زۆری تیایە. من داوای بووردن دەکەم کە ناچارم ڕاستیە کۆنەکان دووبارە بکەمەوە ئەو ڕاستیانەی کە حوکمی ئەلفبای نووسەراتیان هەیە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانی کەبەرهەمی جوانی هونەری، کۆنووسی کۆبوونەوان نییە، نابێ ڕووداوێک وەکو خۆی تۆمار بکات، بەڵکو دەبێ خوێندنەوەی هونەری بۆ بکرێ، مانای پێ ببەخشرێ، شرۆڤە بکرێ و لە ناوەوە تیشکی بخرێتەسەر. ئەوە ڕوون بکرێتەوە کەهۆی خۆکوژییەکەی ڤتلوگینەکەی لە مەڕ تۆ چ بووە. دەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە چما ویستویەتی خاتوو ئاستراپوموڤاش بکوژێت. ئەم مەسەلەیە بۆ خوێنەرانی بەرهەمەکەی تۆ زۆر ناڕوون و گونگە. ئەم کاراکتەرەی تۆ بۆچی دوو گوللەی بە کیژەکەوە ناوە ویەک گوللەی بەخۆیەوە ناوە، دەکرێ زۆرشت لەم بارەیەوە بنووسرێت. بەڵام تۆ، تۆ هەموو

بابەتەکانت، بەسەر یەکدا ترشاندووەو بە کاڵ وکرچی پێشکەشت کردووە. بابەتەکە خۆی لەخۆیدا گرینگە، بەڵام وەکو پێویست، مامەڵە و بەرخوردی هونەری دەگەڵدا نەکراوە.

نووسەرە گەنجەکە، لەکاتێکا سوور بووبووەوە و ئارەقە بە جۆرێ بە سەرو ڕوویا دەهاتە خوارەوە، دەتگوت لە گەرماو هاتبووە دەرەوە، بەدەنگێکی پاڕانەوە ئامێز، بەڵام لەهەمان کاتدا پڕ لە شادی دووبارە پرسی:

– بە بۆچوونی تۆ ئەو بابەتەی هەڵمبژاردووە، بابەتێکی گرینگە؟

گۆرکی، سەری ئەرێی بۆ لەقاند وگوتی:

– ئەرێ، زۆریش گرینگە. من ئەم قسەیەم دەربارەی ناوەڕۆک و چەمکی نووسین و بابەتەکە گوتووە. با ئێستا بێینەسەر لایەنەکانی دیکەی نووسینەکە. لەم نووسینەدا، هیچ هەمەڕەنگییەک بەدی ناکرێ، وێنەی تێدا نییە، پێڕستێکی ڕووت و قووت و وشکی ناوی شتەکانە نەک خودی شتەکان لە شێوەو فۆرمی مەتریاڵی خۆیاندا. تەنانەت وێنەی تاقە بەشەرێکی تیا بەرجەستە نەبووە، تۆ ڕەفتار وسیفەتی یەک کەست وەسف نەکردووە، تەنیا ناوی شۆڕەتیانت بردووە. نووسەری لێهاتوو وهونەرمەند، دەبێ هەموو شتەکان نیشانبدات وهەر بەناوهێنانی، ناوەکانەوە نەوەستێت. کەناوی یاس دێنیت، یاس نیشانبدە. یان کاریگەری هەست پێکراوی یاس نیشانبدە، کە ناوی ساراتوف دەبەیت، ئەو شارە بەرجەستە بکە یان بەلای کەمەوە لایەنێکی تایبەتی ئەو شارە ئاشکرا بکە. کە باسی ئەشق و ڤیان دەکەیت، وێنەی بگرە، عەشق نیشانبدە کەچۆنە وچییە. یان کە باسی ناکامی دەکەیت، دیسان کارێ بکە کەبەلای کەمەوە ئێمە وادار بکە هەستی پێبکەین، دووچاری هەمان دەرد بین. کە دەنووسیت " شۆڕەت " بۆنی ڕاستەقینەی شۆڕەت بگەیەنە کەپووم، خوێنەر واداربکە کەتێبگات شۆڕەت چییە و چ ڕەنگ و بۆنێکی هەیە. هەڵبەتە پێویستە لێرەدا ئەوە دووبارە بکەمەوە، تۆ لە سێ

لاپەڕەی بچووکدا چوار کەڕەت نووسیوتە: " درەختی یاس گوڵی دەکرد " ئەگەر ناونیشانی نووسینەکەش حیساب بکەین، دەبێت بە پێنج جار، ئەمە زۆرە. دوو کەڕەت بەس بوو. ئەمە جگە لەوەی هەرگیز پێویست ناکات لە چیرۆکدا ناوی ڕاستەقینەی خەڵکی زندوو بێنی وبنووسیت ماکسیم گۆرکی. چونکە لە دادگا نیت تا شایەدی لەسەر تاوانبار بدەیت، تا ناوی ماکسیم گۆرکی وەکو شەریکی کوشتنی بە ئانقەستی ڤتلوگینی خوێندکاری ئامادەیی ئەدەبی بەگوێی دادسێندا بدەیت. لەجیاتی "ماکسیم گۆرکی نووسەر" دەشیا بنووسیت: " نووسەرێک کە تا ئێستا بەناوبانگە"

بەمجۆرە شاراوەتر دەبوو وبەهیچ جۆرێ نەدەبووە مایەی گومانی ئەوەی کە تۆ نیازی ڕیسوایی یان بەلای کەمەوە نانەوەی هەرا و هەنگامەت هەیە. ئەدی بۆچی ناوی خانەوادەیی یارۆی خوێندکارت نەگۆڕیوە؟ لە ڕۆژنامەکەشدا نووسرابوو ڤتلوگین، تۆش هەر ڤتلوگین "ت  نووسیوە. ئێستا ئەوەی دەمێنێتەوە، مەسەلەی ئەنجامی ئەخلاقی چیرۆکەکەیە، کەدەبێ خویا بێت بۆچی نووسراوە.

موکاسەیف، لەم کاتەدا، دەرفەتی هێنا، کەبینی گۆرکی ، هەڵوەستەیەکی کرد تا نەفەسێک تازە بکاتەوە، هەڵیدایێ و بە پارێزێکی زۆرەوە و بەم جۆرە کەوتە بەرەڤانی لەخۆی:

– سەبارەت بەوەی کە ئەم چیرۆکە چما نووسراوە، لە نووسخەی یەکەما بە دوور و درێژی ڕوونم کردبووەوە. لەو نوسخەیەدا مەسەلەی ئەنجامی ئەخلاقی نووسرابوو. یان بە گوتەیەکی دی، کۆتاییەکەی بۆ ئەنجامگیری ئەخلاقی تەرخان کرابوو، ڕێک وەکو ئەوەی لە حیکایەت و فابلاندا باوە. پاشان ڕێنماییەکانی تۆم بیر کەوتنەوە کە نابێ بابەتەکە بجوویت و بیخەیتە دەمی خوێنەرەوە، ئیدی ئەو بەشەم لابرد. ئێستاش ئەوەندەی لەبیرم ماوە دەقی ئەو ئەنجامگیرییە ئەخلاقیەت بۆ دەگێڕمەوە: " مخابن، ئەو پێشهاتەی ڤتلوگین و خاتوو ئاسترایوموڤا، لەنێو گەنجانی ساراتوفدا، پێشهاتێکی تایبەتی نییە. هەموو کیژانی ساراتوف مودەتێکە دووچاری جۆرە نەخۆشییەکی تایبەت

بوون و دەڵێن نابێ خوازگارەکانیان بەهیچ کلۆجێ لە ماکسیم گۆرکی، بچووکتر و کەمتر بن. یا دەبێ وەکو ماکسیم گۆرکی بن، یا نایانەوێ. پێیان خۆشە بمێننەوەو پیر ببن، بەڵام بە خەڵکانی وەکو ڤتلوگین قاییل نەبن، ئەوجۆرە گەنجانەیان بەهیچ جۆرێ ناوێت. "

دەنگی قاقای ئامادەبووانی کۆڕەکە بەرز بووەوە. تەنیا یەک کەس بەتاقی تەنیا و بە گەرمی کەوتە چەپڵەلێدان. موکاسەیف، کەلەو هەرا و هەنگامەیەدا گێژوویژ بووبوو، وەستا، حایر وحەپەساو دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی، دیاربوو، هیچی بۆ ڕوون نەبوو، نەیدەزانی ئەم هەرا و هەنگامەیە، ستایشە یان ڕەخنە و سەرزەنشت.

گۆرکی، کەبەهەمان دەقەوە لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، سەری هەڵبڕی و دەمە گەورەکەی کردەوەو لە کانگای دڵەوە قاقایەکی لێدا، ئەوجا کۆکەیەکی توندی بۆ کرد، بە جووڵەیەکی لەزگینی دەست " کۆتاییەکە " ی موکاسەیفی ڕەتکردەوە، چونکە بە هیچ کلۆجێ ئەنجامێکی جدی نەبوو ودەگەڵ ئاهەنگ وتۆنی گشتی چیرۆکەکەدا تێکی نەدەکردەوە.

دوای پێکەنینێکی زۆر، هەمووان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون. لێ بە سەر وسیمایاندا دیاربوو، کەلە دڵی خۆیاندا گاڵتەیان بەو بیرۆکە کومێدی و نوکتەبازاڕیە دەهات، واتە گاڵتەیان بە خوازگارانی بێ بەهرە و بووکانی سەختگیر دەهات.

گۆرکی، کاتێ دەستنووسەکەی، کە زۆر شوێنی چاک کردبووەوە، دایەدەست نووسەرەکە، ڕوویکردە هەمووان و بەتووندی گوتی:

– دەبێ کارێکی زۆر بکرێت، تا لە هەواڵێکی ڕۆژنامەوانییەوە، بەرهەمێکی هونەری جوان هەڵێنجیت، دەبێ کار بکرێ، دەبێ کار بکرێت.

موکاسەیف، کە پەشێوی تەواو بە چاوانییەوە دیاربوو، ڕوانییە گۆرکی و پرسی: –

- کەواتە دەبێ کار بکەم و پێیدا بچمەوە؟

وەختایەک موکاسەیف، دەستنووسەکەی وەرگرتەوە هەمووان دیتیان کەئەو گەنجە چۆن دەستەکانی بەتووندی دەلەرزین. دوای ئەوە هەموو دەستنووسەکانی دیکە خرانەبەر وردبینی ڕەخنەوهەڵسەنگاندنەوە. هەرجارەی چەنددانەیەک بەیەکەوە هەڵدەسەنگێنران و یەک لەیەک خراتر بوون. پاشان نووسەرانی تازە کوورەو تازەکار، هەندێک پرسیاریان لە گۆرکی کرد.

گەنجی یەکەم، هەر لەجێی خۆیەوە پرسی:

- ئەلیکسی ماکسیموڤیچ، ناونیشانی چیرۆکەکە چۆنە؟ " درەختی یاس گوڵ دەکات " ناونیشانێکی باشە؟

گۆرکی، بەکاوەخۆ تەمەشای ئەو لایەی کرد و، بەڕاوێژێکی ڕوون و ڕەوان گوتی: -– ناونیشانی چیرۆک یان دەبێ بەیەک دوو وشەی پڕ مانا و ورد گوزارشت لە چەمکی بەرهەمەکە بکات و مەبەست و ناوەڕۆکەکەی دەرببڕێت، یان نووسەر دەبێ بە مەبەستێکی هونەریی بەکاری بەرێت کەلەو ڕێگایەوە کاریگەری بەرهەمەکەی زیاد بکات، وەکو چۆن نیگارکێشێکی هونەرمەند، بەیەک هێڵی زیادە جیلوەی بەرهەمەکەی زیاتر دەکات. لەم نووسینەدا ناونیشانی " یاس گوڵی دەکرد " لە جوملە و جۆری بەشی دووەمە و نووسەر بۆ ئەوەی هەڵبژاردووە تا کە لایەنی تراجیدی چیرۆکەکە زیاد بکات و کارەساتبارتر بنوێنێ.

موکاسەیف پرسی:- دەشێت لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەم ڕەستەیە زیاد بکەم: " باران وردە وردە دەباری "هەنگێ ناونیشانی چیرۆکەکە بکەمە: "باران وردە وردە دەباری" ؟

ئامادەبووان، هەمووان، بە دڵەڕاوکێوەو بەدەم لێو کرۆشتنەوە چاوەڕوانی وەڵامی گۆرکییان دەکرد.

شوێنەواری بزەیەکی ئاڵۆز بە چاوانی گۆرکییەوە بەدیارکەوت، لێ بە تۆنێکی نارەزاییەوە و بەدەم بۆڵەبۆڵەوە گوتی:

– دەشێت. دەشێت هەر کارێک بکەیت. بەڵام زۆر خراپ دەبێت، خراپی خراپ، بە کەڵکی هیچ نایەت.

– ئەلیکسی ماکسیموفیچ بۆ نووسەر چ شتێک گرینگترە: " چۆن " بنووسێت یان " چ " بنووسێت، فۆرم گرینگترە یان ناوەڕۆک؟

– بێگومان " چ " بنووسێت، نێوەڕۆک گرینگترە، کەتۆ بزانی دەبێ " چ " بنووسیت، هەنگێ خۆبەخۆ دەزانیت دەبێ " چۆن " بنووسیت. " چۆن " پاشکۆی " چ " یە، نەک بە پێچەوانەوە. تێدەگەیت؟

وەختایەک پرسیارەکان کۆتاییان هات، گۆرکی هەستا، کێشمانێکی خۆی دا، دەستی نانە گیرفانی پانتۆڵەکەی و بەدەم تێفکرینەوە بەنێو ژوورەکەدا کەوتە ڕاوێچکە و جارجار لە هەنبەر کۆمەڵێک نووسەری گەنجدا دەوەستا.

لەناکاوا، لەناوجەرگەی بێدەنگی ژوورەکەوە، دەنگی گەورەی وی بەرز بووەوە، بەهێواشی و بە زبری، بە ڕاوێژێکی گلەیی ئامێز، بەمجۆرە دوا قسەی خۆی کرد:

– چ بابەتێک دەنووسیت؟ بابەتی بازاڕی دەنووسیت! سەبارەت بە شتی تورەهات و بێ بایەخ قەڵەمڕانی دەکەیت، دەربارەی ئەو شتە مردووانەی کە مایەی سەرنج نین!... ئەم نووسینانە بەکەڵکی کێ دێن؟ کەس!... ئەم جۆرە ئەدەبیاتە چ ئاکام و سوودێکیان بۆ میللەت هەیە؟ هیچ!... نووسەر ئاڵاهەڵگری میللەتی خۆیەتی!... ئاڵاهەڵگر، نابێ لەدوای کاروانەوە بڕوات، لەدوای سوپاوە بڕوات، دەبێ پێشەنگ بێت!.... جابۆ ئەوەی بتوانێ لەپێش میللەتەوە ڕێ بکات، دەبێ پێداویستی و ئاواتەکانی میللەت بزانێت و لەپێناوی گەیشتن بەو هیوا و ئاواتانەدا بخەبتێ، بجەنگێت، ئەگەر پێویستی کرد گیانی

خۆی بەخت بکات!.. نووسەرانی تازەکار دەبێ بەرلە هەر شتێک ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بن!..

نووسەرەکان، وەکو مێگەلە مەڕێک بەر ڕێژنەباران کەوتبن، دەستە دەستە، لە سووچی تەختەکاندا، لەسەر کورسییەکاندا، لە قەراخ پەنجەرەکاندا، دۆستانە سەریان بەیەکدا کردبوو وبە کەماڵی ئارامی گوێیان دەگرت. لەبەردەم خۆیاندا نووسەری ئالاهەڵگری ڕاستەقینەیان دەبینی کە بەکاوەخۆ بەناو ژوورەکەدا دەڕۆیی. نووسەرێکیان دەبینی کە ئەو ئالایەی میللەت بە متمانەوەبەوی سپاردبوو، بەشێوەیەکی بێ وێنە، بە دەستە بەهێزەکانی گرتبوو وبەرەو پێشی دەبرد، ئەوندە بەجدی و بەدڵ و گیان ئەم کارەی دەکرد، کەهیچ کەسێک پێش ئەو ئەم کارەی نەکردبوو و ئەم ئالایەش ئالای نارەزایی گشتی و خەبات بوو.

نووسەرکان، ڕاستگۆیانە ودڵسۆزانە مالاواییان لە گۆرکی دەکرد وبە کەماڵی ئەدەبەوە، کڕوکپ، ڕازی و بەختیار، ئەوێندەریان بەجێدەهێشت و لە کاتێکا کۆمەڵێک زانیاریان بەدەست هێنابوو و زەخیرەیەکی زانستی باشیان کۆکردبووەوە، هەوڵیان دەدا، ئەو قسانەی کە بیستبوویان، ئەزبەر بکەن و بەباشی بە زەینی بسپێرن..

تێبینی:

ئەم نووسینە هی نووسەری هاوچەرخی سوڤیاتی ( ن. نیکاندروف ) ە، ئەحمەد سادق، کردوویەتی بە فارسی و، بەندەش لەم سەرچاوەیەوە : ( ماکسیم گۆرکی/ داستانهای بەرگزیدە/ ترجمە: افسر صدرات، رضا اذرخشی، چاپ اول ١٣٨٩، تهران ) پاچڤەی کوردیم کردووە. ح. ع .

# بیست و شەش پیاو و کچێک

بیست و شەش پیاو بووین، بیست وشەش ئامێری گیانلەبەر، زندوو، هەر هەموومان لە چاڵێکی تاریکی ژێرخانێکی ڕەشدا بەسەریەکا کەڵەکە بووبووین لە سپێدەوە دەستمان بە هەویر شێلان دەکرد، تا نوێژی شێوان، ئیدی نان و کێک و کولیچەمان دروست دەکرد. پەنجەرێن ژێرخانەکەمان ڕووبەڕووی سەربان و فەزایەکی نزم بوون کەبە قرمید داپۆشرابوو، ئەوەندەی قوڕ وچڵپاو پێیدا هەڵپژابوو، لە دوورەوە سەوز دەچووەوە. پەنجەرەکان لەدەرێ ڕا، بە کەتیبەی ئاسن گیرابوون، ئارد و گەرد و تۆز بەجۆرێ شووشەی پەنجەرەکانی گرتبوو، تاقە یەک تیشکی هەتاو نەدەهاتە ژوورەوە. وەەستاکەمان بۆیە کەتیبەی بۆ پەنجەرەکان کردبوو تا پارووە نانێک لە پەنجەرەکانەوە دزە نەکات و نەدرێ بە هەژاران و سواڵکەران، یان نەگاتە دەستی هاوڕێ بێکارەکانمان، کەلە برسا هەراسیان لێهەڵگیرابوو--وەستاکەمان ناوی نابووین، دەستەیەک خانەبەکۆڵی فێڵباز، نیوەڕۆیان، لە جیاتی گۆشت و خواردنی تازە، هەندێ بەرماوەی کۆنی دەرخوارد دەدایین.

ژیان لەو بیرە تەنگ وتاریکەدا کە میچێکی نزمی دووکەڵاوی و پڕ لە جۆڵاتەنە داپۆشی بوو، زۆر ناڕەحەت وخەفە بوو.. ژیان زۆر دژوار و قیزەون بوو لە چوارچێوەی ئەو چوار دیوارە ئەستوورە، پیس و پڕ پەڵە و کەڕوواویەدا.... بەیانی سەعات پێنج لە خەو ڕادەبووین، هەموو هیلاک وماندوو، چاو بەخەو، کەسمان تێرخەو نەبووبووین. لەگەڵ دەستپێکی سەعات شەش دا، هەموو، خەمبار، خەواڵوو، بێتاقەت لەدەوری مێزێکی گەورە دادەنیشتین، و کێک وکولیچەمان لەو هەویرە دروستدەکرد، کە هاوڕێکانمان لە کاتی نووستنی مەدا، شێلابوویان و ئامادەیان کردبوو. ئیدی ڕۆژەکەمان لە سپێدەوە تا دەی شەوێ بەوجۆرە دەقەتاند، هەندێکمان لە دەوری مێزەکە دادەنیشتین وهەویری نەرمیان دەشێلا، ئیدی ئەمانە لێکدالێکدا خۆیان ڕادەژاند، تا خەو لە خۆ بتارێنن و بایەکی باڵی خۆیان بدەن و گورێکیان وەبەر

بێتەوە. هەندێکی دی بەردەوام ئاو وئاردیان تێکەڵ دەکرد... بە درێژایی ڕۆژ، قوڵپە قوڵپی خەمناکی ئاوی ناو ئەو مەنجەڵەی لەسەر ئاگر بوو و کولیچە و چۆرکەکانی تیا دەکولێنرا، نەدەبڕایەوە. پاڕۆی نانەواکە، بەردەوام بەر بەردەکانی فڕنەکە دەکەوت و تەق و هوڕی نەدەبڕایەوە، بەردەوام، پارچە هەویری لینجی دەخستە سەر قرمیدە گەرمەکە. لە بەیانی زووەوە تا شەوێ، دار لە تەنوورەکەدا دەسووتا و گڕ وبڵێسەی بەگڵ دیواری تەنوورەکەدا دەکرد و نەیدەهێشت سارد ببێتەوە. ئیدی گڕ بە دیواری تەنوورەکەدا هەڵدەزنا وگرفەگرف بەرز دەبووەوە و خۆی بۆ دەم و چاوی مە هەڵدەدا، لە تۆوایە گاڵتەمان پێدەکات.. تەنوورە گەورەکە لەسەری دزێو و ترسناکی دڕندەیەکی خەیاڵی دەچوو، کەلەژێر ئەرزەوە سەری دەرهێنابێ و دەمی داچەقاندبێ و لەجیاتی هەناسە، گڕ و بڵێسە لە دەمییەوە دەربدات و بیکات بەگڵ مەدا و بیەوێ بمان سووتێنێ... لەکاتێکا ئەم دڕندە دزێوە، لەمیانی دوو کونەوە، کەوەکو چاو بە تەویڵیەوە گیرسابوونەوە چاودێری هەوڵ و ڕەنجی بەردەوامی مەی دەکرد. ئەم دوو کونە زیاتر لە دووچاو دەچوون، دووچاوی نامیهرەبان وتووڕە، دووچاوی حەیوانێکی نامۆ، کەبەردەوام لێمان مۆڕ دەبووەوە، دووچاوی ماندووی تەمەشای کۆمەڵێک کوێلە کە چاوەڕوانی هیچ شتێکی مرۆڤانیان لێنەدەکرا، بە قێزوبێزەوە تەمەشایان دەکردن..

بەوجۆرە ڕۆژمان بەڕێ دەکرد، ڕۆژێ دەڕۆیی، ڕۆژێکی دی دەهات، بە قاچ و قولی تەپ وتۆزاوی وپیسەوە، خۆمان بە ژێرخانەکەدا دەکرد، لەو ژێرخانە گەرم و خەفەیەدا، هەویرمان دەشێلا، کێک و کولیچە و شیرنەمەنی و ئیشی دیکەی هەویرمان دەکرد و ئارەقەی نێوچەوانمان بەسەریا دەڕژا، زۆرمان ڕق لە کار و دەسپخوتی خۆمان بوو، هەرگیز ئەو شتانەمان نەدەخوارد کەبەخۆمان دروستمان دەکرد، نانی چەودەری (جۆرە گیایەکە وەکو گەنم) ڕەشمان زۆر پێ پەسندتر بوو لە کێک و کولیجەی زۆر سپی..

لە دەوری مێزێکی درێژ، لە هەنبەر یەکدی دادەنیشتین، نۆ پیاو لەمبەر و نۆی دی لەوبەر – دەست و قامکانمان وەکو ئامێر و بەشێوەیەکی میکانیکی بە سەعاتان دەجولآن. ئیدی خوومان بەم کارەمانەوە گرتبوو وهەستمان بە جوولەی خۆمان نەدەکرد. بە جۆرێ خوومان بەیەکەوە گرتبوو، بەبێ تەمەشاکردن سیمای یەکترمان دەخوێندەوە و دەمان زانی چەند چرچ ولۆچ بە ڕوخساری هەر یەکێکمانەوە هەیە. هیچ شتێکمان نەبوو باسی بکەین- بەوەش ڕاهاتبووین – بە درێژایی ڕۆژ کڕوکپ، مات و خامۆش، بەبێ ئەوەی لێومان ببزێوێ و ورتەیەکمان لێوەبێ – کارمان دەکرد، مەگەر جارجار بۆ جنێوێک دەممان هەڵێنابا. هەمیشە بیانوو بۆ جنێودان و شەڕە جنێوان زۆرە، بەتایبەتی لەنێوان دۆستان و ئاشنایاندا... بەڵام بە دەگمەن شەڕە جنێومان دەکرد- ئاخر گلەیی وگازن لە مرۆڤی نیوەمردوو، لە مرۆڤی بەردئاسا، لەکەسێک هەموو هەستەکانی لە شەکەتی و ماندوویەتیدا سست بووبێت دەکرێت؟ بێدەنگی و خامۆشی بۆ ئەو کەسانە ترسناکە کە هەموو قسەیەکی خۆیان کردبێ، هەگبەکەیان بە تەواوەتی هەڵڕشتبێ، بەڵام بۆ ئەوانەی هێشتا قسەی خۆیان نەکردبێ، بێدەنگی کارێکی زۆر ئاسانە.. هەندێجار هەڵمان دەکردە گۆرانی، گۆرانیەکانمان بە زۆری بەم جۆرە دەستی پێدەکرد: یەکێکمان لە ناکاوا لە گەرمەی کارکردنا، وەکو ئەسپێک چوار پەلی سست بووبێ، هەناسەیەکی پرمە ئاسای هەڵدەکێشا و هەڵیدەکردە گۆرانیەکی بەسۆز، لەو گۆرانیانەی باری سەردڵی سترانڤانان سووک دەکات. پیاوێک گۆرانی دەگوت و ئێمەش بەبێدەنگی گوێمان بۆ ئەو گۆرانییە تەنیایە ڕادەدێرا کە دوای ماوەیەکی کەم، لەو ژێر زەمینە ستەمناکەدا دادەمرکایەوە ودەمرد، وەکو گڕێکی کز کەلە هۆبەیەکی ناو جەرگەی دەشتێکی بەرینا، لە شەوێکی پاییزی نمناکدا، کە ئاسمانێکی کەوەیی، وەکو میچێکی قورقوشم ئاسا باڵی بەسەر دەشتەکەدا کێشابێ، بەو ئاوایە دەهاتە بەرچاوی خەیاڵ. ئەوسا گۆرانی بێژێکی دی بۆ گۆرانی بێژی یەکەمی دەسەندەوە، ئەوسا دوو دەنگ بەوپەڕی خەمناکی لەو کەشە گەرمەی ئاغەڵە جەنجاڵەکەماندا دەنگیان دەدایەوە. لەناکاوا، چەند دەنگێک بەیەک کەڕەت، گۆرانیەکەیان دەگوتەوەو

وەکو شەپۆل دەنگیان دەدایەوە، بەرز و بەرزتر دەبوونەوە، دەتگوت دیوارە نمناکە قورسەکەی دەوری زندانە بەردینەکەمان دەڕوخێنن..

بیست وشەش پیاوەکە هەموو بە هەڤڕا دەسترین، دەنگی بەرز کەبەهۆی مەشقی زۆرەوە، نەرم بووبوون، کارگەکەیان پڕدەکرد، گۆرانیەکە لەناو ژێرزەمینەکەدا شەپۆلی دەدا وبۆ کەلەبەرێک دەگەڕا لێوەی دەرباز بێت و لێ سەری دەکێشا بە دیوارە بەردینەکەدا، بەدەم نالەنالەوە دەگەڕایەوەو سووکە ژانێکی دەخستە دڵەوەو برینی کۆن ونوێی دەکولانەوەو عەزابە مت بووەکانی دڵ ودەروونی بێدار دەکردەوە.. سترانڤانەکان هەرچەند ئاهیان هەڵدەکێشا، بۆ کڕوزی دەگەییە حەوت ئاسمان، لەناکاوا، یەکێکیان، لە سترین دەوەستا. لەجێی خۆی ڕۆدەنیشت، ماوەیەکی زۆر گوێی بۆ نارەناری هاوڕێکانی ڕادەدێرا. پاشان بەگەڵ جوقەکە دەکەوتەوە. هەندێجار یەکێکیان " بە ئای، ئای " بۆی هەڵدەستا و لەگەڵ هەر ئایەکدا، هەموو غەمی دڵی هەڵدەڕشت. بەدەم گۆرانیەوە چاوەکانی دەنوقاند، وەکو ئەوەی ڕەوت و شەپۆلی دەنگە زولاڵەکە ببینێ، وەکو ئەوەی ڕێگایەکی دوور و درێژ بێ، ڕێگایەکی بەرینی پڕ لە لاڕێ بێ و هەتاوی پرشنگدار ڕوناکی بکاتەوەو ئەم خۆی بەسەر ئەو ڕێگایەوەبدینێ کە پێیا دەڕوات..

گڕە پرشنگدارەکەی ناو تەنوورەکە هێشتا دەڕەقسی ودەشەکیەوە، پارۆی نانەواکە، تەق و هوڕ، بە قرمیدەکە دەکەوێ، ئاوی ناو مەنجەڵەکە هێشتا قوڵەقوڵ دەکوڵێت، ڕوناکی ئاگرەکە لە دیوارەکان دەدات ولە پێکەنینێکی بێدەنگ دەچێت... ئێمە گۆرانی دەڵێین، بە پەیڤ و وشەی خەڵکانی دی، گوزارشت لەو ژانە خەمناکەی ناو دڵ و دەروونمان، لەو خەمە بە سوێیەی پیاوانی زندووی بێبەش لە هەتاو، خەمی کوێلان دەکەین. ئا بەو ئاوایە بیست و شەش پیاو، لەژێر خانی بینایەکی بەردینی گەورەدا دەژیاین... ژیانمان هێندە دژوار و سەخت بوو، وامان هەست دەکرد، قورسایی هەرسێ نهۆمەکەی تەلارەکە، بەتەواوەتی بەسەرشانی مەوەیە..

جگەلە ستران وگۆرانییان، شتێکی دیکەش هەبوو، کە حەزمان لێدەکرد و دڵمان بۆی لێیدەدا، شتێک کە دەشێت بگوترێ کەجێی هەتاوی بۆ مە گرتبووەوە. لە نهۆمی دووەمی هەمان تەلار وبینای مەدا، کارگەیەکی خەیاتی و گوڵدۆزی هەبوو، کە یەکێک لە کرێکارەکانی ئەو کارگەیە کچۆڵەیەک بوو بەنێوی تانیا، تەمەنی شازدە ساڵان بوو، ناوقەد باریکێکی ڕوح سووکی، خۆشخزمەت بوو... هەموو بەیانییەک، دەم وچاوێکی ناسکی گوڵ ئاسا، چاوشین، گوڵ خەندەران، دەنرا بەو پەنجەرە چکۆلە کراوەیەی دەرگای کارگەکەمانەوە کەبەسەر ڕاڕەوەکەدا دەکرایەوە، دەنگێکی خۆشی ڕێتم خۆش بانگی دەکردین:- زندانیان، برێک کێک و کولیچەم وێدەن!

هەنگێ هەموو، ئاوڕی لای دەنگە زوڵاڵەکەمان دەدایەوە، بە میهرەبانییەوە، دەمانڕوانییە، ڕوخساری پاک وگوڵخەندەرانی(خەندە شیرین) کیژەکە. زۆر ئەو کەپووە جوانەمان خۆش دەویست کە توووند بە شووشەی پەنجەرەکەوەی دەنا، ددانە سپی و وردەکانی، لەژێر لێوە گوڵینە خەنۆڵەکانییەوە، دەبریسکانەوە، شەڕمان بوو لەسەر ئەوەی دەرگاکەی بۆ بکەینەوە، تالەبەر دەرگا پێشوازی بکەین. لەبەر دەرگا پێشوازیمان دەکرد. شەنگوڵ و سەرحاڵ لەبەردەمماندا دەوەستا، بە ئاستەم سەرە چکۆلەکەی دادەنواند، ڕوخساری گوڵخەندەران، قژە چڕ ودرێژ و ئاڵتوونیەکەی بەسەر شانەکانیا هاتبوونە خوارەوەو بەسەر سینگ وبەرۆکیا پەخش بووبووەوە. ئێمەی پیاوانی چڵکن و پڵکن و دزێو، زەق زەق تەمەشامان دەکرد--ئاستانەی دەرگاکە چوار پلەیەک لە ئەرزەکەبەرزتر بوو، بەیانی باشمان لێدەکرد، هیوای ڕۆژێکی خۆشمان بۆ دەخواست. زۆر بە نەرم ونیانی، بەدەم نوکتەی خۆشەوە دەماندوان. کێک و کولیچەی تایبەتیمان بۆ دەکرد، نانەواکەمان، پاڕۆیەکی پڕ لە کولیچەێن وشک وجوان برژاوی بۆ دەردێناو، وەستایانە هەڵیدەڕشتە ناو بەرهەڵبێنەکەیەوە. ئاگادارمان دەکردەوە:-- وریابە وەستامان نەت بینێ! خەندەیەکی مەکراوی بۆ دەکرد، بە شادییەوە هاواری دەکرد: - بەدوعا زیندانیان..

ئەوجا هێندەی بڵێی یەک و دوو، وەکو مشکێکی چکۆلە لەچاو ون دەبوو..

ئیدی ئەمە هەموو کەیف و سەفایەکی مە بوو..

دوای ئەوەی دەڕۆیی، ماوەیەکی زۆر باسمان هەر باسی ئەو بوو. هەمان ئەو قسانەی دوێنێ و پێرێی خۆمان لەمەڕ ئەو دووبارە دەکردەوە، چونکە ئێمە و ، ئەو و هەرچی ئەو شتانەی دەوروبەرمان هەبوو، وەکو خۆی، بەبێ گۆڕان، وەکو دوێنێ و پێرێ مابوونەوە.. چەند ناخۆشە، مرۆڤ و هەموو دەوروبەرەکەی، ژینگەکەی بێ هیچ گۆڕانێک وەکو خۆی وەمێنێ، ئەگەر ئەمە پیاو نەکوژێ، ئەوا ژانەکەی تا مردن هەر نابڕێتەوە.. هەمیشە بە شێوازێ باسی ژنمان دەکرد، هەندێجار قێزمان لە خۆ دەکردەوە، لە قسە دزێو و بێ پەردەکانی خۆمان تەریق دەبووینەوە. ئەمە دیاردەیەکی سەیر نەبوو، چونکە ئەو ژنانەی دی کە دەماننناسین، هەرگیز شایستەی ئەوە نەبوون، بەڕێز وحورمەتەوە باسیان بکەین، لەو شیوازە قسەکردنە زیاتریان هەڵنەدەگرت. بەڵام هەرگیز ڕێمان بەخۆ نەدەدا تاقە یەک وشەی بەد لە عەلەیی تانیا بڵێین. تاقە یەک کەسمان زاتی ئەوەی نەکردبوو، تەنانەت دەستی بەردەستی بکەوێ. ئەم کچە قەت جارێ لە جاران، نوکتەیەکی بێ پەردەی لێ نەبیستبووین. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە زۆر لامان ماتەڵ نەدەبوو--وەکو چۆن ئەستێرەیەک لە ئاسمانەوە ڕادەخوشێت و خێرا ئاوا دەبێ، ئەویش بەو ئاوایە، بەبەردەمماندا، خێرا تێدەپەڕی و ئاوا دەبوو.. یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە چکۆلە وخشیک وقشتیلە بوو، و هەموو شتێکیجوان بەجۆرە ڕێز و حورمەتێک بارگاویە، تەنانەت بەلای گروپێک پیاوی شەقاوەشەوە، هەر مایەی ڕێز و حورمەتە. ئەوجا ئێمە، وێڕای ئەو کارە قورسەی کە وەکو گای بێ زمان شانمان دابووە بەری، بەشەر بووین، هەست وسۆزمان هەبوو، وەکو هەموو بوونەوەرە بەشەرییەکان، نەماندەتوانی بەبێ مەعبوود بژین. کەسی لەو جوانتریشمان لە دەوروبەری خۆ شک نەدەبرد، ئەمە جگە لەوەی هیچ مرۆڤێک نەبوو گوێمان پێبدات و بایەخمان پێبدات، لەو ژێرزەمینەدا، لەدنیا دابڕابووین، هەرچەندە دەیان کرێچی، لە

قاتەکانی سەرووی ژێرخانەکەی مەدا هەبوون. ئەمە جگەلەوەی ئەم کچەمان بەهی خۆ دەزانی، ئیدی بەڵێنمان بەخۆ دابوو کێک وکولیچەی گەرمی بدەینێ، ئیدی ئەم نەزر و بەڵێنە لە پێناوی مەعبوودەکەمان، وەکو جۆرە عیبادەتێکی پیرۆزی لێهاتبوو، ڕۆژبەڕۆژ تانیامان پتر خۆشدەویست. جگە لە کێک وکولیجەی باش وتایبەتی، ڕۆژانە کۆمەڵێک ئامۆژگاریشمان دەکرد--جلی گەرم لەبەر بکات، بەپەلە و راکردن بە قاڵدرماندا هەڵنەگەڕێت، کۆڵەداری قورس هەڵنەگرێت. بە پێکەنینەوە گوێی لە ئامۆژگارییەکانمان دەگرت، پاشان بە پێکەنینەوە بەجێی دەهێشتین وبەقسەشی نەدەکردین. لێ ئێمە زویر نەدەبووین، ئەوەندەمان لەسەربوو نیگەرانی و خۆشەویستی خۆمانی بۆ دەرببڕین.

زۆرجاربۆ هەندێک کاران ڕووی لێدەناین. بۆ نموونە داوای لێدەکردین دەرگای ژێرزەمینەکەی، کەزۆر گیر بوو، بۆ بکەینەوە. یان هەندێ داری بۆ بشکێنین و هەندێ وردەکارێن دی، ئەو ئیش وکارانەمان نەک هەر بە خۆشحاڵییەوە، بگرە بە شانازییەکی تایبەتیەوە بۆ دەکرد.

بەڵام کاتێ یەکێکمان، دوای لێکرد کە کراسە هەڵتەقیوەکەی بۆ بدورێتەوە، نێو چاوانی تێک ناو بە فیزێکەوە گوتی:- ئەوە ئیشی من نییە، شتی وا ناکەم!

ماوەیەکی زۆر، بەو گەنجە گەوجە پێکەنین، دوای ئەوە بۆ هیچ کارێک ڕوومان لە تانیا نەنا. خۆشمان دەویست و هیچی دی..مرۆڤ بەبێ خۆشەویستی هەڵناکات، بەبێ ڤیان نایکرێت، با خۆشەویستیەکەی نابەجێش بێت، یان هەندێجار مایەی زەلیلی بێت. لەوەیە خۆشەویستیەکەی ژیانی کەسێک ژاراوی بکات، چونکە، ڕێزی بابەتی ڤیان و خۆشەویستیەکەی ناگرێت. ناچاربووین تانیامان خۆشبوێ و دڵبەندی بین، چونکە کەسی دی نەبوو بتوانین خۆشمان بوێ.

ناوبەناو یەکێکمان بەمجۆرە دەستی بەقسان دەکرد:

– باشە، ئەم هەرا و هەنگامەیە لەپای ئەم کیژە بۆ؟ چ شتێکی ئەو مایەی سەرنجە؟

خێرا، بەگژ ئەو کەسەدا دەچووینەوەو زۆر بە توندی دەمکوتمان دەکرد – خۆدەبێ شتێک هەبێ خۆشمان بوێت. ئەو شتەمان دۆزییەوەو خۆشمان ویست. ئەو شتەی هەر بیست و شەشمان خۆشمان ویست، دەبوایە لەلای هەمووومان بچەسپایە، ئەو شتە لە نۆڕینی مەدا، لە پیرۆز پیرۆزتر بوو، هەرکەسێک لەمەدا دژمان بوەستێتەوە دژمنی سەرسەختی هەمووومانە. ڕەنگە ئەو شتەی خۆشمان دەویست شایستە نەبووبێ، بەڵام هەر بیست و شەشمان، گیرۆدەی بووبووین، بۆیە دەمانویست، بابەتی عیبادەتەکەمان، لەچاوی خەڵکانی دیکەشدا، هەر پاک وبێگەرد بێ... هیچ زەمێک هەڵنەگرێت.

خۆشەویستیەکەمان، هیچی لە ڕق کەمتر نەبوو، دەکرێ بگوترێ ڕووی دووەمی ڕق بوو.. ڕەنگە ئەمە یەکێک بووبێ لەو هۆیانەی کەهەندێک لە سەرسەختەکانمان، دەیانگوت ڕقی ئێمە لە خۆشەویستیەکەمان زاڵترە.. باشە ئەگەر ئەوانە ڕاست دەکەن و درۆ ناکەن، بۆچی لێمان دوور ناکەونەوە؟

وەستاکەمان، جگەلەمفڕنی کێک و کولیچە و شیرینەمەنیە، هەر لەهەمان بینادا، نانەواخانەیەکیشی هەبوو. تەنیا یەک دیوار لە ژێرزەمینەکەی مە جیای دەکردەوە. نانەواکان چوار کەس بوون، خۆیان لەمە بە گەورەتر دەزانی، کارەکەی خۆیان بە پاکتر لە کارەکەی مە دەزانی، ئیدی بەو پێودانگە، خۆیان بەخەڵکانی لەمە باشتر دەزانی.  قەت سەری کارگەکەی مەیان نەدەدا، کەلە مەیدانەکەدا کۆدەبوونەوە گاڵتەیان پێدەکردین. ئێمەش نە هاتوچۆمان دەکردن و نە سەرمان دەدان. –وەستاکەمان (خودان گارگەکە) ئەوجۆرە سەردان و هات و چۆیەی لێ قەدەغە کردبووین نەبا شتێک بدزین. ئێمەش حەزمان لە چارەی نانەواکان نەدەکرد، بەغیلیمان پێدەبردن–- کارەکەیان لە کارەکەی مە ئاسانتر بوو، کرێیەکی باشتر لە کرێی مەیان وەردەگرت، خواردنیان لە خوارنی مە باشتر بوو. لە دووکانێکی گەورەدا دەژیان، هەر هەموویان

ساغ و کەیف ساز و پاک و خاوێن بوون، بۆیە ڕقمان لێیان بوو و نەمان دەحوباندن..ئێمە بە پێچەوانەوە، ڕەنگ زەرد ولێو بەبار، لووتت گرتباین ڕۆحمان دەردەچوو. جارێ سیانمان سوزەنەکمان بوو، هەندێکمان گول بووین، یەکێکمان باداری درێژخایەنی لەگەڵ بوو.. ڕۆژانی پشووی هەفتانە جلی خاوێنیان لەبەر دەکرد، پێڵاوی تازە و عالیان لەپێ دەکرد، جیرەی سەعاتە ڕێیەک دەڕۆیی. دوانیان ئامێری ئارمونیکایان هەبوو، بەهەڤڕا، بۆ پیاسە و گەڕان دەچوونە باخی گشتی، کەچی ئێمە شڕ وشەپڕێو، جلکی کۆن و چڵکن و پڵکنمان لەبەر دەکرد، پێڵاوی لفکە شامیمان لە پێمانەوە دەپێچا. ئێستا ئێوە خۆتان بڵێن، دەکرا بەو حاڵەوە نانەواکانمان خۆشبووێت؟!

ڕۆژێک بیستمان کە سەرپەرشتیاری نانەواخانەکە دەستی داوەتە بادەنۆشی و ئیدی وەستا دەری کردووەو یەکێکی دیکەی لەجێی دامەزراندووە، سەرپەرشتیارە تازەکە، کۆنە سەربازەو بە ئێلەکێکی کەتانەوە دەسووڕێتەوە، سەعاتێکی بەر باخەڵی، زنجیر زێڕی لە باخەڵە. ئیدی لاپرەسەنی خولیای دیتنی ئەو گەنجەی خستە سەرمان، هەر تاو ناتاوێک یەکێکمان بەهەشتاو دەچوو بۆ مەیدانەکە، بەو ئومێدەی بەڕێکەوت لەوێندەر بیدینێ.

بەڵام ڕۆژێک بەخۆی هات بۆ دووکانەکەی ( گارگە ) مە. بە نووکە پێیەک دەرگاکەی کردەوە و لە ئاستانەی دەرگاکە وەستا، بزەیەکی کرد و گوتی:

– ماندوو نەبن. چۆنن کوڕینە؟ خودا قوەتتان بدات!

بایەکی سارد لە دەرگاکەوە هاتەژوورێ. ئەو لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستابوو، لە بەرزییەوە دەیڕاونییە مە، ددانە زەرد ودرشتەکانی لە ژێر سمێڵە زەردە جوانەکانیەوە دەبریسکانەوە. بەڕاستی ئێلەکەکەی ئێلەک بوو نەک گاڵتە––ڕەنگەکەی شین بوو، گوڵدۆزی کرابوو، دەبریقایەوە و پرشنگی دەدا، دوگمەکانی لە بەردی سوور دروست کرابوون. زنجیری سەعاتەکەشی بەدەرەوە بوو..

ئەلهەق گەنجێکی جوان بوو، باڵابەرزێکی بەژن زراڤی بەداروبار بوو، کوڵمەکانی ئاڵ، چاوانی گەش وپرشنگدار، نیگایەکی شیرینی لەبەردڵانیان لێدەباری، نیگایەکی بێگەردی پڕ میهروسۆز. شەپقەیەکی قوماشی سپی لەسەر نابوو، لەژێر بەرکۆشە خاوێنەکەیەوە دوو لووتی تیژی جووتێ قۆندەرەی مودێرنی بریقەدار سەرە تاتکێیان بوو.

سەرپەرشتیاری نانەواخانەکەی مە، بەئەدەب و نەزاکەتەوە داوای لێکرد کە دەرگاکە دابخات. دەرگاکەی بە ئەسپایی داخست. کەوتە پرسیاری وەستاکە لێمان، تەمەشایەکی یەکترمان کرد، پێمان گوت کابرایەکە ڕەزیل، ڕژد، دەست نوقاو، فێڵباز، ئاڵچاخ و لەگام، خوێن مژ--ئەوەی هاتە سەر زمانمان دەربارەی وەستامان نەمان گێڕایەوە، ئەوەی وتمان لێرەیا لە نووسین نایەت.

کابرای کۆنە سەرباز، گوێی بۆ ڕادێراین، سمێڵەکانی جوڵان، بەنیگا ناسک و زەلاڵەکانی دای بێژتین. لەناکاوا گوتی:- ئافرەتی زۆرتان لە دەوروبەرە..

هەندێکمان بە ئەدەبەوە پێکەنین، هەندێکمان ڕوویان گەشایەوە، یەکێکمان بۆ کابرای سەربازی گێڕایەوە کە نۆ ئافرەتی دراوسێمان هەن.

کابرای سەرباز، چاوێکی داگرت و دووبارە گوتی:

- ئێ باشە ئیستیفادەتان لێکردوون؟

دووبارە دەستمان بە پێکەنین کردەوە، پێکەنینێکی تاساوی سەرگەردان... زۆرمان، دەیانویست لەبەردەم سەربازەکەدا خۆ بنوێنن و بەخۆ ڕانانەوەقسان بکەن، لێ نەیان توانی. کەسمان ئەو توانایەمان نەبوو، هەندێکمان ئەنجام ملیان دا و بەدەنگێکی نەرمی تەژی دوودڵی گوتیان:-بەداخەوە کەسمان پیاوی ئەو مەیدانە نین..

سەربازەکە، تەواو لێمان ورد بووەوە، بە قەناعەتەوە گوتی:

– بەڵێ، ئێوە ئەهلی ئەو مەیدانە نین... ئێوە بایەخ بە ڕواڵەتی خۆتان نادەن... ژن کوشتەی ڕواڵەتی پیاوە.. دەبێ خۆتی بۆ بنوێنی، بازووتی بۆ دەربخەیت.

یارۆی سەرباز دەستی ڕاستی لە گیرفانی دەرهێنا، قۆڵی کراسەکەی تا ئانیشکی هەڵکرد، هەڵیبڕی تا نیشانی مەی بدات.. باسکی سپی، بەهێز، تووکن،موویەکی زەردی پرشنگدار دایپۆشی بوو.

– لاق، سینگ، هەموو شتێک دەبێ بەتین و بەهێز بێت... هەروەها پیاو دەبێ بایەخ بە جل وبەرگ و پۆشاک بدات.. بۆ نموونە من، ژنان بەسەر دەست و لاقما دەکەون، ئەوەش بزانن کە من دوویان ناکەوم، لە خشتەیان نابەم، بەڵکو ئەوان خۆیان بە ملمدا دەدەن، بە کۆمەڵ بەرۆکم دەگرن..

لەسەر فەردەیەک ئار دانیشت، ماوەیەکی زۆر باسی ئەوەی بۆ کردین کە چۆن ئافرەت خۆشیان دەوێ وئەم بە چ جورئەتێکەوە مامەڵە وبەرخوردیان دەگەڵدا دەکات، پاشان ڕۆیی. هەرکە لە دەرگاکە وەدەرکەوت ودەرگاکە بە جیڕوهۆڕ لە دوایەوە داخرا، هەموومان مات وخامۆش، بەبێدەنگی ڕۆنیشتین، بیرمان لەو ولەو قسانە دەکردەوە کەبۆی گێڕابووینەوە. ئەوجا هەموومان پێکڤە وبە کەڕەتێک کەوتینە قسان، کابرامان چووە دڵەوە. چەند کوڕێکی سادە وناسکە، چۆن هاتە سەردانمان، چۆن دانیشت، چی گوت.. تا ئێستا چ کەسێک سەری نەدابووین، یان بەو دەم و ڕاوێژە برایانە وشیرینەی ئەو نەیدواندبووین... کەوتینە باسی ئەو، باسی سەرکەوتنە چاوەڕوانکراوەکانی ئایندەی ئەو دەگەڵ ژنانی خەیاتخانەکەدا، ئەو ژنانەی کەلە مەیدانەکەدا، ئێمەمانانیان دەبینی ڕوویان لێوەردەگێڕاین و لێمان دەرەوینەوەو لێویان لێ هەڵدەقورتاندین، یان ڕێک بەرەولای ئێمە دەهاتن، وەکو ئەوەی هەر بەشەریش لە ڕێگایاندا نەوەستابن. کەلە مەیدانەکەدا خڕ دەبوونەوە یان بەبەر پەنجەرەکانماندا ڕەت دەبوون، مەگەر تەنیا دوورە تەمەشاکەمان پێ ببڕایە، زستانان کڵاوی بچکۆلەی جوانیان لەسەر و پاڵتۆی فەروویان لەبەر دەکرد، هاوینان شەپقەی گوڵدۆزی و

سەیوانی بریقەداری ڕەنگاوڕەنگیان لەسەر دەکرد.. لەبەینی خۆمانا، بە زمانێکی هێندە پیس باسی ئەو ئافرەتانەمان دەکرد ئەگەر خۆیان گوێیان لێبوایە، لە شەرمانا شێت دەبوون.

سەرپەرشتیارەکەمان، لەناکاوا، بەدەم ڕاوێژێکی خەمناکەوە گوتی:- هیوادارم.. خووی تانیای چکۆلە شەڕ نەکات.

کە گوێمان لەو قسەیە بوو، هەموو بەجارێ لاڵ بووین. تا ڕادەیەک تانیامان لەبیر چووەوە--ئەم کابرا کۆنە سەربازە، بەو سەروسیما ڕێک وپێکەوە، لەبەرچاومانی سڕیەوە. دوای ئەوە گەنگەشەیەکی تووند دەستی پێکرد. هەندێک لە هاوڕێیانمان گوتیان تانیا خواردنی ئەو نییە!، هەر ئاوڕیشی لێناداتەوە، هەندێکی دی گوتیان تانیا بەرگەی قۆزی یارۆی سەرباز ناگرێت، هەندێکی دی پێشنیازی ئەوەیان کرد کە ئەگەر گەڕی بە تانیا کرد، حەسیر مەیدانێکی باشی بکەن. ئەنجام هەموو لێبڕان چاودێری ئەو سەربازە وتانیا بکەن وتانیا ئاگادار بکەنەوە کە ئاگای لەخۆ بێ نەکەوێتە داوەوە.. ئیدی ئەمە سنوورێکی بۆ ئەو گەنگەشە توونده دانا.

***

نزیکەی هەیڤەک بووری...

کابرای سەرباز، نان وکولێرەی خۆی دەکرد، دەگەڵ خەیاتەکاندا دەردەچوو، ناوبەناو سەری مەی دەدا، بەبێئەوەی باسی ڕیسک و سەرکەوتنەکانی خۆی بکات--- تەنیا سمێڵەکانی بادەدا و تاماوی دەمی قووت دەدا.

تانیا، وەکو جاران، سەرحاڵ و شەنگوڵ، هەموو بەیانیەک بۆ چۆرەک وکولیچە دەهات.

هەوڵماندا، بابەت وباسی سەربازەکەی لەگەڵدا بکەینەوە--بە بووکەڵە چاو زەقەکە ناوی دەبرد، چەند ناوێکی دیکەشی لێنابوو، کە مایەی تەوس و توانجان بوون، ئەمە

جۆرە ئاسوودەییەکی بەدڵ ودەروونمان بەخشی. شانازیمان بە کچە بچووکەکەمانەوە دەکرد کە ئافرەتە خەیاتەکانمان دەبینی خۆیان بە یارۆی سەربازەوە هەڵدەواسی. ئیدی هەڵوێستی تانیا بەرانبەر بە یارۆی سەرباز، هەموومانی خۆشحاڵ کردبوو، هێندەی دی لە دڵمانا شیرین بوو، بەچاوی سووکەوە سەیری کابرای سەربازی دەکرد. تانیامان لەجاران زیاتر لەلا خۆشەویست بوو، بەیانیان زۆر گەرم و گوڕتر لەجاران پێشوازیمان دەکرد.

ڕۆژێک یارۆی سەرباز بە نیمچە مەستیەک هات بۆلامان، دانیشت و دەستی بە پێکەنین کرد. کەلێمان پرسی بە چ پێدەکەنێت، گوتی:

– دووان لە ئافرەتەکان لەسەر من بوو بە شەڕیان.. لیدا وگروشا... خۆزگە دەتانبینی، چییان بەیەکدی کرد. شەڕی ڕاستەقینە. ها، ها ها! یەکێکیان دەستی نایە قژی ئەویتریان و تا ڕاڕەوەکە بەقژ بە ئەرزەکەیدا ڕاکێشا، ئەوجا خۆی دا بەسەریا.. ها، ها، ها! دەم و چاوی یەکیان ڕنیەوە، جلەکانیان لەبەر یەکا دڕی.. ئەمە سەیر نییە؟ باشە، ژنان بۆ ناتوانن، بە پاکی شەڕ بکەن؟ بۆچی دەم و چاوی یەک دەڕننەوە، ها؟

لەسەر دەکەیەکی (سەکۆ) نزیک دانیشت، پاک وخاوێن دەهاتە بەرچاو، ساغ و سەلیم، سەرحاڵ وڕووگەش، بەردەوام پێدەکەنی. ئێمە مات وخامۆش، ورتەمان نەکرد. لەچاوی مەدا قێزەون بوو، ئەمجارەیان هۆیەک بۆ ئەمە هەبوو.

– نازانم، منی شەیتان بۆچی لەلای کچان شانسم هەیە؟ سەیرە! ئەوەندەم بەسە تەنیا چاوێکیان لێداگرم، ئیدی ڕادەستم دەبن.

هەر دوو دەستە سپیە تووکنەکانی بەرزکردنەوەو پاشان بەری دانەوە سەر هەردوو ئەژنۆکانی. بە نیگایەکی شادی پڕ سەرسامی، کەوتە تەمەشاکردنی مە، وەکو ئەوەی سەری لەخۆی سوڕمابێ، کەبۆچی هەمیشە دەگەڵ ڕەگەزی مێیاندا شانسی هەیە.

ڕوخساره ئاڵ و پاراوەکەی، بە شادیەکی غروور ئامێزەوە دەبریقایەوەو بەردەوام زمانی بە لێویدا دێنا.

سەرپەرشتیارەکەمان، بە تووڕەیی پاڕۆکەی هاوێتە تەنوورەکەوە، بە ڕاوێژێکی تانووت ئامێزەوە گوتی:

– گرینگ نییە دار توویەکی بچووک بە عاردیدا بدەیت – ئەگەرتووشی دار سنۆبەرێک ببیت چ دەکەی.

سەربازەکە پرسی:–ها؟ چی؟ لەگەڵ منت بوو؟

– بەڵێ، لەگەڵ تۆمە..

– چیت گوت؟

– هیچ... لەبیر خۆتی بەرەوە..

– بەردەوام بە، مەسەلە چییە؟ مەبەستت لە دار سنۆبەر چییە؟

سەرپەرشتیارەکەمان پەست بوو وهیچی نەگوت..پاڕۆکەی بەخێرایی لەنێو تەنوورەکەدا دەجووڵاند، کێک و کولیچەی کاڵی دەخستە تەنوورەکەوەو برژاوەکانی دەردێنا و هەڵیدەدایە سەر ئەرزەکە، کە منداڵان چوارمشقی دانیشتبوون و بەداویانەوە دەکرد. پێدەچوو سەربازەکەی لەبیرکردبێ، لێ سەربازەکە لەناکاوا هاڕووژا، هەر هەستا و بەهەشتاو خۆی بە ژوورا کرد، خەریک بوو کلکی پاڕۆکە کە خێراخێرا دەجولا، بەر سینگی بکەوێت.

– ئەهای، تەمەشای ئێرە بکە–کێت مەبەست بوو؟ ئەوە بێ ڕێزییە... من، کچ نییە بتوانێ دەست بە ڕوومەوە بنێت، باڵ بە باڵی هەورەوە بگرێ دەیهێنمەە خوارەوە. ترس لە دڵما نییە، کەچی تۆ خەریکە بەدژی من..

ئەلهەقی، وادیار بوو، زۆر تووڕەیە. چونکە تاقە مەرجی ڕێز و پیاوەتی لەلای ئەو، ئەوە بوو بتوانێ ژنان لە خشتە بەرێ، ئەو توانایە تاقە سیفەتێک بوو کە بتوانێ خۆی پێوە هەڵکێشێ، تاقە شتێکە، ئەو هەستەت لەلا دروست بکات کە زندوویت.

هەندێک کەس هەن، ژیان گرێیەکی دەروونی، یان جەستەیی بەسەرا داون و بە درێژایی تەمەنیان نەک دەستبەرداری نابن بەڵکو شانازی پێوە دەکەن، چونکە ئەو گرێیە بەلای ئەوانەوە تاقە سەرچاوەی ژیانە. لەکاتێکا بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەسەری دەژین و دەلەوەڕن. لەلای خەڵکی گلەیی دەکەن، بەوە سەرنجی دەر ودراوسێ بۆ خۆیان ڕادەکێشن، بەوە سواڵی سۆزی بەشەران دەکەن، ئەوە تاقە دەستکەوتی ژیانیانە، لەوە زیاتریان نییە، لەو گرێیە دایان ببڕە، چارەسەریان بکە، ئیدی لێدەبنەوە، کلۆڵ وداماو دنیایان لێدەبێت بە چەرمی چۆلەکە، چونکە تاقە سەرچاوەکەی ژیانیان وشک دەکات، سیحری ژیانیان بەتاڵ دەبێتەوە، دەبن بە قەپێلکی بۆش وبەتاڵ. هەندێجار، لەوەیە ژیانی پیاوێک هیچی تیا نەبێ، بۆش وبەتاڵ بێت، ئیدی ناچار دەبێت بیانوویەک بدۆزێتەوە و خۆی پێوە هەڵواسێت و بیکات بە هێم و بناخە وسەرکەوتنی خۆی لەسەر ڕۆبنێ. دەشێت بگوترێ بەشەر تەنیا لە بێزاریدا شەڕ دەفرۆشن، شەڕ لە دەست بەتاڵی باشترە..

سەربازەکە، لەناخی ناخەوە چزەی لێ هەستا، بەڕووی سەرپەرشتیارەکەماندا هەڵشاخی و قیژاندی:-- نەخێر، بەس پێم بڵێ ئەو کچە کێیە؟

سەرپەرشتیارەکەمان، لەناکاوا ئاوڕی لێدایەوە: - پێت بڵێم؟

- ئا.

- تانیا دەناسیت؟

- ئێ؟

– ئێ ئێ، ئەوە عەرز و ئەوە گەز، فەرموو بزانین چیت پێدەکرێ.

– من؟

– بەڵێ تۆ.

– تانیا، لە ئاو خواردنەوە ئاسانترە!

– دەی با بزانین!

– خەمت نەبێ، دەزانیت! ها! ها!

– چۆن، کەی..

– نایەڵم مانگێکی پێبچێت!

– تۆ، کابرای سەرباز زۆر لەخۆ باییت. وانییە؟

– پەلە مەکە، دوای دوو هەفتە پێتی نیشان دەدەم، تانیا؟ لە ئاو خواردنەوە ئاسانترە!

– هەڕە دەرێ، با لە کارەکەم دوا نەکەوم.

– دوای دوو هەفتە، ئەگەر بۆم لە خشتە نەبردی گلەییم لێبکە!..

– هەڕە دەرێ، گوێت لێ نییە؟

سەرپەرشتیارەکەمان تەواو تووڕە بوو، پاڕۆکەی پێ نیشاندا. کابرای سەرباز بەسەرسامی پاشەکشەی کرد، ئەوجا ماوەیەک بەبێدەنگی لە هەموومانی ڕوانی، ئەوجا مینگەمینگێکی کرد:–باشە، باوابێ...

بلەز وەدەرکەوت..

بەدرێژایی ئەو گەنگەشەیە، بێدەنگ بووین. هەموو هۆش وگۆشمان لەلای گەنگەشەکە بوو. لێ هەرکە سەربازەکە وەدەرکەوت و ڕۆیی، هەر هەمووومان دەممان بەربوو، بەدەنگی بەرزکەوتینە قسان.

یەکێکمان بەڕووی سەرپەرشتیارەکەماندا هەڵشاخی:

– پاڤڵ، تۆ بابەتێکی خراپت هاڕوژاند!

سەرپەرشتیارەکەمان، پرتەپرتێکی کرد:–تۆ خەریکی کاری خۆت بە!

هەموو هەستمان کرد کە کابرای سەرباز، بەتەواوەتی کەوتە سەر چزو، تانیا کەوتەبەر سێرەی مەترسیەکی گەورە. ئیدی هەموو بەکونجکاوی ونیگەرانییەوە، چاوەڕوانی ئەنجامەمان دەکرد. ئایا تانیا لە هەنبەر یارۆی سەربازدا خۆی دەگرێت؟ هەموومان ئەو قەناعەتەمان دووبارە دەکردەوە کە:– تانیا؟ خۆی دەگرێت. نێچیرێکی خۆشڕاو نییە!

هەموومان، بەتاسەوە بووین، بۆ تاقیکردنەوەی مەعبوودەکەمان، بە تاسەوە هەوڵی ئەوەمان دەدا قەناعەت بە یەکدی بێنین کە بتەکەمان، بتیکی بەوەفایە و لەم گرەوەدا سەرکەوتوو دەبێت. هەموو لەخۆمان دەپرسی ئاخۆ کابرای سەربازمان، وەکو پێویست هانداوە، دەترساین گرەوەکە لەبیربکات وناچار دەبین دووبارە بیوروژێنینەوەو لە کبریای بدەین. لەوساتە بەدواوە خەم و خولیایەکی تازە هاتە ژیانمانەوە، خولیایەک کە پێشتر بەخۆمانەوە نەبینی بوو. بە درێژایی ڕۆژ گەنگەشەی ئەو شتەمان دەکرد، ئیدی هەموو لەجاران هێدی تر وماقوولتر قسانمان دەکرد. وەکو ئەوە بوو گرەوێک لەگەڵ شەیتاندا بکەین و، تانیا زامنی مە بوو.

کاتێ، لەلایەن نانەواکانەوە، خەبەرمان زانی کە یارۆی سەرباز لە کەمینایە بۆ تانیا، تاقیبی دەکات، هەموو هاوارمان لێبەرز بووەوە، ئیدی ژیان بەلای ئێمەوە بوو بە

ئەزموونێکی سەیری عەنتیکە، تەنانەت هەستمان بەوە نەکرد، کە سەرپەرشتیارەکەمان چۆن سوودی لەم هاڕوژانەی مە بینی بوو. ڕۆژانە هەویری لەسەر گەیاندبووینە چوار پوود ( پوود: شازدە کیلۆ ) وادیاربوو لەکار ماندوو نەدەبووین، بە درێژایی ڕۆژ، ناوی تانیامان بەسەر زارەوە بوو، بە تاسەیەکی نائاساییەوە، بەیانیان چاوەڕوانمان دەکرد. هەندێجار کە دەهات وامان هەستدەکرد، تانیایەکی دیکەیە، جیاواز لە تانیاکەی جاران.

لێ، ئێمە باسی گرەوەکەمان بۆ نەکردبوو، هیچ پرسیارێکمان لێنەدەکرد، بەهەمان شێوازی نەرم و میهرەبان ڕەفتار و مامەڵەمان لەگەڵیا دەکرد. بەڵام شتێکی تازەمان بەرانبەر بە تانیا لەدڵ و دەروونداا پەیدا بوو، شتێکی جیا لەو هەستەی کە جاران دەربارەی تانیا هەمان بوو-- ئەو شتە تازەیە، کونجکاوی و لاپرەسەنیەکی سارد و تیژ، وەکو تیغی پۆڵا بوو..

ڕۆژێک، سەرپەرشتیارەکەمان بەدەم دەستپێکی کارەوە گوتی:

- کوڕینە، ئەمڕۆ دوا ڕۆژی گرەوەکەیە.

ئێمە بەمەمان دەزانی، پێویست بەوە نەبوو، بیرمان بخرێتەوە. بەڵام وێڕای ئەوەش هەموو ڕاجفرین. سەرپەرشتیارەکەمان پێشنیازی کرد:--چاودێری بکەن... تۆزێکی دی دێت!

یەکێکمان، بە ڕاوێژێکی کەسەردار گوتی:

- مەرج نییە ئەوەی دەگوترێ ڕاست بێ!

دووبارە، گەنگەشەیەکی توند دەستی پێکرد. لەم ڕۆژەدا، ئەنجام ڕادەی پاکی ئەو ئامانەمان بۆبەدیاردەکەوێت، کە هەموو دار و نەداری خۆمان تێخستووە. ئەو بەیانیە، لەناکاواو بۆ جاری یەکەم زانیمان ، کەچ قومارێکی گەورەمان کردووەو، تاقیکردنەوەی

بتەکەمان، بۆ هەتاهەتایە لەبەرچاومانی خست، ورد وخاشی کرد. بە درێژایی ئەو ڕۆژانە دەمان بیست کە یارۆی سەرباز بە جدی لەدووی تانیایە و تاقیبی دەکات، لێ ئێمە قەت لە تانیامان نەدەپرسی ئاخۆ شتی وا هەیە یان نا. ئەویش وەکو جاران، هەموو بەیانییەک بۆ کولیچە و چۆرەکان دەهات، هەمان تانیاکەی جاران بوو، نەگۆڕابوو. ئەو ڕۆژەش گوێمان بەدەنگی زرینگایەوە:

– زندانیان! هاتووم..

ڕێگەمان بۆ کردەوە کە وەژوور بکەوێ، کە وەژوور کەوت، بە پێچەوانەی جارانەوە، بەوپەڕی بێدەنگی پێشوازیمان کرد، بە خیسەوە تەمەشامان دەکرد، نەماندەزانی چی پێ بڵێین، چی لێ بپرسین. بەکۆمەڵ، مات وخامۆش لەبەردەمیا وەستاین. لەناکاوا سەیرمان کرد ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بەنیگەرانی چاوی تێبڕین. لەجێی خۆی لاقەولاقی دەکرد. ئەوجا بە دەنگێکی تاساو پرسی:– بۆ حەپەساون، چیتانە...

سەرپەرشتیارەکەمان (وەستاکەمان) بە ڕاوێژێکی تووڕە ئەم پرسیارەی کرد، چاوی بڕییە دووڕ چاوانی تانیا وگوتی:–ئەدی تۆ چیتە؟

–- من چیمە؟

– هیچ...

– کەواتە، کوا بەپەلە کولیچەکانم وێدەن..

پێشتر قەت پەلەی لێنەدەکردین.

سەرپەرشتیارەکەمان( وەستاکەمان)، بەکاوەخۆ، بێئەوەی چاو لە ڕوخساری تانیا بگوازێتەوە، گوتی:–پەلەت نەبێ هێشتا زووە!

بلەز وەرسووڕایەوەو، لە دەرگاکەوە وەدەرکەوت..

سەرپەرشتیارەکەمان دەستی دایە پارۆکە، ڕووی کردە فڕنەکە، بە ئارامی گوتی:

– تەواو، شتەکە ساغ بووەوە، یارۆی سەرباز کاری خۆی کرد.. ئەو زۆڵە گرەوی خۆی بردەوە!..

هەموو، بە سستی وەکو پەزان، بەدەم پاڵە پەستۆوە، بۆلای مێزەکە چووین، مات و خامۆش لە دەوری دانیشتین و ئەوجا بە بێتاقەتی کەوتینە کارکردن.

لەناکاوا یەکێکمان گوتی:– لەوەیە..

سەرپەرشتیارەکەمان(وەستاکەمان) هاواریکرد:–دەمت داخە. ئەو بابەتە تەواو!

دەمانزانی پیاوێکی زیرەکە، لەهەمووماں زیرەکتر بوو. بەهاوار کردنەکەیدا، بۆمان دەرکەوت، کە یارۆی سەرباز گرەوەکەی بردووەتەوە... هەستمان بە نیگەرانی و زەبوونی کرد..

کە زەنگی سەعات دوو–_کاتی فراڤین – لێی دا، یارۆی سەرباز هات بۆلامان، وەکو هەمیشە، پاک وخاوێن، پۆشتە و پەرداخ خۆی بە پەلەپیتکە دەتەکاند، وەکو هەمیشە چاوی لە دووڕ چاومان دەبڕی، هەستمان بە نیگەرانییەکی زۆر دەکرد. بە خۆڕانانەوە گوتی:

– ئێ بەرێزینە، دەتانەوێ پێتانی نیشانبدەم کە بابایەکی سەرباز دەتوانێت چی بکات؟ بچنە لای ڕاڕەوەکە وەو لە درزی تەختەکانەوە تەمەشا بکەن... حاڵی عەرزم هەن؟

چووین بۆ ڕاڕەوەکە، بەسەر یەکا کەڵەکە بووین، چاومان دەنا بە درزی تەختەکەوە، کە دەیڕوانیە سەر حەوشە ومەیدانەکە. زۆری نەبرد.. کە تانیا بە هەنگاوی هەڕاو و نیگای نیگەرانەوە هات بۆ مەیدانەکە، بەسەر قۆرتێن بەفری تواوە و چڵپاوەوە دەپەڕییەوەو خۆی بە دەرگای ژێرزەمینەکەدا کرد ولەچاو ون بوو. ئەوسا یارۆی سەرباز هەستاو بەدەم فیکە لێدانەوە، بەدەم سمێڵ بادانەوە، هەردوو دەستی لە

گیرفانەکانی نابوون، باران دەباری، لەدرزی دیوارە تەختەکەوە، دەمانبینی، چۆن دڵۆپە بارانی درشت، بەسەر چاڵاوە پڕ ئاوەکاندا دەباری. ڕۆژێکی نمناک و زۆر سارد بوو، بەفری سەربانەکان خاو دەبوونەوە، بەفری سەر ئەرز خاڵ خاڵ، لێرە ولەوێ دەچوونەوە.. چاوەڕوانی لەو ڕاڕەوە ساردەدا زۆر زەحمەت بوو..

یارۆی سەرباز یەکەم کەس بوو کەلەژێر خانەکە هاتەدەرێ. بەکاوەخۆ بە حەوشە مەیدانەکەدا ڕێی دەکرد، سمێڵی دەجوڵاند ودەستەکانی وەکو هەمیشە لەگیرفانەکانیدا بوون.

پاشان تانیالە ژێرخانەکە هاتەدەرێ.. چاوەکانی.. چاوەکانی پرشنگی شادی و خۆشیان لێدەبووەوە. بزەیەکی شیرین بەسەر لێویەوە بوو، کە ڕێی دەکرد، لاقەکانی وەکو ئەوەی بەدەم خەوەوە ڕێبکات، تێک دەئالان، بەلادا دەهات..

ئەوەمان زۆر لەبەر گران بوو. هەمووومان بە کەڕەتێ بەرەو دەرگاکە تاومان دا، چووین بۆ مەیدانەکە، لێی کەوتینە فیکە وهوها.

کە ئێمەی بەوحاڵەوە بینی لەترسا دڵی داخورپا، وەکو بت لەجێی خۆی ڕەق ڕاوەستا، هەردووپای لە گۆلاوێکی پیسا نقووم بوون. دەورمان دا، ئیدی بە دەمرێژی جنێو و قسەی ناشیرین و گۆرانی بێپەردە دامان بێژت.

بەکاوەخۆ ئەو کارەمانکرد، دەمانزانی بە هیچ جۆرێ ناتوانێ خۆی دەرباز بکات و دەتوانین بەکەیفی دڵی خۆمان گاڵتەی پێبکەین. لێمان نەدا. لە ناوەندماندا وەستا بوو، سەری بەم لاو بەولادا وەردەگێرا، گوێی لە سخێف و جنێوەکانمان دەگرت. ئیدی بەوپەڕی دڵڕەقی، بەوپەڕی ڕکونی وبوغزنی، بەوپەڕی دڵ پیسی و بوغزنی دامانگرتەوە.

ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما، ڕەنگی مردووی لێنیشت، چاوە شینەکانی کە تۆزێ لەوەپێش پرشنگی خۆشییان لێدەبووەوە، ئەبڵەق بوون، هانکەهانکی پێکەوت. لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد و پەیتاپەیتا دەلەرزین.

ئێمە دەورمان دابوو، ڕقی خۆمان بەسەریا دادەباراند--خیانەتی لێ نەکردبووین، فێڵی لێ نەکردبووین؟ ئەو هی ئێمە بوو، هەموو سۆزێکی خۆمان بەو بەخشی بوو، هەرچەندە ئەو سۆزانە لە باشترین حاڵەتدا، جگە لە سەدەقەی سواڵکەرێکی نەدار، نەیدەکردە هیچی دی، ئێمە بیست و شەش کەس بووین و ئەو یەک کەس بوو، چەند سەرمان دێنا وسەرمان دەبرد، زەینی کوێرمان لەسەر ئازارێکی ئەوەندە تیژ نەدەگیرسایەوە کە هاوتای تاوانەکەی ئەو بێت! تەحا کەپێمان کرد، ئەوەی ئێمە پێمان کرد، بخرایە سەر نان سەگ بۆنی پێوە نەدەکرد!.. فزەی لێوە نەهات، بە نیگایەکی پڕ ترسەوە لێمان مۆڕ دەبووەوە، سەراپای وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی..

پێکەنین، وەڕین، مڕاندمان... خەڵکانێکی دیکەش بەشدارییان کردین... یەکێکمان ئاسینی کراسەکەی تانیای ڕاتەکاند..

لەناکاوا، گڕ لە چاوانی بووەوە، بە ئەسپایی دەستی هەڵبڕی تا قژی چاک بکاتەوە، بەدەنگێکی بەرز، بەڵام بە ڕاوێژێکی ئارام، ڕووبەڕووی هەموومان گوتی:

– ئێی زندانیانی کلۆڵ!...

ڕێک بەرەوڕووی مە هات، وەکو ئەوەی هەر بەشەر نەبین، وەکو ئەوەی لە ڕێگایا نەوەستابین. لە ڕاستی دا ئەوە کردیە کارێک شتاقمان نەوێرین ڕێگای لێبگرین.

پاش ئەوەی لە بازنەکەمان دەرباز بوو، بەدەنگێکی بەرز، بە بێئەوەی ئاوڕمان لێبداتەوە، بە ڕاوێژێکی تەژی تانووت و بێباکی، لەسەری ڕۆیی:

– کە دڕندە و هۆڤین، لە گەلە بەرازێکی گلاو دەچن..

ئەوجا، ڕاستەوڕاست، سەربەرز بە جوانی خۆیەوە ڕۆیی.

ئێمە، لەناوەندی مەیدانەکەدا، لەناو قوڕ وحەڕیاندا، لەبەر بارانەکە و لەژێر ئاسمانە لێڵ و هەورینەکەدا ماینەوە..

بەبێتاقەتی، ڕێ وڕێ بۆ ژێرزەمینە بەردینە نمناکەکەمان زڤڕینەوە. ئیدی هەتاو وەکو هەمیشە لە پەنجەرەکەوە نەدەهاتە ژوورەوە، تانیاش دابڕا و چیتر نەدەهات..

١٨٩٩

سەرچاوە: ماکسیم غورکی/ المؤلفات المختارة فی ٦ مجلدات، المجلد ٣، اقاصیص/ ترجمة المحامی سهیل ایوب، دار ( رادوغا ) مۆسکۆ ١٩٨٨ .

# کونوڤالوف

لەکاتێکا چاوم بە ستوونی ڕۆژنامەکەدا دەگێڕا، نیگام لەسەرناوی کونوڤالوڤ گیرسایەوە، ناوەکە سەرنجی ڕاکێشام، لەژێر ناوەکەدا ئەمەم خوێندەوە:

"دوێشەو، لە سالولی ژمارە سێی زندانی ناوچەییدا، پیاوێکی " موروم "ی چل ساڵە بەنێوی ئەلکسندەر ئیڤانۆفیچ کونوڤالوڤ، خۆی بە لوولەی دووکەڵکێشی سۆپاکەوە هەڵواسی بوو وخۆی خنکاندبوو، ئەم پیاوە ماوەیەک لەوەپێش، لەشاری " بسکوف " دا بەهۆی ئاوارەیی و وێڵگەڕییەوە گیرابوو و دەگەڵ کۆمەڵێک گیراوی دیدا بۆ زێد و زاگەی خۆی نێردرابووەوە. بە گوێرەی قسەی بەڕێوەبەر وکاربەدەستانی زندان، کونوڤالوڤ، پیاوێکی ئارام وبێوەی وگۆشەگیر بوو، سەدەمی خۆکوژییەکەی، بەگوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی زندانەکە، ڕەشبینی و ئەسپەکی (ماخولیا) مێشک بووە."

کە ئەو هەواڵە کورتەم خوێندەوە لێبڕام بەهەر شیوەیەک بووە، سەدەمی(هۆ) خۆکوژییەکەی ئەم پیاوە گۆشەگیرو بێوەیە کەمێک ڕوونتر بکەمەوە. من " کونوڤالوڤ " م دەناسی، هەق و ئینساف وایدەخواست کە دەربارەی وی بێدەنگ نەبم. گەنجێکی زۆر چاک بوو، پیاوی واچاک لە دنیادا زۆر کەم بوو.

من تەمەنم هەژدە ساڵان بوو کە کونوڤالوڤم ناسی و ئاشنایەتیم لەگەڵیا پەیدا کرد، لە نانەواخانەیەکا، دەسیاری شاتر بووم. شاترەکە سەربازێکی خانەنشین بوو، سەربازی جۆق وموزیقا بوو، بەردەوام ڤۆدکای دەخواردەوەو زۆرجار هەویرەکەی خراپ دەکرد. کە مەست دەبوو، بەدەم موزیقای لێدەدا و، هەرشتێکی لە بەردەست بوایە بە قامکان لێی دەداو جۆرەها ڕیتمی دەردێنا. هەرکاتێ خاوەن نانەواخانەکە، لەسەر خراپ بوونی هەویرەکە، یان ئامادە نەبوونی بەیانیانی نانەکە، تووڕە بایە، کونوڤالوڤ، خوای نەدەما، تووڕە دەبوو، هەزار و یەک جنێوی سەربە کوڵکەی دەدا و ئەوەی بەڕوویا دەدایەوە کە ئەم بابایەکی سازڤانی بەهرەمەندە.

سمێڵە درێژ وسوورەکانی بۆ سەرەوە بادەدا، لێوە ئەستوورەکانی، کە خویا ( دیار ) نەبوو چما هەمیشە تەڕ بوون، کۆ دەکردەوە و هاواری دەکرد:

– هەیرەکەم ترشاوە؟ نانەکە سووتاوە؟ باش نەبرژاوە، خاوە! بە جیر و بە جەهەنەم، کەمتیاری چاوچەپ و خێڵ! ئاخر من بۆ ئەم کارە دروست بووم، ئەمە ئیشی منە!؟ ڕیامە خۆت وکارەکەت. من سازڤانم. تێگەیشتی؟ ڕووی زەمانە ڕەش بێ، ئەگەر کەمانچەژەن لەوێ نەبا من کەمانم دەژن، ئەگەر زوڕناژەن دیار نەبا، من زوڕنام دەژەند، ئەگەر شەیپورێ خراپ بوایە، جگە لەمن کوڕ نەبوو، ڕێکی بخاتەوە، من! توم – تارا – توم – توم، من ئەمەم، تۆ دێهاتیەکی کۆیلەی هەی نەگبەتی ماڵوێران! کوا، هەقەکەم بدە با بڕۆم! من لەگەڵ پیاوی وەک تۆدا کار ناکەم!

خاوەنی نانەواخانەکە، کە پیاوێکی قەڵەوی خاو وخلیچک بوو، دوولاقی کورتی هەڵاوساوی هەبوو، دەم وچاوێکی ژنانەی هەبوو، دوو چاوی ڕەنگ جیاوازی هەبوو، هەردوو لاقی بە عاردیدا دەکوتان، ورگی دەکەوتە سەما وبەدەنگی بەرز هاواریدەکرد:

– خراپکار، نمەک بەحەرام، دز، بێ دین، یەهودای مەسیح فرۆش!

ئەوسا، قامکە کورتەکانی بڵاودەکردنەوە، دەستی بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوەو بەدەنگێکی تیژ هاواری دەکرد:

– دەتەوێ بەناوی یاخی بوون و سەرپێچی یەوە ڕادەستی پۆلیست بکەم؟

– من، خزمەتکاری تزار و نیشتمانم، من ڕادەستی پۆلیس دەکەی؟

یارۆی سەرباز، بەدەم ئەو قسانەوە، بەرەولای خودان نانەواخانەکە دەڕۆیی و کوڵەمستی دەگوشی و دەیویست پەلاماری بدات. خودان نانەواخانەکەش، هانکەهانکی پێکەوتبوو، بە تووڕەیی تفی بە هەر چوار نگالێ خۆیدا فڕێ دەداو لە دووکانەکە وەدەر دەکەوت، جگە لەوە هیچ کارێکی دیکەی لەدەست نەدەهات، چونکە وەرزی

هاوین بوو وله دەور وبەری ڤولگادا، شاتر ونانەوای باش بە ئاسانی دەست نەدەکەوت.

ئەم بەزمە، تەقریبەن هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبووەوە. یارۆی سەرباز دەیخواردەوە، هەویرەکە دەترشا و لە کەڵک دەکەوت، سروودی عەسکەری و ئاوازی ڤاڵس، خۆی گوتەنی (نمرە)ی جۆراوجۆری لێدەدا. خودان نانەواخانەکە ددانی بە چیرەوە دەبرد، خوێنی جگەری خۆی دەخواردەوە. ئیدی لەو بەینەدا من زۆر زەرەرمەند بووم، دەبوایە ئیشی دوو نەفەر بکەم.

ڕۆژێک خودان نانەواخانەکە و یارۆی شاتر، ئەم بەزمەیان بوو، زۆرم پێخۆش بوو. ئەرباب (خاوەن) کە لە خۆشیا بسکەی سمێڵی دەهات ونیگای سەرکەوتن بە چاوانییەوە دیاربوو، بزەیەکی فێڵبازانە لەسەرلێوی نەخش بووبوو، بەخۆ و نانەوایەکەوە خۆی بەژووردا کرد و ڕوویکردە سەربازەکە و گوتی:

– دەی سەرباز، لێوت وێک بێنەوە و مارشێکی عەسکەریمان بۆ لێبدە!

سەربازەکە، کەلەسەر تەشپیلۆکەیەک هەویر ڕاکشابوو، وەکو هەمیشە مەست بوو، بە ڕوویەکی گرژەوە گوتی:–چییە دیسان؟!

ئەرباب ( خاوەن ) بە خۆشحاڵییەوە گوتی:–ڕابە، بکەوەڕێ!

سەربازەکە، لاقی لەسەر تەشتە هەویرەکە هێنا خوارێ و بە نیگەرانیەوە پرسی: – – بۆ کوێ؟

– کوێت بە دڵە بۆ ئەوێ...

سەربازەکە هاواریکرد: – یانی چی؟

– یانی ئیدی من پێویستم بە تۆ نییە. پارەی خۆت وەربگرە و بۆکوێ دەڕۆیی بڕۆ!..

سەربازەکە، کەبە حیسابی خۆی داشی بەسەر ئەربابدا سوار بوو و دەیزانی کەبە ئاسانی شاتری دەستناکەوێ، بەبێ ئەم کارەکەی دەوەستێ وپەکی دەکەوێت، هەمیشە خۆی بەسەر ئەربابدا دەنواند، کە گوێی لەو قسەیەی ئەرباب بوو، کەمێک وەخۆ هاتەوە و نەشە بەریدا، و دەیزانی بەو ئاسانیە کاری دەستناکەوێت، بە تایبەتی کە شارەزاییەکی ئەوتۆی لەکاری نانەواییدا نەبوو.

بە نیگەرانییەوە هەستایە سەرپێ و گوتی:–نا، سوعبەت دەکەی..

– سوعبەتی چی. بۆ دەرەوە، دەی خێرا.

– برۆم؟

– برۆ وحەوت بەرد لە شوێنت.

سەربازەکە، بە کەسەرەوە سەری لەقاند و گوتی:

_ یانی دەتەوێ دەرم بکەیت، دوای ئەوەی هەموو خوێنت مژیم، ئێستا دەتەوێ وەدەرم بنەیت، وەڵا ئافەرین جاڵجاڵۆکە!

ئەرباب، هاڕوژا، هاواریکرد: _ من جاڵجاڵۆکەم؟

لەکاتێکا، بە لارەلار بەرەو دەرگاکە دەڕۆیی، گوتی:

– بەڵێ تۆ جاڵجاڵۆکەی خوێنمژی، زەروویت و ئەولاتریش.

ئەرباب، لە دوای ئەوەوە، قاقایەکی خۆشحاڵی تەوسامێزی لێدا، چاوەکانی پرشنگی خۆشحاڵیان لێدەبووەوە، گوتی:

– برۆ، لەکوێ کار پەیدا دەکەی، پەیدای بکە! بەجۆرێکم باسکردوویت ئەگەر بە خۆڕایش کار بکەی کەس ڕات ناگرێت..

لێم پرسی: – شاتر و نانەوای تازەت بەکرێ گرتووە؟

– ئەرێ، ئەم شاترە تازەیە، کۆنەکارە، شارەزا و ئازموودەیە، کاتی خۆی دەستیاری من بوو. پیاوێکی پیاوانەیە، بەقەد کێشی خۆی ئاڵتوون دێنێ. بەڵام ئەویش ئەهلی خواردنەوەیە! بەڵام ئالوودە نییە. هەرکە کەوتەکار، تا سێ چوار مانگان ناوەستێتەوە، کە ملی بەکارەوە نا، ئیدی بە ئاسانی ناوەستێتەوە، نە دەخەوێ، نە ئیسراحەت دەکات، نە داوای کرێ دەکات. بەدەم کارکردنەوە گۆرانی دەچڕێ، دەنگ و ئاوازێکی هەیە، کار لە دڵی بەردیش دەکات.. کەلە گۆرانی و سترانان تێر دەبێ، ئیدی مل بە خواردنەوەوە دەنێت. خودان نانەواخانەکە ئاهێکی هەڵکێشا و لەڕووی نائومێدییەوە سەرێکی لەقاند:

– کە دەست بە خواردنەوە دەکات، ئیدی کوڕم دەوێ جڵەوی بگرێت. ئەوەندە دەخواتەوە تا یا نەخۆش دەکەوێ، یا لە پەل وپۆ دەکەوێت.. هەنگێ لە تەریقی و شەرمەزاریدا، وەکو جنۆکەی لە بسمیلا هەڵاتوو، لە حەوت کونان خۆی دەشارێتەوە.. ئەوەتا، بەسەر باسی خۆیدا هات، ها ساشا هاتیت؟

دەنگێکی بتەو لەبەر دەرگاکەوە بەرسڤی دایەوە: – بەڵێ، هاتم!

پیاوێکی باڵابەرزی، ناوشان پانی، تەمەن نزیکەی سێ ساڵان، شانی بەلا شیپانەی دەرگاکەوە دابوو. بە جل و بەرگەکەیا، لە خێڵی لات ولەوێران دەچوو، بە ڕەنگ و ڕوخسار سلاڤی ئەسڵ بوو، کراسێکی کەتانی سووورباوی لەبەردا بوو کە تا حەزکەی شڕ و شەپڕێو وچڵکن وپلکن بوو، پانتۆڵێکی کەتانی زبری دەڵبی لەپێدا بوو، جووتێ پێڵاوی سەیری لە پێدا بوو، یەکێکیان گالۆشێکی (پێڵاوی لاستیک) دڕاو بوو، دووەمیان کۆنە پێڵاوێکی چەرم بوو. قژە زەردەکەی گڤ بووبووەوە، پڕ بوو لە ئاردەدار و پووشکە، ڕدێنە زەردەکەشی کە وەکو باوەشێن سینگ و بەرۆکی داپۆشی بوو، بە هەمان شێوەی سەری بوو. لە چاوە درشت وکەوەییەکانییەوە، کە ڕوخسارە درێژکۆڵە وزەحمەت دیدەکانی ڕوناک دەکردەوە، پرشنگی میهرەبانی هەڵدەستا. بەڵام لێوە جوانە ڕەنگ زەردەکانی، لەژێر سمێڵە زەردەکانییەوە، بە ئاستەم

لێک ترازابوون وبزەیەکی کاڵیان بەسەرەوە بوو، لە تۆوایە دەیەوێ لەڕێگای ئەو بزەیەوە، وەکو کەسێک گوناحێکی کردبێت، تەوازی بێنێتەوەو بڵێت:– من ئەمەم کە دەمبینن، تکایە پێتان ناخۆش نەبێت. لێم مەگرن.

ئەرباب، دەستەکانی هەڵگلۆفت وبە میهرەبانی لە سەراپای بتەوی شاترە تازەکەی ڕوانی و گوتی:– کوا ساشا، وەرە ژووری، ئەمە شاگرد و دەستیارەکەتە.

بەبێدەنگی هاتەپێشێ، دەستە گەورە و بەهێزەکانی، کەلە دەست و پەنجەی پاڵەوانان دەچوو، بەرەو من درێژ کرد. سڵاومان لێکدی کرد. لەسەر تەختێک دانیشت، لاقی درێژ کردن، لێیان ورد بووەوە، ڕووی کردە ئەرباب و گوتی:

– ڤاسیلی سیمونوفیچ! دوو دەست کراس و پانتۆڵم، جووتێ پێڵاو و کڵاوێکی کەتانمبۆ بکڕە.

– خەمت نەبێ، هەموو شتێکت بۆ دابین دەکەم. کڵاومان هەیە، کراس و پانتۆڵیش تا سبەینێ ئامادە دەبن، خەمت نەبێ من تۆ دەناسم، دەزانم چتۆ پیاوێکی، مەترسە بێ دڵیت ناکەم. منیش هەست وسۆزم هەیە، خۆیشم کرێکار بووم، دەزانم چەوساندنەوەی خەڵکی چەند خراپە... ئێ، ئیدی ئێوە ئیشی خۆتان بکەن، من دەڕۆم..

بە دوو قۆڵی ماینەوە.

کونوڤالوڤ، لە سەر تەختەکە ڕۆنیشت، مات وخامۆش، بەدەم بزەیەکی کاڵەوە، چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا.

نانەواخانەکە، لە ژێرزەمینێکی سەر بە گومەزدا بوو. سێ پەنجەرەی هەبوو کەلە ئاستی شەقامەکە نزمتر بوون. ڕوناکی کەم و هەواشی هەر کەم بوو. زۆر پیس و پۆخڵ و نمسار ویەکپارچە تۆزی ئارد بوو. چەند تەشتێکی درێژ وگەورە لەپاڵ دیوارەکەدا بوون. یەکێکیان پڕ لە هەویری هەڵاتە و ئامادە بوو، دووەمیان هەویری

تیابوو و تا هەڵبێ و سێیەمیان بەتاڵ بوو. تیرۆژە ڕوناکییەکی کاڵ لە پەنجەرەکانەوە کەوتبووە سەر هەریەک لە تەشتەکان. چەند فەردە ئاردێک لە دەوری تەنوورەکە، کە نزیکەی سێ یەکی دووکانەکەی داگیرکردبوو، لە ئەرزەکەدا کەوتبوون. داری ئەستوور ئەستوور، قرچەقرچ لەناو تەنوورەکەدا دەسووتان و بڵێسەیان لێ بەرز دەبووەوەو سێبەری گڕەکە بەسەر دیوارە کەوەییەکانی نانەواخانەکەوە سەمای دەکرد، لەتۆ وایە بەبێدەنگی چیرۆکێک دەگێڕنەوە.

گومەزە دووکەڵاوی وچڵکنەکەی نانەواخانەکە، دەتگوت بارە بەسەرمانەوە، کە ڕوناکی ڕۆژ وئەو گڕەی لە تەنوورەکەوە بەرز دەبووەوە، تێکەڵ بەیەک دەبوون و ڕوناکیەکی گۆنگی ئەوتۆیان دروست دەکرد کەچاوی ماندوو دەکرد. لەو پەنجەرانەوە کەبەسەر شەقامەکەوە دەکرانەوە، جگە لە هەرا وزەنا و غەڵبەغەڵبی خەڵکی، تەپ وتۆزی دنیاش دەهاتە ژوورەوە. کونوڤالوڤ هەموو ئەوانەی بەچاوی خۆی بینی، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و بە ڕاوێژێکی خەمناک گوتی:- دەمێکە لێرە کار دەکەیت؟

بەرسڤم دایەوە. هەردووکمان بە بێدەنگی وژێراوژێر کەوتینە تەمەشای یەکدی. ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

- ئەمە زندانە. با بچینە دەرێ و لەسەر دەکەکەی لای دەرگاکە دانیشین، چ دەڵێی؟!

چووینە دەرەوە، لەسەر سەکۆکە ڕۆنیشتین.

- پیاو دەتوانێ لێرەدا، هەناسەیەک بدات. من ماوەیەکم دەوێ تا لەگەڵ ئەم سیاچاڵەدا ڕادێم. من ناڵێم تۆ بڵێ! من لە دەریاوە یەکڕاست بۆ ئێرە هاتووم... من لە دەریای قەزویندا کارم دەکرد، ڕاوە ماسیم دەکرد... و لە ناکاوا، لەو دنیا بەرینەوە، کەوتمە ئەم دەخمە تەنگ و تاریکەوە!

بەدەم ئەو قسانەوە، ناوبەناو سەیری دەکردم و بزەیەکی خەمینی بە ڕوودا دەدام. ئەوسا بێدەنگ بوو وکەوتە تەمەشای ڕێبواران. شوێنەواری خەم وپەژارە، بەچاوە شین و گەشەکانیەوە دیاربوو..

ئێوارە بەرەبەرە نزیک دەبووەوە، شەقامەکە، جەنجاڵ، پڕ هەرا وزەنا، بە غەڵبەغەڵب و ژاوەژاو، تەپ وتۆز هەر مەپرسە، گەرما، هەناسەی سوار دەکرد، سێبەری خانووەکان کەوتبووە سەر شوستە وجادەکان. کونوڤالوڤ، پشتی بە دیوارەکەوە دابوو ودەستەکانی نابوونە سەر سینگی وبە قامکەکانی نەوازشتی ڕدێنە ئاوریشمینەکەی دەکرد. ژێراوژێر تەمەشایەکی ڕوخسارە درێژکۆڵە و زەردەکەیم کرد و لە دڵی خۆدا گوتم: "چتۆ مرۆڤێکە. لێ زاتم نەکرد سەری قسانی لەگەڵدا دابمەزرێنم، چونکە یەکەم وەستام بوو و دووەم جۆرە ڕێز و هەیبەتێکی تیابوو.

سێ لۆچی باریک بەسەر هەنیەیەوە بوون. ناوبەناو دیار نەدەمان. زۆرم حەز دەکرد، بزانم کە ئەم پیاوە بیر لە چی دەکاتەوە. ئاقیبەت خۆی هاتەقسان و پێی گوتم:

- با بڕۆین، وەختی کارە. تۆ تەشتی دووەم بشێلە و من کار لە سێیەمدا دەکەم.

دوای ئەوەی تەشتێک هەویرمان ئامادە کرد و تەشتێکی دیکەمان شێلا، دانیشتین تا چایەک بخۆینەوە. کونوڤالوڤ، دەستی بە بەرکیا کرد وگوتی:- خوێنەواریت هەیە؟ ئادەی ئەمەم بۆ بخوێنەوە.

پارچە کاغەزێکی چرچ ولۆچ و چڵکنی دامێ. دەستم بە خوێندنەوەی کرد:

" ساشای ئازیزم،

لە دوورەوە سڵاوت لێبێ، ماچت دەکەم. من حاڵم زۆر خراپە، دڵم تەنگە، لەژیان وەڕەزم، باوەڕ ناکەم تا ئەو ڕۆژەی کەلەگەڵ تۆدا دەڕۆم و ئیدی پێکڤە دەژین، هەڵبکەم! هەرچەندە لە هەوەڵەوە حەزم لەم ژیانە نەحلەتیە دەکرد، لێ هەنووکە تەواو

لێی بێزار و وەڕەزم. تۆ زۆرچاک سەدەمی ئەمە دەزانیت، منیش وەختایەک ناسیاویم لەگەڵ تۆدا پەیدا کرد، بەرەبەرە پەیم بەوەبرد کە کەوتوومەتە چ گێژاوێکەوە. تکا دەکەم زوو زوو نامەم بۆ ڤرێ بکە، بەتاسەی هەواڵتەوەم. جارێ خودا حافیز، بەڵام خوداحافیزی یەکجارەکی نا، ئەی ڕیشنە ئازیزەکەی دڵم! هەرچەندە تۆی بەراز، بێئەوەی خوداحافیزی لەمن بکەی ڕۆیشتی. بەڵام گلەییت لێناکەم، دەی ئەمە گرینگ نییە، من هەمیشە لەگەڵ تۆدا خۆشحاڵ بووم، ئەوەندەی لەگەڵ تۆدا خۆشحاڵ بووم، لەگەڵ کەسی دیدا ئەوەندە خۆشحاڵ نەبووم. من قەت چاکەی تۆ لەبیر ناکەم. ساشاگیان، ناتوانی هەوڵێکم بۆ بدەی کە ئازادم بکەن. کچان بە تۆیان گوتووە، کەئەگەر ئازاد ببم دەستبەردارت دەبم. بەڵام ئەو قسانە درۆن، ئیفتران. ئەگەر ئەو چاکەیەت لەگەڵ کردبام، دوای ئازاد بوون وەکو سەگی وەفادار دووت دەکەوتم، لێت نەدەبوومەوە، لەگەڵت دەژیام. ئەو کارە بۆتۆ ئاسانە بەڵام بۆمن قورسە. هەرکاتێ تۆ دەهاتیە لام، من بۆحاڵی خۆم، بۆ ژیانی خۆم دەگریام، لێ هیچ جارێ دەردی دڵی خۆمم بۆ هەڵنەدەڕشتی. خوداحافیز، دڵسۆزت کاپیتولینا. "

کونوڤالوڤ، نامەکەی لێوەرگرتمەوە، بەدەستێک نامەکەی ئەم دیو وئەودیو دەکرد، بە دەستەکەی دیکەی و، بەدەم ڕامانەوە، گەمەی بە ڕدێنی دەکرد. لێی پرسیم: - نووسین بەڵەدی؟

- بەڵێ.

- ئەدی مەرەکەبت هەیە؟

- هەمە...

- کەواتە نامەیەکی بۆ بنووسە، دەینووسیت؟ ڕەنگە وابزانێ من کەسێکی خوێڕی و بێ ئەمەکم-- بە خەیاڵی خۆی فەرامۆشم کردووە... ئا بنووسە.

– دەینووسم. بەڵام ئەم ئافرەتە کێیە؟

– ئافرەتێکی ڕوسپیە. ئەدی نابینی باسی قەحپەخانە دەکات، داوا دەکات ڕزگاری بکەم! ئەگەر من بەڵێن بە پۆلیس بدەم کە دەیخوازم، زەماوەندی دەگەڵ دەکەم، هەنگێ ناسنامەکەی دەدەنەوەو کارتەکەی لێ وەردەگرن و یەکسەر ئازاد دەبێت. تێگەیشتی؟

لە زەرفی نیو سەعاتدا، نامەیەکی گەرم وگوڕ و پڕ سۆزم بۆ نووسی.

کونوڤالوڤ، بە بێتاقەتیەوە گوتی:

– دەی باشە بۆمی بخوێنەوە، بابزانم چیت نووسیوە؟

بەمجۆرە دەستم بە خوێندنەوەی نامەکە کرد:

" گیانەکەم کاپا،

وا خەیاڵ نەکەی من کەسێکی سپڵەم و تۆم فەرامۆش کردووە. نا، من تۆم لەبیر نەکردووە، بەڵام هەرچی پارە وپولێکم هەبوو، هەر هەموویم خەرجی خواردنەوە کرد. هەنووکە دووبارە دەستم بەکار کردووەتەوە. سبەینێ سلفەیەک لە ئەرباب (خودان کار) وەردەگرم و دەینێرم بۆ فیلیپ و پێی دەڵێم ئازادت بکات. پارەی بلیتی ڕێگات بۆ دەنێرم کە پێی بێیت بۆ ئێرە. جارێ خوداحافیز.

دڵسۆزت، ئالکساندر "

کونوڤالوڤ، پشت گوێی خوراند وگوتی:

– هم! نووسەر نیت، باشت نەنووسیوە! نامەکەت نە سۆز بزوێن وپڕ هەستە، نە گریان ئامێز و ڕوندک ڕێژ. ئەمە جگە لەوەی من داوام لێکردبوویت چەند جنێوێکی مزری تیا بەمن بدەیت و بە هیچ جۆرێ ئەوەت نەکردووە..

– باشە بۆچی جنێو بدەم؟

– بۆئەوەی بزانێت، کەمن خەجاڵەتی ئەوم و، دەزانم کەچەند دەرهەق بەو کەمتەرخەم بووم وچ ڕەفتارێکی خراپم لەگەڵ کردووە. لەبەر ئەوە جنێوم بدەیە. نامەکەی تۆ زۆر وشکە، لەتۆوایە نۆکی وشکە، یەک دوو دلۆپە ڕوندکی گەرەکە!

چارم نەبوو، دەبوایە یەک دوو فرمێسکی بەسەردا بکەم. ئەوەشم سەرکەوتووانە ئەنجام دا. کونوڤالوڤ، ئاسوودە بوو. دەستی نایە سەرشانم، بە سۆزەوە گوتی:

– ئێستا زۆرباش بوو، دەست خۆش، مەمنوونم! لە کوڕێکی باش دەچیت. وا خەیاڵ دەکەم، دکارین پێکڤە بسازین.–

هیچ گومانێکم لەو بۆچوونەی نەبوو. داوام لێکرد باسی کاپیتولینام بۆبکات.

گوتی:– کاپیتولینا؟ کچۆڵەیەکی منداڵکارە. زۆر خەمین و پەژموردەیە، خەڵکی ڤیاتکایە. کچی کابرایەکی بازرگان بووە. ئیدی گومڕا کراوەو لە ڕێ دەرچووەو ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر لە زەلکاوی نەنگ وشەرمەزاریدا ڕۆچووەو ئەنجام ڕێی کەوتووەتە فاحیشەخانە... کە یەکەمجار دیتم، سەیرم کرد زۆر منداڵە، هەر منداڵی منداڵە، لە دڵی خۆدا گوتم: "خودایا، چۆن دەشێت، ئەم منداڵە ببێت بە فاحیشە؟ " بەهەرحاڵ ئاشنایەتیمان پەیدا کرد، گریا. پێمگوت: " دڵ، لەدڵ مەدە، سەبرێکم لێبگرە، نەمرم لێرە دەرت دێنم. سەبرۆکەیەکم لێبگرە. " هەموو ئامادەکارییەکم کرد. لێ شەوێکیان ڤۆدکایەکی زۆرم خواردەوە، بەیانی کەچاوم کردەوە، خۆم لە هەشتەرخان بینیەوە. پاشان لێرە گیرسامەوە. ئیدی گەنجێک چوو بووە لای وهەواڵی منی لەو گەنجە پرسی بوو و هەر بەویدا ئەم نامەیەی بۆ ناردبووم.

لێم پرسی:– ئێ ئێستا بەتەمای چیت––دەتەوێ بیخوازیت؟

– من و ژن هێنان؟ منێک کە هەمیشە مەست وسەرخۆشم. لەکوێ مدارای ژن و منداڵم پێدەکرێت؟ هەر ئەوەندەی بۆ دەکەم تا ئازاد بکرێ و پاشان بۆ کوێ دەڕوات با

بڕوات. ئیدی شوێنێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، لەوەشە بۆخۆیی ببێت بە بەشەرێکی ڕێزدار.

– بەڵام ئەو گەرەکییە لەگەڵ تۆدا بژی.

– نا، تەنیا خۆی شیرین دەکات. ژنان هەموویان واهین، من چاکیان دەناسم. مامەڵە و بەرخوردم لەگەڵ زۆریان هەبووە. تەنانەت یەکێک لەوانە ژنی کابرایەکی بازرگان بوو.. ئەوکاتە من لە سێرکێکدا ئەسپەوان و مەیتەر بووم، کەچاوی پێم کەوت گوتی: " وەرە ببە بە عارەبانچی من! " من لە سێرک بێزار بووبووم، خواخوای کارێک بووم، پێشنیازەکەیم قەبووڵ کرد و دوای کەوتم، بەرەبەرە کەوتە مجامەلە و نەوازشم. ماڵ و خانوویەکی گەورەیان هەبوو، ئەسپیان هەبوو، خزمەتکار و نۆکەریان هەبوو، وەکو ئەشراف وخانەدانان دەژیان. مێردەکەی وەکو ئەربابەکەی لەمەڕ ئێمە، کابرایەکی کورتەباڵای قەڵەو بوو، بەڵام خۆی بەژن زراڤکی چالاک وچاپووک، گەرم و گوڕ وەکو پشیلە. کەلە هەمێزی دەگرتم و لێوی دەمژیم، خەریک بوو گڕم دەگرت، وەکو ئەوە بوو، پشکۆی ئاگر بخاتە دڵی پیاوەوە. سەراپام دەکەوتە لەرزین. ترس دایدەگرتم. کەپیاوی ماچ دەکرد، دەگریا، هێندە بەتووندی هەنسکی هەڵدەدا، شانەکانی وەکو بێشکە دەهەژان. لێم دەپرسی: " ڤیروچکا چیتە؟! " وەڵامی دەدامەوە: " ساشا، تۆ وەکو منداڵی، هیچ شتێک نازانی. " ژنێکی باش بوو، ڕاستی دەکرد کە دەیگوت من هیچ نازانم... بەخۆم دان بەو ڕاستیەدا دەنەم کە زۆر کەودەنم. گەوجم، کەرم، بەخۆم ئەوە دەزانم. نازانم چ دەکەم، بۆ دەیکەم، نازانم چۆن بژیم!

کونوڤالوڤ، لێرەدا هەڵوەستەیەکی کرد. چاوە درشتەکانی بڕینە من، پرشنگێک لە چاوانی دەبووەوە کە خویا نەبوو لە ترسایە یان لەدوو دڵی و نیگەرانییە، ئەو پرشنگە، شەقڵێکی خەمینی بە ڕوخساری دەبەخشی و هێندەی دی جوانتری دەنواند..

لێم پرسی:– ئێ، ئاقیبەتی کارەکەت دەگەڵ ئەو ژنە بازرگانەدا گەییە کوێ؟

– ناوبەناو خەم و پەژارەیەکی کوشندە باڵی بەسەرما دەکێشا، ژیانم لەبەر چاو دەکەوت. تەنیایی تێم دەوڕوکا، دەتگوت ئەم دنیایە جگەلە من کەسی دی تیانییە. لەوکاتانەدا ڕقم لە هەموو شتێک و لە هەموو کەسێک هەڵدەستا. ئەگەر هەموو تیرەی بەشەر بەبەرچاومەوە بمردبان، بەخەیاڵمدا نەدەهات. دیارە ئەوە نەخۆشی بوو. لەبەر ئەوە خووم دایە بادەنۆشی و مەیگوساری. یەکەمجار کە مەشروبم خواردەوە، دەگەڵ ئەودا خواردمەوە. ئیدی ڕۆژێک پێمگوت: " ڤیرامیخائیلوفنا! مەرەخەسم بکە با بڕۆم! لەوەی زیاتر هەڵناکەم! " گوتی: " چۆن؟ تەواو لێم تێربووی، تاقەتت چوو؟ " قاقایەکی دزێوی بۆ کرد. گوتم: ' نا، لەتۆ بێزار نەبووم، لەخۆم بێزار بووم، تاقەتم لەخۆم چووە؟ " لە هەوەڵەوە لێم حاڵی نەبوو، تەنانەت هاواری بەسەرا کردم و بەر دەمرێژی جنێوی دام... بەڵام کە بەرەبەرە لە مەبەستم حاڵی بوو، سەری لە بەر خۆی نا وگوتی: " چارچییە، برۆ! " ئەوجا جڵەوی بۆ ڕوندکان بەردا. چاوەکانی ڕەش، قژی لوول و ڕەش. هەڵبەتە بازرگان زادە نەبوو، بەڵکو لە ماڵباتێکی فەرمانبەر بوو..

دڵم بەحاڵی دەسووتا و ڕقم لە خۆم دەبووەوە. هەڵبەتە بۆ ژنێکی جوانی وەکو ئەو زەحمەت بوو دەگەڵ مێردێکی وەهادا بژی و هەڵبکات. مێردەکەی لە فەردەیەک ئارد دەچوو. ماوەیەکی زۆر گریا––بەرەبەرە خووی بە منەوە گرتبوو، من زۆرم ناز دەدایە و نەوازشم دەکرد، هەندێجار باوەشم دەکردو وەکو منداڵ ڕامدەژەند. خەوی لێ دەکەوت. بەدیارییەوە دادەنیشتم و تەمەشام دەکرد. مرۆڤ بە نووستووی زۆر جوان دەنوێنێ، چونکە زۆر سادەو بێ فیزە، تەنیا هەناسە دەدات و ناوبەناو بزەی دێتێ و تەواو. کە هاوینان دەچووینە گەشت و هاوینەهەواران، هەندێجار بە سواری گالیسکە دەچووینە گەشت و گەڕان–– لە کانگای دڵەوە منی خۆش دەویست، حەزیدەکرد وەکو با گالیسکەکە باژۆم. کە دەگەیشتینە لێرەوارەکان، ئەسپەکەمان دەبەستەوەو خۆمان لە سێبەری فێنکی درەختەکاندا و لە عاردی و لە سەر سەوزە گیایەکە ڕادەکشاین. داوای لێدەکردم سەر بخەمە سەر ڕانی و ئەویش کتێبی بۆ دەخوێندمەوەو بەرەبەرە بەدەم

گوێگرتنەوە خەو دەیبردمەوە. چیرۆک وحیکایەتی خۆشی بۆ دەخوێندمەوە، حیکایەتی ئارەزوو بزوێن.

یەکێک لەو حیکایەتانەی کەقەت لەبیرم ناچێتەوە حیکایەتی گراسیمە لاڵ و سەگەکەیبوو. گراسیمە لاڵ، مرۆڤێکی بێزراو بوو، کەس حەزی لە چارەی نەدەکرد. تەنیا سەگەکەی خۆشی دەویست. هەمووان گاڵتەیان پێدەکرد، پێیان ڕادەبوارد، ئەمیش هیچی نەدەگوت، سەری کز دەکرد و پەنای وەبەر سەگەکەی دەبرد. بەڕاستی چیرۆک و حیکایەتێکی بە سوێ بوو. گراسیم کۆیلە بوو، ڕۆژێک ئاغاژنی پێی دەڵێت: " گراسیم هەڕە سەگەکەت بخەرە ڕووبارەوە با بخنکێ، زۆر دەوەڕێ. "

گراسیم ڕۆیی، بەلەمێکی هێنا، سەگەکەی خستە ناوی وبەدەم سەوڵ لێدانەوە کەوتەڕێ. کەلە حیکایەتەکەدا دەگەییە ئێرە، تەزوویەک بە سەراپامدا دەهات... لەفکران ڕادەچووم: " خودایا! ئاخر چۆن دەشێت، مرۆڤێک ناچار بکرێت، تاقە مایەی خۆشحاڵی و شادی خۆی، بەدەستی خۆی لەناو ببات؟ ئاخر ئەمە چ یاسایەکە چ عەدالەتێکە؟ " بەڕاستی چیرۆکێکی سەیر بوو! زادەی ژیان بوو، جوانیەکەی لەوەدا بوو، کەلەم دنیایەدا خەڵکانێک هەن دڵبەندی یەک شت دەبن، بۆ نموونە دڵبەندی سەگێک دەبن، بۆچی سەگ؟ لەبەر ئەوەی کەس خۆشی ناوێت جگە لەو سەگە. مرۆڤ بەبێ خۆشەویستی هەڵناکات، ناژی، ئیدی ئەو ڤیان وخۆشەویستیە هەرچییەک و هەرچۆنێک بێت – لە بنەڕەتدا کە دڵ و ڕۆحی پێدراوە، بۆ خۆشەویستیە... دڵ و ڕوح بۆ خۆشەویستی و ڤیانە..

چیرۆکو حیکایەتی زۆری بۆ دەخوێندمەوە. ژنێکی نازەنین و بە بەینەت (ئەمەکدار) بوو، تا ئێستاش هەر بەزەییم پێیدا دێتەوە و دڵم بەحاڵی دەسووتێ... ئەگەر خۆم مەیلم لێ نەبوایە، تاخۆی داوای نەکردبا، یان مێردەکەی بەو پەیوەندییەمانی نەزانیبا بەجێم نەدەهێشت. زۆر میهرەبان بوو، میهرەبانی خەسڵەتی سەرەکی ئەو بوو. نەک هەر لەبەر ئەوەی جارجار دیارییەکی بەمن دەبەخشی، بەڵکو بە تەبیعەت دلۆڤان بوو.

منی ماچ دەکرد، خۆی ڕادەستم دەکرد، ئیدی ژن بوو وەکو هەر ژنێکی دی، هەندێجار مەندییەکی بەسام دای دەگرت، سەرت لەو هەموو میهرەبانییە دەسوڕما کەبەسەرتیا دەباراند، هەندێجار دڵی دەخوێندمەوە، پەی بە خەیاڵەکانم دەبرد، وەکو دایکێک یان دایەنێک دەیدواندم، لەو کاتانەدا، لەهەنبەر ئەودا هەستم دەکرد منداڵێکی پێنج ساڵانەم. وێڕای هەموو ئەمش بەجێم هێشت... خەمینی، خەم و پەژارە، بەرەو شوێنێکی ڕادەکێشام، پێمگوت: " بە دوعا فیرامیخائیلوفنا! بمبورە! " بەرسڤی دامەوە: " خوات لەگەڵ ساشا! " ئەوجا ئەم ژنە شێتە قۆڵی تا ئانیشک هەڵماڵیم، قەپێکی بە قۆڵما کرد، چی وای نەمابوو گۆشتەکەی بپچڕێ، لەزگ بوو پڕ بەدەم هاوار بکەم – بە سێ هەفتە ئەوجا قۆڵم چاک بووەوە. ئێستاش شوێنەواری ئەو زامە دیارە.

کونوڤالوڤ، باسکە توووند وتۆڵ و سپی وجوانەکەی هەڵکرد وبەدەم بزەیەکی خەمناکەوە پیشانی منی دا. لە نزیکی ئانیشکیەوە شوێنەواری زامێکی  چوون دوو نیوبازنە، دوو نیوبازنە کە تۆزێکیان مابوو بگەنە یەک، دیاربوو. کونوڤالوڤ، بەدەم بزەوە، تەمەشای دەکردن و سەری دەلەقاند.

– ژنێکی سەیر بوو، دەیگوت: " بۆ یادگاری ئەم مۆرەم پێوە ناویت. "

پێشتریش لەمجۆرە حیکایەتانەم بیستبوون. تەقریبەن هەردەربەدەر و ئاوارەیەک، لە ڕابردوودا دۆستێک وماشقەیەکی هەبووە کە یان ژنە بازرگان، یان نەجیمزادە بووە و بەهەزاران جۆر سەربوور وحیکایەتی ئەو ئاشقێنیە هاتووەتە گێڕانەوە. ئەو ماشقەیە یان لەلای خۆی کردووە بە کەسایەتیەکی خەیاڵی سەیر کە جۆرەها خەسڵەتی هەڤدژ و لێکدژی جەستەیی و ئەخلاقی لەخۆ گرتووە. ئەگەر ئەمڕۆ بە کەسێکی خۆشحاڵ و دڵڕەش و چاوشینی وەسف بکەن، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەی کە پاش هەفتەیەک بە میهرەبان و چاوڕەش وەسفی بکەن. بەزۆری ئەو دەربەدەر و ئاوارانە بەجۆرێ وەسفی ماشقەکانی خۆ دەکەن، کەلەجیاتی ئەوەی لەلای گوێگر گەورەیان بکەن، سووک و ڕیسوایان دەکەن، لەبەرچاوی گوێگریان دەخەن.

لێ چیرۆک وحیکایەتەکەی کونوڤالوڤ، جۆرە حەقیقەت وڕاستگۆیەکی تێدابوو، هەندێ خاڵی تیابوون کە پێشتر نەمبیستبوون، بۆ نموونە وەکو خوێندنەوەی کتێب، شوبهاندنی خۆی بە منداڵێکی پێنج ساڵان.

من لەلای خۆمەوە، ئەو ژنە ناسک و نازدارەم وێنا دەکرد کە لەباوەشی ئەمدا نووستووە، سەری ناوە بە سینگە پانەکەی ئەمەوە. ئەم دیمەنە زۆر جوان لە بەرچاوما بەرجەستە دەبوو، زیاتر لە دروستی و ڕاستگۆیی قسەکانی دڵنیای دەکردم. ڕیتمی دەنگە خەمین و نەرمەکەی کونوڤالوڤ، کە بیرەوەرییەکانی ڕابردووی دەگەڵ ئەو ژنە بازرگانەدا دەگێڕایەوە، ڕیتمێکی نائاسایی بوو. بابایەکی دەربەدەر وسەرگەردانی ڕاستەقینە هیچ کاتێک بەو سەنگینییە باسی ژنان و ڕابواردن لە گەڵ ژناندا ناکات. بەڵکو وەکو سەرسەرییەکی دەم پیسی جنێوفرۆش باسی ئەو شتانە دەکات.

کونوڤالوڤ، کەمێک دەبیرەوە چوو، ئەوجا بە ڕاوێژێکی پڕ لە نیگەرانی لێی پرسیم: –
– چما هیچ ناڵێیت؟ وادەزانی درۆ دەکەم؟

– باوەڕم پێبکە.. ئاخر بۆ درۆ بکەم، لە پای چی؟ ڕاستە کە دەربەدەر و خانە بەکۆڵانی وەکو من سەریان لە درۆیان دەخورێ ولە هەڵبەستنی ئەم جۆرە حیکایەتانەدا وەستان.. لێ هاوڕێ من هەرگیز وانیم... گریمانئەگەر لە ژیانی کەسێکدا هیچ بویەرێکی لەو بابەتەش ڕووی نەدابێ و بۆخۆی چیرۆکێک هەڵبەستێ و بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە، هیچ ئاسیو و زەرەرێک بەکەس ناگەیەنێت. چ قەیدیە، با باوەڕشی پێ نەکرێ! خۆ خۆی باوەڕ بەخۆی دەکات و زۆریش دڵی پێی خۆش دەبێت. زۆر کەسی واهەن.. چ قەیدیە ڕۆحیان پێی دەبوژێتەوە– بەڵام من ئەوەی بۆم گێڕاویتەوە،بە موو خیلافی نییە– بێ کەم وزیاد وەکو خۆی بۆم گێڕاویتەوە. هیچ

شتێکی غەریب و نائاسایی تیا دەبینی؟ ژنێک بوو لە ژیانیا تۆزقاڵێک شادی بەخۆوە نەبینی بوو، دڵتەنگ و لێوبەبار. ڕاستە من کابرایەکی عەرەبانچی بووم، بەڵام ژن حیساب بۆ ئەوە دەکات؟ بۆ ئەو چ فەرقێ دەکات عەرەبانچی، یا نەجیمزادە، یا ئەفسەر بم. ئیدی ئاغا، کوێخا، نۆکەر هەموویان هەر پیاون... هەموویان لەچاوی ئەوا هەر بەرازن. هەموو هەر عەودالی یەک شتن. هەموو لەخەمی ئەوەدان، زۆرترین دەستکەوت بە هەرزانترین نرخ بەدەست بێنن. هەڵبەتە خەڵکی سادە وئاسایی بەویژدان ترن. منیش زۆر سادە و خاکی بووم... ژنان حەزیان لە خەڵکی سادەیە. منیش بابایەکی سادەم و ژنان قەناعەتی تەواویان هەیە کە نە دەیان ڕەنجێنم و نە گاڵتەیان پێدەکەم. ژن کاتێک گوناحێک یان هەڵەیەک دەکات، ئەوەندەی لەوە دەترسێت گاڵتەی پێبکەن و پێی پێبکەنن، لەهیچی دی ناترسێت. ژنان لە پیاوان شەرمنترن. ئێمە ڕابواردنی خۆمان دەکەین، لە جیاتی بیشارینەوە، جاڕی بۆ دەدەین، تەنانەت ئامادەین لەناو جەرگەی بازاڕا جاڕی بۆ بدەین و بەخۆمانەوە دەنازین کەچۆن فلان وەخت، لە فیسار شوێن ژنێکی گەوجۆکەمان لە خشتە بردووە!.. بەڵام ژن ئەوە ناکات، کەسیش خەتایەکەی بە ئازایەتی نازانێ. برادەر، هەرزەترین و گومڕاترین ژن، لە ئێمەی پیاو شەرمنتر و بەحەیاترە.

من بەدەم گوێگرتنەوە بیرم لە قسەکانی وی دەکردەوە: " باشە ئەم پیاوە خۆی باوەڕی بەم بۆچوون و قسە تایبەتیانەی خۆی هەیە؟" بەڵام ئەو لە کاتێکا چاوە مندالانە وگەشەکانی خۆی بڕیبوونە عاردی، لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو، هێندەی دی سەرسامی کردم.

ئێزنگ وقەلاشکەری ناو تەنوورەکە تەواو سووتا، کۆمایەک کەڵە پشکۆی گەشی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە تیشکێکی پەمەییان لێ دەبووەوە و دیواری تەنوورەکەیان ڕوناک دەکردەوە.

پارچەیەک لە ئاسمانی شین، بەدوو ئەستێرانەوە، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە ژوورەوە. یەکێک لە ئەستێرەکان گەورە بوو وەکو زومرد دەدرەوشایەوە، ستێری دووەم کەلە یەکەمەوە نزیک بوو، زۆر کز وکاڵ بوو، بە ئاستەم دەبینرا.

کونوڤالوڤ و من لەزەرفی یەک هەفتەدا بووین بە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی.

هەندێجار، بەدەم پێکەنینەوە، دەستە زەلامەکانی دەدا بە شانما و دەیگوت:

– تۆ گەنجێکی خاکیت، سادەیت، من ئەم سادەییەم زۆر پێخۆشە. سیفەتێکی زۆر پەسندە!

لەکارەکەی خۆیدا زۆر مەعلان بوو، خۆزگە دەتبینی چۆن هەویری ناو تەشتەکانی هەڵدەشێلا و ئەم دیو وئەودیوی دەکرد، یان لەکاتی هەویر شێلاندا، بەسەر تەشتەکەدا دادەهاتەوەو تا ئانیشکی لە هەویرە لینجەکە دەنا و قامکە پۆلاییینەکانی دەجولاند، هێندە بەدڵ و بەگیان ئەو کارەی دەکرد، هەر حەزت دەکرد تەمەشای بکەیت.

لەسەرەتاوە فریا نەدەکەوتم، ئەو گونکانەی لە سەرتاوڵە دارینەکەم پان کردبوونەوە، بخەمە سەر پاڕۆ (داری خەبازی، بێڵی دارین)کەی ئەو تا بیخاتە تەنوورەکەوە، دەترسام نەبادا لە پەلەپەلیدا هەموویان بدات بەسەر یەکا و پێکەوە بنووسێن. لێ پاش ئەوەی سێ تەنووری برژاند، کە ئەم سێ تەنوورە بریتی بوو لە سەد و بیست کولێرە و لەکۆی ئەم سەد و بیست کولێرەیە تاقە یەکێکیان خراپ دەرنەچوو، هەرهەمووی جوان، برژاو، گوڵگوڵی. ئیدی حاڵی بووم سەروکارم دەگەڵ کەسێکدایە کەلە کارەکەی خۆیدا یەجگار مەعلان و کارامەیە و بەڕاستی وەستایە نە گاڵتە. کونوڤالوڤ، کارەکەی خۆی خۆشدەویست، کە تەنوورەکە باش سوور نەبوایەتەوە یان هەویرەکە درەنگ هەڵهاتبا پەست دەبوو، کە ئەرباب بە ڕێکەوت ئاردی خراپ و شێداری کڕیبا، تووڕە دەبوو و هەزار و یەک جنێوی سەر بە کوڵکەی دەدا. خۆ ئەگەر کولێرەکە بە خڕی دەرچووبا وجوان ببرژایە وەکو منداڵ دەگەشایەوە، هەندێجار کولێرەکەشی لەسەر

پاڕۆکە هەڵدەگرت، لەبەر گەرمی ئەم دەست و ئەو دەستی پێدەکرد و دەیگوت:- دەبینی، بە دووقۆڵی چ توحفەیەکمان دروستکردووە..

هەڵبەتە تەمەشاکردنی ئەم منداڵە گەورەیە، بەدەم کارەوە بۆ من یەجگار خۆش بوو، ڕوحی خۆی لەسەر کارەکەی دادەنا- هەڵبەتە پێتڤیە هەموو کەسێک وەکو کونوڤالوڤ ئاشق و شیفتەی کار و هونەری خۆ بن، جا کارەکە هەر کارێک بێ..

ڕۆژێک لێم پرسی:- ساشا، دەڵێن تۆ گۆرانی باش دەڵێیت!

- بەڵێ، دەنگم خۆشە وگۆرانی باش دەچڕم، بەڵام بەدەگمەن گۆرانی دەچڕم. ناوبەناو، وەختایەک دڵم دەگیرێت دەیڵێم. کەدەست بە گۆرانی گوتن دەکەم خەم دامدەگرێت. لێ ئاگادار بە لەم کاتانەدا نابێ قسە بکەی و گاڵتەم پێبکەیت! ئەدی تۆ؟ تۆش گۆرانی دەچڕیت؟ گۆرانی شتێکی خۆشە! تۆش بەشەرێکی سەیری! جارێ بوەستە تا گۆرانیم دێ... هەنگێ بە دوو قۆڵی دەسترین. چ دەڵێی ئامادەیت؟

ڕازی بووم کە سەبر بکەم و چاوەڕوان بکەم تا سترانی دێت، کە کەڵکەڵەی گۆرانیم دەکەوتە سەر وحەزم دەچووێی، بە فیکەلێدان گوزارشتم لێدەکرد. هەندێجار بەڵێنەکەی خۆم لەبیر دەچوو و لەبەر خۆوە بەدەم هەویر شێلان یان نانکردنەوە، یان هەڵگێڕانەوەی کولێرەکان لەناو تەنوورەکەدا، سۆزەیەکم دەکرد. کونوڤالوڤ، گوێی بۆ گۆرانیەکانم هەڵدەخست، لێوەکانی دەبزواندن وئەوجا بەڵێنەکەی وەبیر دێنامەوە و هەندێجار تووڕە دەبوو و هاواری بە سەرمدا دەکرد:- بەسە! ئەم ناڵەناڵە ببڕەوە!

ڕۆژێک کتێبێکم لە سەندووقەکەی خۆم دەرێنا ولەلای پەنجەرەکەوە دانیشتم و دەستم بە خوێندنەوە کرد. کونوڤالوڤ، لەلای تەشتە هەویرەکەوە هەڵاژابوو، بەلام لە خشەخشی پەڕەی کتێبەکە کەلەلای سەری ئەوەوە هەڵمدەدانەوە، بێدار بووەوە، چاوانی هەڵێنا و گوتی:- ئەو کتێبە دەربارەی چییە؟

گوتم: – دەربارەی پاڤلی پوڤسی یە.

تکای لێکردم بەدەنگی بەرز بیخوێنمەوە، تا بزانێ چییە. من کەلە قەراغ پەنجەرەکە ڕۆنیشتبووم، دەستم بە خوێندنەوە کرد، ئەویش هەستا و لەسەر تەشتەکە دانیشت، سەری نابووە سەر ئەژنۆی من و گوێی دەگرت. جارجارێک لە سەرووی کتێبەکەوە تەمەشام دەکرد و نیگامان لێکدی هەڵدەنگوت، تاکو هەنووکەش ئەو دیمەن و نیگایانەم هەر لەبیرە. چاوەکانی کرابوونەوە، نیگەرانی و وریاییەکی قوڵیان پێوە دیاربوو. زاری بە ئاستەم کرابووەوە، دوو ڕیز دانی سپی وڕێک سەرەتاتکێیان بوو. برۆکانی وێک هێنابوونەوە، چرچ و لۆچەکانی سەر هەنیەی تێکەڵ بووبوون، ئەژنۆکانی توووند لە باوەش گرتبوون و بەوپەڕی ئارامی و بێدەنگی گوێی دەگرت، هەموو ئەو دیمەنانە کردیانە کارێک زۆر بە جدی و بەڕوونی چیرۆکی سیسویکا و پیلای بۆ بخوێنمەوە. ئەنجام ماندوو بووم و کتێبەکەم داخست.

کونوڤالوڤ، لە بن لێوانەوە پرسی:– تەواو؟

– نا، نیوەی زیاتری ماوە.

– هەموویم بەدەنگی بەرز بۆ دەخوێنیتەوە؟

– ئاخ.

هەر دوودەستی نایە قژی خۆی، لەسەر تەشتەکە ڕۆنیشتبوو، خۆی بەم لاوبەولادا دەهەژاند. دەتگوت گەرەکیەتی شتێک بڵێت، بەردەوام زاری دەکردەوەو دایدەخست. وەکو موشە دەمەی ئاسەنگەران ئاهی هەڵدەکێشا، هیچ دیار نەبوو بۆچی چاوەکانی تەنگ دەکردنەوە. من هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە ئەم حیکایەتە بەو ڕادەیە کاری تێبکات وهەرچی سەرم دێنا ودەبرد زینی کوێرم بۆ هیچ لایەک برِی نەدەکرد. لە ناکاوا بە ئەسپایی گوتی:– تۆ چەند باش، بەدەنگی جیاواز ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە،

که دەنگت بەرز و نزم دەکەیەوە، پیاو وا هەستدەکات کاراکتەرەکان لە ژیاندان، بە بەرچاوتەوە دەژین وزندوون!.. بەڕاستی ئاپروسکاوپیلا! زۆر گەوج بوون! کە گوێم دەگرت پێکەنینم پێیان دەهات... پاشان چییان بەسەر دێ، بۆ کوێ دەڕۆن؟ ئەی خودایا، هەموو ئەمانە ڕاستن، ئەمانە خەڵکانی ڕاستەقینەن، جوتیاری ڕاستەقینەن، دەنگیان، ڕەنگیان، ئەدا و ئەتواریان، هەموو شتێکیان. گوێ بگرە ماکسیم. کولێرەکان دەخەینە تەنوورەکەوە و ئەوسا تۆ لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بە!

تەنوورێک نانمان برژاند، تەشتێک هەویری تازەمان ئامادە کرد و یەک سەعات و چل خولەکی دی کتێبم بۆ خوێندەوە. دوای سووکە پشوویەک نانە برژاوەکانمان دەرهێنا ونانی تازەمان خستە تەنوورەکەوە، دووبارە تەشتێک هەویری دیکەمان ئامادە کرد.. هەموو ئەو کارانەمان، بەپەلە، بەبێدەنگی، بێئەوەی تاقە قسەیەک بکەین ئەنجام دەدا. کونوڤالوڤ، نێوچاوانی تێک نابوو، ناوبەناو دەستورێکی کورتی دەدا من و، بەهەشتاو کاری دەکرد و خواخوای بوو زووتر لەکار ببینەوە. نزیکی بەیانی لە خوێندنەوەی کتێبەکە بووینەوە، لێ من هەستم دەکرد دەمم وشک بووەوە و زمانم بووە بە پەلاس.

کونوڤالوڤ، لەسەر فەردەیەک ئارد دانیشتبوو، بەبێدەنگی و بە چاوانی کراوەوە تەمەشای منی دەکرد، گوزارشتێکی غەریب لە چاوانی دەباری، ئەژنۆکانی لەباوەش گرتبوون، کەلە خوێندنەوەی کتێبەکە بووینەوە، لێم پرسی:- کتێبێکی باش بوو؟

سەری لەقاند، چاوانی وێک هێنانەوەو بە ئەسپایی گوتی:- کێ ئەم کتێبەی نووسیوە؟

سەرسامیەکی لە وەسف نەهاتگ بە چاوانیەوە دیاربوو، هەست وسۆزێکی توند، ڕوخساری ڕوناک کردبووەوە. ناوی نووسەری کتێبەکەم پێگوت.

- ئەوەیە پیاو، بەوە دەڵێن پیاو، خوێی بە برینانەوە کردووە، وانییە؟ ناخی بەشەر دەهەژێنێ! تەزوو بە گازەرای پشتیدا دێت. ژیانی لێ هەڵدەقولێت. نووسەرەکەی، لە نووسینی ئەم کتێبەدا چی دەستکەوتووە؟

گوتم:– مەبەستت چییە...؟

– باشە، پاداشتێ... میدالێ، ڕێزلێنانێک.

پرسیم:– بۆچی پاداشتی بدەنێ؟

گوتی:– چۆن بۆچی؟ ئەم کتێبە وەکو کارێکی پۆلیس وایە. خەڵکی دەیخوێننەوە، دەزانن کە پیلا وسیسویکا چۆن خەڵکانێک بوون، دڵیان بە حالیان دەسووتێت، هاو سۆزیان لەگەڵدا دەکەن، ئاخر ئەمە چ ژیانێکە کە ئەوانی تیان؟ ژیانی سەگە، خۆشیان نازانن چ دەکەن..

– ئێ، مەبەستت چییە؟

کونوڤالوڤ، بە نیگەرانییەوە تەمەشایەکی کردم وبەکاوەخۆ گوتی:

– دەبێ نەزم ونیزامێک هەبێ، خەڵکانێک پشتیوانیان لێبکەن، ئاخر خۆ ئەوانیش بەشەرن. پێویستیان بە پشتیوانی و هاوسۆزییە.

لە وەڵامی ئەودا، زۆرم قسان کرد، لێ بێهودە! قسەکانم ئەو کاریان تێنەکرد کە من مەبەستم بوو.

کونوڤالوڤ، لەفکران ڕاچوو، سەری لەبەر خۆی نا، لێکدا لێکدا خۆی بۆ پێش و پاش دەهەژاند، ئاخی هەڵدەکێشا، لێ بە تاقە وشەیەک قسەکانی پێ نەبڕیم. ئەنجام شەکەت بووم... بێدەنگ بووم.

کونوڤالوڤ، سەری هەڵێنا وبە خەمینی تەمەشای کردم و گوتی:

– یانی هیچیان نەدایێ؟

من کە " ریشنکو " ی نووسەری کتێبەکەم هەر لەبیر نەمابوو، پرسیم: – بە کێ؟

– به نووسەری ئەم کتێبە.

دیارە ئەم پیاوە، توانای لێکدانەوەو دەرکی مەسەلە فەلسەفیەکانی جیهانی نەبوو، بۆیە هیچ وەڵامێکم نەدایەوە.

کونوڤالوڤ، چاوەڕوانی وەڵامی منی نەکرد، دەستی دایە کتێبەکە، بە پارێزەوە، چەند پەڕەیەکی لێ هەڵدایەوە، ئەوجا دای خستەوەو بە ئەسپایی لەجێی خۆی داینایەوە، ئاهێکی هەڵکێشا ولەبن لێوانەوە گوتی:– کە کێشەیەکی مەزنە! کەسێک هاتووە کتێبێکی نووسیوە... دنیایەک کاغەزی ڕەش کردووەتەوە... تا ئەو کتێبەی نووسیوە... باشە ئەم نووسەرە لە ژیاندایە یان مردووە؟

گوتم:– مردووە.

– ڕاستە! خۆی مردووە، لێ کتێبەکانی ماون و خەڵکی دەیان خوێننەوە. پیاو بەچاو سەیری دەکات و کەکەسێک بۆی دەخوێنێتەوە، تێدەگات کە ڕۆژگارێک لەم دنیایەدا، خەڵکانێکی وەک: پیلا، سیسویکا و ئاپروسکا ژیاون... وێڕای ئەوەی نە تۆ ئەوانت دیتووە ونە ئەوان تۆیان دیتووە، دڵت بە حاڵیان دەسووتێت.. ڕەنگە ڕۆژانە دەیانی وەکو ئەوانە لە شەقام و بازاڕاندا بەلاتا ڕەت ببن، تۆ کەم وزۆر ئاگات لە حاڵیان نییە، هەر هەقت بە سەریانەوە نییە.. ئیدی دەڕۆن وهەر لەبیرت نامێنن، بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی کەلە کتێبەکەدا باسکراون، بەڕادەیەک بەزەییت پێیاندا دێتەوە، کزە لە جەرگتەوە دێت... هۆ و سەدەمی ئەمە چییە؟ یارۆی نووسەریش بەبێ هیچ پاداشت و ڕێزلێنانێک مردووە، یانی هەر هیچیان نەداوەتێ؟

لەقسەکانی پەست بووم و باسی ئەوەم بۆکرد کە چۆن نووسەران خەڵات دەکرێن و پاداشت دەدرێنەوە.

کونوڤالوڤ، کەلە سەرسامیا چاوانی ئەبڵەق بووبوون و لەداخا لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد، بەوردی گوێی لەمن دەگرت، ئەوجا لەکاتێکا بە ددان سمێڵی چەپی دەکروشت،

لە کانگای دڵەوە ئاهێکی هەڵکێشا و سەری لە بەرخۆی نا وگوتی: – ئەمە چ وەزع و حاڵێکە، چ دەور ودووکانێکە!

ئەوجا کەوتمە باسی دەوری شووم و وێرانکەری مەیخانان لەژیانی نووسەرانی ڕووسدا، باسی ئەو بەهرە درەخشانانەم کرد کە ڤودکا وێرانیکردن، مەحوی کردنەوە، ئەو نووسەرانەی کە ڤودکا و خواردنەوەیان کردووە، بە تاقە خەڵوەتگەی بەبادانی خەم و پەژارەی ژیانی پڕ لە ڕەنج و ئازاریان.

کونوڤالوڤ، بە ئەسپایی پرسی:– باشە ئەو خەڵکانەش دەخۆنەوە؟

هەستم کرد، جۆرە گومانێکی لە قسەکانم هەیە، بەچاویا دیاربوو، کە بەزەیی بەحاڵی ئەو کەسانەدا دەهاتەوە و بۆیان بە پەرۆش بوو. کونوڤالوڤ گوتی:

– یانی بەڕاستی دەخۆنەوە؟ باشە چۆن؟ ئەم شتانە دەنووسن و دەشخۆنەوە؟

بەرسڤی ئەو پرسیارەیم نەدایەوە، چونکە پێم وابوو پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە. بەڵام کونوڤالوڤ، قەناعەتی وابوو کە:

– هەقی خۆیانە بخۆنەوە. نووسەران وەکو ئیسفەنج وان، خەمی خەڵکی هەڵدەمژن، ئەوانە چاوی تایبەتیان هەیە. دڵی تایبەتیان هەیە. کەلە ژیان ورد دەبنەوە، خەم و پەژارە دایان دەگرێت. خەم و خولیاکانیان لە کتێباندا دەنووسنەوە، لێ ئەمە سوکناییان نادات، چونکە دڵیان گڕی گرتووە، دڵیان ڕەنجاوە، بە ئاگر خەم و خەفەت نایەتە سووتاندن. بۆیە هیچ چارێکیان نامێنێ تەنیا ئەوە نەبێ پەنا بەرنە بەر ڤودکا، ناچارن ڤودکای بەسەردا بکەن، بە ڤودکا دای بمرکێننەوە... ڕاست دەکەم، وایە؟

قسەکەیم سەلماند، وادیاربوو، چەشە بوو، ئەوسا وەکو دەروونناسان کەوتە شرۆڤەی تایبەتمەندییە دەروونییەکانی نووسەران و گوتی:

– ئەگەر هەقت دەوێ، دەبێ ڕێز و حورمەتی ئەو خەڵکانە بگرین، چونکە ئەوان لە خەڵکی ئاسایی فاماترن، نەرێنی و گەندەڵییەکانی کۆمەڵگە دەخەنەڕوو. بۆ نموونە تەمەشای من بکە! بزانە ڕۆژم بە چ ڕۆژگارێ گەییوە؟ من کێم؟ کابرایەکی دەربەدەر، سەرگەردان، ڕووت و ڕەجاڵ، بەدبەخت و عەرەقخۆر، بەکەڵکی هیچ نایەم، ژیانم بۆش و بەتاڵە، بۆچی دەژیم، ژیانی من لەم دنیایەدا بەکەڵکی چی دێت؟ نە ماڵێ، نە ژنێ، نە منداڵێم هەن. هەر ناشمەوێ هیچ یەکێک لەوانەم هەبێت. بەخەمی خۆما کەوتووم و تەواو، ئاخر ئەمە چ حیکمەتێکی تێدایە؟ لەپای چی و لەپێناوی چیدا؟ کەس نازانێ بۆ. ئارمانج و مەبەستێکی دیارم نییە. نازانم چۆنت بۆ باس بکەم؟ تروسکەیەک ڕوناکیم لە دڵ و دەروونذا نییە، کە ڕێگام بۆ ڕوناک بکاتەوە… من لەیەک شتم کەمە، دەزانم ئەو شتە لەدنیادا هەیە! تێدەگەی؟ ئیدی من لەم دنیایەدا، بەئومێدی دۆزینەوەی ئەوشتە دەژیم، عەوداڵی ئەو شتەم، بەڵام ئەو شتە چییە ؟ نازانم.

کونوڤالوڤ، دەستی نابوونە پشت سەری و تەمەشای منی دەکرد. بە ڕوخساریا دیار بوو، کەبۆ پەیڤ و وشەێن گونجاو دەگەڕێت تا مەبەستی خۆی پێ دەربڕێت. لێم پرسی:– ئێ چیتر؟

– چیتر؟… نازانم چۆنت بۆ باسبکەم، بەڵام لەو باوەڕەدام ئەگەر نووسەرێک لەو نووسەرانە بێنی و دیقەتم بدات، دەتوانێ ژیانی من بخوێنێتەوەو جوان جوان بۆمی بگێڕێتەوە. ها؟ تۆ دەڵێی چی، تۆش پێت وانییە؟

وام هەستدەکرد، خۆشم دەتوانم ئەوکارە بکەم و شرۆڤەی ژیانی ئەو بکەم، یەکسەر دەستم پێکرد. باسی هەلومەرج و ژینگە و بێدادی و نایەکسانی، ئەو خەڵکانەی دەبنە قوربانی ژیان و هەل ومەرج و ژینگەی جڤاکی، ئەو خەڵکە بەختەوەرانەی بوون بە گەورەو سەروەری ژیان، باسی هەموو ئەوانەم بۆکرد.

کونوڤالوڤ، زۆر بەوردی گوێی دەگرت، لە هەنبەر مندا ڕۆنیشتبوو، دەستی نابووە ژێر چەنەی، چاوە درشتە شینەکانی کە لە حیرەتا کرابوونەوەو هۆش و زیرەکییان لێ

دەچۆڕا، لەتۆوایە بەرەبەرە تەنکە تەمێک دایان دەپۆشێت. چرچ ولۆچی سەر تەوێڵی قووڵ و قووڵتر دەبوون، لەوە دەچوو نەفەسی لەخۆ بڕی بێت و هەموو هۆش وگۆشی دابێتە من تالە قسەکانم حاڵی ببێت. کەبەو حاڵەوەم بینی، هێندەی دی چەشە بووم، بە شێوەیەکی گەرم و گوڕتر، کەوتمە شرۆڤەی ژیان وگوزەرانی، بۆم ڕوونکردەوە، خەتای ئەو نییە کە ڕۆژی کەوتووەتە ئەم ڕۆژگارە، بەڵکو قوربانیەکی گوناحی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وجڤاکییە لە ڕیشەدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خەڵکانی دیدا نییە. بەڵکو لە ئەنجامی زنجیرەیەک بێدادی ونایەکسانی بویەرە مێژووییەکانەوە، کەوتووەتە پەراوێزی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. ئیدی بەم ڕستەیە کۆتاییم بە قسەکەی خۆم هێنا:

– تۆ نابێ گلەیی لەخۆت بکەی… بارودۆخی ژینگە غەدری لە تۆ کردووە.

بەبێدەنگی چاوی لە دوڕ چاوانم بڕی بوو. وادیار بوو زۆری کەیف بە قسەکانم هات، بزەیەکی پرشنگدار لە ناخیەوە هەڵدەقوڵاو بەسەر لێویەوە دەنیشتەوە. چاوەڕوانی ئەوە بووم بزانم چۆن بەرسڤم دەداتەوە.

بەدەم پێکەنینێکی خۆشەوە، بەسەرما داهاتەوە، بە ڕەفتارێکی ژنانە دەستی خستە سەرشانم وگوتی:

– برادەر، تۆ بە زمانێکی زۆر ڕوون وڕەوان، سادە وئاسان شتەکان شرۆڤە دەکەیت! ئەم شتانە لەکوێوە فێر بوویت؟ لە کتێبانەوە فێریان بوویت؟ وادیارە کتێبی زۆرت خوێندوونەوە! ئاە خۆزگە منیش بەقەد تۆ کتێبانم خوێندبانەوە!… تۆ بە سۆزەوە قسان دەکەی. من پێشتر کەسم نەدیتووە وەکو تۆ، بەو شیرینیە قسان بکات. زۆر سەیرە!.. زۆربەی خەڵکی، خەڵکانی دی بە سەرچاوە و سەبەبکاری بەدبەختی ونەگبەتی خۆیان دەزانن، بەڵام تۆ ژیان وسیستەمی جڤاکی بە خەتابار دەزانیت، بەگوێرەی بۆچوونی تۆ، هیچ کەسێک لە خودی خۆیداو بە تەبیعەت کەمتەرخەم و خەتابار نییە، لەبەر

ئەوەی کە بابی دەربەدەر و سەرگەردان بووە، دەبێ ئەویش دەربەدەر و سەرگەدان بێت، خۆ دەربەدەری و سەرگەردانی ، دیاردەیەکی بۆماوەیی نییە. خۆ قسەکانت دەربارەی زندانیان زۆر سەیرترن. تۆ دەڵێیت چونکە بێکار وبرسین، بۆیە ناچارن دزی بکەن. بەڕاستی ئەمە بۆچوونێکی زۆر مرۆڤدۆستانەیە! وادیارە پیاوێکی زۆر ناسک و میهرەبانیت!..

گوتم:- هێواش هێواش، جارێ بڵێ بزانم تۆ لەگەڵمی یان دژمی؟ قسەکەمت پێ دروستە یان نا؟

- خۆت لەمن باشتر دەزانیت کە قسەکانت دروستن یان نا، تۆ سیوات و خوێندەواریت هەیە! ئەگەر قسەکانت دەربارەی خەڵکانی دی دروست بن.. ئەوا دەربارەی من..

- دەربارەی تۆ چی؟

- من حاڵەتێکی تایبەتیم. لەخەڵکانی دی جیاوازم... پێم بڵێ کێ سەبەبکاری عەرەق خواردنەوەی منە؟ پاڤڵی برام ناخواتەوە. لە پیرم، دووکانی نانەوایی خۆی هەیە. کەچی من هەرچەندە لەو وەستاترم، هەر دەربەدەر و سەرگەردان و، عەرەقخۆرم و قەت نانی وشکم بە پێخۆرێکم ناگات، نە پارەیەک، نە ماوایەک شک نابەم... هەر دووکمان منداڵی یەک داک و بابین! تەنانەت ئەو لە منیش بچووکترە کەواتە دەبێ کێماسییەک لەمندا هەبێت، وەکو خەڵکی ئاسایی نەهاتوومە دنیایێ. تۆ دەڵێیت خەڵکی هیچ جیاوازییەکیان نییە، هەموو لەیەکدی دەچن، بەڵام وادیارە من حاڵەتێکی تایبەتیم، لە خەڵکی جیاوازم، هەر منیش وانیم، بەڵکو خەڵکانی وەکو من زۆرن. ئێمەمانان، خەڵکانی تایبەتین.. نایەینە پۆلێن بەندی... لەهیچ کۆمەڵگایەکا ناگیرسێینەوە. دەبێ بەچاوێکی تایبەتی سەیر بکرێین... یاسایەکی تایبەتیمان بۆ دابنرێت... یاسایەکی تووند، کە لە ڕەگ وڕیشەوە دەرمان بێنێت، چونکە خێرمان بۆ هیچ کەسێک نییە و نابێت! چونکە ئێمە تەنیا بۆشاییمان پڕکردووەتەوە. نان خۆر وجێگرین، ڕێگەی پێشڤەچوونی خەڵکانی دیکەیش دەگرین، کێ لەم حاڵەی مە بەرپرسە؟ تەنیا خۆمان بەرپرسین.

چونکە نە قەدری ژیان دەگرین ونەخۆمان خۆشدەوێ، بەزەییمان بە خۆماندا نایەتەوە..

ئەم پیاوە زەلامە، کەچاوەکانی، وەکو چاوی منداڵان ساف وگەش بوو، بەوپەڕی سادەیی و بێ فیزیەوە، خۆی خستە خانە وڕیزی ئەو خەڵکانەوە کە بەڕای ئەو بەکەڵکی هیچ نەدەهاتن و بۆیە مەحکووم بوون بە نەمان، هێندە بە خۆشکێنییەوە ئەو قسانەی دەکرد، لە حەژمەتدا زمانم بەسترا، هەرگیز پێشتر ئەو جۆرە قسە و بۆچوونانەم لە خەڵکانی دەربەدەر وسەرگەردان نەبیستبوو. دەربەدەرو سەرگەردانان، هەمیشە خۆیان لەخەڵکی جیا دەکردەوە، ڕقیان لە هەمووشت و لەهەموو کەسێک بوو، هەموو شتێکیان دەکرد بە نیشانە وئامانجی ڕقی ڕەشی خۆیان. هەمیشە بە گلەیی وگازن بوون لە هەموو کەس و لە هەموو شتێک، نەگبەتی و دەربەدەری و سەرگەردانی خۆیان بەملی خەڵکی دیدا دەدا، خەڵکیان بە خەتابار وکەمتەرخەم دەزانی، هەر خەتایەکی خۆیان، چەندیش ڕوون و ئاشکرا بوایە، فەرامۆش دەکرد و بەملی قەدەر وخەڵکانی دیدا دەدا وخۆیان لە هەر خەتایەک دەپەڕاندەوە.. لێ کونوڤالوڤ، نە قەدەری کوێر و کەڕ، نە خەڵکی بە خەتابار و کەمتەرخەم دەزانی و نە گلەیی و گازنی لەکەس دەکرد، تەنیا گلەیی لەخۆی هەبوو، هەر خۆی بە سەبەبکاری ئەو ژیانە بێ سەروبەرەی خۆی دەزانی.

چەندم هەوڵدەدا، ئەوەی پێ بسەلمێنم کە یەکێکە لە قوربانیەکانی ژینگەو هەلومەرجی جڤاکی وکۆمەڵایەتی، ڕژدتر دەبوو لەسەر ئەوەی کە تەنیا خۆی سەبەبکاری چارەنووسی خەمناکی خۆیەتی... هەرچەندە ئەم بابەتە لە راستیەوە نزیک بوو، بەڵام بۆمن تازە بوو، هەم تووڕەی دەکردم. ئەو لەزەتی لە سەرکۆنەکردنی خۆی دەبینی، ئەم لەزەت بینییە بەچاوانیەوە دیاربوو، بەتایبەتی کەپڕ بەزار هاواری دەکرد:

– هەرکەسە ئاغا و کوێخای خۆیەتی، کەمن کەسێکی هیچ و بێکارەم، جگەلە خۆم خەتای کەسی دی نییە!

ئەگەر ئەم قسانەم لە زاری کەسیکی ڕۆشنبیر وخوێنەوارەوە بژنەوایە هیچ لام سەیر نەدەبوو. چونکە ئەم توێژەی کە پێی دەگوترا " ڕۆشنبیر " جۆرەها گرێی دەروونی گونگ وئالۆزیان هەبوو و ئەوجۆرە قسە و بۆچوونانە لەلایەن ئەوانەوە ئاسایی بوو، بەڵام ئەو قسانە لەزاری کەسێکی دەربەدەر و سەرگەردانەوە ئاسایی نەبوو، هەرچەندە لە نێو دەربەدەر وئاوارە و ڕووت وڕەجاڵ و برسیانی شارەکانماندا خەڵکانی ڕۆشنبیریش هەبوون. ئیدی ناچار بووم دان بەوەدا بنەم کە کونوڤالوڤ " حاڵەتێکی تایبەتی بوو " بەڵام حەزم نەدەکرد ئەوە بڵێم.

کونوڤالوڤ، بە ڕواڵەت، دەربەدەر و سەرگەردانێکی نموونەیی بوو، چەند دیقەتم دەدا و لێی ورد دەبوومەوە، هەڵس وکەوت و ڕەفتاریم دەدایە چاو، هەستم دەکرد کە سەروسەختم دەگەڵ نموونەیەکی تایبەتیدایەو بەرەبەرە سەبارەت بەو توێژەی خەڵک کە چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەی مەیان پێکدێنا و لەڕاستیا خەڵکانی ڕەش وڕووت و برسی و لە ڕادەبەدەر شەڕانی بوون، بەڵام بەهیچ جۆرێ نەدەکرا لەخانەی گەوجاندا پۆلێن بکرێن و شایستەی ئەوەن بایەخی تایبەتیان پێبدرێت.

بەرەبەرە گەنگەشە و باسەکەمان گەرمتر دەبوو. هاوارم کرد:

- گوێ بگرە. کەسێک لە هەموو لایەکەوە لەژێر گوشاری هێز و فاکتەرە ڕەش و ناڕەواکاندا بێ، چۆن دەتوانێ لەسەرپێی خۆی بوەستێ؟

کونوڤالوڤ، کەسات بە سات گەرمتر دەبوو وگڕ لە چاوانی دەبووەوە گوتی: -

-دەبێ، لاقی توندتر بکات.

- لاقی لەچی گیر وتووند بکات؟

- دەبێ بۆخۆی شتێک بدۆزێتەوە لاقی لێ توند بکات!

- ئەدی تۆ بۆ ئەوەت نەکردووە؟

– کوڕی باش، مەگەر پێم نەگوتی خەتای خۆمە وهەرخۆم بەرپرسیارم! خەتا و کەمتەرخەمی من ئەوەیە کە شتێکم نەدۆزییەوە تا لاقی لێ توونددبکەم! زۆری بۆ گەڕام، لێ نەم دۆزییەوە!

ئیدی کاتی نان کردن هات، دەستمان بە کاران کرد، قەرارمان وابوو کە پاشان هەرکەسە ودروستی بۆچوونەکانی خۆی بسەلمێنێ، لێ هەڵبەتە هیچمان نەسەلماند، وەختایەک لە کار بووینەوە، شەکت وماندوو، لاڵ وپاڵ لێی ڕاکشاین و خەو بردینی یەوە.

کونوڤالوڤ، لە ناوەندی نانەواخانەکەدا، ڕاکشا وخەوی لێکەوت.من لە سەر چەند فەردە ئاردێک ڕاکشام و لەوێندەرەوە دەمڕوانییە جەستەی زەلام و قەڵافەتی ڕیشنی ئەو کە وەکو پاڵەوانێکی ئەفسانەیی لە تەنیشت تەشتێکەوەو لەسەر حەسیرێک ڕاکشابوو.

کونوڤالوڤ، دەی پرخاند، سەیرم دەکرد چۆن سینگی بەرز و نزم دەبووەوە. لەدڵی خۆما بیرم لە جۆرەها نەخشە و ڕێکار دەکردەوە تا بەڵکو بە زووترین کات دروستی بۆچوونەکانی خۆمی پێ بسەلمێنم، بەڵام بیرم بە هیچ کوێ ڕانەگەیی و خەوم لێکەوت.

بەرەبەیان لەخەو ڕابووین. هەویرمان شێلا، هەویر ترشمان تێکرد، دەست و چاومان شت، لەتەنیشت تەشتەکانەدوە دانیشتین و دەستمان بە تێشت (نانی بەیانی) خواردن کرد. کونوڤالوڤ، بە دەم تێشت خوارنەوە پرسی:– کتێبی دیکەت هەیە؟

– بەڵێ.

– بۆمی دەخوێنیتەوە؟

– باشە.

– زۆرچاکە، دەزانی چیدەکەم، کە مانگێک کارم کرد و مانگانەکەم لە ئەرباب وەرگرت، نیوەی دەدەم بەتۆ.

– بۆ؟

– بۆ ئەوەی کتێبی پێبکڕیت.. هەم بۆ خۆت بکڕە و هەم یەک دوو کتێبیش بە زەوق و سەلیقەی خۆت بۆمن بکڕە! بەڵام ئەوانەی من، با دەربارەی جووتیاران بن، دەربارەی خەڵکانی وەک پیلا و سیسویکا بێت. کتێبی جدی بن، نەک تەنیا پێکەنین. هەندێک کتێبان هەن، بەکەڵکی هیچ نایەن، وڕینەن، بۆ نموونە وەکو " پانفلکیا – فیلاتکا " ... هەرچەندە وێنەی جوانیان لەسەر بەرگەکەی نەخشاندووە. یان بوشیخونیون و ئەفسانانی دی، من حەزم لەو جۆرە کتێبە بێ ناوەڕۆکانە نییە. من جاران نەمدەزانی کتێبی باشی وەکو ئەوانەی تۆ هەن.

– دەتەوێ شتێکت دەربارەی ستینکارازین بۆ بخوێنمەوە؟

– ستینکا؟ باشە؟

– زۆرباشە...

– باشە بۆمی بخوێنەوە.

دوای کەمێک دەستم بە خوێندنەوەی " ڕاپەڕینی ستیبانرازین "ی نووسینی کوستوماروف کرد. لە سەرەتاوە، سەربهوردی قارەمانی چیرۆکەکە، کە تەقریبەن چامەیەکی شیعری بوو و زۆر بە جوانی نووسرابوو، بەدڵی گوێگرەڕیشنەکەم نەبوو. تەمەشایەکی کتێبەکەی کرد و پرسی:– باشە بۆ گفت وگۆی تیا نییە؟

لەکاتێکا بۆم ڕوون دەکردەوە کەبۆچی لەم کتێبەدا دیالۆگ نییە، باوێشکێکی دا، ویستی دەستی بخاتەسەر دەمی، لێ فریا نەکەوت، تەریق بووەوە و بە پەرێشانی و نیگەرانیەوە، وەکو ئەوەی خەتایەکی کردبێت، گوتی:

– تۆلەسەر خوێندنەوەی خۆت بەردەوام بە! گوێ بەمن مەدە. بەڵام کە مێژوونووسی بەتوانا بەرەبەرە بە قەڵەمی بە توانای خۆی سیمای "ستیپان تیموفیونیچ " ی وێنە دەگرت و " میری شۆڕشگێڕانی ڤۆلگا " ی بەرجەستە دەکرد، کونوڤالوڤ، بەرەبەرە دەبوژایەوە. هەرچەندە لە سەرەتاوە زۆر بێحەواس و بێتاقەت پەیتاپەیتا باوێشکی دەدا، بەڵام وردە وردە بوژایەوە، ولەکاتێکا لەسەر تەشتێک دانیشتبوو، ئەژنۆکانی گرتبوونە باوەش و چەناگەی نابووە سەریان و ڕدێنەکەی لاقی داپۆشی بوون، برۆکانی وێک هێنابوونەوە و چاوەگەشەکانی لە ژێریانەوە کسکە کسک دەدرەوشانەوەو بەتاسەوە تەمەشای منی دەکرد. ئیدی کەمترین شوێنەواری ئەو سادەیی و ساکاریە منداڵانەیەی جاران کەمنی سەرسام کردبوو، لە سەروسیمایدا بەدی نەدەکرا. وەکو ئەوە بوو کە هەموو سادەیی و ئارامی چاوە شینەکانی کەلەم حاڵەدا لێڵ و بچووک دەینواند، لەبەین چووبێ، جەستەی زەلام و بەهێزی وەکو کۆمەڵێک ماسولکە هاتبنەوە یەک وبووبێ بە کوورەی ئاگر، لە دڕندەیەک دەچوو، بڕوانێتە چەشەکەی خۆی. ئەم دیمەنە حەپەساندمی، ناچار دەستم لە خوێندنەوە هەڵگرت. کە بێدەنگ بووم، کونوڤالوڤ، بەئەسپایی، بەڵام بە ڕاوێژێکی پڕماناوە گوتی:– بەردەوام بە.

– چیتە؟

ئەمجارەیان، بە ڕاوێژێکی ئامێرانەوە گوتی:– وەخوێنە!

درێژەم بە خوێندنەوە دا، ناوبەناو و ژێراوژێر تەمەشام دەکرد، دەمبینی سات بەسات پتر هەڵدەچێت و دەهاڕوژێ. لەوە دەچوو هەڵمێکی گەرمی لێ هەڵ بستێ – ئەو شتە نەک هەر دەیهاڕۆژاندم، بەڵکو مەستی دەکردم. لە خوێندنەوەکەدا گەیی بوومە ئەو شوێنەی کە ئەستنکایان بەدیل گرتبوو.

کونوڤالوڤ، هاواریکرد:– ئاقیبەت ئەسیریان کردا!

هاوارەکەی، دنیایەک ئازار، تووڕەیی و، پەستی پێوە دیاربوو... ئارەقەیەکی زۆر نیشتە سەر تەوێڵی، چاوەکانی بەشیوەیەکی سەیر کرانەوە. لەناکاوا ڕاپەڕی، لەسەر تەشتەکە هەستا، ڕێک لەبەردەم منا ڕاوەستا. باڵا بەرزەکەی لە حەژمەتاندا، وەک بی ناو ئاو دەلەرزی. دەستی نایە سەرشانم. بلەز و بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– بوەستە! مەخوێنەوە!... بڵێ بزانم دوایی چی لێدێ؟ نا بوەستە، قسە مەکە! ئیعدامی دەکەن؟ ماکسیم دەی خێراتر بخوێنەوە!

پێدەچوو کە ئەم پیاوە کونوڤالوڤ نەبێ، بەڵکو فرولیکای برای ئەستنکا رازین بێ. دەتگوت پەیوەندییەکی سێ سەد ساڵەی خوێن و خزمایەتی، ئەم کابرا دەربەدەرو سەرگەردانەی، بە ڕازینەوە بەستووە. کونوڤالوڤ، بە هەموو هێزو توانا جەستەییەکەی خۆیەوە، بەهەموو تاسەیەکی دەروونییەوە بۆ وەی جێگە پێیەک وەدۆزێ و پێی لەسەر دابنێ، سەبارەت بەم هەڵۆی ئازادیە کەسێ سەدە لەوەپێش یەخسیر بووبوو، هەستی بە هاودەردی و هاوسۆزی دەکرد، نەفرەتی لە دژمنەکانی ئەو دەکرد.

دیسان گوتی:– بەردەوام بە، تۆ مەسیح بەردەوام بە!

بەدەم هەڵچوون و سۆزو گودازەوە لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بووم. هەستمدەکرد دڵم هاتۆتە جۆش و بەتووندی لێدەدات، وەکو کونوڤالوڤ، لەدلی خۆدا هەستم بە ئازار و کول و کۆڤانەکانی ستنکا دەکرد.

ئەنجام گەیینە ئەو شوێنەی کە ئەشکەنجەیان دەدا.

کونوڤالوڤ، لێوی دەکرۆشت، ددانەکانی بە چیرەوە دەبردن، چاوە شینەکانی وەکو ئاگر گڕیان لێدەبووەوە. خۆی بە سەر شانما داو چاوی بڕینە لاپەڕەی کتێبەکە. هەناسەی لە گوێچکەکانما دەنگی دەدایەوەو بای هەناسە گەرمەکەی قژەکەمی بەسەر

هەنیەمدا دەڕژاند. بۆئەوەی قژەکەم نەیەتە سەرچاوم، سەرم تەکان دەدا. کونوڤالوڤ، کە هەستی بەمە کرد، دەستە قورسەکەی نایە سەر سەرم. بەمجۆرە لەسەر خوێندنەوەکەم بەردەوام بووم:

" هەنگێ ستنکا رازین، بەجۆرێ ددانەکانی بە جیڕەوە بردن، کە بەخوێنەکەی دەمیەوە ڕژانە سەر ئەرزەکە... "

هەنگێ کونوڤالوڤ کتێبەکەی لەدەستم ڕاپسکاند، بەتووندی بە عاردیدا کێشا و هاواریکرد:- لایدە! بەسە!

ئەوجا خۆشی بە عاردیدا دا. دەستی بەگریان کرد، لێ چونکە شەرمی لە گریانەکەی خۆی دەکرد، هاواری دەکرد، تابەوە گریانەکەی بشارێتەوە. سەری لە نێو هەر دوو ئەژنۆی نابوو ودەگریا، بە پانتۆڵە کەتانە چڵکنەکەی ڕوندکەکانی دەسڕی. من لەهەنبەر وی، لەسەر تەشتێک ڕۆنیشتبووم ونەمدەزانی چۆن دڵخۆشی بدەمەوە.

کونوڤالوڤ، کەلەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو گوتی:

- ماکیسم! ئەمە چەند ترسناکە! پیلا... سیسویێکا... ئەوجا ستنکا... ها! ئەمە چ چارەنووسێکە؟ گوتت، ددانەکانی لەگەڵ خوێنەکەی دەمیا تفاندەوە... ها؟

ئازای وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی، دیمەنی ستنکا کە ددانەکانی تفاندبووەوە، زۆر کاری تێکردبوو، بەدەم شان هەڵتەکاندنەوە، پەیتاپەیتا باسی ئەوەی دەکرد. منیش وەکو ئەو کەوتبوومە ژێر کاریگەری دیمەنی ئەشکەنجەدانی دڕندانەی ستنکا رازین و ئاگام لەخۆم بڕابوو. کونوڤالوڤ، کتێبەکەی لە عاردی هەڵگرتەوە، دایە دەستی من و گوتی:

- جارێکی دیکەش ئەم کتێبەم بۆ بخوێنەوە، دەیخوێنیتەوە؟ کوا پێمی نیشان بدە لە کوێدا، باسی ددانەکانی نووسراوە!

ئاماژەم بۆ شوێنەکە کرد، کونوڤالوڤ، چاوی بڕییە دێڕەکان و گوتی:

– بەڕاستی نووسراوە، لەگەڵ خوێنەکەی دەمیا ددانەکانی تفاندەوە؟ خۆ ئەم پیتانە چ جیاوازییەکیان لەگەڵ پیتەکانی دیدا نییە… خودایا دەبێ چەندی ئازار چەشتبێ؟ها ؟ تەنانەت ددانەکانیشی…. ئەدی پاشان چی بەسەر دێ؟ ئیعدام دەکرێ ها! سوپاس بۆ خوا کە ئاقیبەت دەیکوژن.

کونوڤالوڤ، بەجۆرێ گوزارشتی لە شادی خۆی کرد کەمن بە جارێ حەپەسام. ئەو ڕۆژەمان، بە نیگەرانی بردەسەر، سەری زمان و بنی زمانمان، هەرباسی ستنکا و بویەرەکانی ژیانی وی بوو، ژیانی ئەومان وەبیر خۆ دێنایەوە، ئەو سروودو شیعرانەمان دەخوێندەوە کەدەربارەی ئەو، دەربارەی ئەشکەنجە و عەزابدانی ئەو گوترابوون. کونوڤالوڤ، بە دەنگە زوڵاڵەکەی خۆی کەوتە ستران گوتن و خوێندنەوەکەی بە من بڕی.. لەو ڕۆژە بە دواوە، دۆستایەتیمان خۆشتر و بتەوتر بوو.

***

چەند جارێکی دیکەش " ڕاپەڕینی ستنکا ڕازین " م بۆ کونوڤالوڤ خوێندەوە، پاشان " تاراس بولبا" ی گۆگۆڵ و " هەژاران" ی دوستۆیفسکی" م بۆی خوێندەوە. سەربووری تاراس بولبای زۆر بەدڵ بوو، بەڵام نەیتوانی کاریگەری کتێبەکەی "کاستومارف" ی لەلا بسڕێتەوە.

کونوڤالوڤ، لەمەبەستی نامەکانی نێوان " ماکاردوشکین وڤاریا " ( قارەمانی ڕۆمانی هەژاران) حاڵی نەدەبوو. شێوازی نووسینی نامەکانی ماکاری بەلاوە کۆمیدی و مایەی پێکەنین بوو، لە ڤاریاش بە گومان بوو. دەیگوت:

– تۆ تەمەشا، بزانە چ ماستاوێک بۆ ئەو پیرەمێردە دەکات، چ کچێکی زمانلوسی دەم تەڕی مەکر بازە! ئەم پیرەمێردە هیچی بەبەرەوە نەماوە, وەکو داهۆڵی سەرخەرمانە! ماکسیم، واز لەم شتە تورەهاتانە بێنە! حەیفە مرۆڤ کاتی خۆی بەخوێندنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە بەفیڕۆ بدات. ئاخر ئەم کتێبە چی تیایە؟ کابرای پیرەمێرد کاغەز بۆ

کیژێ دەنووسێت و کچەش نامە بۆ ئەو دەنووسێت.. تەنیا کاغەزەکە خەسار دەکەن! عەمریان نەمێنێ! نەبە ئەرێنی و نەبە نەرێنی کار لەبەشەر ناکەن. نازانم ئەم شتە بێ کەڵکە بۆچی دەنووسرێت؟

من چیرۆکی خەڵکی پودلیپی یەکانم بیرهێنایەوەو گوتم ئەمەش وەکو ئەوەیە، بەڵام ئەو قەناعەتی نەکردو گوتی:

– پیلا و سیسویکا.. شتێکی دیکەیە! ئەوانە مرۆڤی ڕاستەقینەن و زندوون. لەپێناوی ژیاندا تێدەکۆشن. بەڵام ئەمانە چین؟ ئیش وکاریان نامەنووسینە. پیاو بێزار دەبێت! ئەسڵەن ئەمانە بە مرۆڤی ڕاستەقینە و زندوو نایەنە ژماردن، خەڵکانێکی خەیاڵی و دروستکراون، خۆ ئەگەر تاراس وسیتنکا پێکڤەبان، مەگەر خودا بزانێ چ کارێکی گەورەیان دەکرد! لەم حاڵەتەدا پیلا و سیسویکاش ئازاتر دەبوون، وانییە؟

شارەزایی لە مێژوودا نەبوو وبەزەحمەت لە هەلومەرجی زەمان حاڵی دەبوو، بەخەیاڵی خۆی هەموو قارەمانە دڵخوازەکانی وی لەیەک سەردەما دەژیان. لێ دووانیان لە " ئوسولیە " و یەکێکیان لە ئوکرانیا و چوارەمیان لە کەناراوەکانی ڤولگا دەژیا.. بەزەحمەتێکی زۆر توانیم قەناعەتی پێبکەم کەئەگەر سیسویکا و پیلا لە ڕێگای ڤولگاوە ڕۆشتبان هەرگیز تووشی ستیبان نەدەبوو، یان ئەگەر ستیبان بگەشتبایە ناو قوزاقەکانی دون، هەرگیز لەوێ تووشی تاراس بولبانە نەدەبوو.

کونوڤالوڤ، کە ئەو بابەتەی لا ڕوون بووەوە، خەم دایگرت. ئیدی تۆزێکم لە ڕاپەڕینەکەی بوگاچوف بۆ گێڕایەوە تابزانم ڕای دەربارەی ئەو چییە. بەڵام بەدڵی نەبوو.

– پیاوێکی هەلپەرست و چەپەڵ بووە. لەپەنای تزارەوە خەڵکی هانداوە... ئاخۆ چەند کەسی بە کوشت داوە؟ داشۆ، فەرقی ستیپان (ستنکا) و ئەو ئاسمان و ڕێسمانە. بوگاچوف، لەچاو ستیپاندا، هەرهیچ نەبووە، خوێڕیەکی هیچ وپووچ بووە. کتێبی

دیکەی وەکو ئەوەی ستنکات نییە؟ بگەڕێ بزانە نیتە... ئەم ماکارە گوێرەکەیەش تووڕ بدە، ئەویش هیچ نییە، حەزدەکم جارێکلی دیکەش باسی چۆنیەتی ئەشکەنجەدان و ئیعدامکردنی ستیپانم بۆ بخوێنیتەوە..

کونوڤالوڤ ومن، ڕۆژانی پشوو، دەچووین بۆ مێرگوزارو سەوزەزارەکانی ئەوبەری ڕوبارەکە. تۆزێ ڤودکا ونان و کتێبێکمان لەگەڵ خۆ دەبرد، بەیانی زوو کونوڤالوڤ گوتەنی دەچووین، بۆ هەواگۆڕکێ، بۆ تەبدیل هەوا.

بە شادییەکی زۆرەوە، دەچووینە کارگەی شووشەسازی. کارگەی شووشە بینایەک بوو لە ناو کێڵگەیەکی کراوەی نزیکی شاردا قوت بووبووەوە. کەس نەیدەزانی بۆناویان نابوو کارگەی شووشەسازی. ئەم بینایە لەبەرد دروستکرابوو، لەسێ نهۆم پێکهاتبوو، سەرەکەی داڕوخابوو، پەنجەرەکانی شکابوون و تەنیا چوارچێوەکانیان پێوە مابوو، ژێرخانەکەی پڕبوو لە زڕو زبڵ وپیسایی و بەدرێژایی هاوین بۆن بۆگەنی سەعاتە ڕێیەک دەڕۆیی. ئەم خانووە نیمچە وێرانە کە لە دوورەوە بۆر دەچووەوەو لەچۆڵ دەچوو، لەناوەندی دەشتەکەوە لە کونی پەنجەرە ناشیرینەکانیەوە، دەیڕوانیە شار. لەکەسێکی فەلەجی نەخۆش دەچوو، کەشار دەری کردبێت و لەو چۆڵەوانیەدا چاوەڕوانی مەرگی خۆی بکات. لەوەرزی باران و بەهارا، کاتێ ئاوی ڕوبارەکە هەڵدەستا و لەهی ولافاو چێدەبوو، ئاو دەچووە ئەم خانووەوە. هەرچەندە لە بن میچەکەیەوە تا بناغەکەی خەنەتیلەکە و کرێژەبەردی سەوز داپۆشی بوو، بەڵام هێشتاش نەڕوخابوو و لەناوەندی دەشتەکەدا قوت وقایم ڕاوەستابوو. ئەو دەریاچانە دەوریان دابوو کە نەیاندەهێشت پۆلیس و پاسەوانان بەبەر دەوامی سەری بدەن، وێڕای ئەوەی سەربانەکەی داڕوخابوو، لێ پەناگەیەکی باش بوو بۆ خەڵکانی گومان لێکراو و بێ لانە وخانان.

خەڵکانی دەربەدەرو گومان لێکراو وخانەبەکۆڵ، بەبەردەوامی هاوت وچۆی ئەویندەریان دەکرد. ئەم خەڵکە ڕەش و ڕووت، شڕ وشەپڕێو و نیمچە برسیانە، وەکو

کەسانێک لە ڕوناکی ڕۆژ بترسن، کوندئاسا لە نێو ئەم وێرانە وکاولانەدا دەسووڕانەوە. من وکونوڤالوڤ، هەمیشە دوو میوانی ئازیز بووین لەنێو ئەوانەدا، پێش ئەوەی بۆ ئەوێندەر بڕۆین، چەند سەموون و کولێرەیەک، نیو گاڵۆنێک ڤودکا و یەک سینی خواردنی گەرمی وەکو جگەر و دڵ و گورچیلەمان دەکڕی و بە دوو سێ ڕۆبڵان میواندارییەکی تێر وتەسەلمان بۆ ئەو برسیانە سازدەکرد کە کونوڤالوڤ ناوی نابوون " خەڵکانی شووشەیی " .

ئەوانیش لەبری ئەو میواندارییە، چیرۆک و حیکایەتیان بۆ دەگێڕاینەوە. چیرۆکەکانیان تێکەڵەیەک بوو لە هەقیقەتی ترسناک و دڵتەزێن و وەهم و خەیاڵی ئاوێتە بە درۆی سادە و ساکار. هەر حیکایەتێک لەو حیکایەتانە لە پارچەیەکی ئاوریشمی ڕەش و سپی دەچوو کەداوە سپیەکانی واتا " حەقیقەت " ە کە لە داوە ڕەشەکانی واتە (خەیاڵ و درۆکان ) زۆر زیاتر بوو. ئەم پارچە ئاورێشمە لە دڵ و مێشکی مرۆڤ دەئالا و بەیەکیا دەگوشین وئازاری دەدان. " خێڵی شووشەیی " بە شیوازی تایبەتی خۆیان ئێمەیان خۆشدەویست. من زۆرجار کتێبم بۆ دەخوێندنەوە، ئەوانیش زۆر بەجدی، بەدل و بەگیان گوێیان لێدەگرتم.

ئەمانە شارەزایی و ئەزموونێکی سەیریان دەربارەی ژیان و دیاردەکانی ژیان هەبوو، ئەو ژیانەی کە وەدەری نابوون و پەراوێزی خستبوون، من بە تاسەیەکی زۆرەوە گوێم بۆ سەربهورد و چیرۆکەکانیان ڕادەدێرا. لێ کونوڤالوڤ، تەنیا بۆ ئەوە گوێی لێدەگرتن، تا ئیعتراز لە بۆچوونە فەلسەفیەکانیان بگرێت و من تووشی گەنگەشە بکات.

وەختایەک یەکێک لەو ڕووت و ڕەجالانە، بە قەلافەتێکی گوماناوییەوە، بەسەرهاتی ژیان و هەرەسی خۆی دەگێڕایەوە، ( کە زیاتر لە ڕاپۆری بەرەڤانی لەخۆ دەچوو ) کونوڤالوڤ، لەفکران ڕادەچوو، بەدەم بزەیەکی بەماناوە، سەری بێ باوەڕی با دەدا.

هەڵبەتە ڕەش وڕووتەکانیش ئەمەیان دەبینی. ئەوەی سەربوورەکەی دەگێڕایەوە دەیگوت:– ساشا، چییە، باوەڕم پێناکەیت؟

– بۆ باوەڕت پێناکەم. باوەڕت پێدەکەم. ناکرێت باوەڕ بەقسەی خەڵکی نەکرێ، ئەگەر سوور بزانی کە درۆش دەکات دەبێ باوەڕی پێبکرێ. بەڵام دەبێ هەوڵبدەی تابزانی بۆچێ درۆدەکات. چونکە هەندێجار، درۆ لە حەقیقەت و ڕاستی، پتر ماهیەتی مرۆڤ دەردەخات.. باشە ئێمەمانان، دەتوانین چ حەقیقەتێک دەربارەی خۆمان بڵێین!؟ بێگومان تاڵترین وبەژانترین حەقیقەت!.. ئیدی بە درۆیان دەیشارینەوە، یان بە درۆیان ڕوتووشی دەکەین... وانییە؟

یارۆی گێڕەرەوە، قسەکەی دەسەلماند و دەیگوت:

– تۆ ڕاست دەکەی، باشە بۆچی سەرت بادەدا؟

– بۆچی؟ چونکە بۆچوونەکانت دروست نین، قسەکانی تۆ ئەوە دەگەیەنن، کەتۆ بەهیچ جۆرێ بەرپرسی ژیانی خۆت نەبوویت، دەستت لە دروستکردنیا نەبووە، بەڵکو پۆلیس ودەرودراوسێ و ڕێبواران، دەستیان لە پێشهات و بویەرەکانی ژیانی تۆدا هەبووە. باشە تۆ لە هەموو ئەو ماوانەدا لەکوێ بوویت؟ بۆچی داکۆکی و بەرەڤانیت لەخۆت و چارەنووسی خۆت نەکردووە؟ ئێمە هەمیشە گلەیی لە خەڵکی دەکەین. باشە خۆمان پیاو نین؟ هەڵبەتە پیاوین... کەواتە خەڵکیش هەقی خۆیانە گلەیی لەئێمە بکەن؟ واتە ئەگەر خەڵکی کۆسپی سەرڕێگای مەبن، ئێمەش کۆسپی سەر ڕێگای خەڵکی دیکەین، وانییە؟ باشە چ خوێندنەوەیەک بۆ ئەمە بکەین؟

ئەوان بەرسڤی کونوڤالوڤ یان دەدایەوە:

– دەبێ ژیان بە جۆرێ ڕێکبخرێ کە جێگای هەموو کەسێک ببێتەوە و کەس نەبێتە کۆسپی سەر ڕێگای کەس.

کونوڤالوڤ، دەیپرسی:- باشە کێ ئەم ژیانە کۆمەڵایەتیە فەراهەم بکات؟ هەرخۆی وەڵامی خۆی دەدایەوە:

- ئێمە! خۆمان! بەڵام چۆن بتوانین ئەم ژیانە فەراهەم بکەین، لە کاتێکا هیچ ئاگایەکمان لێی نییە وبۆ خۆمان هەمیشە ڕووبەڕووی ناکامی و شکستین؟ کەواتە برایانی ئازیز، لەمەوە دەگەینە ئەم ئەنجامگیرییەی کەدەبێ تەنیا وتەنیا پشت بەخۆمان ببەستین! لێ مخابن، خۆشمان وەکو هەمووما دەزانین، ئەوەین کە هەین.

گوێگرەکان، دەیانوسیت پاکانە بۆخۆیان بکەن، بەڵام ئەو ڕژد بوو لەسەر بیر وبۆچوونی خۆی کە مرۆڤ تەنیا خۆی بەرپرسە لەو حاڵەی تێی کەوتووە، بۆی نییە جگە لەخۆی گلەیی و گازاندە لە کەسی دی بکات.

زۆر زەحمەت بوو، ئەو پیاوە لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی ژێوان بکرێتەوە، خەڵکەکەش بە ئاسانی بۆچوونەکانی ئەویان قەبووڵ نەدەکرد. خەڵکەکە لە نۆڕین و ڕوانگەی ئەوەوە، لە لایەکەوە دەیانتوانی و شایستەی ئەوە بوون ژیانێک فەراهەم بکەن کە خەڵکی تیایدا ئازادبن و لەلایەکی دیکەوە هێندە بێ باشار و بێدەسەڵات بوو، تەنیا ئەوەیان لە دەست دەهات کە گلەیی و گازن لێکدی بکەن.

ئەم جۆرە گەنگەشە ومشت ومڕانە، زیاتر لە نیوەڕۆوە دەستیان پێدەکردو لەنیوەشەودا کۆتایی دەهات و هەنگێ کونوڤالوڤ ومن، بەو تاریکە شەوە، تا ئەژنۆ لە حەڕی و قوڕ دەچەقین، لە خێڵی شووشەییەوە بەرەو شار پەل دەبووینەوە.

جارێکیان لەزگ بوو، بکەوینە زەلکاوێکەوە و بخنکێین، جارێکی دی کەوتینە بۆسەی پۆلیسەوە وگیراین، ناچار شەومان لەگەڵ بیست نەفەری جیاوازی " کارگەی شووشەسازی " دا ڕۆژ کردەوە، ئەمانە پۆلیس لێیان کەوتبوونە گومانەوەو گرتبوویانن.

هەندێجار کە مەیلی فەلسەفەڕێسیمان نەبوایە، بە دوو قۆڵی لاتریسکەمان دەبەست، خۆمان بە کێڵگەکانی ئەوبەری ڕوبارەکەدا دەکرد، کە چەندین گۆلاوی بچووکی پڕ لە وردە ماسیانی لێبوو، کە لەهی ولافاوی بەهارەی ڕوبارەکە، ڕایماڵی بوون و بۆ ئەوێندەری هێنابوون. ئیدی لەوێ، لە ڕەخی یەکێک لەو گۆلاوانەدا ئاگرێکمان دەکردەوە، دوای ئەوەی زاخاوی چاومان بەو دیمەنە جوانانە دەدایەوە، ئەوسا دەکەوتینە خوێندنەوە، یان باسی ژیان. هەندێجار کونوڤالوڤ، لە فکران ڕادەچوو، خەیاڵی دەڕۆیی و دەیگوت:

– ماکسیم، وەرە با تەنیا سەیری ئاسمان بکەین!

ئیدی لەسەر گازی پشت ڕادەکشاین، چاومان دەبڕییە قولایی ئاسمانی شین و بێ پایان کەبە سەرمانەوە دەدرەوشایەوە. لە هەوەڵەوە گوێمان لە خشەخشی گەڵا و خوڕەخوڕی ئاوی گۆلاوەکە دەبوو، هەستمان بە ئەرزەکەی ژێرمان وشتەکانی دەوروبەرمان دەکرد.. بەڵام بەرە بەرە، ئەفسوونی ئاسمانی شین وجوانیە جادوویەکەی دەبووین و ئاگامان لە خۆ و دەوروبەری خۆ نەدەما، پەیوەندیمان بە زەوییەوە نەدەما، بە ئاسمانی بەریندا دەفڕین ومات وخامۆش، وەکو ئەوەی لە پرخەی خەوی خەیاڵدا بین، لە خۆدا غەرق دەبووین و هەوڵمان دەدا نە قسە بکەین نە جوڵە تا ئەو حاڵەی لێمان هاتبوو، بەردەوام بێ..

بە سەعاتان بەو حاڵەوە بەتەنیشت یەکەوە ڕادەکشاین، تا لەباری ڕۆحی و دەروونی و جەستەییەوە، تەواو پاراو دەبووین، دەبوژاینەوە و بۆسەر کاری خۆ دەگەڕاینەوە.

کونوڤالوڤ، سروشتی زۆر خۆشدەویست، کەدەهاتە دەشت ودەر یان کەناری ڕوبار، بەجۆرێ هەستی ناسک دەبووەوە، لەتۆ وایە منداڵێکی بێ شێلە وبێلەیە، پاک وبێگەرد، سادە، ساکار... هەندێجار هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و چاوی دەبڕییە ئاسمان و دەیگوت:– تەحا!... کە جوانە!

ئەو هەست و سۆزەی کە لە میانەی ئەم وشە سادە و زەلال و بێ ڕتوشانەوە بەدی دەکرا، زۆر قووڵتر و ناسکتر بوون، لەهەست و سۆزی ئەو شاعیر و نووسەرانەی کەلە ڕێگەی هونەری ڕەوانبێژی و وشەێن قەبە و قەڵەوەوە، دەیانویست وەسفی تەبیعەت بکەن تەنیا بۆئەوەی پێیان بگوترێ هەست ناسک، ئەو شاعیرانە ئەوەیان تەنیا وەکو سنعەت دەکرد و بۆ خۆنواندن بوو کە گوایە خەڵکانی جوان ناسن. بەڵام هەست و وەسفەکانی کونوڤالوڤ زادەی دڵبەندی ڕاستەقینەی وی بوو بە سروشت و تەبیعەت، بۆیە وەسف و وشەکانی سادە وزەلال و ڕوون و ڕەوان و راستگۆیانە بوو.

... ئیدی هەرکاتێ شاعیری بوو بە پیشە، ئیدی ناسکی وجوانی وسادەییە ئاسمانیەکەی لە دەست دەدات..

***

دوو هەیڤ بەوجۆرە بووری. لەو ماوەیەدا باسی زۆر شتم لەگەڵ کونوڤالوڤدا کرد، کتێبێکی زۆرم بۆ خوێندەوە. " ڕاپەڕینی ستیپان رازین "م هێندە بۆ خوێندەوە، ئەزبەری کردبوو، دەیتوانی لە هەوەڵی ڕا تا کۆتایی بە زمانی تایبەتی خۆی بگێڕێتەوە. ئەم کتێبەی لەلا بووبوو بە چیرۆکێکی ئەفسووناوی کە بۆ منداڵێکی زیرەک و هۆشن بخوێنرێتەوە. کونوڤالوڤ، ناوی قارەمانانی چیرۆکەکەی لەو شتانە نابوو کە سەروکاری دەگەڵدا هەبوون وبەکاری دێنان. جارێک کە قاپێک لەسەر ڕەفەکەوە کەوتەخوارێ و شکا، تووڕە بوو و هاواری کرد:

– هەی بە نەحلەت بی کاپتن بروزوروفسکی!

ئەگەر هەویرەکە درەنگ هەڵهاتبا پێی دەگوت " فرولکا " هەویر ترشەکەی ناو نابوو " ئەفگار ستیپان " ئیدی " ستیپان " ی بۆ هەرشتێکی مەزن، بەدبەخت و ئەشکەنجەدیدە بەکار دەبرد.

به درێژایی ئەو ماوەیە، هیچ باسێکی کاپیتولینای نەکرد کەلە یەکەم ڕۆژی ئاشناییم لە گەڵ کونوڤالوڤدا، نامەکەیم بۆ کونوڤالوڤ خوێندبووەوەو وەڵامەکەشم بۆی نووسی بووەوە.

کونوڤالوڤ، بڕێک پارەی بۆ فیلیپ ناوێک ناردبوو، داوای لێکردبوو ئەو پارەیە بدات بە پۆلیسخانە و ببێت بە کەفیلی کاپیتولینا و ئازادی بکات. بەڵام هەواڵێک نەلە فیلیپەوە و نەلە کاپیتولیناوە نەبوو.

ئێوارەیەکی درەنگ، لە گەڵ کونوڤالوڤدا مژوولی ئەوە بووین، نانمان دەخستە تەنوورەکە تا ببرژێت، لەناکاوا، دەرگای نانەواخانەکە کرایەوە، لە ڕاڕەوە تاریک ونمسارەکەوە، دەنگێکی ژنانەی شەرمن بەرز بووەوە و گوتی:- ببورن.

لێم پرسی:- کێت دەوێ؟

کونوڤالوڤ، پاڕۆکەی ( داری خەبازی، کەرەک ) دانابوو، حایر و حەپەساو دەستی بە ڕدێنیدا دێنا.

ژنەکە گوتی:- شاتر ( نانەوا، نان پێوەدەر ) کونوڤالوڤ لێرە کار دەکات؟

لەم کاتەدا گەیی بووە بەر دەرگاکە. ڕوناکی فانۆسەکە کەبە میچی نانەواخانەکەوە هەڵواسرابوو، دەیدا لە سەروچاوی، شاڵێکی خوری سپی دابوو بەسەریا، دەم وچاوێکی خڕی جوانی هەبوو، کەپووی کەمێک پس بوو، گۆناکانی خڕ، کە سووکە بزەیەک دەکەوتەسەر لێوەئاڵ و ئەستوورەکانی، گۆناکانی بە ئاستەم چاڵ دەبوون. وەڵامم دایەوە:- بەڵێ کونوڤالوڤ، لێرە کاردەکات.

کونوڤالوڤ، لەخۆشیا هاوارێکی کرد، پاڕۆکەی دانا، بەهەشتاو بەرەو پیری میوانە ئازیزەکەی چوو و بە شادیەوە گوتی:- ئەریّ! لێرەیە، ئەمە خۆیەتی!

ئافرەتەکە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا، خۆی هاوێشتە هەمێزی کونوڤالوڤ وبەدەنگێکی لەرزۆک گوتی:– ساشنکا!

باوەشیان بەیەکدا کرد، کونوڤالوڤ بۆ وەی ماچی بکات، ناچار بوو، سەر دابنەوێنێ. کونوڤالوڤ کەهێشتا لەبەر دەرگاکە وەستابوو، باسکە بەهێزەکەی لە قەدی ئافرەتەکە ئالاندبوو، پەیتاپەیتا دەیپرسی:

– ئێ، چۆنی؟ کەی هاتی؟ ئاخری گەییتە ئێرە! ئازاد بووی! زۆرچاکە، پێم نەگوتی؟ ها؟ زۆرچاکە، ئیدی هیچ کۆسپێکت لەبەردەم نییە! ئیدی بۆخۆت بێترس و دوودڵی هەرەپێش!... ئەوجا ڕووی کردە من و گوتی:

– ماکسیم، کاکۆ، تۆ ئەمڕۆ بە تەنیا کاربکە، من دەبێ لە خزمەتی ئەم خانمەدا بم... کاپا لەکوێ لات داوە؟

– لەهیچ کوێ، یەکڕاست هاتم بۆلای تۆ.. بۆ ئێرە..

– ئێرە...؟ نا، ئێرە نابێ... ئێرە نانەواخانەیە، خۆ ماڵ نییە! ئەربابەکەشمان پیاوێکی یەجگار سەختگیرە. دەبێ شوێنێک بۆ حەوانەی ئەمشەوی تۆ پەیدا بکەم... باشتر وایە بچینە میوانخانەیەک، دەی با بڕۆین!

ئەوان ڕۆیشتن، من مژوولی هەویر شێلان بووم. باوەڕم نەدەکرد کونوڤالوڤ، پێش بەیانی بگەڕێتەوە. لێ دوای کەمتر لەسێ سەعاتان زڤڕییەوە، سەرم سوڕما، بەتایبەتی کە لەجیاتی ئەوەی شادی و خۆشحاڵی بە ڕوو و ڕوخسارییەوە بدینم، زۆر پەست وبێزار وبێتاقەت وماندوو دیاربوو، هێندەی دی سەرم سوڕما. باوەڕم نەدەکرد بەوحاڵە بێ حاڵەوە بیدینم، بۆیە بەپەلە پرسیم:– خێرە؟ هیچ ڕوویداوە؟!

بەوپەڕی نائومێدی بەرسڤی دایەوە:– هیچ، هیچ نییە.

بە تووڕەیی تفێکی ڕۆکردە ئەرزەکە. من پێداگریم لێکرد وگوتم:

- نا، دیارە شتێک هەر هەیە!

لەسەر تەشتێک ڕاکشا و بە ڕاوێژێکی ماندوو گوتی:- تۆ هەقت چییە بەسەرەوە؟

دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر ئەوسا توانیم بیهێنمە قسان وگوتی:

- ئیدی ژن ژنە… ئەگەر من گەوج نەبوایەم، شتی وا ڕووی نەدەدا حاڵی هەی؟ تۆش، هەمیشە سەری زمان و بنی زمانت ئەوەیە کە ژنیش بەشەرن. ڕاستە لەسەر دوولاق دەڕۆن، گیا ناخۆن، قسان دەکەن، پێدەکەنن، بەم حیسابە بەشەرن، بەڵام وێڕای ئەمەش ناکەنە هیچ و هیچ بایەخێکیان نییە، بۆچی؟ نازانم، بۆ نموونە ئەو کاپیتولینایە، دەزانی بەتەمای چییە؟ دەڵێت: " دەمەوێت لەگەڵ تۆدا، واتە لەگەڵ مندا- وەکو ژن ومێرد بژیم! دەمەوێ ببمە سەگی بەر دەرگاکەت، بۆ کوێ بڕۆی دووت بکەوم." ئاخر ئەمە چ ئەقڵێکە، تۆ گەوجاتی وات دیتووە؟ پێی دەڵێم: " ئاخر ئازیزی دڵەکەم، ئەمە خەیاڵ پڵاوە. تۆخۆت حوکم بدە کە چۆن لەگەڵ مندا هەڵدەکەی؟ من یەکەم کەسێکی مەی ئالوودەم، دووەم ماواوپەنایەک شک نابەم تیای بحەوێمەوە، سێیەم لات ولەوێر، دەربەدەر و خانە بەکۆڵ، ناتوانم بۆ ماوەیەکی زۆر لە یەک شوێنا وەمێنم…" ئیدی زۆرم لەم قسانە بۆکرد، بەڵام ناچێتە گوێیەوەو ناچیت. دەزانی چ دەڵێت؟ دەڵێت: " بادەنۆشی ئاساییە، هەموو کرێکار و کاسبکاران مەی ئالوودەن و ژن ومنداڵیشیان هەیە. ماڵ وحاڵیش، سوکنە وماواش، وەختێ پەیدا دەبێ کەپیاو ژنی هەبێت. کە ژنیشت بوو، ئیدی ئارام دەگریت و بەم لاو بەولادا ناڕۆیت. "… پێی دەڵێم: " کاپا! شتی وا نابێت، من خۆم خۆم دەناسم، من بەکەڵکی ئەوجۆرە ژیانە نایەم! " کەچی دەڵێت: " کەواتە خۆم دەخەمە ڕووبارەکەوە! " پێی دەڵێم: " کە ئافرەتێکی بێ ئەقڵی! " ئیدی لە ناکاوا هاواردەکات ودەست بە جنێودانم دەکات: " هەی خاپینۆک، هەی پۆرخز، هەی لاقدرێژ! " ئیدی ئەوەندەی جنێودا تا هیلاک بوو، ئەوجا تووڕە بوو، لە داخا دەستی بەگریان کرد وگوتی: " ئەگەر نەتدەویستم، بۆچی بۆ ئێرەت هێنام؟ ئاخر ئێستا چ بکەم، بۆکوێ بڕۆم؟ هەی شەیتانی بێ ئەقڵ! " ئێستا نازانم چی لێبکەم؟

له " کونوڤالوڤ "م پرسی:– باشه بۆ ئازادت کرد، بۆ لەوێت هەڵکەند؟

– تۆش بەشەرێکی سەیری، بۆچی ئازادم کرد؟ چونکه بەزەییم پێیدا دەهاتەوە! ئینسان که کەسێکی لارەخوار ولارەمل وبێ دەرەتان و لێقەوماو دەبینێ، کەخەریکە تیادەچێت، بێگومان دڵی بەحاڵی دەسووتێ، بەڵام من هەرگیز ناتوانم ئەو داوایەی ئەو جێبەجێ بکەم و زەماوەندی دەگەڵدا بکەم. نا، هەرگیز شتی واناکەم. ئاخر من و ژن کوجا مەرحەبا! ئەگەر من ئەهلی ژن هێنان بام، لەمێژبوو ئەو کارەم کردبوو... مەگەر هەرخوا بزانێ چەند هەلی باشم بۆ ڕەخسابوو، خۆ ئەگەر ژن خواز بام، لەگین بوو، جیازی زۆر چاکیشم بە نەسیب ببوایە... بەڵام وەختایەک کارێک لە سەرووی توانای منەوەبێت، چۆن دەتوانم بیکەم؟ بەردەوام دەگری، هەرچەندە ئەمەم پێناخۆشە، بەڵام چ بکەم، دەسەڵاتم چییە؟ چم لەدەست دێت؟ ئاخر من ناتوانم زەماوەندی دەگەڵ بکەم!

کونوڤالوڤ، لێکدا لێکدا و بەدەم سەرلەقاندنەوە، قسەکەی خۆی " ئاخر من ناتوانم زەماوەندی دەگەڵ بکەم! " دووبارە دەکردەوە. لەناکاوا لەسەر تەشتەکە ڕابوو. بە هەردوودەست بەربووە ڕنینەوەی ڕدێنەکەی و بەناو نانەواخانەکەدا کەوتە ڕاوێچکە و ناوبەناو لەداخا، تفی بەم لاوبەولادا ڕۆ دەکرد. لەپڕێکا، لەجێی خۆی ڕاوەستا، بە پەشۆکاوی و نامرادیەوە گوتی:

– ماکسیم! بۆناچی بۆلای و حاڵ وحیکایەتەکەی لە سیری تا پیازی بۆ بگێڕیتەوە؟ تۆ کوڕێکی باشی! پیاوی چا بە وبڕۆ، تێی بگەیەنە!

–- باشه واچووم، چی پێ بڵێم؟

– ڕاستیەکەی بخە قولی مستەوە! پێ بڵێ که من ناتوانم ئەو کارە بکەم.. من پیاوی ئەوکارە نیم. یان پێی بڵێ کەمن تووشی نەخۆشییەکی خراپ بووم.

پێکەنیم وگوتم:–-بەڵام ئەمە ڕاست نییە. درۆیە!

– ئەرێ... درۆیە... بەڵام بیانوویەکی ماقووله ها؟ ئاخ! شەیتان به نەحلەت بێ! چ قورێکم بۆخۆ گرتەوە! ها؟ ژن بێنم؟ ئاخر من وژن کوجا مەرحەبا! تا ئێستا بیرم له ژنهێنان نەکردووەتەوە. ئاخر ژن چی لێبکەم، بەکەڵکی چیم دێت؟

بەدەم ئەو قسانەوە، بەترس ونائومێدییەکی ئەوتۆوە دەستەکانی دەجوڵاند، کەهەرکەس بیدیبایە یەکسەر دەیزانی کە زەوجین دەردی ئەم پیاوە دەرمان ناکات، هەرچەند جۆری دەربڕینی بۆچوونەکانی کۆمیدی و مایەی پێکەنین بوو، لێ لایەنی تراجیدی ئەم چیرۆکە، واداری دەکردم، تابیر له چارەنووسی کارەساتباری ئەم ئافرەتە بکەمەوە، لێ کونوڤالوڤ، بەناو نانەواخانەکەدا دەهات و دەچوو، وەکو ئەوەی دەگەڵ خۆیدا قسەبکات، دەیگوت:

–من، حاڵی حازر هیچ خۆشم ناوێ، کە دەیبینم لێی دەترسم، وەکو ئەوەی شتێک بێ و بیەوێ خوێنم بمژێ و بمخاتە زەلکاوی نەگبەتی و مەرگەوە. تێدەگەی؟ هەموو خەم و خەونی ئەو ئەوەیە پیاوێک بۆخۆی بدۆزێتەوە، پیاوێک بخاتە داوەوە. ئەم ئافرەتە ئاقڵ نییە، بەڵام حیلەباز وجانانەیە.

کونوڤالوڤ، بە ڕواڵەت ئەو قسانەی لە پیودانگی سروشتی ئاوارەدۆستی خۆی و کەڵکەڵەی ئازادیخوازی خۆیەوە دەکرد، کە گوایە بەر هەڕەشە کەوتبوو، بۆیە بەلاف و گەزافەوە گوتی:

– لێ من ناکەومە داوی ئەوەوە! من ماسییەکی گەورەم، بەو ڕاوناکرێم، لە ئێستا زووتر نییە، باروبنە دەپێچمەوەو فیزماڵکی دەدەمێ و بۆی دەردەچم... چۆنە بەلاتەوە؟

هەنگێ لە ناوەندی نانەواخانەکەدا ڕاوەستا، لە فکران ڕاچوو، بزەیەک بەسەر لێوەکانیەوە سەمای دەکرد، زۆر بەوردی دیقەتی ڕوخساریم دەدا کەچۆن لەناکاوا گۆڕا، دەمویست بزانم بڕیاری بە چییە.

لە ناکاوا گوتی:– ماکسیم چۆنە بڕۆین بۆ کوبان؟!

ئەم بڕیارەی ئەو، بۆمن چاوەڕوان نەکراو بوو. من لەدڵی خۆدا ئەوم بە وەستای خۆم دەزانی، هەقی وەستایەتی بەسەرمەوە هەبوو، بەتەمابووم لە پاداشتی ئەو چاکەیەدا، فێری خوێندن ونووسینی بکەم وهەرچییەک کەخۆم تا ئەوکاتە فێری بووبووم، ئەویشی فێر بکەم... بەڵێنی دابوومێ کەهەموو هاوێنەکە لێرە وەمێنێ، دیارە مانەوەی ئەو لێرە بۆمن و ئەرکی من بارسووکییەکی باش بوو... کەچی ئەوەتا..

بە نیگەرانی و پەشۆکاوییەوە گوتم:– نا، ئەمە کارێکی نابەجێیە!

لە ناکاوا هاواریکرد:– ئەدی باشەچبکەم؟

بەزەحمەتێکی زۆر تێمگەیاند، کەنیازی کاپیتولینا، بەوشێوەیەی ئەو تێی گەیشتووە جدی نییە، دەبێ ئەم سەبر بکات و چاوەڕوان بکات تا بزانێ چ ڕوودەدات.

ئەوەی ڕاستی بێ، زۆریش چاوەڕوانمان نەکرد.

نزیکی نیوەشەو بوو کونوڤالوڤ، نزیکەی دوو سەعات بوو هاتبووەوە. لەناو نانەواخانەکەدا، لەسەر ئەرزەکە و لەپشت پەنجەرەکە دانیشتبووین و خەریکی گفت وگۆ بووین. لەناکاوا دەنگی شکانی شووشەی پەنجەرەکە لەپشتمانەوە هات. خڕکە بەردێکی گەورە لە پەنجەرەکەوە هاتە ژوورەوە و کەوتە سەر ئەرزەکە. هەردووکمان هەراسان لەجێی خۆ ڕاپەڕین و بەرەو پەنجەرەکە غارمان دا.

دەنگێک لەسەر شەقامەکەوە هاواریکرد:

– بەری نەکەوت! باش نیشانەم نەگرتبووەوە... ئەگینا..

پاشان دەنگێکی گڕ و بڵند بەرز بووەوە کە دەیگوت:

– وەرە با بڕۆین... پاشان من بە خزمەتی دەگەم!

دەنگی قاقایەکی هیستریانەی مەست، کە نائومێدی لێدەباری و موچوڕکەی بەگیاندا دێنا، لە پەنجەرە شکاوەکەوە هاتە ژوورەوە.

کونوڤالوڤ، بە خەمینیەوە گوتی:- ئەوە خۆیەتی.

سەیرم کرد، دووپێ لە دەرێ ڕا بە پەنجەرەکەدا هەڵزناون و لەجم وجوڵدان، تا لە شوێنێکا بگیرسێنەوە.

دووبارە دەنگە بڵندەکە بەرز بووەوە:- دەوەرە با بڕۆین!

- بەرمدە! ڕام مەکێشە! وازبێنە با نەفەسێک تازە بکەمەوە! بە دوعا ساشا، بە دوعا!..

ئەوجا دەمرێژێک جنێوی بەسەرا کرد.

کە پتر لە پەنجەرەکە نزیک بوومەوە، کاپیتولینام بینی کە دانەوی بووەوە و دەستی بە قەراخ شوستەکەوە گرتبوو و هەوڵی دەدا تاناو نانەواخانەکە بدینێ، قژە درێژەکەی بەسەر شان ومل وسینگ وبەرۆکیا پەخش و پەرێشان بووبوو. سەرپۆشە سپیەکەی داخزی بووە دواوە، بەرۆکی کراسەکەی دڕابوو، لە مەستیدا خۆی پێنەدەگیرا، نزگرە لە سەر نزگرەی دەدا، سخێف و جنێوی پیسی دەدا، بە دەنگی بەرز و لەرزۆک هاواریدەکرد، سەراپای دەلەرزی، ڕوندک بە ڕوخسارە مەست و سوور هەڵگەڕاوەکەیدا دەهاتە خوارێ..

کابرایەکی درێژ بەسەریا داهاتبووەوە، دەستێکی نابووە سەرشانی کاپیتولینا و دەستەکەی دیکەی بە دیوارەکەوە گرتبوو و بەردەوام هاواری دەکرد:- وەرە بابڕۆین!

- ساشا! تۆ منت کوشت، ئەمەت لەبیر نەچێت! هەی بە نەعلەت بی. شەیتانی قژ سوور! کاشکێ لەبار دایک چووبای! من بە تەمابووم بگەڕێمەوە، ڕێگای ڕاست و دروست بگرمەبەر. بەڵام تۆی نارەسەنی نا نەجیب دەسخەرۆت کردم. با وابێ،

حیسابی خۆمت لە گەڵدا پاکدەکەمەوە! ترسنۆک، خۆتم لێدەدزییەوە. وانییە؟ شەرم لە خۆ ناکەی، هەی بەرازی لە بەراز بوو! ساشا.. گیانەکەم!..

کونوڤالوڤ، لە پەنجەرەکە نزیک بووەوە، چووە سەر تەشتێک، لە پەنجەرەکەوە سەری کێشا و بەدەنگێکی گڕی خەمین گوتی:

– من خۆم نەدزیوەتەوە... ئاخر بۆچی خۆم بدزمەوە؟ تۆ هەق نییە قسەی وابکەی، من ویستم یارمەتیت بدەم. وامدەزانی کارێکی باشدەکەم، بەڵام تۆ هیچت تیا نەهێشتەوە...

– ساشا! دەتوانیت بمکوژیت؟

– بۆچی خواردووتەوە، خۆت مەست کردووە؟ کێ چوزانێ سبەینێ چ دەبێ و چ ڕوودەدات؟

– ساشکا، ساشا! بمخە ڕوبارەکەوە با بخنکێم!

دووبارە دەنگە گڕەکە بەرز بووەوە:– بەسە... بەسە! بابڕۆین!... کاپیتولینا گوتی:

– هەی نارەسەن! بۆچی خۆت وەکو کەسێکی باش نواند؟

– ئەم هەرا و هەنگامەیە چییە؟ ئەوانە کێن؟

دەنگی شاوری حەسحەسەکە، تێکەڵ بە گفت وگۆی ئەو دوو نەفەرە بوو، ئیدی بێدەنگ بوون ولە قسان کەوتن. لێ ئافرەتەکە لەبەر پەنجەرەکەدا هۆن هۆن دەگریا و دەیگوت:– ئاخر من بۆ باوەڕم بە شەیتانێکی وەکو تۆ کرد؟

لەناکاوا لاقی کەوتە لەرزین، بەرز بوونەوە، لە تاریکیەکەدا دیار نەمان. دەنگی هەرا وزەنا بەرزبووەوەو زرم وکوت دەستی پێکرد.. ئافرەتەکە بەوپەڕی نائومێدی دەپاڕایەوە:– نامەوێ بۆ پۆلیسخانە بڕۆم! سا... ش ... ا!

دەنگی هەنگاوی قورس بەسەر شۆستەکەدا، لەگەڵ دەنگی شاور، هەنسکی گریان، هاواردا تێکەڵ دەبوو..

– سا... ش...ا ! ساشای... ئازیزم!

وەکو ئەوە بوو مرۆڤێک ئەشکەنجە و عەزابێکی دڕندانە بدەن، بەڵام بەرەبەرە دەنگە دەنگ و ژاوەژاوەکە لە ئێمە دوور دەکەوتەوە. لە تاریکیەکەدا، کەم وکەمتر دەبووەوە، دەتوایەوە، ئەنجام وەکو دێوەزمەیەکی ترسناک بە تەواوەتی نەما.

من و کونوڤالوڤ، لەم دیمەنە خێرایە حەپەسابووین، چاومان بڕی بووە تاریکییەکە. هەرچیمان دەکرد، نەماندەتوانی، لەو هاوار وگریان وجنێو وفەرمانی پاسەوان و ئاهوناڵانە ڕزگار بین و وەخۆ بێینەوە. کە هەندێک لەو هەراوزەنایانەم وەبیر دەهاتنەوە، باوەڕم نەدەکرد ئەو هەموو هەرا و فەڕتەنەیە بەڕاستی ڕوویان دابێ-- ئەو کارەساتە کورت خایەن و دڵتەزێنە، بە خێراییەکی باوەڕ نەکردەنی تەواوبوو.

کونوڤالوڤ، بەدەم گوێگرتنەوە، لەبێدەنگی شەوە تاریکەکە کەلە پەنجەرەکەوە سەرە تاتکێی لەگەڵ دەکردین، بە ڕاوێژێکی کورت و سادە گوتی:– تەواو بوو.

دوای چەند چرکەیەک بێدەنگی، کونوڤالوڤ بەهەمان دەقەوە کە لەسەر تەشتەکە ڕاوەستابوو وهەردوو باسکی نابوونە سەر قەراخی پەنجەرکە بەسەرسامی لە سەر قسەکەی ڕۆیی و گوتی:

– دوای ئەو هەموو قسەیە کەبە منی گوت، ئاخری کەوتە دەستی پۆلیس. بە مەستیش، لەگەڵ ئەو کابرا مەستەدا، چەند زوو ئەو کابرایەی پەیدا کرد!... دەمزانی ئەوەی بەسەر دێت.

کونوڤالوڤ، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. لەسەر تەشتەکە هاتەخوارەوە، لەسەر فەردە ئاردێک ڕۆنیشت، سەری لەنێو هەردوو دەستی نا، خۆی بەملا و بەولادا ڕادەژەند. دوای کەمێک ڕووی کردە من و لەبن لێوانەوە گوتی:

– ماکسیم، پێم بڵێ، چی ڕوویدا؟... من چیم لەسەرە، دەبێ چیبکەم؟

پێمگوت کە مرۆڤ هەر کارێک بکات، دەبێ بەرلە هەر هەنگاوێکی کردەکی بیر لە ئاقیبەت وئاکامی بکاتەوە، ئەگەر ئەمە نەکات ، هەرشتێکی بێتەڕێ، تەنیا خۆی بەرپرسیارە، هەقی ئەوەی نییە گلەیی وگازن لە کەس بکات. زۆر لێی پەست بووم. چونکە هێشتا گریە وزاری کاپیتولینا وقسەی کابرا مەستەکە کەبە کاپی دەگوت: " وەرە با بڕۆین! با بڕۆین! " لەگوێمدا دەزرنگایەوە، نەمدەتوانی هاوڕێکەم ببەخشم و دڵم بەحاڵی نەدەسووتا.

کونوڤالوڤ، سەری لەبەرخۆ نابوو و گوێی لە قسەکانی من دەگرت، وەختایەک لە قسەکانم بوومەوە، سەری هەڵێنا، شوێنەواری ترس و حایرمانم لە سیمایا بەدی کرد. لەناکاوا هاواریکرد:– ئاوها؟ زۆرچاکە، ئەدی تەگبیر؟ ئێستا چ بکەم؟

لە قسەکانیا لەلایەکەوە جۆرە ئیعترافێکی منداڵانە بە خەتاکانی خۆی دیار بوو و لەلایەکی دیکەوە، پەرێشان و خەمباری ئەم ئافرەتە بوو. ئیدی کە بەو حاڵەوەم بینی زۆر بەزەییم پێیدا هاتەوە، لەدڵی خۆدا گوتم: " بۆ بەو توونديە سەرکۆنەم کرد؟ "

کونوڤالوڤ، خەجاڵەت و پەرێشان، بەخۆی دەگوت:

– باشە بۆچی بۆ ئێرەم بانگ کرد؟... ئاخ، بە چ سۆزێکەوە گلەیی لێم دەکرد! فایدەی نییە، هەر ئێستا دەچم بۆ پۆلیسخانە و هەموو هەوڵێکی خۆم دەخەمەکار بەڵکو ئازادی بکەم... دەیبینم و دڵنەوایی دەکەم... چ دەڵێی، بڕۆم؟

پێمگوت، چوونەکەی بێهودەیە، فایدەی نییە. واچووش چی بەو ئافرەتە دەڵێت؟ ئەمە جگە لەوەی کاپیتولینا مەست و سەرخۆشە و لەوەیە ئێستا خەوتبێت.

لێ کونوڤالوڤ، کە ڕژد بوو لەسەر چوون، گوتی:

– نا، هەر دەڕۆم! بەلای کەمەوە سووکە یارمەتیەکی دەدەم. ئاخر ئەو خەڵکەی ئەوێ دەکەنە چی ئەو. تۆ هەرچییەک دەڵێی بیڵێ، من خێروچاکەی ئەوم دەوێ. ماکسیم تۆ ئاگات لە دووکانەکە بێ! هەر ئێستا دەگەڕێمەوە..

کڵاوەکەی کردەسەری و لە نانەواخانەکە وەدەرکەوت. لە پەلەپەلیدا لەبیری چوو، سۆلە شڕەکانی لەپێ بکات.

من کاری خۆم تەواوکرد و خەوتم. کە سپێدە زوو لەخەو ڕابووم، وەکو هەمیشە تەمەشایەکی ئەو سووچەم کرد کە کونوڤالوڤ لێی دەنووست. هێشتا نەگەڕابووەوە.

درەنگانێک هاتەوە. قژی پەرێشان و تێکئاڵاو، نێو چاوانی تێک نابوو، تەمێکی تاریک چاوە شینەکانی داگرتبوو. تەمەشای منی نەکرد، چووبەلای تەشتەکانەوە، تەمەشایەکی ئەو کارەی کرد کە من کردبووم، بە بێئەوەی ورتە بکات، لەسەر ئەرزەکە لێی ڕاکشا.

لێم پرسی:– ها، بینیت؟

– بۆ ئەوە چووبووم.

– ئێ، چی بوو؟

– هیچ!

دیاربوو، حەزی نەدەکرد قسە بکات، چونکە دەمزانی ئەم حاڵە درێژە ناکێشێت، بۆیە نەمویست پرسیارپێچی بکەم. بەڵام بە پێچەوانەوە، بە درێژایی ڕۆژەکە هەر مات وخامۆش بوو. جارجار، بەناچاری هەندێ قسەی دەربارەی کاری ڕۆژانەمان دەکرد.

چاوانی تەمباری دەبڕینە ئەرزەکە و بەنێو نانەواخانەکەدا دەهات ودەچوو. دەتگوت شتێک لە ناخیا کوژاوەتەوە، زۆر بەخاوی و بێ مەیلی کاری دەکرد، دەتگوت، دەگەڵ بیروخەیاڵەکانی خۆیدا سەرگەرمە. شەوێ کە دوا وەجبە نانمان خستە تەنوورەکەوە، لەترسی ئەوەی نەبادا زیاد ببرژێ یان بسووتێ، نەچووینە ناو جێگاوە، بەبێداری ماینەوە. کونوڤالوڤ، گوتی:- سەربووری " ستنکا "م بۆ بخوێنەوە!

ئیدی، لەبەر ئەوەی بەشی ئەشکەنجەدان و ئیعدام کردنەکەی ستینکا (ستیپان) لە بەشەکانی دی پتر کاری تێکردبوو، لەوێندەرەوە دەستم بە خوێندنەوە کرد. کونوڤالوڤ، لەم کاتەدا، لەسەر گازی پشت لە ئەرزەکەدا ڕاکشابوو وبەدەم گوێگرتنەوە، چاوانی بڕی بوونە بنمیچە دووکەڵاوییەکە و نەیدەتروکاندن. دوای تۆزێک بە ئەسپایی گوتی:

- ئا بەوجۆرە کەسێکیان لەنێوبرد. ستنکایان ئیعدام کرد. وێڕای هەموو ئەوەش، ژیان لەو سەردەمەدا باشتر بوو، خەڵکی ئازادی زیاتریان هەبوو، دەیانتوانی بۆ هەر کوێیەکیان بویستبایە، بڕۆن. بەڵام ئێستا خەڵکی ڕام بوون، بە ڕواڵەت نەزم و نیزام بەرقەرارە. کتێب چاپ دەکرێن، خەڵکی خوێندەوارن... بەڵام مرۆڤ، زۆر تەنیایە، بێ پشت و پشتیوانە، بێ یار ویاوەرە، کەس لەخەمی کەسدا نییە... سزای خەتا و هەڵە زۆر قورسە، لە کاتێکا ژیان بەبێ خەتا و هەڵە مەحاڵە... بۆیە لە ڕواڵەتا نەزم و نیزام بەرقەرارە، بەڵام لە ناوەڕۆکا، پاشا گەردانییەکە ئەوسەری دیار نییە، کەس لەکەس تێناگات.

لێم پرسی:- باشە لەگەڵ کاپیتولینادا چیت کرد؟

لە جێی خۆی ڕاپەڕی و گوتی:- چی! لەگەڵ کاپا؟ تەواو، هەموو شتێک تەواو بوو.

وەکو یەکێک کە قسەکەی خۆی بردبێتەسەر، دەستی هەڵتەکاند.

من گوتم:– یانی تەواو، یەکلاییت کردەوە؟

– نا! من یەکلاییم نەکردەوە.. بەڵکو خۆی کۆتایی بەم ڕەوشە هێنا.

– چۆن؟

– زۆر سادە. هەمان ڕێگای جارانی گرتووە، ئامادە نییە خۆی بگۆڕێت. جاران نەیدەخواردەوە، بەڵام ئێستا خووی داوەتە بادەنۆشیش.

ئەوجا گوتی:– نانەکان لە تەنوورەکە دەربێنە، من دەخەوم.

بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر نانەواخانەکەدا کێشا. فانووسەکە دووکەڵی دەکرد. لەنێو تەنوورەکەوە، جارجار قرچ وهۆڕی سووتانی دار دەهات. نانە گوڵ گوڵیەکانیش کەلەسەر پێشخوانەکە هەڵدرابوونەوە کە بایەکە لێی دەدان، قرچەقرچێکیان لێ هەڵدەستا.

دوو حەسحەس، کەلە سەر جادەکە ولەنزیک پەنجەرەکەی مەدا وەستابوون، پێکەوە قسەیان دەکرد، جارجار دەنگێکی سەیری دیکە لە شەقامەکەوە دەهاتە ژووری، خۆیانەبوو کە ئاخۆ دەنگی تابلۆی نانەواخانەکە بوو، کە بایەکە ڕای دەوەشاند یان دەنگی ناڵە وهاواری کەسێکی بێچارە و بێنەوا بوو.

نانەکانم لە تەنوورەکە دەرهێنا وپاڵکەوتم، بەڵام خەوم لێنەدەکەوت. بە چاوانی نیمچە کراوەوە، دەمڕوانیە دەوروبەری خۆم و گوێم لە هەموو دەنگەکانی شەو دەگرت. کونوڤالوڤ، لە ناکاوا هەستاو بەبێدەنگی بەرەولای ڕەفەکە ڕۆیی. کتێبەکەی " کوستوماروف "ی داگرت، کردیەوە، لەچاوی خۆی نزیک کردەوە. من بە ئاشکرا دەم وچاویم دەبینی کەچۆن لە فکران ڕاچوو بوو، دەمبینی کەچۆن قامکی بەسەر دێڕە چاپکراوەکاندا دێنا و سەری دەلەقاند و لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە ولەدێڕ بە دێڕیان ورد دەبووەوەو، ئەوجا تەمەشای منی دەکرد. شوێنەواری نیگەرانی وحیرەت و حایرمان

بە قەڵافەتی خەواڵویەوە دەخوێنرایەوە. ماوەیەکی زۆر چاوی لەمن نەگواستەوە، ئەوکارەی وی بۆ من وبەلای منەوە تازە بوو، جۆرە کونجکاویەکم لە لا چێبوو وپرسیم:– چ دەکەیت؟

بە داوای بووردنەوە گوتی:– وامزانی نووستوویت.

ئەوجا، لێم نزیک بووەوە، کتێبەکەی بەدەستەوە بوو، لەلامەوە ڕۆنیشت و بەدەمە لاڵکێوە گوتی:

– پرسیارێکم هەیە، باشە هیچ کتێبێک نییە، یاسا ورێساکانی ژیانمان فێربکات؟ مەبەستم کتێبێکە فێری ئەوەت بکات کە چۆن ڕەفتار بکەیت. بۆ نموونە ئەو کتێبە پێت بڵێ چ ڕەفتارێک هەڵە و بە مەزەڕەتە و چ رەفتارێک دروست و بە سوودە.. بەخۆت دەبینی کەمن سەر لە ڕەفتار و کرداری خۆم دەرناکەم... ئەو کارەی لە سەرتاوە بەباشی دەزانم، لە کۆتاییدا، خراپ دەردەچێت. بۆ نموونە ڕەفتاری من لەگەڵ کاپادا، وابوو.

کونوڤالوڤ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و، دەستی بەقسان کردەوە:

– بزانە بگەڕێ ئەگەر کتێبێکی لەوجۆرەت دەستکەوت، بیهێنە وبۆمی بخوێنەوە.

دوای بێدەنگیەکی کەم، دووبارە گوتی:– ماکسیم!

– چییە؟

– کاپیتولینا، حەشری پێکردم ها!

– چ قەیدیە؟ هەر گوێشی مەدەیە، لەزەینی خۆتی بسڕەوە..

– بێگومان، تازە ڕۆیی و بڕایەوە. بەڵام بەڕای تۆ هەقی بوو یان نا؟

پرسیارێکی هەستیار بوو، وەڵامەکەی ئاسان نەبوو، لێ دوای بیرکردنەوەیەکی کەم گوتم:- ئا، هەقی بوو!

کونوڤالوڤ، بە خەمینی یەوە گوتی:- منیش وای بۆ دەچم... هەق بەو بوو.

ئەوسا بێدەنگ بوو. کونوڤالوڤ، تا ماوەیەک لەسەر ئەو حەسیرەی کەلەسەر ئەرزەکە ولە ناو نانەواخانەکەدا ڕایخستبوو گینگڵی دا، چەند جارێک هەستایەسەر پێیان، سیغارێکی پێکرد، لەبەر پەنجەرەکەدا ڕۆنیشت، ئەوجا لەسەر ئەرزەکە ڕاکشایەوە.

ئەنجام خەوم لێکەوت. وەختایەک ڕابووم، ئەو لە نانەواخانەکەدا نەمابوو، هەوەڵی شەوێ گەڕایەوە. تۆز وغوبار لە سەراپای نیشتبوو، چاوەکانی بێ جووڵە، لێڵ و تەمبار بوو، ئەو پرشنگ و گەشییەی جارانیان نەمابوو، کڵاوەکەی لەسەری داکەند و هەڵیدایە سەر ڕەفەکە، ئاهێکی هەڵکێشا و لەلای منەوە ڕۆنیشت. لێم پرسی:- لەکوێ بوویت؟

- چووبووم بۆ دیتنی کاپا!

- ئێ؟

- ئیدی، وەکو پێمگوتی هەموو شتێک تەواو بوو برادەر!

بۆ ئەوەی کەمێک دڵخۆشی بدەمەوە، گوتم:

- ئیدی ئەم جۆرە خەڵکانە واهین، ناگۆڕێن..

ئیدی چەند قسەیەکم دەربارەی ڕاهاتن و خوو پێگرتنەوە کرد، کەچەند تەرککردنی زەحمەتە، خوویە گرتت بە شیری تەرک ناکرێ بە پیری. کونوڤالوڤ، دانیشت، سەری لەبەرخۆ نابوو، چاوی بڕی بووە ئەرزەکە، بێدەنگ بوو تا من لە قسەکانم بوومەوە. ئەوسا گوتی:

- ئاخ، وانییە، تۆ هەڵەیت.. ئەمە ڕیشەی مەسەلەکە نییە... پێدەچێ من نەخۆش بم.. وادیارە شانسم لەم ژیانەدا نییە، ئیدی بەختەکەی خۆم بەدبەخت شوومە. هەناسە ونەفەسم ژەهرە ژەهر، ژەهر هەڵدەڕێژم، کەبەلای هەر کەسێکدا دەڕۆم، یەکسەر ژەهراوی دەبێت و خەڵکی تووشی ڕەنج و بەدبەختی دەکەم... من تێکەڵیم لەگەڵ زۆر کەسدا هەبووە و هەیە، بەڵام هەرچی سەردێنم و سەر دەبەم کە خێرم بۆ چ کەسێک بووە، هیچ کەسێکم بەخەیاڵدا نایەت، بە عەمراتم نەبوومەتە بایسی خۆشبەختی هیچ کەسێک.. بەڵێ من هیچ نیم و هیچ خێرێکم لێناوەشێتەوە..

- بەسە، ئەم قسە هەلەق ومەلەقانە چییە دەیکەیت!..

سەرێکی لەقاند وبە متمانەوە گوتی:- ئەوە حەقیقەتە. ناوچەوانەکەم نایکات و بڕایەوە!..

ویستم، ئەوەی بۆ بسەلمێنم کە هەڵەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە کە گوێی لە قسەکانم بوو، هێندەی دیرژد بوو لەسەر ئەوەی کەلەم دنیایەدا بەکەڵکی هیچ نایەت... شایستەی ژیان نییە..

کونوڤالوڤ، لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەوە تەواو گۆڕابوو، تەواو ورەی بەردابوو، خەیاڵاوی و حەواس پەرت، کەم دوو، لەخۆدا غەرق بوو، نە تاقەت و جۆش وخرۆشی کارکردنی ما، نە حەز و ئەڵهاکەی جارانی دەرهەق بە کتێب ما. ئیدی مات وخامۆش وبێ حەواس بووبوو.

لەکاتی دەست بەتاڵیدا، لەسەر ئەرزەکە ڕادەکشا، چاوی دەبڕییە میچە گومەزییەکە. گۆناکانی بە قووڵەوە چوون، پرشنگی مندالانەی چاوەکانی لە حەوت کێوان ئاوابوو.

لێم پرسی:- ساشا، چیتە؟

وەڵامی دامەوە:- ئەمە سەرەتای بادەنۆشی منە، حاڵم دەگۆڕێت، فایدەی نییە، جگە لەمەی نۆشی و مەیگوساری هیچ کارێکی دیکەم لەدەست نایەت… ئیدی وەختی هاتووە، ئەگەر ئەو شتە ڕووی نەدابا ڕەنگە ماوەیەکی زیاتر بەرگەم بگرتایە… ئەم پێشهاتە لەناوم دەبات، خۆشم نازانم ئەمە بۆچی واشکایەوە، گوایە بە ناخێرم هاتم چاکە دەگەڵ مرۆڤێکدا بکەم، بەڵام ڕێک بە پێچەوانەوە شکایەوە! چاکەی سەربەخۆ سەری ساحێبی! بەڵێ برادەر، ئێمە پێویستمان بە یاسا و ڕێسایەکە فێرمان بکات چۆن ڕەفتار بکەین. باشە زۆر زەحمەتە یاسا و ڕێسایەک پەیدا ببێت تا مەردم ناچار بکات، وەکو یەک تاک کار بکەن و لەنیاز و مەبەستی یەک تێبگەن؟ ئەسڵەن ژیانی بەشەر بەو هەموو جیاوازییەوە کەلە نێوانیاندا هەیە، مەحاڵە! مەگەر زانا و دانایان نازانن، دەبێ نەزم و نیزامێک لەسەر ڕووی زەوی بەرقەرار بێ و ڕێی ڕاست بەخەڵکی نیشانبدەن؟

کونوڤالوڤ، نوقمی بیری نەزم ونیزامی نوێی ژیان بوو و بەهیچ کلۆجێ گوێی بەمن نەدەدا. هەستم دەکرد خۆیم لێدەدزێتەوە. ڕۆژێک دوای ئەوەی بۆ سەدەمین جار باسی تازەکردنەوەی نەزم و نیزامی ژیانم بۆ کرد، تووڕە بوو وگوتی:

- دەبەسە، سەد جار ئەم قەوانەت بۆ لێداومەتەوە.. جەوهەر وکرۆکی مەسەلەکە ژیان نییە، بەڵکو خەڵکەکەیە… خەڵکی گرینگن، تێدەگەی؟ ئیدی بەس ئەم خەڕەکە دووبارە بکەوە.. ئەوەی من لەقسەکانی تۆ دەیخوێنمەوە ئەوەیە کە تا هەموو شتێک نەگۆڕێت، مرۆڤ هەر بەوحاڵەوە دەمێننەوە… نا، وانییە. هەوەڵجار خەڵکەکە بگۆڕە و ڕێگایان پێ نیشانبدە کە چۆن بژین و چۆن ڕەفتار بکەن، هەنگێ هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە و کەس دژی کەس ناوەستێت. بەشەر پێویستی بەو شتانەیە، ئەو شتانەیان پێ نیشانبدە، تا ڕێگەی ژیان بدۆزنەوە.

بەرپەرچم دایەوە، خوای نەما، نێوچەوانی تێک نا. هاواریکرد:- بەسە، وازم لێبێنە!

ڕۆژێک، دەمەو عەسرانێکی درەنگ لە نانەواخانەکە وەدەرکەوت. نە شەوێ و نە ڕۆژی دواتر بۆ سەر کارەکەی نەگەڕایەوە. لە جیاتی ئەو ئەرباب (خودان نانەواخانەکە ) هات بۆ نانەواخانەکە، بە نیگەرانییەکی ئاشکراوە گوتی:

– ساشا، دیسان خووی داوەتە خواردنەوە، ئەوەتا لە مەیخانەکە دانیشتووە. دەبێ شاترێکی ( نانەوا ) دیکە پەیدا بکەین..

– بەڵکو زوو وەخۆبێتەوە!

– نا، مەحاڵە وازوو وەخۆ بێتەوە... من چاکی دەناسم.

من بەرەو " ستنکا " چووم، ستنکا، مەیخانەیەک بوو، زۆر وەستایانە لە دیوارێکی بەردیندا، دروست کرابوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ستنکا ئەوە بوو کە هیچ پەنجەرەیەکی نەبوو و تیشکی هەتاو لە کلاوڕۆژنەکانی سەربانەوە دەیدا لەناو مەیخانەکە. ئەم مەیخانەیە لە ڕاستیدا لە چاڵێکی چوارگۆشە دەچوو کەلە عاردی هەڵکەنرابێت و سەری بە لەوح ( دەپ، تەختە ) گیرابێت. لەناوەوە بۆنی شێ و تووتن و ڤودکای لێدەهات. مشتەرییانی هەمیشەیی ئێرە، خەڵکانی دەربەدەر و سەرگەردان و گومان لێکراوی بێ کارەبوون. ئەم خەڵکانە، لەو مەیخانەیەدا دەمانەوە، چاوەڕوانی کەسێکی خاوەنکاری بادەنۆشیان دەکرد، کەبۆ خواردنەوە بێت، ومەست ببێت و لە سەر حیسابی ئەو بخۆنەوەو دوا قرۆشی لێ بکێشنەوە.

کونوڤالوڤ، لەناوەندی مەیخانەکەدا، لەپشت مێزێکی گەورە دانیشتبوو. شەش کەسی لات و شڕپۆش، دەوریان دابوو، قەڵافەتی قارەمانانی چیرۆکەکانی " هوفمان " یان وەبیر دێنایەوە. مەزەکەیان شتێک بوو لە قوڕی وشکەوەبوو دەچوو، بەدەم بیرە و ڤودکا خواردنەوەوە، بەوپەڕی ڕێز و ڕیابازییەوە گوێیان لە قسەکانی کونوڤالوڤ دەگرت. کونوڤالوڤ، دەیگوت:

– بخۆنەوە، براینە بخۆنەوە، تا دەتوانن بخۆنەوە. من هەم پارەم پێیە، هەم جلکم لەبەرە... بەشی خەرجی سێ دانە ڕۆژ دەکات. کە پارەکان تەواو بوو، جلەکانم دەفرۆشم و ڤودکای پێ دەخۆینەوە... ئیدی چ دەبێ بابێ، بە جاڕ و بەجەهەنەم! ئیدی نە لەم شارە کاردەکەم و نە لێرەش دەژیم.

یەکێکیان کە لە جۆن ڤالستاف دەچوو گوتی:– بەڕاستی شارێکی بۆگەنە! یەکێکی دیکەیان، چاوی بڕییە بنمیچەکە و بەسەرسامی پرسی:

– کار؟ چما بەشەر بۆ کارکردن خولْقاوە؟!

ئەوجا هەموو بەجارێ کەوتنە ژاوەژاو و غەڵبەغەڵب و دەیانویست بۆ " کونوڤالوڤ " ی بسەلمێنن کە هەقی خۆیەتی هەرچیەکی پێیە لەبادەنۆشی خەرج بکات، نەک هەر ئەم مافەی هەیە، بەڵکو ئەرکی بێ چەندن وچوونی ئەوە، هەرچییەکی پێیە، برابەش لەگەڵ ئەواندا ڤودکای پێ بخواتەوە.

کونوڤالوڤ، هەرکە چاوی بەمن کەوت، هاواریکرد:

– ماکسیم، بەخێر هاتی کوڕی قۆز، وەرە، وەرە کرمی کتێبان، وەرە هەر بەسەرپێوە پێکێک هەڵدە! من تەواو سەرخۆشم برادەر، دەمەوێ ئەوەندە بخۆمەوە تا وەکو تۆپ دەتەقم، تا تەنیا قژم دەمێنێتەوە، وەرە شتێکمان لەگەڵدا بخۆوە!

کونوڤالوڤ، هێشتا بە تەواوەتی مەست نەبووبوو. چاوەشینەکانی کسکەکسک دەبریسکانەوە، ڕدێنە جوان و پڕەکەی کە وەکو باوەشێنێکی ئاورێشمین سینگ و بەرۆکی داپۆشی بوو، ناوبەناو دەلەرزی. یەخەی کراسەکەی کرابووەوە. تنۆکە ئارەقە بەسەر هەنیە سپیەکەیەوە دەبریسکایەوە، دەستی کەبە پەرداخێ بیرەوە بۆلای منی درێژ کردبوو، دەلەرزی.

دەسیم نایەسەر شانی وگوتم:– ساشا، واز لەمە بێنە، وەرە با لێرە دەرچین.

بە پێکەنینەوە گوتی:

– وازی لێ بێنم؟ ئەگەر دەساڵێک لەمەپێش ئەم قسەیەت بکردایە لەگین بوو، پێکەکەم فڕێ بدابا، بەڵام ئێستا نا، جگەلەمە چ چارێکی دیکەم هەیە؟ من هەست بە هەموو شتێک دەکەم، لە بچووکترین جووڵەی ژیان بە ئاگام، بەڵام سەر لەهیچ شتێک دەرناکەم، نازانم دەبێ چ بکەم، چۆن بژیم. پێمگوتی هەست بە هەموو شتێک دەکەم، هەر بۆیەش دەخۆمەوە چونکە هیچ چارێکیدیکە شک نابەم، نازانم چ بکەم... هانێ بگرە! تۆش بخۆرەوە!

هاوڕێکانی، بە ئاشکرا لێم پەست بوون، مۆڕەیان لێم دەکرد، هەموو ئەو چاوانە، دوازدە چاو، بەوپەڕی دژمنایەتیەوە، سەراپایان بە نیگا دادەبێژت.

ئەم داماوانە خەمی ئەوەیان بوو کە نەبادا کونوڤالوڤ، لەگەڵ خۆما بەرم و ئەو دەعوەتەیان لەکیس بچێت، کە یەک هەفتەی تەواو بووچاوەڕوانی بۆنەیەکی واهی بوون.

کونوڤالوڤ، هاواریکرد:

– براینە، ئەمە هاوڕێمە، گەنجێکی ڕۆشنبیرە، بە نەعلەتی شەیتان بێت! ماکسیم دەتوانی کتێبی ستنکام، لێرەدا بۆ بخوێنیتەوە؟ برادەرانی ئازیز، کتێبی باش لە دنیادا یەجگار زۆرن!... ماکسیم دەتوانی سەربهوردی پیلا بخوێنیتەوە؟ برادەرینە، ئەمە کتێب نییە، یەکپارچە فرمێسک و خوێنە. پیلا، کوت ومت منە، وانییە ماکسیم؟ سیسویکاش هەر منە... ئۆف خودایا! هەنووکە هەموو شتێکم بۆ ڕوون بووەتەوە!

بەدوو چاوی ئەبڵەقەوە، کەیەکپارچە ترس بوو، دەیڕوانیە من و لێوی خوارەوەی بە شێوەیەکی سەیر دەلەرزی و تەتەڵەی دەکرد.

هاوڕێکانی، بە نەبەدڵی وبێ مەیلییەکی زۆرەوە، جێگایەکیان، لەبەینی خۆیاندا بۆ کردمەوە، ڕێک لەو کاتەدا کە کونوڤالوڤ، خەریک بوو پێکێک کۆکتێلی بیرە و ڤۆدگای هەڵدەدا، لە تەنیشتیەوە دانیشتم.

دیاربوو، دەیویست بەو کۆکتێلە، زووتر خۆی مەست بکات. کە پێکەکەی هەڵدا، پارچەیەک گۆشتی، کەلە قوڕی وشکەوەبوو دەچوو، لەسەر قاپەکەی بەردەمی هەڵگرت، تەمەشایەکی کرد و ئەوجا بە سەر سەری خۆیدا تووڕی هەڵداو کەوت بە دیواری مەیخانەکەدا.

هاوڕێکانی، وەکو گەلە گورگێکی برسی، لەبن لێوانەوە مڕاندیان.

کونوڤالوڤ، لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو:

- من کەسێکی کەساس و بێنەوام… نازانم دایکم بۆچی منی هێناوەتە ئەم دنیایەوە… جگەلە تاریکی هیچ شتێکی دی لە دەوروبەری خۆم بەدی ناکەم. ماکسیم، ئەگەر ناتەوێ لەگەڵماندا بخۆیتەوە، بڕۆ خوات لەگەڵ. من ئیدی بۆ نانەواخانە نایەمەوە، هەندیک پارەم لەلای ئەربابە، لێی وەربگرە، بۆمی بنێرە، با عەرەقی پێ بخۆمەوە!… بەڵام نا، بۆخۆتی هەڵگرە، بیدە بە کتێبان!… کتێبی پێ دەکڕیت؟ نایکڕیت؟ کەیفی خۆتە! نامەرد بی ئەگەر نەیکڕی… دەی هەستە بڕۆ. هەیدێ گوم بە لە بەرچاوم!..

کونوڤالوڤ، تەواو مەست بووبوو، چاوانی وەکو چاوێن دڕندان دەدرەوشانەوە.

هاوڕێکانی، چاوەڕوانی فەرمانی ئەوبوون، تا پشتی ملم بگرن و بەپاڵ وەدەرم بنەن، بەڵام من بۆ ئەوەی کارەکە نەگاتە ئێرە، هەر هەستام ولە مەیخانەکە وەدەرکەوتم.

دوای سێ سەعاتان، دووبارە بۆ مەیخانەکە چوومەوە. هاوڕێکانی کونوڤالوڤ نەک هەر کەم نەبووبوون، بەڵکو دوو کەسی دیکەشیان هاتبووە سەر. هەرهەموویان مەست وسەرخۆش بوون، کونوڤالوڤ، لە گشتیان هۆشیارتر بوو. گۆرانی دەگوت،

ئانیشکەکانی دادابوونە سەر مێزەکە. لە کڵاوەڕۆژنەکەی سەربانەوە، چاوی بڕیبووە ئاسمان، هاوڕێکانی، هەریەکە بەجۆرێ گوێی لە گۆرانیەکەی وی دەگرت، هەندێکیان کەوتبوونە نزگرە و قرِقێنە دانەوە.

کونوڤالوڤ، بە شێوەی قەرار وجەواب گۆرانی دەگوت.. هەرچی داخ و کەسەری هەبوو، بەو گۆرانیە هەڵیدەڕشت. دەستی نابووە پەنا گوێی، چاوانی بە ئاستەم نوقاندبوو، قورتمی بەرز و نزم دەبووەوە. هەشت ڕوخساری مەست و بێهۆش، کە سوور هەڵگەڕابوون، بەبێدەنگی تەمەشای ئەویان دەکرد، مەگەر جارجارێک بڵمەبڵمێک یان نزگرەیەکیان لێ بەرز بوایەتەوە. بەڵام دەنگی کونوڤالوڤ، بە مەحزوونی دەلەرییەوە. دەیناڵاند و ئاخی هەڵدەکێشا. پیاو کە گوێی لە دەنگی ئەم گەنجە بەهرەمەندە دەگرت کە بەو مەحزوونیە گۆرانی دەگوت، خۆی بۆ نەدەگیرا و دەستی بەگریان دەکرد.

بۆنی ناخۆش، قەڵافەتی مەست، فانۆسی نەوتی بە دووکەڵ، دیوارە تەختە دووکەڵاویەکان، زەمینەی گڵێنی مەیخانەکە، کەبە خورتی ناویان نابوو مەیخانە، سێبەرە خەمناکەکان، هەموو ئەم دیمەنە دزێوانە، دڵی بینەری بەهۆشیان دەگوشی. پێدەچوو ئێرە پاتۆقی ئەو کەسانە بێ کەلەم ژێرزەمینەدا زندەبەچاڵ دەکران و لە تۆوایە یەکێکیان بەرلەوەی بەخاک بسپێردرێت، بە گۆرانییەک دوا ماڵاویی لە ئاسمان دەکات. گۆرانی هاوڕێکەی من گوزارشتی لە نائومێدی و نامرادی و دەرد ورِەنج و ئازار و کول و کوڤانی بێنەوایان دەکرد.

کونوڤالوڤ، لەناکاوا گۆرانیەکەی بڕی، دەستی بۆلای من درێژ کرد وگوتی:

– ماکسیم! ئەوە لێرەیت؟ دەتەوێ بتکەم بە دەستیاری خۆم؟ برادەر من خۆم تەیار و ئامادە کردووە، دەستەیەکم لە دەوری خۆم خڕکردووەتەوە، ئەمانە ئەندامی دەستەکەمن. هەڵبەتە پاشان خەڵکانی دیکەش پەیوەندیان پێوە دەکەن. کە کەوتینە سەر

سکه هەنگی پیلا و سیسویکاش ئاگادار دەکەینەوە... هەموو ڕۆژێک نان وگۆشتیان دەرخوراد دەدەین.. ئەگەر حەز دەکەی تۆش وەرە، دێی؟ هەندێک کتێبیش لەگەڵ خۆتا بێنە! دەبێ هەموو ڕۆژێک سەربوور و بەسەرهاتی ستنکام بۆ بخوێنیتەوە، ئاخ هاوڕێم، بێزار بووم، بێزار... بێ... زا...ر..

لە ناکاوا، کۆڵەمستی گوشی وبەتووندی کێشای بەسەر مێزەکەدا. پەرداخ و بوتڵەکان کەوتنە تەق وهۆڕ و هاوڕێکانی وەخۆ هاتنەوەو هەرا وزەنا و غەڵبە غەڵبێکی ترسناک، ناو مەیخانەکەی داگرت. کونوڤالوڤ، هاواریکرد:

– کوڕینە بخۆنەوە، تا دەتوانن بخۆنەوە، خەم و پەژارەی خۆتان فەرامۆش بکەن! تا مڕ دەبنهەر بخۆنەوە!

ناچار لە مەیخانەکە وەدەرکەوتم، چوومە سەر جادەکە و لە بەرانبەر مەیخانەکەدا ڕاوەستام وگوێم لە کونوڤالوڤ بوو کە چۆن بە زمانی گیرەوە فەرمانی بە هاوڕێکانی دەدا کە بۆ جاری دووەم هەڵیکردە گۆرانی، ئیدی بەرەو نانەواخانەکە پەل بوومەوە. ئیدی دەنگە مەست و خەمینەکەی، کونوڤالوڤ، بەو تاریکە شەوە، تا ماوەیەکی زۆر هەر لە گوێما دەزرینگایەوە.

دوای دوو ڕۆژان، کونوڤالوڤ، لەشارا دیار نەما.

***

تەنیا ئەو کەسەی کە لە کۆمەڵگایەکی شارستانی هاتبێتە دنیاوە، سەبر و هەداری ئەوەی دەبێت، بە بێخەم لەو ژینگەیەدا هەڵبکات وهەرگیز ئارەزوو ناکات کەلە قەڵەمڕەوی ئەم هەموو تەشریفات و داب و نەریتە قورس و تاقەتبەر و ئەو درۆ زەق و بێبایەخانەی کە داب و نەریت کردوونی بە قانوون و هەروەها لە خۆ پەسندیانی ناجۆر ودزێو و ناکۆکی و ئەم هەموو جیاوازییە ئایدۆلۆژیە هەڵێت و لەم هەموو خۆپەرستیە کە بکوژی هەست و سۆز و بیر وباوەڕە هەڵێت. جا من چونکە لەم

ژینگەیەدا لە دایک نەبووم و گەورە نەبووم و پەروەردە نەبووم، ناتوانم وەکو پێویست سوود لە فەرهەنگ وشارستانیەتی ئەو وەربگرم، وەختایەک دەچمە ناو ئەو کۆمەڵگەیەوە زۆری پێناچێت، ئارەزووی ئەوەم لا دروست دەبێت کەلەم هەموو پێچ و پەنا و ڕواڵەتسازی و جوانکارییە ڕواڵەتیەی کە هیچ حەقیقەت و هێم وبناخەیەکی نییە، هەڵێم و ماوەیەک لەم ئازارانە دوور بکەومەوەو ئیسراحەت بکەم.

بەڕای من ژیانی گوندیش، وەکو ژیانی ناو ڕۆشنبیرانی شاری، زۆر سەخت و دژوارە. ڕەنگە باشترین کار ئەوەبێ کە مرۆڤ ڕووبکاتە دەخمەکانی قەراخ شار، کە وێڕای هەموو پیسیەکان، هێشتا سادەیی وحەقیقەتی خۆیان لەدەست نەداوە، یان ڕووبکاتە ڕێگەوبان ودەشت ودەر ومەزرا وکێڵگەکان، کە هەم جوانن وهەم سیاحەتێکە کە دڵ و دەروون ئاوەدان دەکاتەوەو هیچ شتێکی ناوێ تەنیا مجێزی ساغڵەم و دووڵاقی بەهێز نەبێت.

من نزیکەی پێنج ساڵێک لەوەپێش، دەستم بە گەشت و سیاحەتێکی لەوبابەتە کرد، بێئەوەی هیچ ئارمانجێکی دیاریکراوم هەبێت، سەرانسەری خاکی پیرۆزی ڕووسیام دایەژێر پاوە، تا ڕێم کەوتە شاری فیودوسیا. لەو سەردەمەدا، لەم شارەدا، دیواری بەربەست و پێل شکێنیان دروست دەکرد، ئیدی بە ئومێدی ئەوەی کارێکم دەست بکەوێ و دوو قروشان پەیدا بکەم، ڕووم کردە ئەوێندەر.

لەسەرەتاوە وەکو چۆن بەوردی دیقەتی تابلۆیەک دەدەیت، حەزم دەکرد بەو ئاوایە دیقەتی شوێنی دروستکردنی دیوار وبینای بەندەرەکە بدەم. چوومە سەر گردێک، لەوێوە چاوم بڕینە دەریا مەزن و بێ سنوورەکە، کەلە بەردەممادا، تا چاو بڕەکات، ڕاکشابوو، ڕوانیمە ئەو خەڵکە بچووکانەی کە دەیانویست ئەم دەریا بەسام و سامناکە جڵەو بکەن.

تابلۆیەکی بەرینی کار وزەحمەتی بەشەری لەبەردەممدا ڕاکشابوو. کەنارە بەردینەکە هەر هەمووی کۆڵرابوو، نەقاڕی کرابوو، بە بەرد ودار هەڵچنرابوو، مەتەڕێزی خۆڵ هەڵدرابووەوە، عەرەبانە، لەوح، ڕێڵی ئاسن، تۆخماخی (مێکوتی ئاسن ) ئەستوون داکوتین، داربەستی جۆراوجۆر، ئامێرێن میکانیکی، لەنێو هەموو ئەوانەدا کرێکاری بچووک، دەهاتن ودەچوون. گردێکیان بە دینامیت هەڵتەکاندبوو، کرێکارەکان بە بێڵ گڵەکەیان لادەبرد وبە پیک وقەڵەم بەردەکانیان دەشکاند و ئەرزەکەیان پاک دەکردەوەو زەمینەیان بۆ ڕاکێشانی هێڵی ئاسن خۆشدەکرد، دەستەیەک کرێکاری دی خەریک بوون لە خەباتەی گەورەدا، چیمەنتویان دەگرتەوەو، بە درێژایی شەش پێیان لە قاڵبی شەش پاڵویان دەداو، ئەم قاڵبە چیمەنتۆیانەیان دەخستە ناو دەریاکەوەو دەیانکرد بە بەربەست بۆ شەپۆلە تووڕە و بەردەوامەکانی دەریاکە. کرێکارەکان، لەبەردەم کێوە قاوەییەکاندا، کەبەهێزی بازووی وان، ڕوخابوون وەکو کرم دەهاتنە بەرچاو، وەکو کرم لە نێو لەوح و تاتەبەرد وتەپوتۆز و گەرمای سی نمرەی باشووردا وەکو مێروان، پێکا دەهاتن ودەچوون. هەراوهەنگامەی دەوروبەریان، گەرمای ئاسمانی سپیواژی گڕگرتووی دیار سەریان، ئەم بیر وخەیاڵەی لەلای پیاو بێدار دەکردەوە کە هەوڵ و تەقەلا و پەلەپەلی ئەم کرێکارانە، تەنیا بۆ ئەوەیە خێرا زەویەکە هەڵکەنن و خۆیان لەو کەندڕانە بنەن و خۆیان لە گەرمای بەترەف بپارێزن و... پەنایەک بۆخۆ دابین بکەن. دنیا زۆر گەرم بوو، هەرا وزەنای کارکردن، دەنگی بەرخوردی قوڵینگ بە سەر تاوێر وبەردانەوە، دەنگی خەمینی پێچکەی عەرەبانان، دەنگی کپی پیک و پیک وەشاندن، تێکەڵ بە گۆرانی خەمناکی " دوبینوشکا " دەبوو. (جۆرە گۆرانییەکە کە کۆیلەکانی کەناراوەکانی ڤولگا، بەدەم ڕاکێشانی کەشتیانەوە دەیانگوت ) تەوران دار و تەختەیان دەبڕییەوە و ساف دەکرد، کرێکارانی تاوەسووت، بە هەشتاو دەهاتن و دەچوون، هەراوزەنایان ژیانی وەبەر ئەو دیمەنە دەخست..

دەستەیەک لەم کرێکارانە، لەلایەکەوە، بەدەم هاوارەوە، وەربووبوونە گاشە بەردێک و دەیانویست لەو شوێنە بیجوڵێنن و بۆ جێیەکی دیکەی وەگوێزن. کۆمەڵێکی دیکە خەریکی کارتیەیەکی زۆر قورس بوون و هانکەهانک دەیانویست بۆ سەرەوەی بەرن و بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد:- یەک، دوو... بەرزی بکەنەوە!

شاخە هەڵکوڵراوەکە، بە ئەسپایی دەنگەکەیانی دووبارە دەکردەوە:- ڕ... ڕ... ڕاە..

بەدرێژایی ئەو ڕێگا خواروخێچەی کەلە لەوحی باریک دروستکرابوو، ڕیزێکی دووروودرێژی کرێکاران دەبینرا کەبەسەر عەرەبانەی دەستی لە بەرد بارکراوەوە داهاتبوونەوەو دەڕۆیشتن، لە سەمتی بەرانبەریشەوە، ڕیزێکی دووروودرێژی کرێکارانی دی بە عەرەبانی بەتاڵەوە ڕوولەمان دەهاتن. ئەمانە بەهێواشی دەجوڵان، تا بەڵکو یەک خولەک پشوو بکەن بە دوو خولەک... کۆمەڵێک خەڵکی زۆر و جیاواز و هەمەجۆر بە دیار پیکێکی گەورەوە وەستابوون. یەکێک لە زەلامەکان، بە دەنگێکی گڕ هەڵیکردە ئەم گۆرانییە:

ئاخ، براینە دنیا زۆر گەرمە

براینە، ڕێگا زۆر دوورە

ئاخ، پیکەکە بێننە خوارەوە

ئۆف، ئۆف!

غەڵبە غەڵبێکی سەیر بوو، کەئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانەی قەرەباڵغی و زۆری ژمارەی کرێکارەکان بوو. ئەمانە پەتەکانیان ڕادەکێشا و پیکە لوولەکیە ئاسنەکە، بە خێرایی بۆ لوتکەی ئەستوونەکە بەرز دەبووەوە، ئەوجا بە توندی دادەهاتەوەو هەموو ئەسکەلەو داربەستەکەی دەلەراندەوە.

خەڵكێكی زۆر، لەنێوان كێوەكە و دەریاكەدا لەهات وچۆدا بوون، هەوا لە تەپ وتۆز و بۆنی ئارەقەی لەشی وان پڕ بووبوو. وەستا و سەركارگەران، بەباڵاپۆشی سپی، دووگمە زەردەوە، كە وەكو چاوانی سارد وسڕی بێ گیانی زێڕین، لەبەر تیشكی هەتاوەكەدا دەبریسكانەوە، بەنێو كرێكارەكاندا لەهات وچۆدابوون.

دەریای ئارام، شەپۆلە زوڵاڵەكانی بەرەو كەناراوە جەنجاڵەكان دەنارد. دەریا لەژێر تیشكی هەتاودا دەبریسكایەوە، لەوە دەچوو وەكو گولیڤەری میهرەبان بەوە پێبكەنێت كە ئەگەر ئارەزووی لێبێت، دەتوانێ بە تەڤگەرێكی بچووك، هەموو ڕەنجێكی ئەم كوڵەباڵایانە بە فیڕۆ بدات.

ئەم دەریا پان وبەرینە، كەلە بەر هەتاوەكەدا دەبریسكایەوەو بریسكەكەی چاوی دەخستە ڕێشكە وپێشكە، وەكو ئەوەی بەزەیی بەحاڵی ئەم خەڵكەدا بێتەوە، كە هەوڵیان دەدا دیوار و بەربەست بۆ شەپۆلەكانی دروست بكەن، بەكاوەخۆ، بەدەنگ و ڕیتمێكی نەرم شەپۆلی دەدا، بایەكی فێنكی پاراو لە كرێكارە ماندووەكانی دەدا، دەبوژانەوەو ئۆخژنێكی خۆشیان لە دڵ و دەروون دەگەڕاو شەپۆلەكان، ناوبەناو نەوازشتی كەناراوە شێواوەكەیان دەكرد. لە ئەنجامی تەمەنی چەندین هەزارساڵەی خۆیدا بۆی دەركەوتبوو كە ئەو خەڵكەی هەنووكە مژوولی دروستكردنی بەندەر و بەربەست بوون، نە دژی ئەون و نە خراپەی ئەویان دەوێت. ئەمانە كۆمەڵێك كۆیلەن و ئەركیان ئەوەیە بە گژ ڕەگەزەكانی سروشتدا بچنەوە. جا ئەم ململانێیە، هەروا بەئاسانی نابڕێتەوە، ڕەگەزەكانی سروشت تۆڵەی خۆیان لەم كۆیلانە دەكەنەوە. دەریا دەیزانی كە ئەم داماوانە، تەنیا كاركردنیان لەسەرە، ئارەق و خوێنی وان، چیمەنتۆی هەر هەموو بینا وئەپارتمانەكانی سەر ڕووی زەوییە. بەڵام وێڕای ئەو هەموو زەحمەت وڕەنجەی كە دەیدەن وئەو شتە عەجایەب وسەیرانەی لەسەر زەوی دروستی دەكەن، هیچیان دەست ناكەوێ، وێڕای ئەو هەموو ئەزیەتەی دەیكێشن، نە پەناگەیەكیان هەیە تیای بحەوێنەوەو نەنانی وشك وپێخۆرێكیان دەگەنە یەك. ئەوانیش

وەکو هەر ڕەگەزێکی سروشت بێ ڕۆحن، بۆیە دەریا، بە تووڕەیی لە کار و زەحمەتی وان کە هیچ سوودێکی بۆ خۆیان نییە، ناڕوانێ، بەڵکو بەچاوی بەزەییەوە سەیریان دەکات. ئەو کرمە بچووک وبۆرەقنانەی کە سینگی کێوەکەیان هەڵدەدڕی، لەو دڵۆپە ئاوانە دەچوو کە دەریا بە مەبەستی فراوانکردنی هەمیشەیی تخوبی خۆی دەیکێشان بە تاوێرە سەخت و ساردوسڕەکانی کەنارەکانیا و ئەنجام دڵۆپە ئاوەکان پەرش وبڵاو دەبوونەوەو تیا دەچوون. ئەگەر ئەم دڵۆپانە یەک بگرن دەریایەکی گەورەیان لێ چێدەبێت، هەرکە سووکە گەرداوێک هەڵبکات دەجووڵێن و کەڵکەڵەی وێرانکردنیان دەکەوێتەسەر. دەریا، ئەو کۆیلانەی لەبیرە کەلە بیابانە گەرمەکانی دۆڵی نیل دا هەرەمانیان دروستکرد، کۆیلەکانی کیسراشی لەبیرە، ئەو فەرمانڕەوا گەپجاڕەی کەبە قامچی بەربووە وێزەی دەریا، لەسەر ئەوەی کە گوایە پردە بووکەڵە ئاساکانی وی ڕووخاندووە، سێ سەد قامچی لە دەریا دا، کۆیلە لە هەموو سەردەمێکا، وەکو یەکدی بوون،هەمێشە ملکەچ وگوێڕایەڵی گەورەکان بوون و، قەتیشتێر بە سکی خۆیان نانیان نەخواردووە، بە سکێ تێر و بە دە برسی بوون، هەرچی کاری مەزن و پەڕجوو ئاسای سەرزەویش هەبووە، بەڕەنجی شانی وان هاتووەتە ئاراوە. هەندێجار ئەرباب و خودان کارەکانی خۆیان کردووە بە خوا، هەندێجار بە نەفرەتیان کردوون، ناوبەناویش ئاڵای شۆڕش و ڕاپەڕینیان دژی فەرمانڕەواکانیان هەڵکردووە..

شەپۆلی دەریا، بە ئارامی خۆی بەو کەناراوەدا دەدا، کە کرێکاران خەریک بوون، بەربەستێکیان لەبەردەمی دروستدەکرد، شەپۆلەکان لە جووڵەی بەردەوامدا بوون، ئەو ڕووداوە کۆنانەیان بیردێنایەوە، کە سەدان ساڵ لەوەپێش لەم کەناراوانەدا ڕوویان دابوو.

لەنێو کرێکارەکاندا، خەڵکانی وردیلەی، لاوازی، ڕەنگ وڕوو برونزی هەبوون، کە سەرو شەپقە یان کاسکێتیان لەسەربوو، کراسی شینیان لەبەربوو، پانتۆڵی فش وفۆڵ و دەلنگ تەنگیان لەبەربوو. ئەم کرێکارانە وەکو پاشان بۆم بەدیارکەوت، تورکی

عەنەدۆڵی بوون. وشەکانیان لەبنی گەرووەوە دەردەهات، لە فۆنەتیکی ڕووسانی فیاتکا دەچوو، خێرایی قسەکانیان لەهی خەڵکی ڤولگا دەچوو، زمانە خۆش و نەرمەکەی ئوکرانییەکانی وەبیر دێنایەوە.

لەو ڕۆژگار وسەردەمەدا، لە ڕووسیا قات وقڕی و برسیەتی بوو، ئیدی برسیەتی، خەڵکەکەی وادار کردبوو، لەهەموو دەڤەرەکانەوە ڕوو بکەنە ئێرە. کرێکارەکان دەستەدەستە لەدەوری یەک خڕ بووبوونەوە. هاوشارییەکان هەوڵیان دەدا، لە دەوری یەکدی خڕ ببنەوە. بەڵام دەربەدەرە کوسموپولیتەکان، بێ نیشتمانەکان، لەهەموو ڕوویەکەوە، لە سەر وسیمادا، لەجل وبەرگا، لەشێوازی قسەکردن و دەم ودوودا، جیاوازبوون، لەو خەڵکەی کە بەشێوەیەکی کاتی و برسیەتی ناچاری کردبوون، بۆ ماوەیەک لە خاک ونیشتمان، لە مەرز وبۆی خۆیانی دابڕی بوو. ئەم دەربەدەرانە لەناو هەموو گرووپ و دەستەکاندا هەبوون – خێرا و زووبەزوو تێکەڵی فیاتکاییەکان و ئوکرانیەکان دەبوون. هەموو شوێنێکیان بەماڵی خۆیان دەزانی. بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لەدەوری پیتکەکە ( مەترەقی ئاسن ) خڕ بووبوونەوە، چونکە کارکردن لێرە، لە عەرەبانە ڕاکێشان و قوڵینگ وەشاندن ئاسانتر بوو.

من چووم بۆلای ڕیکەکە، کرێکارەکان وەستابوون، پەتەکان بەدەستیانەوە شل بووبوو، چاوەڕوانی ئەوە بوون، وەستاباشی سیلینگەکە، کەپەت لە بەکرەکەیەوە ئاڵابوو چاک بکاتەوە. وەستاباشی لەسەر داربەست وئەسکەلەکە کاری دەکرد و ناوبە ناو لەو سەرەوە هاواریدەکرد:– پەتەکان کەمێک ڕاکێشن!

بە ئەسپایی پەتەکانیان ڕادەکێشا.

– بوەستن! ڕایکێشن! بوەستن... ڕایکێشن..

گەنجێکی دەم وچاو کونج، کەلەمێژ بوو ڕدێنی نەتاشی بوو، وەک سەربازان ڕەق ڕاوەستابوو، ڕوانیە تەنیشتی خۆی، کۆکەیەکی بۆکرد و گەرووی خۆی پاک کردەوە بە ئاوازەوە گوتی:

" مەترەقەکە، عاموود بە عاردیدا دەکات... "

نیوە دێڕی دووەم، هیچ سانسۆرێک قەبووڵی نەدەکرد. لەوەدەچوو زادەی ئەو ساتەبێ و ئاواز خوێنەکە بەخۆی دروستی کردبێت. کوڕە گەنجەکە بەدەم قاقای پێکەنینی هاوڕێکانییەوە، وەکو ئەکتەرێک، کە بەوجۆرە سەرکەوتنانە لەنێو تەمەشاڤانانی خۆیدا ڕاهاتبێ، کەوتە بادانی سمێڵەکانی.

دووبارە وەستاباشی کرێکارەکان، لە سەر بورجەکەوە بە تووڕەیی هاواریکرد: –

– دەی بۆچی وەستاون؟ وەکو نێرەکەر دەزڕێنن!

یەکیک لە کرێکارەکان بەرسڤی دایەوە:– میتریچ، ئەوەندە هاوار مەکە، نەبا قۆڕ بیت!..

ئەو دەنگەم بەگوێ ئاشنا بوو، وام هاتەبەر زەین کەپێشتر ئەم قەد و قەڵافەتە بڵند وناوشان پان و ڕوخسارە درێژکۆڵە چاوگەش و شینانەم دیتووە. لەناکاوا بەخۆم گوت: " تۆ بڵێی ئەم گەنجە کونوڤالوڤ نەبێت؟ "

بەڵام، کونوڤالوڤ، ئەم جێ زامەی بە ڕوخسارەوە نەبوو، جێ زامی چی؟ لەلاجانگی ڕاستیەوە درێژ بووبووەوەو بەسەر هەنیەیدا تاسەر کەپووی هاتبوو. قژی کونوڤالوڤ کاڵتر و ئەوەندە لوول نەبوو، کونوڤالوڤ، ڕدێنێکی درێژ و جوانی هەبوو، لێ ئەم گەنجە ڕدێنی تاشی بوو. سمێڵەکانی وەکو سمێڵی ئوکرانییەکان شۆڕ کردبوونەوە. وێڕای ئەوەش ئەم گەنجەم بەلاوە نامۆ نەبوو. ئەنجام لێبڕام قسەی دەگەڵ بکەم و لێی بپرسم، ئەگەر بمەوێ کاربکەم، بچمەلای کێ، بەڵام چاوەڕوانم کرد تالە دانانی ئەستوونەکە ببنەوە.

ئاهونالەی کرێکارەکان بەرز بووەوە: ئاخ... ئۆف... ئاخ..

کرێکارەکان، بە چیچکانەوە دانیشتن، کەوتنە ڕاکێشانی پەت و کندرەکان، دووبارە بە توندی هەستانەوە، دەتگوت دەیانەوێ لە عاردی بەرز ببنەوەو بە ئاسماندا بفڕن. چوارچێوەی مەترەقەکە کەوتبووە تەقەتەق و دەلەرزی، دەستانی ڕووت و تاوەگاز و تووکن، بەسەر سەری حەشاماتەکەوە بەرزبوونەوەو پەتەکانیان ڕادەکێشا، ماسولکەکانیان بەرز دەبووەوە و هەڵدەئاوسا، بەڵام مەترەقەکە هێدی هێدی بەرز دەبووەوەو هەڵدەئاوسا، بەڵام مەترەقەکە هێدی هێدی بەرز دەبووەوە، زۆر قورس بوو، نزیکەی نیو تۆن دەبوو، ئەوجا دادەهاتەوە و ئەم دیمەنە، ڕێک لە عیبادەتی ئەو بت پەرستانە دەچوو، کەلەوپەڕی نائومێدی و نامرادیدا دەستیان بۆ خواوەندە مات و خامۆشەکانیان هەڵدەبڕی و کڕنۆشیان بۆ دەبردن. ئیدی کرێکار تێک ڕژابوون. ڕوخسار هەڵگیرساو، چڵکن، ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ بە هەنیەیاندا دەهاتە خوارێ، قژە پەرێشان وئاڵۆزکاوەکانیان بە تەوێڵی ئارەقاویانەوە نووسابوو، گەردنیان ڕەش هەڵگەڕابوو، شانیان بەدەم کارکردنەوە دەلەرزی، جەستەیان ڕووت وقووت، کراس وپانتۆڵەکانیان شڕ وشەپڕێو، جەستەی دانەدەپۆشین، هاڵاوی گەرما لە جەستەی ئارەقاویان بەرز دەبووەوە، ئیدی ئەمانە وەکو کۆمایەک ماسولکەی تێکەڵ بەوپەڕی ڕەنج و مەشەقەت لەو هەوا گەرم و شێدارەی باشووردا کەبۆنی ئارەقەی جەستەیان سەعاتە ڕێیەک دەڕۆیی، سەرقاڵی کاربوون.

لەناکاوا، دەنگێکی گڕ و تووڕە بەرز بووەوە:- پایدوس! وەختی پشووە!

کرێکارەکان، خاو بوونەوە پەت وکندرەکان بەدەوری ڕێک و ئەسکەلەکەدا شۆڕ بوونەوە. کرێکارەکان، لەهەمان شوێندا لەسەر ئەرزەکە دانیشتن. ئارەقەکەی سەر تەوێڵیان سڕی، هەناسەی قووڵیان هەڵدەکێشا، کێشمانی خۆیان دەدا، شان وملی

خۆیان دەشێلا، ئیدی هەرکەسە ولە بەرخۆیەوە وبەدەنگێکی نەوی، وەکو گیانلەبەرێکی دڕندە، دەی مڕاند.

من چووم بۆلای ئەو گەنجەی کە سەرنجی ڕاکێشابووم و پێمگوت:- برادەر!

بە نەبەدڵی ڕووی بۆلای من وەرگێڕا و سەراپای بەنیگا دابێژتم، چاوەکانی بچووک کردنەوە و لێم ورد بووەوە. گوتم:- تۆ " کونوڤالوڤ " ی!

سەری گرتم، بردیە دواوە، لەتۆوایە دەیەوێ دەست بخاتە بینم. لێ، لەناکاوا بزەیەکی شادی لەسەر لێوی نەخش بوو و گوتی:

- ئادەی! ماکسیم! هاوڕێ چکۆلەکەم، ئەمە تۆی!... تۆش ڕێگات گوم کرد؟ هاتیتە ڕیزی ئێمەی دەربەدەر و ئاوارەوە؟ لە کەیەوە ئەمەت کردووە؟ لە کوێندەرەوە دێی؟ من وتۆ ئەم بایە لەم کونەوە بێ، هەموو دنیا دەدەینە ژێر پاوە، کون نامێنێ سەری پێدا نەکەین. بەڕاستی ئەوە ژیان نەبوو کە ئێمەی تێدابووین! زۆر ناڕەحەت و بێ مانابوو، پیاو دادەڕزا، بۆگەنی دەکرد، دەپووکایەوە و دەمرد! من کاکۆ لەوەتای تۆم بەجێهێشتووە بۆخۆم بە دنیادا دەگەڕێم، شوێن نەماوە بۆی نەچم!... بەڵام تۆ زۆر گۆڕاوی؟ جل وبەرگی نوێت پۆشیوە! خەریک بوو نەتناسمەوە. بە جلەکانتدا لەسەرباز دەچی، بە ڕوخسارا لە قوتابی دەچیت. پێم بڵێ ئەم ژیانەی کە مرۆڤ هەر ڕۆژەی لە شوێنێک بێت باشتر نییە؟ وانەزانی من " ستنکا " م لەبیر چووەتەوە، تاراس بۆڵبا و " پیلا " شم فەرامۆش نەکردوون... هەر هەموو ئەوانەم لەبیر ماون!

پەیتا پەیتا، دەیژەند بە لا قەبرغەم دا، دەستە زەلامەکانی دەدا بە سەر شانمدا. ئیدی هەر پرسیار بوو وەکو بەڕووی برژاو لە دەمیا دەتەقییەوە، فریای وەڵامدانەوەی نەدەکەوتم، تەنیا بە زەردەخەنەوە، دەم ڕوانییە ڕوخساری میهرەبانی ئەو کە نیشانەی خۆشحاڵی ئەم دیدارە تازەیەمانی لێدەباری. من بەدیدار و دیتنی ئەو خۆشحاڵ بووم.

ئەم دیدارەی ئەو، یەکەمین ڕۆژەکانی ژیانی خۆمی بیرخستەوە کە بێگومان، لە ڕۆژەکانی دوای ئەو ڕۆژانە، زۆر باشتر بوون.

ئەنجام دەرەتانم بۆ هەڵکەوت لە دۆستە کۆنەکەی خۆم بپرسم کە هۆی ئەو شوێن زامەی دەم وچاوی چییە.

کونوڤالوڤ بەرسڤی دایەوە:

– ئەمە چیرۆک و حیکایەتێکی دوور ودرێژی هەیە. لەگەڵ دوو هاوڕێدا ڕێکەوتین کەبە قاچاغ لە مەرز بپەڕینەوە و بۆ ڕۆمانیا بڕۆین وبزانین لەوێندەر چ باسە. لە کاگولەوە، کە باژێرۆکێکی نزیکی سنووری بسارابی یە بەڕێ کەوتین. شەو بوو کە کەوتینەڕێ، هێدی هێدی ڕێمان دەکرد. لەناکاوا، پاسەوانێکی سنوور هاواری لێکردین:
– بوەستە!

ئێمە ڕێک گەیی بووینە بەردەمی، هیچ چارێکمان نەبوو تەنیا ئەوەنەبێ کە هەڵێین، بەڵام یەکێک لە سەربازەکان، شتێکی بە سەرما کێشا، جەزرەبەکە زۆر توند نەبوو، بەڵام یەک مانگی تەواو لە خەستەخانەدا خستمی. دەچێتە ئەقڵتەوە کە ئەو سەربازە خەڵکی موروسکی و هاوشاری من بووبێ!... زۆری پێنەچوو ئەویش بۆ هەمان خەستەخانە هێنرا. کابرایەکی قاچاغچی چەقۆیەکی لێدابوو و لایەکی ورگی هەڵدڕی بوو. کاتێ هەردووکمان وەخۆ هاتینەوەو کەمێک چاکبووینەوە، لەگەڵ یەکدا کەوتینە گفت وگۆ. سەربازەکە گوتی:– دەزانی من ئەو جەزرەبەیەم لێداوی؟

– مادام دەمناسیتەوە، دیارە تۆ لێت داوم.

– با، لەبیرمە، من ئەو جەزرەبەیەم پێگەیاندی، بەڵام لێم مەگرە، چونکە من، ئەرکی خۆم جێبەجێ کردووە! وامان دەزانی ئێوە قاچاغچین. ئیدی ئەوە دنیایە، ئەوەتا ورگی منیشیان سفرە تلیش کردووە. چ دەکەی؟ ژیان جگەلە گەمەیەکی جدی هیچی دیکە نییە.

ئیدی لەوەوە بووین بە برادەر، کوڕێکی باش بوو، نێوی یاشکا مازین بوو، بەڵام سەبارەت بە لوول بوونی قژەکەم، بەهۆی تیفۆوە وای لێهات، تووشی تیفۆ بووم. لەشاری کیشینیف گیرام، دمویست بە قاچاغ لە سنوور بدەم، ئیدی گیرام، لە زندانیان توونت کردم، لەوێندەر تیفوم گرت. ماوەیەک بە تیفۆشەوە تلامەوە، تەواو کەسیرە بووم، باوەڕم نەدەکرد جارێکی دی هەستمەوە، کچێکی پەرستار فریام کەوت و خزمەتێکی زۆری کردم، دەنا لەو باوەڕەدا بووم دەمرم و لەو نەخۆشییە ڕاست نابمەوە. کاکۆ من لە جێدا کەوتبووم و هۆشم بە خۆ نەبوو، ئەو کیژە وەکو چۆن بەمنداڵ ڕا دەگەن، بەو ئاوایە پێمڕا دەگەیی. بەڵام من دەمتوانی چی بۆ بکەم؟ چۆن چاکەی بدەمەوە! تەنیا ئەوەندەم دەگوت: "ماریا پتروفنا، بەسە. من خەجاڵەتی ئەو هەموو خزمەتەی تۆم! بەچی وچۆن چاکەی تۆ بدەمەوە؟! " ئەو تەنیا پێدەکەنی و هیچی نەدەگوت، کیژێکی باش و میهرەبان بوو..

هەندێجار کتێبێن دەروونی بۆ دەخوێندمەوە. لێ من دەمگوت: " کتێبی دیکەت نییە بۆمی وەخوێنی؟ "

کەڕەتێک بەسەرهاتی دەریاوانێکی ئینگلیزی بۆ خوێندمەوە کەلە غەرق بوونی کەشتیەکەیدا ڕزگاری بووبوو و ئیدی کەوتبووە دوڕگە و گراڤێکی چۆڵ و هۆڵەوە و لەوێ ژیابوو، بەڕاستی کتێبێکی باش بوو! ئیدی ئاشقی ئەو کتێبە بووم! چەندم حەز دەکرد منیش لەگەڵ ئەو دەریاوانەدا و لەو دوڕگە و گراڤەدا ژیابام. بەڕاستی ئەوە ژیانە! بەتاقی تەنیا لە دوڕگەیەکی چۆڵ و هۆڵدا، لەگەڵ دەریا و ئاسماندا بژیت... و لەوێ هەمووشتێکت هەبێت. ئازادی ئازاد..

لەو دوڕگەیەدا مرۆڤێکی کێویش هەبووە... لەگەڵیا ژیاوە. ئەگەر من لەجێی ئەو دەریاوانە بام، ئەو کابرا کێویەم لە دەریاکەدا نقوم دەکرد چ پێویستم پێی بوو؟ ئاخر ئەوم بۆچی بوو؟ بۆخۆم بە شادی دەژیام. بەڕاست ماکسیم، تۆ ئەو کتێبەت خوێندووەتەوە؟

گوتم: – ئێ، بڵێ بزانم چۆن لە زندان بەربووی؟

– خۆیان بەریان دام. دادگایان بۆ دانام، دادگاییان کردم، هیچم لەسەر ساغ نەبووەوە و بە ئاسانی ئازادیان کردم... بەڵام گوێ بگرە، من ئەمڕۆ لەمە زیاتر کارناکەم. خوا کاری واببڕێت! هەموو ناو لەپم بریندار بووە. بەسە. سێ ڕۆبڵم هەیە و، لە بری ئەم نیوەڕۆژەش چل ڕۆبڵ وەردەگرم. ئەمە بۆخۆی سەرمایەیەکە! ئەمڕۆ وەرەلای مە، ئێمە لە ئۆردوگادا نین، بەڵکو لەم نزیکانە لە بناری کێوەکەدا دەژین. لەوێ ئەشکەوتێکمان دۆزیتەوەتەوە کە بۆ دانیشتن زۆر باش و ئیسراحەتە. دوو کەسین، من و گەنجێکی دیکەین بەڵام هاوڕێکەم نەخۆشە... تای لێهاتووە. باشە، کەمێک لێرە بوەستە، تا دەڕۆم بۆلای سەرکارگەرەکەمان و هەر ئێستا دەگەڕێمەوە، زۆرم پێناچێت!

بلەز هەستا، ڕێک لەو کاتەدا کە کرێکارەکان هەستانەوە بۆ سەر کار و پەتەکانیان بەدەستەوە گرت و مەترەقەکەیان خستەوەکار، ڕۆیی، من لەوێندەر، لەسەر تاشە بەردێک ڕۆنیشتم و تەمەشای ئەو هەرا وزەنا و قەرەبالغییەی دەوروبەری خۆم و دەریای مەند و شینباوم دەکرد.

کونوڤالوڤ، بە باڵا بەرزەکەیەوە، کە بلوزێکی چەرمی تەسک و کورت و شینی لەبەر و پانتۆڵێکی کەتانی لەپێ و جووتێ پێڵاوی قورسی لەپێ بوو، بلەز و بە قۆڵ بادان بەناو حەشیمەتی خەڵکەکە و کۆمای بەرد و دار و عەرەبانەکاندا ڕۆیی و لە چاو ون بوو. ناوبەناو ئاوڕێکی پاشی دەدایەوە و بەدەست ئاماژەی بۆ من دەکرد. ئەوەی ڕاستی بێ کونوڤالوڤ، بۆمن تازە بوو، کونوڤالوڤەکەی جاران نەبوو، گورج وگۆڵ و چاپووک، ئارام، ڕووخۆش، ڕوخسار گەش، متمانە بەخۆ، ئیدی ئەوانەی دەور وبەرم هەموو کاریان دەکرد: دار وتەختە دەبڕانەوە، بەرد و تاوێران دەشکێنران، جیڕەجیڕی عەرەبانان سەعاتە ڕێیەک دەڕۆیی، تەپ و تۆز بەری ئاسمانی گرتبوو. ئیدی کرێکارەکان، لە ماندوویەتی خۆیاندا هاواریان دەکرد، جنێویان بە یەکدی دەدا، گۆرانی

پڕ ئاهو ناڵەیان دەگوت. ئیدی تاپۆ باڵابەرز و جوانەکەی هاوڕێکەم لەناو حەشاماتە زۆر و زەبەندە و هەرا وهەنگامەکەدا لەچاو ون بوو.

دوای نزیکەی دوو سەعاتان لەگەڵ کونوڤالوڤ دا، لەو شکەفتەدا کەبە وتەی وی " زۆر لەبار بوو بۆ ژیان و ئاکنجی بوون " بە دوو قۆڵی و لەلای یەکەوە ڕاکشابووین. بەڕاستی شوێنێکی لەبار بوو. پێشتر بەردێکیان لە کێوەکە هەڵکەندابوو، ئیدی کونێکی چوارگۆشەی ئەشکەوت ئاسا لە شاخەکە چێ بووبوو، کە بە ئیسراحەت جێگای چوارکەسی تیادا دەبووەوە. بەڵام نزم بوو، تاتەبەردێکی گەورەش بەسەر زارکی شکەفتەکەوە ئاوێزان بوو. ئەگەر کەسێک بیویستایە بچێتە ژوورەوە دەبوایە بە سکەخشکێ وەژوور بکەوێت. قووڵی کونەکە نزیکەی دوو مەتر و دە سانتیمێک دەبوو، بەڵام پێویستی نەدەکرد، ئینسان سەری پێدا بکات، چونکە کارێکی مەترسیدار بوو، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو، هەرساتێ ئەو بەردە زلە بەربیێتەوە و بۆ هەتاهەتایە زندەبەگۆڕت بکات. ئیدی بۆ خۆپاراستن لەو ئەگەرە، تەنیا لاقمان بردەناو کونەکەوە، کە یەجگار فێنک بوو، سەرمان لە دەرەوە بوو، ئیدی ئەگەر بەردەکەش بەر بوایەتەوە، تەنیا سەرمانی پان و پلیش دەکردەوە.

دەربەدەرە نەخۆشەکە، کەمێک دوورتر لەمە، لەژێر هەتاوە گەرمەکەدا ڕاکشابوو. هەرکە لەرز و تایەکەی لێدەهات، دانەکانی دەکەوتنە چۆقەچۆق. ئەم کابرا وەیلانە خەڵکی دەڤەری ئوکرانیا بوو، درێژداهۆڵێکی لاوازی مردەلۆخ بوو، لە وەڵامی پرسیارێکی مندا، خەیاڵاوی گوتی:- من خەڵکی بوڵتاڤام.

لە سەر ئەرزەکە تلێکی دا، هەوڵیدەدا خۆی لە خەرقە وجبە قاوەییە شڕ و شەپڕێوەکەی خۆیەوە وەپێچێت، بەڵام کە ئەمەی بۆ نەدەکرا، لەداخا جنێوی دەدا، بەڵام جنێوی مزر و ئاودار نەگاڵتە... جنێو وەکو بارانی بوهار لەزاری دەڕژا. پەیتا پەیتا گینگڵی دەدا، بەردەوام چاوە ڕەشە بچووکەکانی تەنگ دەکردنەوە، وەکو ئەوەی تەمەشای شتێک بکات.

هەتاوی گەرم، وەکو ئاگر بە سەروملماندا دەچزا. کونوڤالوڤ، هەستا، چەند دارێکی داکوتی و پاڵتۆ عەسکەرییەکەی منی بەسەردا دان و نیمچە چاتۆڵێکی دروستکرد. (چاتۆڵ: خێوەتی تەنک و بچووکی هاوینە) ئێمە لە دوورەوە، دەنگی هەراو زەنای کرێکارەکانمان دەژنەوت، بەڵام خۆیانمان نەدەبینی. لە کەناراوەکانی دەستە ڕاستمانەوە، کۆمەڵێک خانووی سپی، کە نیمچە شارێکیان پێکدەهێنا هەبوون. بە دەستە چەپماندا و لە بەردەمماندا، تا هەتەری چاو هەر دەریا بوو و شەپۆلی دەدا، ئاسۆ، ئاوێتەی جۆرەها ڕەنگی ناسک و جوانی دەگمەن بوو، کە چاو و دڵ لە دیتنیان تێر نەدەبوون. ئەم ڕەنگانە ئاوێتە دەبوون و تراویلکەیەکی خەیاڵاوی و دڵڕفێنیان چێدەکرد.

کونوڤالوڤ، کە چوو بووە ژێری و تەمەشای ئەو ڕەنگە ئەفسووناویانەی دەکرد، نەرمە بزەیەک بە ئاستەم لێوی کشاند، ئاوڕی لای منی دایەوە وگوتی:

- هەرکە ڕۆژ ئاوابوو، ئاگر دەکەینەوە، چای لێدەنەین، تۆزێ نان وگۆشتمانیش هەیە، حەز لە شووتی دەکەیت؟

بەپێ، شووتیەکی لەنێو ئەشکەوتەکەوە، بۆ دەرێ غلکردەوە. چەقۆیەکی لە گیرفانی دەرهێنا، بەدەم لەتکردنی شووتیەکەوە گوتی:

- هەرکاتێ ڕێم دەکەوێتە کەناری دەریا، لەخۆ دەپرسم، بۆچی تەنیا خەڵکانێکی کەم لێرە، لە ڕەخی دەریا ئاکنجی دەبن و دەژین؟ ئەگەر خەڵکی لەدەوروبەری دەریادا بژین، خەڵکێکی باشتر دەردەچن، چونکە دەریا زۆر بەخشندە و میهرەبانە... دەبێتە مایەی ئەوەی هزروبیری بەرز وباڵا بکەوێتە مێشکی بەشەرەوە... ئێ ئێستا بۆم باسبکە ئەم چەند ساڵەی دواییت چۆن بەسەر بردووە؟

من بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕایەوە. کونوڤالوڤ، گوێی دەگرت، بەڵام کابرای ئۆکرانی ئاگای لە عەمری دنیا نەبوو، هەوڵیدەدا خۆی بەدوا تیشکی هەتاو گەرم بکاتەوە . لەم

کات ووەختەدا دەریا لە دوورەوە، وەکو زێڕی سوور دەدرەوشایەوە. پەڵە هەورێن پەمەیی و ئاڵ، بە پەراوێز و کلکەی وەنەوشەییەوە، لە سەر دەریاکەوە بەرز دەبوونەوەو بەهەشتاو دەچوونە پێشوازی هەتاو، لە چیای سەربە فەلەکی بەفرگرتوو دەچوون، کە تیشکی هەتاو لێی دەدان و جۆرەها ڕەنگیان لێدەبووەوە.

کونوڤالوڤ، دوای ئەوەی گوێی لە بەسەرهاتەکەی من گرت، بە قەناعەتەوە گوتی:

– ماکسیم تۆبە خۆڕایی کاتی خۆت لەشاردا بە فیڕۆ دەدەیت! ئاخر تۆ چ خۆشییەکت بەشاردا چووە؟ شوێنێکی تەنگ، ناخۆش، نە هەوایەکی پاک، نە ئیسراحەتێک، ئەوەی پێویستی مرۆڤە، لەشارا دەستناکەوێت. دەڵێیت خەڵکی تیایە؟ خۆ خەڵک لەهەموو شوێنێک هەن. کتێب؟ بەسە کتێب مەخوێنەوە! یانی تۆبۆ کتێب خوێندنەوە هاتوویە دنیاێی؟ کتێب هیچ نییە، ئەگەر هەر حەزیشی لێدەکەی، چەندت دەوێ، بیکڕە و لە کۆڵە پشتەکەتی بنە وبڕۆ. دەتەوێ لەگەڵ مندا، بۆ تاشقەند، یان سەمەرقەند، یان هەرشوێنێکی دی بێیت؟ دوای ئەو شارانە بۆ ئامور دەڕۆین... دەڵێی چی... دێی؟ کاکۆ، من بڕیارم داوە، هەموو دنیا بگەڕێم. ئەمە لە هەموو کارێک باشترە... دنیا دەگەڕێیت و بەردەوام شتی تازە دەبینی.. وەختی خۆت بە بیرکردنەوە بە فیڕۆ نادەیت... شنەبای ئازادی، ڕۆحت لە هەر گەرد وتۆزێک پاک دەکاتەوە و هەست دەکەیت بار سووک و سەرسەلامەت ئازادیت.. نە کوێخای کەسیت، نەکەس ئاغاتە. هەرکاتێ برسیت بوو، لە شوێنێک لابدە، و بایی پەنجا کوپیکان کاربکە، ئەگەر هەر کارت دەستنەکەوت، پارچەیەک نان بخوازە و تەواو، کەس بۆ نانێک دەست بە ڕووتەوە نانێت.. ئیدی بەوجۆرە، هەرهیچ نەبێ، شتێک لەم دنیایەدا دەبینی. هەموو جوانیەکانی دنیا دەبینی... ئێ، ئامادەی لەگەڵمدا بێیت؟

هەتاو بەرەو ئاسۆ نشێو بووەوە. ئەو پەڵە هەورانەی بەسەر دەریاکەدا دەسووڕانەوە. تەواو تاریک بوون، دەریاکەش ڕوو لە تاریکی چوو، ئەستێران بە ئاسمانەوە کەوتنە جریوە. هەرا وهەنگامەی کار لە بەندەرەکەدا نیشتەوە، بەڵام جارجار، دەنگی خەڵکی کە زیاتر لە ئاە وناڵە دەچوو، لەوبەرەوە دەهاتە گوێ. کەناوبەناو شنەیەک هەڵیدەکرد،

خوڕەخوڕی خەمناکی ئەو شەپۆلانەی کەخۆیان بە کەنارەکاندادەکێسا، دەگەیاندە گوێمان.

دنیا، بەرەبەرە تاریک و تاریکتر دەبوو، جەستەی کابرای ئۆکرانی کەتا پێنج خولەکێک لەوەپێش بە ڕوونی دەبینرا، ئێستا بووبوو بە تارماییەک و بە ئاستەم فەرق دەکرا.

بەدەم کۆکەکۆکەوە گوتی: - ئاگر ناکەنەوە!؟

- ئێستا دەیکەمەوە.

کونوڤالوڤ، باوەشێک تەلاشەدار و چڵ وچێوی خڕکردەوە و دەنکە شەمچەیەکی پێوەنا. بڵێسەی ناسکی ئاگر، بە نەرمی کەوتە لستنەوەی زەردەدارە شیلەدارەکان. لوولەی دووکەڵ، تێکەڵ بە هەوای نمسار وتازەی شەوەکە دەبوو وبەدەم پێچ خواردنەوە دەچوو بە ئاسمانا.

بێدەنگی بەرەبەرە باڵی بەسەردەوروبەرماندا دەکێشا، دەتگوت ژیان لێمان هەڵدێت و لێمان دوور دەکەوێتەوەو دەنگەدەنگ وهەرا وزەناکەی لە تاریکی شەوا خەفە دەبێت.

هەورەکان ڕەوینەوە، ستیران، بە بەرۆکی ئاسمانی شینەوە چریسکە چریسک، پرشنگیان دەداو دەدرەوشانەوە. چرای بەلەمانی ڕاوەماسی و پرشنگی ستێرانی ئاسمان، لە دەریا مەخمەڵیەکەدا، عەکس دەبووەوە. ئاگرەکەی بەردەممان وەکو گوڵێکی سووری وەنەوشەیی گەشابووەوە... کونوڤالوڤ، قۆریەکەی نایەسەر ئاگرەکە، ئەژنۆکانی تووند گرتنەباوەش، چاوی بڕینە ئاورەکە و لە فکرەوە چوو. یارۆی ئۆکرانی وەکو تێڕتێڕەیەکی ( بزن مژۆک، حەربا ) بەرەولای ئاگرەکە داخزی. کونوڤالوڤ گوتی:

- خەڵکی لەشارا خڕ بوونەتەوە، خانوویان دروستکردووە، بەسەریەکا ڕژاون، زەویان پیس کردووە، لەو فەزا تەنگەدا کەناویان ناوە ماڵ و خانوو، بە ڕادەیەک سەخڵەتن،

هەناسەیان بۆ نادرێ... کەچی، ئەو ژیانە، بەژیانێکی خۆش و ئاسوودە دەزانن. بەڵام وانییە، دۆزەخێکیان بۆ خۆ دروستکردووەو ناویان ناوە ژیان! ژیانی ڕاستەقینە، ئەمەی ئێمەیە، نەک ئەوەی ئەوان..

یارۆی ئۆکرانی، سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند وگوتی:

– ئم م م! ئەگەر سەروپۆستین و ژوورێکی گەرممان بۆ ئەم زستانە دەست بکەوتایە، ئیدی پاشایانە دەژیاین..

چاوێکی لە کونوڤالوڤ داگرت و بزەیەکی کورتی بەڕوودا دا.

کونوڤالوڤ، گوتی:

– وایە، زستان وەرزێکی پیسە، شار، بۆ زستان پێویستە، کەس ناتوانێ نکۆڵی لەمە بکات... بەڵام وێڕای ئەوەش، هیچ بیانوویەک نییە بۆ دروستکردنی شاری گەورە... من لەوە تێناگەم، لەکاتێکا دووکەس یان سێ کەس پێکەوە هەڵناکەن، بۆچی خەڵکی بەم جۆرە وەکو پەزان لە دەوری یەکدی خڕ دەبنەوە؟ ئەگەر هەندێک دروست بهزریت (بیر بکەیەوە) دەبینی مرۆڤ نە لە شار... نەلە دەشت و بیابان... نە لە هیچ شوێنێک، ئاسوودە و بێخەم و خەیاڵە، بەڵام هەق وایە و باشترین شت ئەوەیە بیر لەم شتانە نەکاتەوە... چونکە زەینی کوێری بۆ هیچ لایەک بڕ ناکات و تەنیا خۆی ئەزیەت دەدات.

من لەو باوەڕەدا بووم کە ژیانی دەربەدەری و وەیلانی چەند ساڵە، کونوڤالوڤی گۆڕیوە، ئەو ئازادیەی کەلەو چەند ساڵە کەمەی ئەم دواییانەدا مومارەسەی کردووە، دەرەتانی ئەوەی بۆ ڕەخساندووە، کەلەو گرێ و کول وکۆڤانانەی کەلە سەرەتای ئاشنایەتیماندا، پێوەی دەناڵی، ڕزگاری کردبێت. بەڵام لە قسەکانیا ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە هێشتا وەکو ئەو خەڵکانەیە کەلە جێ پێیەک دەگەڕێن کەلاقی خۆی لەسەر دابنەن... هێشتا هەر لە هەنبەر کێشە وئاریشە وئاستەنگەکانی ژیان دەستەوەستان بوو، هەرچەندە، بە دڵێکی زۆر پاکەوە هاتبووە دنیایێ، بەڵام ژەنگی بیرکردنەوەی

ژەهراوی، دڵی دەخواردەوە و بەرەو نابوودی دەبرد. لێ مخابن، لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، لە ڕووسیادا، ئەو جۆرە خەڵکەی کە گیرۆدەی ئەوجۆرە خەیاڵ پڵاوەن، زۆرن و ئەم جۆرە خەیاڵە، ئەقڵ کوێریان دەکات، ئەوانە بەدبەخت ترین خەڵکی ناو کۆمەڵگەن، چونکە تاریکی و نابینایی نەزانی، بە تەواوەتی مێشکیان لە مەنگەنە دەدات.

بە کەسەرەوە ڕوانیمە دۆستەکەی خۆم، لێ ئەو وەکو ئەوەی بیری منی خوێندبێتەوە و بیەوێ پشتیوانی لێبکات، بە خەمینییەکی زۆرەوە گوتی:

– ماکسیم، ئێستا بیرم لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە پێکەوە دەژیاین، هەموو ڕووداوەکانم وەبیر هاتنەوە... لەو زەمانەوە تا ئێستا مەگەر خوا بزانێ چەند شوێن گەڕاوم، چیم دیتوون!... لێ ئەفسووس لە سەرانسەری ئەم دنیایەدا شوێنێکم نەبینییەوە کەتیای بحەوێمەوە، جێگەیەکم نەدۆزییەوە بۆ خۆ ئۆقرەی تیا بگرم!..

یارۆی ئۆکرانی، قۆرییەکەی، کەلەسەر ئاگرەکە دەکوڵا داگرت و بە خەمساردی گوتی:

– مادامێکی بەو ملە ئەستوورەوە کە هیچ نیرێکی بۆ نابێت هاتوویە دنیاوە، هەر ئەوە بەشت دەبێ، کەسێ لە ئەزەل سیا چارە بێ..

لێ کونوڤالوف، بەرسڤی ئەوی نەدایەوە، ڕووی کردە من و پرسی:

– ماکسیم! بەڕاست پێم ناڵێی من بۆچی ئاسوودە نیم، چما ناتوانم ئۆقرە بگرم؟ لە کاتێکا خەڵکی زۆر ئاسایی و بەخۆشی دەژین، کار و کاسبی دەکەن، ژن دێنن، منداڵ دەخەنەوە؟ هەمیشە سەرقاڵی ئەم شت یان ئەو شتن؟ ڕاستە ئەوانیش هەندێجار گلەیی لە ژیان دەکەن، بەڵام بلەز هێور دەبنەوە، کەڵکەڵەی ژیانیان دەکەوێتەسەر و مل بە ژیانەوە دەنەن. بەڵام من هەرچی دەکەم و دەکۆشم ناتوانم وابم. زوو بێزار دەبم، هەموو شتێکم لەبەرچاو دەکەوێت؟ بێزار دەبم، نازانم بۆ؟

یارۆی ئۆکرانی، بە حەپەساوی گوتی:

- بۆچی دەگریت، ئەم هەموو گریەوزارییە لە پای چی! گریان هیچ دەردێک چارەسەر دەکات؟ بارت سووک دەکات؟!

کونوڤالوڤ، بە خەمبارییەوە گوتی:- هەق بە تۆیە، ڕاست دەکەیت..

ئەو پیاوە، بەردەبار و بە حەوسەڵەیە، کە هێشتا لە ئاگری تا و لەرزا دەسووتا و بەگژ نەخۆشیدا دەچوو، بە متمانەوە گوتی:

- ڕاستە من کەسێکی کەمدووم، زۆرکەم قسان دەکەم، بەڵام هەمیشە زانیومە و دەزانم چۆن قسە دەکەم.

لەم کاتەدا کۆکە گرتی، لەجێی خۆی ئەم دیو وئەو دیوی کرد، بە تووڕەیی تفەکەی ڕۆ کردە سەر ئاگرەکە. هەموو شتێکی دەوروبەرمان مات وخامۆش، لە تاریکییەکەدا نقووم بووبوو. ئاسمانیش تاریک بوو، مانگ هێشتا هەڵنەهاتبوو. دنیا ئەوەندە تاریک بوو کە شەوقی ئاوی دەریاکەمان نەدەبینی. بەڵکو بەهۆی فێنکی بایەکەوە هەستمان بە نزیکی دەریاکە دەکرد. لەوە دەچوو تەم ومژێکی ڕەش باڵ بەسەر ئەرزەکەدا بکێشێت، ئاگرەکەمان لە مێژ بوو کوژابووەوە. یارۆی ئۆکرانی پێشنیازی کرد:

- نەیکەین بەشەو!

خۆمان خزاندە ناو کونەکەوە، سەرمان بە دەرەوە بوو. بەو دەقەوە خەو بردینی یەوە... کونوڤالوڤ وەکو تەختە تاوێرێک بێ جوولە لەو گۆڕە کەوتبوو. یارۆی ئۆکرانی پەیتاپەیتا بە دەم دانە چۆقەوە گینگڵی دەدا. ماوەیەکی زۆر چاوم بڕییە ئاگرە ڤەمریەکەو تەمەشام دەکرد. ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێشەکە چۆن دەکوژایەوەو خەفەدەبوو. هەوەڵجار پشکۆ و پۆلوەکان گەورە و گەشاوە بوون، لێ بەرە بەرە بچووک و بچووکتر دەبوونەوەو وەبن خۆڵەکەوەکە دەکەوتن. دوای ماوەیەکی کەم، ژیلەمۆکان وەبن خۆڵەمڕەکە کەوتن و دیار نەمان... ئیدی تەنیا هاڵاوێکی گەرم، لەدووی ئاگرەکە مایەوە. چاوم بڕییە ئەو دیمەنە و لەفکران ڕاچووم و لەبن لێوانەوە

گوتم: " ئاقیبەتی مە، هەموومان هەر وایە... بەڵام خۆزگە، مۆمی ژیانمان، ئەگەر بۆ تاقە ساتێکیش بووە، دادەگیرسا و ڕوناکییەکی دەبەخشی! "

دوای سێ ڕۆژان، دوعا خوازیم لە کونوڤالوف کرد، چووم بۆ کوبان. نەیویست لەگەڵما بێت. لەکاتی دوعاخوازیدا، هەردووکمان قەناعەتمان وابوو کە جارێکی دی یەکدی دەبینینەوە.. بەڵام ئیدی یەکمان نەبینییەوە..

١٨٩٦

سەرچاوە:


- چلکاش و چند داستان دیگر، ماکسیم گۆرکی ( ١٨٦٨ – ١٩٣٦ ) ترجمة کاظم انصاری. نشر اندیشه، تهران ١٣٦٩ .
- ماکسیم غورکی/ المؤلفات المختاره فی ٦ مجلدات، المجلد ٣، اقاصیص/ ترجمه المحامی سهیل ایوب/ دار رادوغا ١٩٨٨ .

## ئەفسانەی دایک

(( ١ ))

من تاریفی ژن، ژنێک دەکەم کە دایکە، یانی سەرچاوەی لەبن نەهاتوو وچافکانی ژیانە.

لەم چیرۆک و حیکایەتەدا باسی تەیموور لەنگی دڵڕەق، بەردین دڵ، باسی ئەو پڵینگە لەنگە (شەل)، ئەو داگیرکەرە خوشبەختەی کە کافران بەهەڵە ناویان نابوو (تامرلان) دەکەین، ئەو داگیرکەرە بێ وێنەیەی بەنیازبوو هەموو جیهان بگرێ و وێرانی بکات.

پەنجادانە ساڵ، دنیای دایە ژێر پێوە، وەکو چۆن مێرووستان لە ژێر پێی فیلدا پان و پلیش دەبنەوە، بەو ئاوایە شار و وڵاتان لەژێر پاژنە ئاسنینەکانی ویدا پان و پلیش دەبوونەوەو لەسەررووی زەوی دەسڕانەوە. بەهەرلایەکا بڕۆشتبا، ڕووی بکردایە هەر ئالییەک ڕووباری خوێنی سوور هەڵدەستا. ئێسک وپروسک و کەللەسەری ڕۆڵەی میللەتانی ژێرکەوتوو، وەکو بورجان لەسەریەک کەڵەکە دەکران و هەڵدەدرانەوە. ئەم کابرایە خۆی لە مردن بەتواناتر دەزانی، بۆیە کۆی لە کوشتن و بڕین نەدەکردەوە، شەلم کوێرم کەس نابوێرم، بەناو دەکەوت، گوایە بەمە تۆڵەی لەمەرگ دەکردەوە، چونکە مەرگ، جیهانگیری کوڕی ئەوی بردبووەوە. ئەو مرۆڤە ترسناک وهۆڤییە دەیویست سنعەتەکە لە مەرگ بدزێت، هەموو دەسکەوتەکانی مەرگ بۆخۆی بەرێت و هیچ بۆ مردن نەیەڵێتەوە تا مردن لەداخا یەخەی خۆی دادڕێت و لەبرسانا بمرێت!

لەو ڕۆژەوە کە جیهانگیری کوڕی مرد و خەڵکی سەمەرقەند، پێشوازی بەزێنەری (جەتە) شەڕانی و دڕ وستەمکارەکانیان بە جلکی کەوەییەوە کرد، ئیدی قوڕیان بۆ گیرایەوە. لەو ڕۆژەوە تا ئەو ڕۆژەی کە ئەنجام مەرگ لە (ئوتراف) ئەوی بە عاردیدا دا، یانی دوای سی دانەساڵ، تەیموور تاقە بزەیەکی نەکەوتە سەرلێوان. زاری لێک نا بێباک و بێ منەت لە هەر بویەر وپێشهاتێک، دەرگای دڵی لەهەر سۆز و بەزەییەک داخست و سی دانەساڵی تەواوی بەو دەقەوە بەسەر برد!

دەیسا، با ستایشی ئەو ژنە بکەین کە دایکە و تاقە هێزێکە کە تەنانەت مەرگیش سەری ڕێز و شکۆمەندی بۆ فرو دێنێت!

لەم چیرۆکەدا، برێک ڕاستی سەبارەت بەو دایکە و دەربارەی ئەو بویەرەی کە چۆن خوڵام و کۆیلەی مەرگ، واتە تەیمووری پۆڵایین دڵ و بەڵا و نەفرەتی خوێنینی گۆی زەوی، لەهەنبەری ویدا سەری دانەواندووە.

***

دەگێڕنەوە دەڵێن، کە تەیموور لەنگ، لە دەشت و دۆڵی (کانی گوڵان) دا، ئاهەنگ و کەرنەڤاڵێکی بەرپا کردووە. دەشت و دۆڵەکە، زۆر دڵگیر وخۆشبووە، گوڵا سوور و یاسەمین وجۆرەها ڕێحان، وەکو هەور ئەرزەکەیان داپۆشی بوو، تەیموور لە دەشتێکدا هەڵیدابووونوردوو بەزی کردبوو کە شاعیرانی سەرمەرقەند ناویان نابوو (دۆڵی گوڵان) لەوێوە، منارەی شین و گومەزی پیرۆزەیی مزگەوتەکانی ئەو شارە گەورەیە دەبینران.

پازدە هەزار خێوەتی بازنەیی، بەشێوەی نیو بازنەیەکی گەورە کەلە دوورەوە لە پازدە هەزار گوڵە نەستەرەن دەچوون، لەو دەشت و دۆڵەدا هەڵدرابوون. لەسەر هەر خێوەتێک ئاڵایەکی ئاوریشمی ڕەنگین، وەکو گوڵێن ڕاستەقینە و ئاسایی بەدەم شنەی باوە دەشەکانەوە.

خێوەتەکەیمیر تەیموور لەناوەندی ئۆردوگاکەدا لە شابانۆیەک دەچوو، لە نێو هاودەم ودەست و پێوەندەکانیا خۆی بنوێنێت. خەرگاکەی میر چوارگۆشە بوو، درێژی هەرلایەکی سەد شەقاو بوو، بەرزیشی بە بەرزی سێ ڕمان دەبوو. خەرگاکە لەسەر دوازدە ئەستوونی زێڕ هەڵدرابوو. ئەستووری هەر ئەستوونێکی بە ئەندازەی ناوقەدی زەلامێک بوو. قوببەی خەرگاکە، پیرۆزەییەکی کاڵ بوو، لاکانی خەرگاکە لە ئاوریشمی خەت خەتی ڕەش وزەرد وشین دروستکرابوون. خەرگایەکە بە پێنج سەد پەت و گوریسی سوور، تووند بەسترابوو، تا با بە ئاسمانیا نەبات و چوار هەڵۆی زیو، لەهەر چوار قولینچکی خەرگاکەوە دانرابوون. هەڵۆی پێنجەم، واتە شاهنشای بە زەبر و بەهەیبەت، خودی تەیموور لەنگ، لەسەر دەکەیەکی (سەکۆ) ناوەندی خەرگاکەدا، بە جەلال وشکۆوە دانیشتبوو. جلێکی ئاوریشمی شینی ئاسمانی و دەڵبی مرواری نیشانی لەبەردابوو، پێنج هەزار مرواری درشتیان پێوە درووبوو.کڵاوێکی قووچی سپی، بەسەرەوە بوو، کە هاتبووە سەر برۆ سپی و ترسناکەکانی، یاقووتێکی گەورە، بە ترۆپکی کڵاوەکەیەوە بوو، ئەم یاقووتە دەمێ بۆ پێش و دەمێ بۆ پاش دەجووڵا و وەکو چاوێکی پڕ لە خوێن دەیڕوانییە دنیا.

ڕوخساری میری لەنگ لە کێردێکی دەم پان دەچوو، کە هەزاران کەڕەت لە خوێن هەڵکێشرابێ و لە سۆنگەی ئەو هەموو خوێنەوە ژەنگی هەڵهێنابێت. چاوەکانی بچووک بوون، بەڵام زۆر بینا وتیژ. هیچ شتێکیان لێ ون نەدەبوو، تیشکی ئەو چاوانە، لە بریسکە وتیشکی ساردی زومڕود، بەردە دڵخوازەکەی عەرەبان دەچوو، کە گوایە دەرمانی دەردی بێ دەرمانە. جووتێ گوارەی یاقووتی ڕۆمانی لە گوێدا بوون، لە ئاڵیدا هەڤڕکی لێوی گوڵینی پاکیزانی جوانی دەکرد.

لەناو خەرگاکەدا و لە ئەرزەکەدا، لەسەر مافورێن ڕەنگاورەنگی بێ وێنەدا، سێ سەد سوراحی زێڕی تەژی شەرابی نایاب و هەموو پێداویستیەکی دیکەی شایستە بە جەژن و کەرنەڤاڵی شاهانە ڕیز کرابوون. سازڤان و سترانڤانان لە پشت تەیموورەوە

دانیشتبوون. هیچ کەسێک لە تەنیشت یان شانبەشانی ئەوەوە دانەنیشتبوو، بەڵام لە بەردەمیا و لەبەر پێی ئەوا، کۆمەڵێک لە خزمان و نزیکان و شا و شازادە و سەرانی بناڤ ودەنگی سوپا و لەشکر دانیشتبوون. کرمانی، شاعیری بادەپەرست، لەهەموو ئەوانی دی نزیکتر لەوەوە دانیشتبوو، ئەو شاعیرەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لێی پرسی بوو: کرمانی، ئەگەر منیان بۆ فرۆشتن بردبا بازاڕ بەچەندت دەکڕیم؟

کرمانی بەرسڤی دایەوە:- بە بیست و پێنج سکە.

تەیموور بە حەپەساوی دەڵێت:- ئەوە تەنیا نرخی پشتێنەکەمە!

کرمانی وەڵامی دەداتەوە:

- منیش هەر نرخی پشتێنەکەتم دەدا، دەنا خۆت تاقە پولێک نایەنیت.

کرمانی شاعیر، بەوجۆرە وەڵامی شاهنشای سامناک و خوێنڕێژی دایەوە، کەواتە دوورد لە گیانی ئەو شاعیرە هەقبێژە، دەیسا بابۆ هەتاهەتایە ناو وناوبانگی ئەو شاعیرە هەقبێژە لەناو وناوبانگی تەیموور لەنگ بەرز وبڵندتر بێت. ئێمە دەبێت تاریف و ستایشی ئەو شاعیرانە بکەین کە تەنیا یەک هەڵوێستیان هەیە، تەنیا یەک خوایان هەیە، ئەویش  خواوەندی وشەی جوان و هەقە. بەبێ ترس دەیڵێن، و هەق و هەقیقەت خوای هەمیشەییانە!

بەڵێ لەو دەمانەدا شادی و بەزم، بیرەوری و باسێن جەنگ و سەرکەوتنان، بەدەم موزیقا وگۆرانی وگەمەێن میللییەوە لە بەردەم خەرگاکەی شاهنشادا لەوپەڕی گەرمی دا بوو، لەو دەمەیدا ژمارەیەکی یەجگار زۆر لە لیبۆکانی جۆراوجۆر، هەڵبەز ودابەزیان بوو، پەتبازان بەسەر تەنافەوە دەڕەقسین، وەرزشوانان وپاڵەوانان زۆرەبانیان دەگرت، بۆکسێنیان دەکرد، بە جۆرێ یەکیان ئەم دیو وئەودیو دەکرد پیاو وای وێنادەکرد کە ئەمانە ئێسک لە بەدەنیاندا نییە، لەو دەمانەدا جەنگاوەران و

شەڕڤانان شمشێربازییان دەکرد، تا کارامەیی خۆیان لە واری پیاوکوژیدا بنوێنن، لەکاتێکا کۆمەڵێک فیلی ڕەنگ کراو بە بۆیەی سوور و سەوزیان پیشاندەدا، هەندێکیان ترس وخۆفیان دەخستە دڵەوەو هەندێکیان بزەو پێکەنینیان دەخستەسەر لێو و زاران، بەڵێ لە گەرمەی ئەو شادی و بەزم و عوشرەتەی تەیموور و دەست و پێوەندەکانی بەرپایان کردبوو و دەست و پێوەند، هەموو لەترسی تووڕەیی ئەو، لەشانازی بەسەر کەوتنەکانی ئەوەوە، لە ماندوویەتی جەنگا ولە خواردنەوەی شەرابا مەستی مەست بوو بوون ولەهەوای خۆدابوون، ئالەو ساتە هەستیارەدا، لەناکاو، لەناو جەرگەی ئەو هەرا و هەنگامەیەوە، وەکو بروسکەیەک لەنێو چڕە هەورێکا چەخماخە بدات، دەنگی هاواری ژنێک گەییە گوێی بەزێنەری سوڵتان بایەزید... ئەو هاوارە بە گوێی ئاشنا بوو، دەگەڵ ڕیتمی ڕۆحی زمداریا تێکی دەکردەوە، ئەو ڕۆحەی ئەوەندەی مەرگ و مردن دی بوو، بەڕادەیەک لۆس بووبوو کە زەڕەیەک بەزەیی تیا نەمابوو.

تەیموور، ئەمری بە پیاوەکانی کرد کوا بزانن ئەو دەنگە خەمناکە لە کوێوە دێ و کێیە. خەبەریان بۆ هێنا کە ژنێکی سەراپا نقومی گەرد و تۆز، شڕپۆش، زیاتر لە شێت ودینان دەچێت، بە زمانی عەرەبی دەئاخفێ و داوا دەکات بێتە خزمەتی ئەو، ئەوی فەرمانڕەوای سێ بەشی دنیا.

پاشان ئەمری کرد: - کوا بۆمی بێنن!

ئابەوجۆرە، ژنێکی پێ خاوس، شڕپۆش، کە هەتاو جلە شڕ وشەپڕێوەکانی کاڵ کردبووەوەو قژە ڕەشەکەی پەخش وپەرێشان کردبوو تا سینگ و بەرۆکە ڕووتەکەی پێ داپۆشێت، ڕوخساری لە ڕەنگی مس دەچوو، بەڵام چاوەکانی پرشنگی نەترسان و غروریان دەدا... دەستە ڕەشەکانی کە بەرەولای تەیموور لەنگی درێژ کردبوون، بەهیچ جۆرێ نەدەلەرزین.

ژنەی تاین پرسی:- تۆ سوڵتان بایەزیدت بەزاندووە؟

– بەڵێ، من ئەو و زۆر سەرکێشانی دیکەی وەکو ئەوم شکاندووە، هێشتاش لە شەڕ و فتوحات تێر نەبووم، ماندوو و بێزار نەبووم. ئەی ژن، تۆ کێیت و چیت دەوێت؟

ژنە گوتی:– گوێ بگرە! تۆ هەر چییەک بکەیت، هەر پیاوێکی و تەواو، لەوە زیاتر نیت، بەڵام من دایکم، تۆ خوڵام وخزمەتکاری مەرگی، خزمەتی مردن دەکەیت، من خزمەتکاری ژیانم، خزمەتی ژیان دەکەم، تۆ نەهەقیت دەرهەق بەمن کردووە، من هاتووم داوات لێبکەم، کە لەو نەهەقیەت ژێوان ببیتەوەو تۆڵەم بۆبکەیتەوە. بۆیان گێڕاومەتەوە دروشمی تۆ ئەمەیە کە " هێز و توانا لە عەدالەتدایە " لێ من باوەڕ ناکەم تۆ وابیت، بەڵام سەبارەت بەمن، دەبێ عادیل بیت، چونکە من دایکم!

پاشا، ئەوەندەی ئەقڵ هەبوو، کە هەست بە توانا پەنهانەکانی پشت ئەو وشە پڕ جورئەتانە بکات، کەمێک دەفکرەوە چوو وگوتی:

– دانیشە و قسەی دڵی خۆت بکە، من دەمەوێ گوێم لە قسەکانت بێت!

ژنەی تاین، بە کەیفی دڵی خۆی، بەکەماڵی ئیسراحەت، لەناو ئەڵقەی تایبەتی شاهاندا، لە سەر مافوورەکە ڕۆنیشت ودەستی بە گێڕانەوەی حاڵ و حیکایەتەکەی خۆت کرد:

– من خەڵکی دەڤەری " سالیرنو " م. ئەوشارە لە ئیتاڵیایە، زۆر لێرەوە دوورە، تۆ ئەو شارو وڵاتەت نە دیووە ونە دەناسیت! بابی من ماسیگر بوو، شووەکەشم هەر ماسیگر بوو. وەکو هەر پیاوێکی بەختەوەر، زۆر قۆز وجوان بوو، بۆیە بێ دڵی ئەوم نەدەکرد، کوڕێکیشم هەبوو، کە جوانترین کوڕی هەموو دنیا بوو!

تەیمووری جەنگاوەری پیر، بە ئەسپایی و لەبن لێوانەوە گوتی:

– وەکو جیهانگیری کوڕی من!

ژنەی ناڤبری لەسەری ڕۆیی:

– کوڕەکەی من قۆزترین و بە ئاوەزترین کوڕی دنیا بوو! تەمەنی شەش ساڵان بوو، کە کۆمەڵە دزێکی دەریایی ڕۆژهەڵاتی خۆیان گەیاندە کەناراوەکانی لای مە، باوکم و مێردەکەم و زۆر پیاوی دیکەیان کوشت و کوڕەکەشمیان ڕفاند، من ئەوە چواردانە ساڵی خشتە عەودالی کوڕەکەمم و وێڵ و سەرگەردان کێو و دەشت و دەر ودۆڵم داونە ژێر پێوە، ئیدی زانیومە کورەکەم هالەلای تۆ، چونکە سوڵتان بایەزید، بەسەر ئەو دزە دەریاییانەدا سەرکەوتبوو و تۆش سوڵتان بایەزیدت بەزاندووەو دەست بەسەر هەموو موڵک و ماڵێکی ئەودا گرتووە، بۆیە دەبێ بزانیت کوڕەکەی من لە کوێیە وکوڕەکەم بدەیتەوە!

عیل وعەشیرەت هەموو پێکەنین، ئەو شاهانەی دانیشتبوون و هەمیشە خۆیان لە هەموو خەڵکی پێ ئاقڵترە، گوتیان:– ئەم ژنە شێتە.

بەڵێ، شاهان ودۆستانی تەیموورو، شازادە ومیران و سەرانی سوپا و لەشکرەکەی وی، بەدەم پێکەنین و تانووتەوە وایان گوت.

تەنیا کرمانی شاعیر، بە خەمینی ڕوانیە ئەو ژنە، تەیموور لەنگیش حایر و حەپەساو دەیڕاونیە ژنەکە. کرمانی شاعیری مەیگوسار، بە ئەسپایی گوتی:

– بەڵێ شێتە! لێ شێتاتی ئەو شێتاتی دایکە، شێتاتیەکی ئاسایی نییە!

هەنگێ تەیموور پاشای، دژمنی سەرسەختی ئاشتی گوتی:

– ئەی ژن! چۆن لەو وڵاتە دوورەوە کە من نەدیومە و نە ناویم بیستووە، بەدەریا و ڕووبارانا، بە چیا وچۆلانا، بە لێرەوار و بێشە و جەنگەلاندا خۆت گەیاندووەتە ئێرە؟ چۆن جانەوەران وخەڵکانی دڕ ودڕندەتر لە هەموو دڕندەیەک، ڕێگەیان پێنەگرتوویت؟ چۆن توانیوتە بەبێ چەک، کە چەک تاقە دۆستی خەڵکی بێ پەنایە و تا ئەو خەڵکە بێ

پەنایە هێزی بەکار هێنانی چەکەکەی هەبێ، مەحاڵە چەک خیانەتی لێبکات؟ من دەبێ ئەمە بزانم، بۆ ئەوەی باوەڕت پێبکەم!

دەیسا، با سەلاوات لە دیداری ئەو ژنە بدەین، ئەو دایکە بدەین، کە میهرو خۆشەویستی ئەو کۆ لە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک ناکاتەوەو هەموو دنیا بە شیری ئەو گۆش وپەروەردە کراون! هەرچی خووی جوانی بەشەر هەیە، زادەی تیشکی پرشنگداری هەتاو و شیری دایکە! ئەوانە، تیشکی خۆر وشیری دایک، ژیانمان لەنک خۆشەویست دەکەن.

ژنەکە بەرسڤی دایەوە:

– من لەم هاتنەمدا، تەنیا یەک دەریام بینی، گراڤ ودوڕگەێن زۆری تیابوو، کەشتی ڕاوی تیابوو، بەلام وەختێ مرۆڤ عەوداڵی گوم گەشتە و خۆشەویستی دڵی خۆی بێت، بای ڕۆژگار بە مرادی دڵی وی دەگەڕێت. کەسێ لە منداڵییەوە، چاوی بە دەریا پشکوتووبێت و لە کەناراوندا گەورە بووبێ، مەلە بۆ وی ئاسانە. سەبارەت بە چیا؟ من تووشی هیچ چیایەک نەبووم.

کرمانی مەست، بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– چیا، لەچاوی کەسێکا کە خۆشەویستی دڵی ئاوا کردبێتەوە، دەبێ بە پێدەشت!

ژنەی تاین لە سەری ڕۆیی:

– لێرەوار وبێشە هەبوون، بەڵێ تووشی بەرازە کێوی و ورچان بووم، گاکێوی شاخداری ترسناکم دیتن، کە سەریان بۆ عاردی دادەنەواند، دووجار تووشی پڵنگان بووم، بەچاوانی وەکو چاوانی تۆ لێم مۆڕ دەبوونەوە، بەلام خۆ جانەوەر ودڕندەش دڵیان هەیە، من وەکو چۆن ئێستا قسان دەگەڵ تۆدا دەکەم، بەو ئاوایە قسەم لەگەڵیاندا دەکرد، کە پێمگوتن من دایکم باوەڕیان کرد، بەدەم داخ وکەسەرەوە ڕۆیشتن و لە

ڕێگەم لاکەوتن. باشە نازانی کە گیانەوەرانیش، بێچووی خۆیان خۆشدەوێتو دەزانن چۆن لە پێناوی مان وژیان و،ئازادی واندا، ڕێک وەکو بەشەران دەخەبتن و دەجەنگن؟

تەیموور گوتی:

– ئەی ژن، هەق بە تۆیە، قسەکەت جوانە! من زۆرچاک دەزانم زۆرجار گیانەوەران، لەمرۆڤ زیاتر بێچووی خۆیان خۆشدەوێت ولەمرۆڤ ڕژدتر ودلێرانەتر لە ڕای پاراستنی بێچووەکانیاندا دەخەبتن!

ژنەی تاین، وەکو منداڵێکی سادە وساکار، درێژەی بە قسەکانی خۆی دا، چونکە بە ڕاستی هەر دایکێک، بگری لە ڕاستیا منداڵێکی گەورەیە ولەباری سۆزداری و سایکۆلۆژییەوە سەد ئەوەندەی هەر منداڵێکی بێگەرد، پاک و بێگەردە... درێژەی بە قسەکانی خۆی دا و گوتی:

– خەڵکی... خەڵکی هەمیشە لەچاوی دایکیاندا منداڵن، هەر کەسێک بگری دایکێکی هەیە، هەر کەسە فرزەندی دایکێکە، تەنانەت تۆش، تۆی پیرەمێردیش، چاک دەزانیت، لە ژنێک بوویت، ژنێک تۆی هێناوەتە دنیاوە، تۆ دەتوانی نکۆڵی وحاشا لە خودا بکەیت، بەڵام هەرگیز ناتوانیت نکۆڵی لەم حەقیقەتە حاشا هەڵنەگرە بکەیت!

کرمانی، شاعیری بوێر وبێباک، هاواریکرد:

– ڕاست دەکەیت، ئەی دادەخانم هەق بە تۆیە، هەرگیز جوانەگایان گوێرەکەیان نابێت، گوڵ بەبێ هەتاو ناپشکوێت، شادی بەبێ خۆشەویستی نییە، خۆشەویستیش بەبێ ژن نییە و نابێت، هیچ شاعیر و قارەمانێکیش بەبێ دایک نابێت!

هەنگێ ژنەکە گوتی:– کەواتە کوڕەکەم وێدەوە، چونکە من دایکم و خۆشم دەوێت!

کەواتە با کڕنۆش بۆ ژن بەرین، سڵاو ودروود لە ژن کە پەیامبەرانی گەورەی وەکو موسا و عیسا و محەمەدی هێناوەتە دنیاوە! ئەوەی هێناوەتە دنیاوە کە خەڵکی زاڵم لە

خاچپیان دا، لێ بەگوتەی شەریف الدین ئەو بە زندوویەتی ڕزگاری بوو، چوو بۆ ئاسمان، و بۆ دادگاییکردنی زندووان ومردووان دێتەوەو ئەم کارە لە دیمەشق ئەنجام دەدرێت. لە دیمەشق!

دەیسا سڵاو لە دیداری ژن، چونکە گەورە پیاوانی دنیا دێننە دنیاوە! ئەرستۆ، فیردەوسی، سەعدی شیرین کەلام، عومەر خەیام کە قسەکانی لە بادەی ژەهرئامێز دەچن، ئەسکەندەر و هۆمیرۆسی نابینا هەر هەموویان ڕۆڵەی ژنن و، بە شیری ژن گۆش و بەخێو کراون، ژن دەستی گرتوون و هێناونیە دنیاوە. لە کاتێکا هیچ یەکێکیان هێشتا لە بنجی گوڵە نەستەرەنێک گەورەتر نەبوون، هەرچی مایەی فەخر و شانازی دنیایە لە دایکانەوە هەڵقوڵاوە!

هەنگێ پیرە بەور، وێرانکەری شاران، واتە تەیموور لەنگ سەرە سپیەکەی لەبەرخۆنا ، ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگی دەبیرەوە چوو، هەنگێ سەری هەڵێنا و بەوانەی دەوروبەری خۆی گوت:

- گەلۆ گوێ لە تەیموور بگرن! من تەیموور، بەندەی خودا، دەمەوێ ئەوشتە بڵێم کە دەبێ بگوترێ! من ساڵانێکی زۆرم بەڕێ کردووە، تا ئێستاش زەوی لە ژێر پێمدا دەناڵێنێ، سی دانە ساڵە من رزقی مردنم بڕیوە، بەم دەستانەم بەروبوومی ئەو دەدورمەوە هیچم بۆ ئەو نەهێشتووەتەوە، بۆیە دەستم داوەتە وێرانکاری و کوشتار، تا لەهەنبەر مەرگی جیهانگیری خۆما تۆڵە لە مردن بکەمەوە، بۆیە دەستم داوەتە خوێنڕێژی چونکە مەرگ تاقە ڕوناکی و هەتاوی دڵی منی کوژاندەوە! خەڵکانێکی زۆر لە پێناوی دەسەڵات وشاراندا بەگژما هاتوونەتەوە، شەڕی منیان کردووە، لێ هیچ کەسێک ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ڕای ئینسان و لەپێناوی شکۆ و جەلالی ئینساندا شەڕی منی نەکردووە! بۆیە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئینسان لەلای من هیچ نرخ و فەڕێکی نەبووەو قەت لەوە حاڵی نەبووم بۆچی دێتە سەر ڕێگام؟ من کاتی خۆی دوای ئەوەی بەسەر بایەزیدا سەرکەوتم، پێمگوت: " ئاە بایەزید، وادیارە هەرچی وڵات و بەشەر

هەیە، لەلای خوا ناکاتە هیچ و بایەخی نییە، دەنا چۆن ڕێگەی دەدا منی لەنگ و تۆی خێڵ و قیچ، بەم دەردەیان بەرین! "

وەختێ ئەویان بە کۆت و زنجیرەوە بۆلا هێنام  و ئەو لە ژێر باری قورسی ئەو کۆت وبەندانەدا خۆی بەپێوە نەدەگرت، من ئەو قسەیەم پێگوت، بەو حاڵەیەوە تەمەشام کرد، هەستم کرد کە ژیان زۆر تاڵ و بێ تامە، تاوەکو تاڵو! گیای وێرانە و خەرابات!

– من ، تەیمووری بەندەی خوا، ئەوەی دەبێ بگوترێ، ئێستا دەیڵێم! هەنووکە ژنێک لە هەنبەر منا دانیشتووە، کە ژنانی وەکو ئەو یەجگار زۆرن، لە ژمارە نایەن، ئەم ژنە هەست و سۆزێکی لە دڵی مندا بێدار کردووەتەوە کە تاکو نها قەت پەیم پێنەبردبوو. ئەم ژنە وەکو هاوتایەکی خۆی قسەم لەگەڵدا دەکات، نە دەپاڕێتەوە نە تکا دەکات، بەڵکو ئەمر دەکات. من ئێستا دەبینم  ودەزانم نهێنی توانا و بوێری ئەم ژنە لە چیدایە، ئەم ژنە دایکە، خۆشەویستی لە دڵدایە، ئەم خۆشەویستیە یارمەتی داوەو توانای ئەوەی داوەتێ پەی بەوە بەرێت کە منداڵەکەی پڕوسکەی(ئاورینگ) ژیانی ئەوەو لەگینە ئەو پڕوسکەیە، شوعلە و سۆڵەیەکی(بڵێسە) وەهای لێبکەوێتەوە کە تاچەندین نەوەو سەدە نەکوژێتەوە، مەگەر هەموو پەیامبەران منداڵ نەبوون؟ هەموو قارەمانانی دنیا ڕۆژێ لەڕۆژان منداڵی بێ توانا و دەسەڵات نەبوون؟ ئۆف، جیهانگیر، ڕوناکی چاوەکانم، هیچ دوور نەبوو کە تۆش دنیا ڕوناک بکەیتەوەو تۆی سەعادەت و شادمانی لە سەرانسەری زەویدا بچێنیت. بەڵام من، باوکت، زەویم بە خوێن پاڕاو کردەوە و، زۆر بە پیت بووە!

جەلادی گەلان، دیسان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو و پاشان بەمجۆرە هاتەوە قسان:

– من، تەیموور، بەندە وخولامی خودا، ئێستا ئەوە دەڵێم کە پێتڤییە بگوترێت! هەر ئێستا و بەپەلە و بێ دواکەوتن، سێ سەد سوار دەرچن و بەهەر چوار نکاڵی وڵات و ئاوەدانیانی قەڵەمڕەوی مندا بڵاو ببنەوەو کوڕی ئەم ژنە ئەگەر لەبنی ئەرزیشدا بووە

بدۆزنەوە و بۆ ئێرەی بێنن، ئەم ژنە بەخۆی لێرەو لەگەڵ مندا چاوەڕوان دەکات ، هەر سوارێک بە کوڕەکەی ئەم ژنەوە بگەڕێتەوە، خەڵاتی گەورە دەکرێت. ئەمە فەرمان و داوای من، تەیموورە! بە دڵتە دادەخانم؟

ژنەی تاین سەری بردە دواوە، قژە ڕەشەکەی لەسەر دەم و چاوی لابرد، بزەیەکی کرد، سەری لەقاند وگوتی:- زۆرچاکە پاشا!

هەنگێ ئەو پیرەمێردە سامناکە ڕابوو، بە بێدەنگی ئیکلامی بۆ ژنەکە کرد و ئەوسا کرمانی، شاعیری مەستی خوشحاڵی، ئەم شیعرەی گوت:

چ شتێک لە زەمزەمەی ستێر وگوڵان جوانترە؟

هەموومان وەڵامەکەی دەزانین: گۆرانی ڤیان

چ شتێک لە تیشکی هەتاوی نیوەڕۆی ئایار جوانترە؟

هەر ئاشقێ وەڵام بداتەوە دەڵێت: ڕوخساری یار

ئاە، دیارە کە ستێرانی ئاسمانی نیوەشەوان زۆر جوانە

کە هەتاوی ڕۆشنی نیوەڕۆی هاوین زۆر جوانە!

لێ چاوی مەحبووبەکەی من لە هەموو گوڵانی دنیا جوانترن

بزەی ئەو لە تیشکی خۆر ناسکترە!

جوانترین شیعر وگۆرانی ئەوەیە هێشتا نەگوتراوە

ئەو شیعرە، دەربارەی سەرچاوەی هەموو چاڤکانیەکانە

دەستپێکی هەموو سەرەتاکانە

ئەو شیعرە دەربارەی دڵی هەموو جیهانە

له وەسفی دڵی پەرجوو ئامێزی ئەو بوونەوەرەیە

کە ئێمە، خەڵکی پێی دەڵێین دایک!

هەنگێ تەیموور لەنگ بە شاعیرەکەی خۆی گوت:

- ئافەرین کرمانی! خودا بە هەڵە تۆی هەڵنەبژاردووە، بۆیە تۆی هەڵبژاردووە، تا لە زمانی تۆوە حیکمەتی خۆی ئاشکرا بکات!

کرمانی، لە خۆشحاڵیدا مەستی بوو، گوتی:

- بەڵام خودا بەخۆیشی شاعیرێکی زۆر مەزنە!

ژنەکەش، پەیتاپەیتا بزەی دەهاتێ ورووو وڕووخساری دەگەشایەوە. هەر هەموو شایەکان، شازادەکان، سەرداران و ناودارەکان، وەکو منداڵ دەگرژینەوەو لێو بە بزە تەمەشای ژنە، دایکەیان دەکرد.

***

هەر هەموو ئەمە حەقیقەتە، هەر وشەیەک لێرە گوتراوە هەمووی حەقیقەتە، دایکانمان ئەمە باش دەزانن. بچن لێیان بپرسن، تا بەگوێی خۆتان بژنەون کە چۆن دەڵێن:

- ئەرێ، هەموو ئەمانە حەقیقەتی هەمیشەیین. ئێمە، دایکان لە مردن بەهێزترین. ئێمەی دایک، هەمیشە زانایان و دانایان بە جیهان دەبەخشین، شاعیران و قارەمانان دێنینە دنیاوە، ئێمەی دایک کە سەرچاوەی هەموو شانازی و فەخر و دەستکەوتێکی جیهانین، لەمەرگ بەهێزترین.

سەرچاوە: داستانهای برگزیده، ماکسیم گورکی، ترجمە: افسر سدارت، رزا ازرخشی، تهران،۱۳۸۹

## چلکاش

گەردوتۆزێکی خەست ئاسمانی شینباوی باشووری گرتبوو و تەواو تاریک و لێڵی کردبوو، هەتاوی گەرم دەتگوت لە ژێر پەردەیەکی ناسک وکەوەییەوە دەڕوانێتە دەریا

ئامال کەسکەکە. تیشکی هەتاوەکە زۆر بە زەحمەت دەگەییە بەندەر ولەنگەرگاکە، ئیدی بەهۆی سەوڵ لێدانی بەلەمان و سووڕانەوەی پەروانەی کەشتیانی هەڵمی و ماسی ئاسای تورکی وکەشتیانی دیکەوە، دەبوو بە تەمتومانێکی ئەوتۆ کە لەنگەرگاکە نەدەبینرا. شەپۆلێن دەریاکە، لەژێر ئەو بارە قورسەدا کە بە سەرشانیەوە بوو، شەکەت وماندوو دیار بوون، سەرشێتانە و بەتووڕەیی سەریان بە لاقەدی کەشتیەکان و کەناری دەریاکەدا دەکێشا و بەدەم کەف چڕینەوە، هەر زڕ و زبڵ و پاشماوەیەکیان هاتباڕێ بەرەو کەنارەکەیان ڕادەماڵی. زڕەی زنجیری لەنگەرەکان و تەق و هۆڕی عەرەبانە بارهەڵگرەکان، تەق و هوڕی ئەو سەندووقە ئاسنانەی دەخرانە سەر کەنارە سەڵبەندەکە، دەنگی ناسازی ئەو دار وتەختانەی بە یەکدا دەکەوتن، دەنگی ناخۆشی عەرەبانان، شووتی بەرز ونزمی کەشتیە هەڵمینەکان، کە تاوێ بەرز دەبوونەوەو تاوێ نزم، هەراوهەنگامەی کۆڵبەران و کەشتیوانەکان و سەربازانی پاسەوانی وێستگەی گومرک — هەر هەمووی تێکەڵ دەبوو، ئیدی ئەم هەراو هەنگامەیە دەبوو بە موزیقای کار و زەحمەتی ئەو ڕۆژە. لەوە دەچوو ئەم دەنگانە وەکو گەردەلوولێک بە ئاسمانی لەنگەرگاکەوە وەستابن و هەرتاوناتاوێ شەپۆلێکی تازەی هەراو هەنگامە لە ژێرەوە، لە ئەرزەوە، بەرزببێتەوەو هێندەی دی خەستی بکاتەوە. ئەم شەپۆلی هەرا و زەنایانە هەندێجار زۆر تووند وترسناک بوون، هەموو دەوروبەری دەلەراندەوەو، هەندێجاریش هەوا نمسار وگەرمەکەی لەنگەرگاکەی دەشڵەقاند و شەق دەکرد.

دەتگوت دار وبەرد، گرانیت، پۆڵا، دار، شۆستە سەڵبەندکراو بەردڕێژەکان. کەشتیەکان و، تەنانەت خەڵکەکەش، لەگەڵ دەنگی ترسناکی سروودی تۆپخانەی (میرکوری) وخواوەندی بازرگانی ودزیەتیدا، یەکیان گرتووەتەوە. بەڵام دەنگە بەشەرییەکان کەلە نێو ئەم هەراو زەنایەدا، بەزەحمەت دەبیسترا، زۆر کز وکۆمیدی بوو، ئەم خەڵکەی کە خۆیان ئەم هەموو هەرا وزەنایەیان خولقاندبوو، بە ڕاستی مایەی پێکەنین و بەزەیی بوون. ئەم خەڵکە داماوە، لەڕ ولاواز، چڵکن و پڵکن، شڕ و شەپڕێو، لەژێر باری

قورسا دوو لۆ چەمابوونەوەو بەھەشتاو لێرەوە بۆ ئەوێ، لەوێوە بۆ ئێرە، بە ناو گەرد وتۆز وگەرما وئارەقە وئەو ھەرا و ھەنگامە بێ بڕانەوەیەدا دەھاتن و دەچوون. کە دیقەتت دەدان، لەچاو کەشتیە پۆلاینە زەبەلاحەکانا، لەچاو کێو وخەرمانی کەلوپەلاندا، لەچاو باری زۆر و تەق وھۆڕی عەرەباناندا ولەچاو ھەموو ئەو شتانەدا کە خۆیان دروستیان کردبوو، زۆر بچووک دەھاتنەبەرچاو، کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی ئەو شتانەی کە خۆیان دروستیان کردبوون، یانی ئەو شتانە ھیچ شەخسیەتیان بۆ بەشەرەکان نەھێشتبووەو کردبوویانن بە کۆیلەی خۆیان.

ئەو کەشتیە زەبەلاحانەی کەلەحاڵی خۆ ئامادەکردنا بوون بۆ حەرەکەت شووتیان لێدەدا، دەیان نەڕاند، دووکەڵیان دەردەدا، ھەر دەنگێک لەو کەشتیانەوە بەرز دەبووەوە، جۆرە تانە وتەشەر و سووکایەتیەک بوو، بەو خەڵکە داماوە سەروپۆڕ تەپ وتۆزاوییەی بەحەوشەی کەشتیەکاندا بە ھەشتاو دەھاتن و دەچوون و عەماری گەورەی کەشتیەکانیان، بە بەروبوومی ڕەنجی شانی خۆیان پڕ دەکرد.

دیمەنی، ڕیزی دوور ودرێژی کۆڵبەرەکان، کە خەراری دانەوێڵەیان دابوو بە پشتیاندا و بۆناو عەماری کەشتیە زەبەلاحەکانیان دەبرد، تا لە ئەنجامدا، بە چەند کیلۆیەک لە ھەمان ئازووقە و دانەوێڵە سکی خۆیان تێر بکەن، بەڕاستی ھەم مایەی پێکەنین و ھەم بایسی گریان بوو. کە ڕەوش و بارودۆخی ئەم خەڵکە شڕ پۆشە، زەحمەت کێشەت، کەلە ئارەقەدا ھەڵکشابوون و بە قرچەی گەرما ڕەنجیان دەدا، لەگەڵ ئەو ئامێرە زەبەلاحانەدا کەلەبەر تیشکی خۆرەکەدا دەدرەوشانەوە، کە دەستکردی ھەمان ئەو خەڵکە بوون، بەراورد دەکرد و بۆت دەردەکەوت کە ئەو ئامێرە زەبەلاحانە تەنیا بە وزەی ھەڵم کار ناکەن، بەڵکو بە خوێن و ھێزی بازووی ئەو کەسانەش کە دروستیان کردوون، دەجووڵێن وکاردەکەن، دەزگایەکی سیستماتیکت دەھاتەبەرچاو کە مایەی تەوس بوو.

ئیدی هەراوزەنا، ژاوەژاو، گەردوتۆز، گوێی کەڕ وچاوی کوێر دەکرد، کەپووی دەتووزانەوە، گەرما بەدەنی دەتواندەوە، بارگرژییەکی سەیر باڵی بەسەراپای ئەم ژینگەیەدا کێشابوو، دەتگوت بەڵا وکارەساتێکی گەورە لە بۆسەدایە، ها ئێستا ها تۆزێکی دی دەتەقێتەوەو دەرفەت ودەرەتانێ دەڕەخسێنێ کە جەوەکە کەمێک ئارام بێتەوەو خەڵکەکە بەکاوەخۆ و بە ئازادی هەناسەیەک بدەن.

ئارامی باڵ بەسەر زەویدا دەکێشێت، گەرد و تۆزەکە دەڕەوێتەوە و هەرا وزەناکە دادەمرکێتەوە، خەڵکەکە هێور دبنەوەو لە هەڵپە دەکەون، هەوای شار پاک دەبێتەوەو دەریا ساف و ئاسمان پاک دەبێتەوەو شکۆ وجەلالی خۆی بەدەست دێنێتەوە.

لەناکاوا دەنگی زەنگێک بەرز بووەوە، دوازدە کەڕەت یەک لەدوای یەک زرینگایەوە. هەرکە دوا لێدانی زەنگە مسینەکە خامۆش بوو، هەرا وزەنای کار و ڕەنج هێوربووەوە، دوای خولەکێک بە تەواوەتی دامرکایەوە، ئیدی هەراو ژاوەژاوی خەڵکەکە وزەمزەی شەپۆلێن دەریاکە، بە تەواوەتی دەهاتەگوێ، چونکە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ بوو.

( ١ )

هەرکە دەنگی زەنگەکە بەرز بووەوە، هەموو حەماڵ و کۆڵبەرەکان دەستیان لەکار هەڵگرت، دەستەدەستە لەبەندەر و لەنگەرگاکەدا بڵاوبوونەوە، تا خواردن لە فرۆشیارە دەستگێڕەکان بکڕن و سێبەرێک بدۆزنەوەو هەر بە چیچکانەوە، لەسەر شۆستەکە نانەکەیان بخۆن. ڕێک لەم کاتەدا کریشا چلکاش پەیدا بوو. هەموو کۆڵبەرەکان و خەڵکی بەندەرەکە دەیانناسی و دەیانزانی چ شیر حەرام و مەیگوسارێکی ئالوودە و، چ دزێکی تەڕدەست وگۆساخە. زۆربەی کات بە سەری کۆت وبەپێی پەتی دەسووڕایەوە. پانتۆڵێکی کەتانی کۆنی لەپێ و کراسێکی خامەکی چڵکن و پڵکن و یاخەدڕاوی لەبەردەکرد، هەموو سینگ و بەرۆکە قاوەییەکەی بە درەوەبوو،

پەراسووەکانی ڕەق وتەق بەدەرەوە بوون. قژە ڕەشە لوولەکەی تاک و تەرا داوی سپی تێکەتبوو. سەروسیمای لە هەڵۆیەک دەچوو کە تازە لە خەو ڕابووبێت. پووشکەیەک بە سمێڵیەوە بوو، ڕوومەتی چەپی کە تازە تاشی بووی، پووشکەیەکی دی بەسەرەوە بوو، چڵە زیزەفۆنێکی کە تازە کردبویەوە، نابوو بە پشت گوێیەوە.

چلکاش، پیاوێکی باڵابەرزی، داڵەگۆشتی، مەیلەوکووڕ بوو، بە کاوەخۆ بەسەر شۆستە سەڵبەندکراوەکەدا ڕاوێچکەی دەکرد، بە کەپووە دەندووکە داڵاشیەکەی هەواکەی دەوروبەری هەڵدەمژی وچاوە قاوەییە گەشەکانی بە خەمساردییەوە بە دەوروبەردا دەگێڕا وەکو ئەوەی لە ناو حەماڵ وکۆڵبەرەکاندا بۆ کەسێک بگەڕێت. جارجارێک سمێڵە ڕەشە درێژەکەی وەکو سمێڵی پشیکان دەجووڵاند، دەستەکانی نابوونە پشتی و بە نیگەرانییەوە قامکە خواروخێچەکانی هەڵدەگلۆفتن. تەنانەت لێرەشا، لەناو سەدان بەرەڵڵای دیکەی وەکو خۆیدا، سەرنجی دەوروبەرەکەی خۆی ڕادەکێشا، چونکە لەنێو ئەوانەدا زۆر دیاربوو، لە هەڵۆیەکی نێو باڵندان دەچوو، کەبە پارێزەوە خۆی بۆ ڕاو ئامادە بکات..

وەختایەک چلکاش گەییە ئاستی کۆمەڵێک کۆڵبەر کەلە سیبەری کۆمەڵێک گونیە خەڵوزان خڕبووبوونەوە، گەنجێکی کورتەباڵای کەمێک گۆشتن بەرەوپیری چوو، ئەم گەنجە دەموچاوی یەکپارچە زیپکە بوو، لاملی هەموو ڕوشابوو، دەتگوت تازە لە شەڕ بۆتەوە وکوتەکێکی باشی خواردووە، بە قەڵافەت وسەروسیمایا کەر وکەودەن دیاربوو. گەنجەکە کەوتە شانبەشانی چلکاش وبە ئەسپایی کەوتە قسان ولەبن لێوانەوە گوتی:

- دەریاوانەکان، زانیویانە کە دووباڵە قوماشیان دیار نەماوەو خەریکن سۆراغ و تاقیبیان دەکەن.

چلکاش، بە ئارامی چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا وگوتی:- ئێ!

- مەبەستت لە ئێ چییە؟ پێمگوتی خەریکی تاقیب و سۆراغکردنن.

- ئێ، بۆیە لەدووی منیان ناردووە تا کۆمەکیان بکەم و دزەکە بدۆزنەوە؟

چلکاش، بەدەم ئەو قسانەوە، ڕوانیە ئەو شوێنەی  کە عەمارەکانی دەزگای کەشتی ڕانیەکەی لێبوون، بزەیەکی کرد وگوتی:- دەبڕو، هەیدێ گوم بەلەبەرچاوم!

کوڕە گەنجەکە، پشتی تێکرد و بۆلای کۆڵبەرەکان زقڕییەوە، بەڵام چلکاش، لە دواوە گازیکرد:

- ئەها، بوەستە! کێ ئەو نەخش ومۆرە جوانانەی پێوە ناویت؟ تۆ تەمەشا چۆن دیکۆری دەم و چاوتیان شێواندووە، حەیفێ! میشکات لەم ناوە نەدیتووە؟

کوڕە گەنجەکە، کەبۆلای هاوڕێکانی دەچوو، لە دوورەوە بەدەنگی بەرز وەڵامی دایەوە: - نەخێر، ماوەیەکی زۆرە نەمدیوە.

چلکاش درێژەی بە ڕێگای خۆی دا، ئەوانەی تووشی دەبوون، وەکو هاوڕێ و ناسیاوی کۆن بەگەرمی سڵاویان لێدەکرد ولە ئەحواڵیان دەپرسی، بەڵام ئەو کە کوڕێکی خۆشخو وقۆشمە و سوعبەتچی بوو، بە پێچەوانەی جارانەوە، ئەمڕۆ بێتاقەت و بەدمگێز بوو، بە ساردی وەڵامی پرسیارەکانیانی دەدایەوە.

پاسەوانی گومرکەکە، لەناکاوا، لەپشت کۆمایەک کەل وپەلەوە هاتەدەرێ، ڕەش هەڵگەڕابوو، سەراپای لە گەرد و تۆزا هەڵکشابوو، شەڕی لێدەباری، ڕێگەی لە چلکاش گرت، ڕووبەڕووی وەستا، دەستی چەپی لەسەر دەسکی خەنجەرەکەی دانابوو، دەستی ڕاستی بەرزکردبووەوە، تا یەخەی چلکاش بگرێت. لێکدالێکدا هاواری دەکرد:

- بوەستە! بۆ کوێ دەچیت؟

چلکاش هەنگاوێک چووە دواوە، چاوانی لە دوڕچاوی کابرای پاسەوان و خەفەر بڕی، بزەیەکی ساردی بەڕوویدا دا. پاسەوانی قوڵەنۆکەر، دەیویست هەیبەت و سامێک بە ڕوخسارە سورخن وفیڵاوییەکەی بدات، بەر خەبەبەی پڕبا کرد، گۆناکانی سوور هەڵگەڕان، برۆکانی تێک نان، چاوەکانی زاق کردنەوە، بەڕاستی سەر وسیمای زۆر کۆمیدی بوو. ئەنجام دەنگی هەڵبڕی و هاواری بەسەردا کرد:

- ئەدی من پێم نەگوتی، ئەگەر جارێکی دی لەم دەوروبەرە، لەم بەندەر و لەنگەرگایە بتبینم، هەموو پەراسووەکانت دەشکێنم. ئێستا بۆچی هاتوویت، لەمار دەگەڕێی!

چلکاش بێئەوەی خۆی شلویَ بکات، دەستی بۆ لای ئەو درێژ کرد وبەکاوەخۆ گوتی:

- سڵاو سیمیونیچ! ئەوە دیار نیت، دەمێکە نەمدیوویت.

- بریا قەت نەمدەدیت، دەبڕۆ دەی، لەم ناوە گیر نەبیت.

بەڵام وێڕای ئەوەش تەوقەی لەگەڵیا کرد.

چلکاش، بێئەوەی دەستی سیمیونیچ، لەنێو قامکە پۆڵایینەکانی خۆی ڕەها بکات، زۆر دۆستانە و بە خۆشەویستییەوە دەستی گوشی وگوتی:

- ئەریَ حەزم کرد هەواڵێکی میشکات لێبپرسم، لەم ناوەت نەدیتووە؟

- میشکا کێیە؟ من کەسێک بەو ناوە ناناسم! کاکۆ خێرا لێرە برِۆ، ئەگەر یارۆی بەرپرس لێرە بتبینیَ، هەنگیَ..

چلکاش لەسەری ڕۆیی:

- میشکا، میشکا، ئەو کوڕە سەر سوورەی کە ماوەیەک لەوەپێش لە کەشتی کوسترومادا کارم لەگەڵیدا دەکرد.

– ئەها شەریکە دزەکەت. ئێستا تێگەیشتم چ دەڵێیت. بۆ خەستەخانەیان برد. ئاسنێک بە لاقی کەوتووەو گوایە پێی شکاوە. کاکۆ بە زمانی خۆش پێت دەڵێم تا زووە لێرە بڕۆ، دەنا پشتی ملت دەگرم و فڕێت دەدەمە دەرەوە.

– توخوا ئەوەش بوو بە قسە! خۆ تۆ ئێستا گوتت هیچ مێشکا ناوێک ناناسیت، کەچی دەرکەوت دەیناسیت، باشە سیمیونیچ بۆچی ئەمڕۆ ئەوەندە بێ مەجازیت؟

– ئەوە کێشەی تۆ نییە، بە چەنەبازی مەم خلافێنە، ڕێگەی خۆت بگرە و بڕۆ!

یارۆی پاسەوان خەریک بوو تووڕە دەبوو، پەیتاپەیتا تەمەشای دەوروبەری خۆی دەکرد، هەوڵیدەدا، دەستی لەنێو پەنجە بەهێزەکانی چلکاش دەربێنێت. لێ چلکاش بێ خەم وخەیاڵ لەژێر برۆ چرەکانییەوە تەمەشای ئەوی دەکرد، بێئەوەی دەستی بەربدات، درێژەی بە قسەکانی خۆی دەدا:

– بۆچی پەلەم لێدەکەیت؟ با دوو قسان بکەین، هەنگێ بەخۆم دەڕۆم. ئێ حاڵت چۆنە؟ ئەدی ماڵ و منداڵەکانت چۆنن، هەموو سەلامەتن؟

چاوی تێبڕی، تەوسخەنێکی بەڕوویادا، ددانەکانی دەرکەوتن و لەسەری ڕۆیی:

– دەمێکە پێوەم سەرێکیان بدەم، بەڵام وەختم نییە، نامپەرژێت، هەمیشە مەستم..

– واز لەو قسانە بێنە، بەسە یەخەم بەردە! شەیتانی مردەلۆخ!... ناشێت بە تەمابی بکەویتە دزی ماڵان و گیرفانبڕی سەرجادە و بانان؟

– جا جادە وبانان بۆ؟ ئێرە بەشی سەدساڵی خەڵکی وەکو من و تۆ دەکات. سیمیونیچ گیان بەخوا بەڕاستمە، شتی ئێرە بەشی سەد ساڵ دەکات. بیستوومە دوو بالە قوماشی دیکەت دزیوە. تۆزێ ئاگات لەخۆ بێت، دەنا کاتێ بەخۆ دەزانی کەوتوویتە داوەوە!

سیمیونیچ، لە توورەییاندا دەلەرزی، دەمی کەفی کردبوو، لێوی کەوتبووە تەتەڵە، دەیویست شتێک بڵێت. بەڵام چلکاش دەستی بەردا و بە خاترجەمی و بە هەنگاوێن هەڕاو بەرەو دەروازەکانی بەندەرەکە زڤڕییەوە. کابرای پاسەوان بە جنێودان دوای کەوت.

چلکاش سەروڕووی کرابووەوە، خۆشحاڵ بوو، بەکاوەخۆ فیکەی لێدەدا، دەستی لە گیرفانەکانی نابوون، هێدی هێدی ڕێی دەکرد و سوعبەتی دزێوی دەگەڵ ئەوانەی ئەمبەروئەوبەری خۆیدا دەکرد و ئەوانیش بەهەمان سوعبەتان بەرسڤیان دەدایەوە.

لەناکاوا، کەسێک لە ناو کۆڵبەرەکانەوە، کە نیوەڕۆژەی خواردبوو ولەسەر ئەرزەکە ڕاکشابوو، هاواریکرد:- گریشکا دیقەتت داوە سەرۆک چۆن مدارات دەکات؟

چلکاش بەرسڤی دایەوە:

- من پێم پەتین، سیمیونیچ بۆیە دووم کەوتووە، تا نەبادا پێ بە بزمارێکا بنەم و پێم بریندار ببێت.

چلکاش گەییە بەر دەرگا، دوو سەرباز، دەستیان بە سەراپای جلەکانیا هێنا وبە ئەسپایی وەدەریان نا.

چلکاش لە شەقامەکە پەڕییەوە، لە سەر بەردێک ولەهەنبەر مەیخانەکە دانیشت.ڕیزێک عەرەبانەی بارکراو لە دەروازەی بەندەرەکەوە دەهاتنە دەرێ و ڕیزێک عەرەبانەی بەتاڵ دەچوونە ژوورەوە. عەرەبانچیەکان، لەسەر عەرەبانەکانیان دانیشتبوون. دەنگێکی ناخۆش لە بەندەرەکەوە دەهات، گەرد وتۆزێکی چڕ دەوروبەری گرتبوو.

هەرا و هەنگامە و جەنجاڵییەک بوو سەی خێوی خۆی نەدەناسی، ئەم کەش و هەوایە بەدڵی چلکاش بوو، وای پێشبینی دەکرد ئەو شەوە دەستکەوتێکی چەوری بەدەست بکەوێت. دەسکەوتێک کە بە ئاسانی و بە زەحمەتێکی کەم بەدەست بێت. لە تەڕدەستی

وچاپوکی وکارامەیی خۆی دڵنیابوو، بەشادییەوە هەردوو چاوی دەنوقاندن و خەیاڵی ئەوەی لێدەدا کەچۆن سبەینێ بە گیرفانی پڕ لە ئەسکەناسەوە، دەچێتە عەیش ونۆش... بیری لە میشکای هاوڕێی کردەوە. لەدڵی خۆیدا گوتی: " بەڕاستی میشکا بۆ ئەمشەو باش بوو، لێ حەیفێ پێی شکاوە. " کەبیری لەوە کردەوە کە تەنیایە و ڕەنگە بەبێ میشکا هیچی پێنەکرێت، لەبەرخۆیەوە کەوتە جنێودان... بابزانم جەوەکە چۆن دەبێت؟ بەو خەیاڵەوە تەمەشایەکی ئاسمانی کرد، ئەوجا نیگای بەسەرانسەری جادە و شەقامەکەدا گێڕا.

هەر لەسەر شۆستەکە و لەچەند هەنگاوی ئەوەوە، کوڕێکی گەنج دانیشتبوو، پشتی بە کۆتەرەدارێکەوە دابوو، کراسێکی شینی ئەستوور وزبری لەبەر و پانتۆڵێکی هەمان شێوەی لەپێدا بوو، پاتەوەیەکی ڕیشاڵە درەختانی لەپێدابوو، کڵاوێکی دڕاوی شڕ و وڕی سووری لەسەر بوو، توورەکەیەکی بچووک و داسێکی بێ دەسکی لەلاوەبوو، لەجیاتی دەسک هەندێک پووشی تێوە پێچڕابوو و توونډ بە پەتێک بەسترابوو، کوڕێکی بەهێز و چوارشانەی، قژ زەردی دەم وچاو تاوەسووت بوو، بەچاوە شینە درشتەکانی، دۆستانە دەیڕاونییە چلکاش. چلکاش، ددانەکانی نیشاندا، زمانی دەرهێنا، سیمایەکی ترسناکی لەخۆ هێنا، چاوەکانی لە کوڕەی تاین زەق کردەوە، کوڕەکە هەوەڵجار حەپەسا، چاوەکانی تروکاند، پاشان لە قاقای پێکەنینی دا، هاواری کرد:- چییە، شێت بووی؟

بەبێ ئەوەی هەستێت، لەجێگاکەی خۆی جوڵا، بەدەم ڕاکێشانی توورەکەکە و دەمە داسەکەیەوە، بەرەولای چلکاش جوڵا، تەق و هوڕی داسەکەی سەعاتە ڕێیە دەڕۆیی، بەدەم تەکاندنی پانتۆڵەکەیەوە بە چلکاشی گوت:

- چیتە برادەر؟ وادیارە زۆرت خواردووەتەوە، مەستی ها؟

چلکاش گوتی:- ڕاست دەکەی گیانە، زۆرم خواردووەتەوە، سوعبەتم لەگەڵ کردی.

چلکاش، هەر زوو قەڵافەت وسەروسیمای میهرەبان و چاوانی گەش و منداڵانەی ئەم کوڕەی چووە دڵەوە و بەپێکەنینەوە گوتی:- وادیارە لە درەو دێیتەوە، ها؟

- بەڵێ، چووبوومە دروێنەی، بەڵام هیچم دەست نەکەوت، ساڵەکەی نەهاتە، دەستی کار زۆرە. هەرچی برسی و بێکاری دەڤەرە نەهاتەکان هەیە لەم ناوە خڕ بوونەتەوە، کرێی کار زۆر دابەزیوە، بەشی هیچ ناکات. کارکردن بەو کرێیە فایدەی نییە، لە کوبان تەنیا شەست کوبیکان دەدەن، سەیرە! دەڵێن جاران سێ – چوار و هەندێجار پێنج ڕۆبڵی زیویان دەدا.

چلکاش، قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

- جاران... جاران لەگەڵ جارانا ڕۆیی، جاران بۆ تەمەشای هەر ڕووسیک ئامادە بوونسێ ڕۆبڵبدەن. من دە ساڵێک بەرلە ئێستا بەوجۆرە نانی خۆم پەیدا دەکرد. ڕووم دەکردە گوندێکی قوزاقان دەمگوت: " کوڕینە ئەوە منم، کابرایەکی ڕووسی خواناسم " یەکسەر لە دەورم خڕ دەبوونەوە، بە نیگا سەراپایان دادەبێژتم، دەستیان بە بەدەنما دێنا، نقورچیان لێدەگرتم، ئاهیان هەڵدەکێشا وسێ ڕۆبڵیان دەدامێ، خواردن و خواردنەوەشیان دەدامێ و خوڵکیان دەکردم، بەکەیفی دڵی خۆم، چەندم دەوێ لای ئەوان بمێنمەوە. ( جاران قوزاقەکان دژمنی ڕووسەکان بوون، هەر ڕووسێکیان تووش بوایە بە دیلی دەیانگرت. جا چلکاش چونکە کەسێکی وەیلان و خانەبەکۆڵ بوو، هەرکاتێ بێ ئیش بوایە و برسیاتی زۆری بۆ هێنابا، دەچوو بۆ گوندە قوزاق نشینەکان ودەیگوت من ڕووسم، تا بە ئەسیری بیگرن وهەرنەبێ نان و خواردنەکەی بکەوێتە بەلاش ) .

ئەوگەنجە زۆر بەوردی گوێی لە قسەکانی چلکاش دەگرت، لە سەرتاوە جۆرێک لە حەپەسان و حایرمان بە سەروسیمایەوە بە دیارکەوت، لێ کەبۆی دەرکەوت ئەم پیاوە شڕپۆشە درۆ دەکات و هەموو ئەو قسانە لە گیرفانی خۆیەوە دەردێنێت، لە قاقای

پێکەنینی دا. لێ چلکاش خۆی شلوێ نەکرد و جدیەتی قەڵافەتی خۆی تێک نەدا و بزەکەی سەرلێوی لە ژێر سمێڵیەوە وەشێرت.

کوڕە گەنجەکە دووبارە گوتی:

- بەڕاستی تەیرێکی سەیری، شێتە، تۆ بە ئاشکرا درۆیان دەکەیت و بەنرخی ڕاستی بەمنی دەفرۆشیتەوە، وادەزانی من باوەڕت پێدەکەم... نە خەیاڵت خاوە!... بەزاتی خوا جاران لەوێ..

- ئێ باشە، ئەدی من چیم دەگوت؟ منیش نەمگوت کە جاران..

کوڕە گەنجەکە، هەردوو دەستی هەڵتەکاند وگوتی:

- بڕۆ کاکە بڕۆ، تۆچیت، چ کارەی؟ پینەدۆزی یان خەیاتی؟ ها!

چلکاش بۆ ساتێک دەفکرەوە چوو و پرسی:- من؟ من ماسیگرم.

- ماسیگر! دە تەمەشای ئەم زەلامە! کەواتە ماسیگری! یانی ڕاوەماسی دەکەیت؟

- جابۆ هەر ماسی؟ ماسیگرانی ئێرە تەنیا ماسی ناگرن. زۆرجار جەنازەی خنکاوان، کۆنە لەنگەران و بەلەم و کەشتیانی نقووم بوو و ئەو شتانەش لە ئاوێ دەردێننەوە، قولاپی تایبەتی بۆ ئەو کارانە هەن.

کوڕیژگەکە قسەکەی پێبڕی و گوتی:

- دەی پەتەکەی بۆ شل بکە! درۆ بکە، باژۆ دەشتە! وادیارە تۆش یەکێکی لەو ڕاوچیانەی هەمیشە ئەم شیعرە دەڵێنەوە:

ئێمە تۆڕی خۆمان هەڵدەدەین

چ لە کەناران چ لە زەویان

چ لە عەماران چ لە بارەندازان

چلکاش، خێسەیەکی لە کورەکە کرد، دانی بە جیڕەوە برد وگوتی:

- تۆ ئەوجۆرە ڕاوچیانەت دیتوون؟

- نە، لەکویٚ بیان بینم، بەڵام زۆرم دەربارە بیستوون.

- باشە ئەوانەت بەدڵن؟

- ئەوانە؟ بۆنا؟ هەرهیچ نەبیٚ خەڵکێکی ئازادن، بەکەیفی دڵی خۆیان دەکەن.

- ئازادی بۆ تۆ دەکاتە چی، فایدەی چییە؟... حەزت لە ئازادی هەیە؟

- هەڵبەتە حەزم لە ئازادیە! هیچ شتێک لەوە باشترەکە بنیادەم ئاغا و سەروەری خۆی بێت، بۆ کوێی بویٚ بڕوات، بە کەیفی دڵی خۆی بکات، چی پێخۆش بێت ئەوە بکات؟... ئەگەر بتوانیٚ پابەندی یاسا وڕێسا بێت، ئیدی بۆخۆی بارسووک و سەرسەلامەت دنیا بداتە ژێر پاوە وتەنیا خوا و ویژدانی خۆی لە بیربێت و تەواو.

چلکاش، کەگوێی لەو قسانە بوو، بە تانووتەوە تفێکی ڕۆکردە ئەرزەکە و ڕووی لە کوڕیژگەکە وەرگێڕا، بەڵام کوڕەکەی لەسەر ئاخافتنەکەی خۆی بەردەوام بوو:

- حەزدەکەم، بەسەرهات و حیکایەتێکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە. بابم کە مرد تەقریبەن هیچ شتێکی لەپاش خۆی بەجیٚ نەهێشت. من و دایکە پیرەکەم، نەدار ونەبوو، لە داری دنیادا، ئەشتەبامان شک نەدەبرد. تەگبیر، چ بکەم؟ دەبیٚ بژیم، بەڵام چۆن ژیانێک؟ مەگەر هەر خوا بیزانیٚ و ڕێکی بخات. بۆ نموونە: " ئەگەر بە ڕێکەوت ماڵێکی دەوڵەمەندم بۆ هەڵبکەوتباو بە زاوا بەندی و بچوما سەرماڵیٚ باش بوو" بەڵام کیٚ شتی وا لەگەڵ منی بێنەوادا دەکات، ئاخر چ کەسێکی دەوڵەمەند ئامادەیە کچی خۆی بەلات ولەوێرێکی وەکو من بدات؟ئەگەر جیازیشی لەگەل نەێرن هەر قەیدی نییە..نا

شەیتانیش ئامادە نییە کیژی خۆی بە کەسێکی وەکو من بدات، تەنانەت ئەگەر یەک ساڵیش لێی بپاڕێمەوە ئامادە نییە بمداتێ... بۆیە دەبوایە ببم بە ڕەبجبەری ئەو پیاوە، ساڵانێکی دوور و درێژ ڕەنجبەری بۆ بکەم. هەر بە ڕەنجبەری بژیم، ئەوە حاڵی من بوو. ئەگەر برە پارەیەکم هەبوایە، بۆ نموونە سەد و پەنجا ڕۆبڵێک دەمتوانی لەبەردەم باوکیا لەسەر پێی خۆم بوەستم و بەبێ منەت بڵێم: " دەتەوێ مارفای کچت بخوازم، بە مەرجێ جیازیەکم لەگەڵیا بدەیتێ؟ ناتەوێ؟ کەیفی خۆتە، خۆ قاتی کچ نییە، گوندەکە بڕوخێ بەسەر کچدا دەڕوخێت، شوکر چی زۆرە کچ زۆرە! " ئەمە ئەگەر هەر بەتەنیا بام و دایکم بە ملی منەوە نەبا!!

کوڕەی گەنج ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

- ئیدی گەییمە قەناعەت کە هیچ چارێکم نییە تەنیا ئەوە نەبێ ببمە زاوای سەرماڵی. بیرم لەوە کردەوە کە " ئەگەر بۆ کوبان بڕۆم ڕەنگە بە نزیکەی دووسەد ڕۆبڵەوە بگەڕێمەوە، دووسەد ڕۆبڵ بۆمن سەروزیادە. دەبم بە ئاغای خۆم. " لێ مخابن هیچی وام دەستنەکەوت، ئەو خەیاڵ پڵاوەم کەڕووی هەڵێنا، ئیدی ناچاربووم شان بدەمەبەر وەرزێری، بەوەش قەت نابم بە خاوەن زەوی و زاری خۆم، و قەت نانی وشک و پێخۆرێکم ناگەنە یەک..

کوڕێژگەی تاین بەو هەموو بەدبەختیەشەوە نەیدەویست ببێ بەزاوای سەرماڵێ و هەر بە نانەسکی بژی، بەدەم ئەو قسانەوە خەم دایدەگرت و خەجاڵەتی دەکێشا و نێوچاوانی تێکدەنا و حەوانەوەی لەبەر بڕابوو.

چلکاش لێی پرسی:- ئەدی ئێستا بەنیازی کوێی؟

- بەنیازی کوێبم، بۆ ماڵ دەڕۆمەوە؟

- چ بزانم کاکۆ؟ گوتم ڕەنگە بەنیازی تورکیا بیت.

کورە بە سەرسامی گوتی:

- تورکیا؟ ئاخر تا ئێستا چ مەسیحیەکی ئیماندار چووەتە تورکیا؟ ئەم قسەیە چییە تۆ دەیکەیت!

چلکاش، منجەمنجێکی کرد، ڕووی لە کوڕیژگەکە وەرگێڕا و گوتی:

- کە کوڕێکی کەری؟

ئەم کوڕە گەنجە گوندییە، کە ساغ وسەلامەت دیاربوو، هەستێکی تازەی لەلای چلکاش هاڕوژاند... ئەم هەستە پەنهان و غەمئەنگێزە بە ئەسپایی بێدار دەبووەوە و لە کانگای دڵی چلکاشدا دەجوڵا، بواری نەدەدا، حەواسی جەم وجۆر بکات و بەرنامەیەک بۆ ئەمشەو دابنێ کەچی بکات.

کوڕە گەنجەکە کەلە دڵی خۆیا لە قسە دزێو و ناجۆرەکانی چلکاش پەست بوو، جارجار و ژێراوژێر مۆڕەیەکی لەم لاتە پێ خاوسە دەکرد. گۆناکانی بە شێوەیەکی کۆمیدی بەز بووبوونەوە، لێوەکانی هەڵقورتابوون، چاوە چکۆلەکانی خێراخێرا دەترووکان، پێدەچوو، چاوەڕوانی ئەوە نەبووبێ کە ئەم گفتوگۆیە، لەگەڵ ئەم لات و شرپۆشە هۆڤی و سمێڵ بابڕەدا بەو خێراییە و بەوشێوە تەوهین ئامێزە کۆتایی بێت.

لێ چلکاش، ئیدی ئەوی فەرامۆشکرد، لەکاتێکا لەسەر کۆتەرە دارەکە دانیشتبوو، بیری لە شتێکی دی دەکردەوە، لەبەرخۆیەوە فیکەی لێدەدا، کەڵە موستی پێیە پیسەکەی لەگەڵ ڕیتمی ئاهەنگی فیکە لێدانەکەیا دەجوڵاند، بەڵام کوڕە گەنجەکە دەیویست حیسابی خۆی لەگەڵیا پاک بکاتەوە. دووبارە گوتی:

- تۆ، جەنابی ماسیگر! تۆ زۆر دەخۆیەوە، هەمیشە ئاوا مەستی؟

هێشتا قسەکانی بە تەواوی، تەواو نەکردبوو کە چلکاش، ئاوڕی لای وی دایەوەو گوتی:

– گوێ بگرە کوڕۆ! دەتوانی ئەمشەو لە کارێکا یارمەتیم بدەیت؟ دەی خێرا قەراری خۆت بدەو وەڵامم بدەوە!

– چ جۆرە کارێک؟

– چ جۆرە کارێک؟ هەرکارێک کەمن بمەوێ و پێتی بسپێرم. دەچینە ڕاوەماسی، تۆ سەوڵ لێبدە!

– باشە، شەڕ لە بەتاڵی باشترە. لە کارەکە ناترسم، بەڵام دەترسم بمخەیتە داوێکەوە... تۆ کەسێکی فریبۆک (خاپینۆک) دیاری، لێت بە گومانم. سەرت لێدەرناکەم.

چلکاش، حەوسەڵەی تەنگ بوو، هەستیکرد، چزەیەک لەسینەی هەستا، بەسووکە تووڕەییەکەوە گوتی:

– قسەی دەمی خۆت بزانە، دەنا کە کێشام بە تەپڵی سەرتا هەنگێ بەرچاوت ڕوون دەبێتەوە و سەرلە هەموو شتێک دەردەکەیت.

بەدەم ئەو قسەیەوە، خۆی لەسەر کۆتەرە دارەکە هەڵدایە خوارەوە، بەدەستی چەپ سمێڵی باداو، کۆڵەمستی ڕاستی گوشی، بلەز چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا، کوڕەکە ڕاچڵەکی، بەپەلە ڕوانیە دەوروبەری خۆی، یەکسەر هەستایە سەرپێ، هەردووکیان ڕووبەڕووی یەکدیوەستان و بە پشم و غەزەبەوە لێکدی مۆڕ دەبوونەوە. ئەنجام چلکاش، بە تووندی گوتی: – ئێ، ئامادەیت؟

چلکاش، لەدڵی خۆیدا زۆر لەو ئیهانە وسووکایەتیە تووڕە بوو کە ئەو تووتکە سەگە پێی کردبوو، لە حەژمەتاندا دەلەرزی و کەفی دەپرژاند. لە کانگای دڵەوە بەغیلی پێدەبرد، حەسوودی بەچاوە شین و ساف و گەشەکانی، بەدەموچاوە تاوە گازەکەی، بە قۆل وبازووە کورت وبە هیزەکانی دەبرد،حەسوودی بەوەی دەبرد کە لە گوندێک، ماڵێکی هەبوو ڕووی تێبکات، جوتیارێک هەبوو بە زاوابەندی قەبووڵی بکات، ئیدی

حەسوودی بە ژیانی ڕابردو و داهاتووی کوڕەی گەنج دەبرد، زیاتر لەو ڕووەوە ڕقی لێی بوو و حەسوودی پێدەبرد کەئەو لەچاو ئەمدا، لەچاو چلکاشدا، بستە منداڵێک بوو، کەچی لە هەنبەر ئەمدا زاتی کردبوو و گوتبووی حەزی لە ئازادیە، بەبێ ئەوەی نرخی ئازادی بزانێت، یان دەرک بە زەرووڕەتی ئازادی بکات. هەڵبەتە هەمیشە وایە کەئەگەر کەسێکی لە خۆت نزمتر وخوارتر بدینی، ڕقی یان حەزی لەهەمان ئەو شتانە بێت کە تۆ ڕق یان حەزت لێیان بێ، واتە لە تۆ بچێت، حەز لەچارەو دیداری ناکەیت.

کوڕە گەنجەکە لە کاتێکا تەمەشای چلکاشی دەکرد وبە ئەڕباب و بەخاوەن کاری خۆی دەزانی، گوتی:

- من هیچ قسەیەکم نییە، گوێ نادەمێ... من بابایەکم لە کار دەگەڕێم... ئیدی چ فەرقێ دەکات لەلای تۆ کاربکەم یان لەلای کەسێکی دیکە؟ من ئەو قسانەم بۆیە کرد، چونکە هەرچی سەر دێنم وسەر دەبەم تۆ لە ئەهلی کار ناچیت. تۆ... تۆ... کەسێکی شڕپۆش و مەست و خوماری، دەی چ قەیدیە، هەرکەسێک بۆی هەیە سەرخۆش بێت. دەی دەڵێی قەت سەرخۆشانت نەدیتوون؟ خۆ ئەمە یەکەمجار نییە سەرخۆش ببینم، زۆرم دیتوون، زۆربەیان لەتۆ خراتر بوون.

چلکاش بەڕاوێژێکی نەرمتر گوتی:- دەی باشە، یانی ڕازیت؟

- بە خۆشحاڵییەوە، چەندم کرێ دەدەیە؟

- کرێ؟ ئەوە وەستاوەتە سەر کارەکە، با بزانین ڕاوەکەمان چەند دەبێت... لەوەیە پێنج ڕۆبڵت بدەمێ، تێگەیشتی؟

کە قسە هاتەسەر پارە وکرێ، کوڕەی گوندی دەیویست کرێکەی دیاری بکرێت، داوای لە یارۆی بەناو خودان کار کرد کە کرێیەکەی بۆ دیاری بکات. دووبارە گومان و دوو دڵی کەوتە دڵ و گوتی:

- ئەمە بۆ من دەست نادات برادەر. من سەرم لەم جۆرە مامەڵەیە دەرناچێت.

چلکاش، هەڵیدایە وگوتی:- باجارێ واز لەو باسە بێنین و بچین بۆ مەیخانەکە.

شانبەشانی یەکدی کەوتنە ڕێ، چلکاش لاسایی خودان کاری دەکردەوەو سمێڵەکانی بادەدا، کوڕەکە ترس و گومانی لێنیشت، بەڵام ئامادەش بوو بە گوێی ئاغای بکات. چلکاش لێی پرسی:- ناوت چییە؟

کوڕە بەرسڤی دایەوە: - گاڤریلا!

وەختایەک خۆیان بە مەیخانە پیس ودووکەڵاویەکەدا کرد، چلکاش بەرەو باڕ و بوفیەکە چوو وبە ڕاوێژێکی دۆستانە و وەکو مشتەرییەکی هەمیشەیی، بوتڵێ ڤۆدکا، شۆربا و سوپی کەلەرم، گۆشتی برژاو وچای داوا کرد و هەمان لیستی دووبارە کردەوە، ئەوجا بەبێ موبالاتی ئاوڕی لای باڕمەنەکەی دایەوەو گوتی: " بیخە سەر حیسابەکەم " کابرای باڕمەن، بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات، سەرێکی بۆ لەقاند و تەواو. گاڤریلا، کە خاوەن کارە شڕپۆشەکەی بەو هەموو قەدر و حورمەتەوە بینی، متمانە و حورمەتێکی زۆری دەرهەق بە خاوەن کارەکەی لەلا چێبوو. چلکاش گوتی:

- ئێستا شتێک دەخۆین و بەدەم خواردنەکەوە باسی کارەکەمان دەکەین. لێرە دانیشە، چاوەڕوانم بکە، ئێستا دەگەڕێمەوە.

ئەوسا لە دەرگاکەوە وەدەرکەوت. گاڤریلا کەوتە تەمەشاکردنی دەوروبەری خۆی، مەیخانەکە، لە ژێرخانێکی تاریک ونمساردا بوو. بۆنی توندی ڤۆدکا، دووکەڵی تووتن و سیان و شتێکی دیکەی تیژ پیاوی گێژ وکاس دەکرد. لە مێزەکەی بەرانبەری گاڤریلادا، پیاوێکی مەست ڕۆنیشتبوو، جلکی دەریاوانی لەبەر بوو، ڕدێنی سوور، سەراپای لە گەرد و تۆزی زوخاڵ و سیاندا هەڵکشابوو. بەردەوام نزگرەی دەکرد و لەبن لێوانەوە گورانیەکی پچڕپچڕی دەگوتەوە، هەندێجار دەنگی لەبن گەروویەوە

دەهاتە دەرێ و دیاربوو کە ڕووس نییە. لەپشت ئەوەوە دوو ئافرەتی مولداڤیایی دانیشتبوون، دەموچاویان تاوەسووت، قژیان ڕەش و، جلەکانیان شڕۆڵەبوو، ئەوانیش، مەستانە گۆرانیان دەگوت.

بەهەرحاڵ، لەو مەیخانە تاریکەدا، جۆرەها قەڵافەتێن تارمایی ئاسا دەبینران کە هەموو مەست وکەیل، لە هەوای خۆیانا بوون، هەرا وهەنگامەو، ژاوەژاوێک بوو کەس بە کەس نەبوو.

گاڤریلا، کە ئەم دیمەنەی بینی، ترسی لێنیشت. خوا خوای بوو وەستاکەی زووتر بگەڕێتەوە! هەرچی هەرا وزەنا و ژاوەژاوی مەیخانەکە هەبوو، بووبوو بەیەک دەنگ. دەتگوت حەیوانێکی زەبەلاحی فرە زمانە وبەهەموو هێزی خۆیەوە دەنەڕێنێ و دەیەوێ لەم ژێرزەمینە بەردینە وەدەربکەوێ و هەڵێت. بەڵام هەیهات، فایدەی نەبوو. گاڤریلا هەستی کرد، خەریکە گیانی سست دەبێت، سەری دەسووڕێت، و کە تەمەشای ناو مەیخانەکە دەکات چاوانی ڕێشکە وپێشکە دەکەن.

ئەنجام چلکاش زڤڕییەوە، بە دوو قۆڵی بەدەم خواردن و خواردنەوەوە کەوتنە قسان، گاڤریلا دوای پێکی سێیەم سەری قورس بوو، حەزی دەکرد، مجامەلەی ئەم پیاوە بکات کە ئەو دەعوەتە گەورەیەی بۆ کردبوو... بەڵام زمانی گۆی نەدەکرد، نەیدەتوانی ئەو قسانەی ناخی دەرببڕێت، ئیدی زمانی قورس بووبوو و بە ئاسانی قسەی بۆ نەدەکرا.

چلکاش، تەمەشایەکی کرد، بەدەم تەوسخەنێکەوە گوتی:

– ها، سەرخۆش بووی؟ ها، خەرگەکۆن! بەسێ پێک لێبوویتەوە ئەدی چۆن ئەمشەو کار دەکەیت؟

گاڤریلا، بە زمانە لاڵکێ گوتی:

- هاوڕێ! خەمت نەبێ، نەمرین دەمبینی... کوا با ماچێکت بکەم.

چلکاش گوتی:- کەواتە بگرە، ئەم پێکەش بخۆوە!

گاڤریلا، ئەو پێکەشی خواردەوە، چاوی کەوتە ڕێشکە وپێشکە، وای هەستدەکرد، شتەکانی دەوروبەری، لێکدالێکدا بەرز ونزم دەبنەوە، هەستی بە خاوبوونەوەیەکی سەیر دەکرد، نیشانەی سەرخۆشی و کەودەنی نیشتەسەر ڕوخساری، کە دەیویست قسەیەک بکات، لێوەکانی بە شێوەیەکی کومێدی دەکەوتنە تەتەڵە ولەجیاتی وشە، دەنگێکی وەکو بۆڕەبۆڕی لە زار دەردەهات. چلکاش بەدەم سمێڵ بادانەوە تەمەشای دەکرد و قژقژ پێدەکەنی و بیروخەیاڵی لای شتێکی دیکە بوو.

هەرا وزەنای مەستان، مەیخانەکەی پڕکردبوو، کابرای دەریاوانی موو سوور، هەردوو باسکی لەسەر مێزەکە نابوونە بان یەک و خەوی پێیاکەوتبوو.

چلکاش، لەجێی خۆی هەستا و گوتی:- دەی، کاتی ڕۆیشتنمان هاتووە.

گاڤریلا، ویستی لەجێی خۆی هەستێت، لێ نەیتوانی، دەمڕێژێ جنێوی پیسی کرد بە ئاسمانا و مەست و مەستانە دەستی بە پێکەنین کرد.

چلکاش، ناچار دووبارە دانیشتەوەو لەدڵی خۆیدا گوتی:

- نا! لێبووەتەوە! بووەبە خەرگەکۆن!

گاڤریلا، بەدەم پێکەنینەوە، بەچاوە لێڵەکانییەوە دەیڕوانییە وەستاکەی. لێ چلکاش بە چاوانی تیژەوە تەمەشای ئەوی دەکرد. کوڕێکی لە هەنبەر خۆیدا دەبینی کە ژیانی کەوتبووە چنگی گورگێکی وەکو ئەمەوەو هەستی دەکرد قوڕە خۆشەیە و کەوتووەتە دەستی ئەم و دەتوانێ چۆنی بوێ ئاوای بەکار بێنێت، دەتوانێ هەم بەدبەختی بکات و هەم دەستی بگرێ و یارمەتی بداتو بە سەلامەتی بۆ ژیانی گوندیاتی جارانی خۆیی بگێڕێتەوە.. بۆیە کە هەستی کرد، تەواو بەسەریا زاڵە و دەتوانی هەرچییەکی بوێ وای

لێبکات، جۆره هەستێکی باوکایەتی بەرانبەر بە وی لەلا چێبوو، هەستی کرد نابێ ئەم کوڕە هەمان تاڵاوی ئەو بادەیە بنۆشێت، کە چارەنووس وقەدەر بەمی، بە چلکاشی نوشاندبوو... ئەوە بوو هەموو ئەو هەستانە چلکاشیان جوڵاندو جۆرە هەستێکی باوکایەتی سەبارەت بەوی لەلا دروست بوو، بەزەیی پێیدا هاتەوە، دڵی بەحاڵی سووتا. لەلایەکەوە حەسوودی بەم گەنجە دەبرد، لەلایەکی دییەوە بەزەیی پێیدا دەهاتەوە، نەبا بکەوێتە دەستی خەڵکانی لەم خراپتر... ئەنجام هەموو هەست و سۆزە هەڤدژەکانی چلکاش، لە یەک هەستی باوکانە و پراکتیکیدا کۆبووەوە. هەم بەزەیی بە کوڕەکەدا دەهاتەوەو هەم پێویستی پێی بوو. ئیدی ژێر باڵی گاڤریلای گرت، هەڵی ساند و بۆناو حەوشەی مەیخانەکەی هێنا، لە پەنای لیژنە دارێکیا دانا، خۆشی لەلایەوە دانیشت ودەستی بە سەبیل کێشان کرد، گاڤریلا، کەمێک جوڵا، مینگەمینگێکی کرد و خێرا خەو بردییەوە.

( ٢ )

چلکاش، لە گاڤریلای، کە خجڵی سەوڵێدان بوو، پرسی:- دەی ئامادەیت؟

- یەک خولەک، ئەڵقەی سەوڵەکە نەچووەتە جێی خۆی، دەتوانم بە سەوڵەکە دای بکوتمەوە؟

- نا! نابێ هیچ دەنگێک بەرز ببێتەوە! بەدەست گوشاری لێبکە دەچێتە جێگای خۆی.

هەردووکیان، خەریکی کردنەوەی بەلەمێک بوون، کەلە پاشی کەشتیەکی چارۆکەدار بەسترابوو، ئیدی ئەمە گەلە کەشتیەک بوو لەو گۆڕە، پێکهاتبوو لە کەشتیانی چارۆکەدار و قەیاغ و لۆتکەێن تورکی پڕ لە لەوحێن دار بەڕوو و داری سەندەڵ و بەری گەورەی دار سەروو وقەدی دار خورما.

شەوەکەی، شەوێکی تاریک ونوتەک بوو، پەڵە هەورێن توونـد وپەراگەنده بە ئاسمانا دەسووڕانەوە، دەریا ئارام و ڕەش، لە زەیتی چڕ دەچوو، بۆنی شێ وخوێوای لێدەهات، ئەو نەرمە شەپۆلانەی خۆیان بە کەنارەکە وبەقەد کەشتیەکاندا دەکێشا، بەلەمەکەی چلکاشیان ڕادەژەند و وەکو لای لایەیەکی خۆش لە گوێدا دەزرینگایەوە.

لەناو دەریاکەداو، لە نزیکی کەناراوەکانا، کەشتیە گەورەکان، وەکو دێوی زەبەلاح دەهاتنە بەرچاو، بورجەکانیان، بە فانوسان ولەنتەرێن ڕەنگاوڕەنگەوە، چووبوون بە ئاسمانا ودەورینجانەوە. تیشکی فانوسەکان لە دەریاکەدا عەکس دەبوونەوەو، دەتگوت خاکەی زێڕیان بە دەریاکەدا وەرکردووە، و ورشە وپرشەی ئەم خاکە زەردانە، بەدەم وردە شەپۆلانەوە دەلەرێنەوەو دیمەنێکی هێندە جوانیان بە دەریاکە دەبەخشی کە ئۆخژنی لە دڵ و دەروونان دەگێڕا. دەریا، وەکو کرێکارێک کە شەکەت و ماندووی کاری ڕۆژ بێ، و خەوێکی قووڵ و ئارامی لێکەوتبێ، بەو ئاوایە ئارام و خامۆش بوو.

گاڤریلا، سەوڵەکانی خستە ناو ئاوەکە وگوتی:- با بڕۆین.

چلکاش، زۆر شارەزایانە، بەلەمەکەی بە ڕاڕەوە تەنگەکەی نێوان کەشتیەکاندا ڕانی. بەلەمەکە زۆر بە خێرایی دەڕۆیی وئاوەکەی شەق دەکرد، ئاوەکە لە دواوەو لەژێر گوشاری سەوڵەکاندا وەکو فسفۆڕ دەدرەوشایەوە و بەجێدەما.

چلکاش بە نیگەرانییەوە پرسی:- سەرت چۆنە؟ دەیەشێت؟

- زۆرزۆر قورسە... ئێستا تۆزێ ئاوی پێدا دەکەم.

چلکاش، بوتلێکی بۆ درێژ کرد وگوتی:

- ئاوی ناوێ، هانێ بەوە ناو سکت فێنک بکەوە، ئەمە خومار شکێنە، ئەمە زووتر چاکت دەکاتەوە.

- دیسان؟ زۆر شوکور خودایە.

دەنگی قڵپەقڵپی بوتڵەکە بەرز بووەوە، لێ چلکاش توند دەستی گاڤریلای گرت و گوتی:- بەسە! وادیارە چەشە بوویت؟

بەلەمەکە، وەکو بروسکە بەبەینی کەشتیەکاندا بۆی دەردەچوو، لەماوەیەکی کەما، لە کەشتیەکان دەرباز بوو، ئیدی دەریای بێ سنوور و بێ کۆتاییەکە لەبەردەمیاندا بەدیارکەوت. تا چاو بڕدەکات هەر ئاو بوو، لە دووری دوورەوە، هەوری گەواڵ گەواڵ، کەوەیی و وەنەوشەیی، بە پەراوێزی زەردی کەفئاساوە، سەوز وەکو ئاوی دەریاکە، تاریک و بەسام بەکاوەخۆ بەرەو ئاسمان، هەموو ئاسمان هەڵدەکشان، ئەم پەڵە هەورانە تاوێ تێکەڵ دەبوون و جارێ پەراگەندە دەبوون و هەر پەڵە هەورێک بەشێوەیەکی تازە دەردەکەوتەوە. ئەم پەڵە هەورە بێ گیانانە، لەتۆ وایە نهێنییەکی شووم و نەحسیان پێیە و تەنیا بەو مەبەستە بەری ئاسمان دەگرن، تا نەیەڵن ئاسمان بە ملیونان چاوی زێڕین و پرشنگداری خۆی، بە ملیونان ستێرانەوە تەمەشای دەریای نمەکین بکات. بەڵێ ئەو ئەستێرانەی کە وەکو چاوانی خەواڵوو وزندوو، دەدرەوشانەوەو ئارەزووی بەرز وبڵندیان لەدڵی ئەو پیاوانەدا بێداردەکردەوە کە وەکو ئەوان هەموو ئامانجێکیان پاکی و بێگەردی و هزرینی بەرز وباڵا بوو.

چلکاش کەمێک دەفکرەوە چوو، ئەوسا پرسی:- دەریا جوانە، وانییە؟

گاڤریلا، کەبەدڵ و بەگیان سەوڵی لێدەدا، بەرسڤی دایەوە:- با، بەڵام زۆر ترسناکە.

ئاوی دەریاکە، لەژێر زەبری سەوڵەکاندا، شڵپەشڵپ شەپۆلی دەدا و ڕێگەیەکی ئاوی فسفۆڕ ئاسای لەدووی خۆی بەجێدەهێشت.

چلکاش، بە تانووتەوەو لەژێر لێوەوە گوتی:- دەترسیت! کە گەوجی!

چلکاش، ئەو دزە کارامەیە، ئاشقی دەریابوو، تەبیعەتی توند وتۆسنی وی کە هەمیشە تینووی شتی تازە بوو، هەرگیز لە تەمەشای ئەم هاماج و فەزا تاریک و ئازاد و بێ

پایانە تێر نەدەبوو. بۆیە ئەو وەڵامە سارد و سڕەی سەبارەت بە پرسیارەکەی دەربارەی جوانی دەریا، کە زۆری خۆشدەویست، زۆری پەست کرد. ئیدی لە دواوەی بەلەمەکەدا دانیشتبوو، دەستی لە سەوڵەکە هەڵگرتبوو و تەمەشای پێشەوەی دەکرد، پڕبەدڵ حەزی دەکرد، تا دەکرێ و دەتوانێ هەر بەسەر ئەم ئاوێنە مەخمەڵیەدا، بڕوات و نەوەستێتەوە. ناو دەریای زۆر پێخۆش بوو، هەستی بە ورەبەرزی و میهرەبانی دەکرد، ئەم هەستە ڕۆحی ئاوەدان دەکردەوە، لە چەپەڵییەکانی ژیانی ڕۆژانەی پاک دەکردەوە. ئەم حاڵەتەی بەلاوە خۆشبوو، حەزی دەکرد لەنێوان ئاسمان و دەریادا خۆی بە شەپۆلان وهەوای ئازاد بسپێرێت، لەوێ ژیان نە قورس بوو، نە خەمێکی گەورە بوو. شەوان دەنگی خۆشی هەناسەی خەواڵوی دەریا دەهاتەگوێ. ئەم هەناسە ئارام و سادەیە، ئاسوودەییەکی تایبەتی بە ڕۆحی بەشەر دەبەخشی وئۆخژنی دەخستە دڵییەوەو کەڵکەڵە شەڕانییەکانی ڕامدەکرد و هەستی دژمنایەتی و کینەکێشی لێ دەتاراند وخەون و خەیاڵی مرۆڤانی باڵای لە زەینا پەروەردە دەکرد.

گاڤریلا، لەم کاتەدا، بە نیگەرانیەوە، چاوێکی بە دەوروبەرو ناو بەلەمەکەدا گێڕاو گوتی:- کەرەستە و تفاقی ڕاوەکە لەکوێیە؟

چلکاش ڕاچڵەکی:- کەرەستە؟ ئەوەتا لە دواوەن، لەلای منن.

حەزی نەدەکرد، درۆ لەگەڵ ئەم کوڕەدا بکات، بەڵام زۆریشی پێناخۆش بوو، کە ئەم کوڕیژگەیە، بەو پرسیارە بێمانا و کوت وپڕە هەودای خەون و خەیاڵە ناسکەکانی پچڕی. بۆیە تووڕە بوو، کسپەیەکی ئاگرین لە گەروو و سینگی هەستا.

بە ڕاوێژێکی تووڕەو توند بە گاڤریلای گوت:

- گوێ بگرە، لەو شوێنەی خۆت دانیشە وخەریکی کاری خۆت بە، هەقت بە کارێکەوە نەبێ کە پەیوەندی بە تۆوە نەبێت! من تۆم بۆ سەوڵێدان بە کرێ گرتووە، سەوڵی

خۆت لێدەو هەقت بەسەر هیچەوە نەبێت! ئەگەر چەلێکی دی قسەی بێهودە بکەی، زەرەر دەکەی ها، تێگەیشتی؟

بەلەمەکە، یەک دوو لەتری دا و وەستا. سەوڵەکان دڕیان بە ئاوەکە دا، ئاوی دەوری سەوڵەکان کەفی کرد. گاڤریلا بە نیگەرانییەوە، لەسەر نشیمەنەکەی جوڵا.

چلکاش دووبارە گوتی:- سەوڵ لێدە!

ئەوجا جنێوێکی پیسی بەگەڵ خست. گاڤریلا، بەتووندی سەوڵەکانی جولاند، بەلەمەکەش وەکو ئەوەی ترسابێ، بەخێرایی و بە تووڕەیی بەرەوپێش تەکانی دا، ئاوەکە کەوتە شڵپەشڵپ.

چلکاش گوتی:- هێواشتر سەوڵ لێدە!

ئەوسا چلکاش نیوەئاخێزێکی بۆکرد، بەبێئەوەی دەست لە سوکانەکە بەربدات، مۆڕەیەکی لە گاڤریلای داماو کرد. ڕێک لە پشیلەیەک دەچوو، خۆی بۆ پەلامار تەیار کردبێت، بە ئاشکرا دەنگی دانەجیڕەی دەهات، هەروەها دەنگی دانە چۆقەی گاڤریلاش دەهات.

دەنگێکی تووڕە لە دەریاکەوە هاواری کرد:- ئەوە کێیە لەوێندەرەوە هاوار دەکات؟

چلکاش، بە ئەسپایی و لەبن لێوانەوە گوتی:

- سەوڵ لێدە، زۆڵی حەرامزادە! وس! دەنا دەتکوژم، بەنەحلەت بی لەگەڵ شەیتاندا، سەوڵ لێدە تولەباب! دەنگت دەرنەیەت ها! یەک، دوو! فزەت لێوە نەیەت ها، دەنا پارچەپارچەت دەکەم.

گاڤریلا، کە چ لە ترسا و چ لە شەکەتیدا دەلەرزی، لەبن لێوانەوەگوتی:

- ئەی مریەمی پاکیزە، دایکی خودا!...

لەم کاتەدا بەلەمەکە بەهێواشی پێچی کردەوەو بەرەو بەندەرو لەنگەرگاکە زڤڕییەوە، لەوێ، لە بەندەرەکەدا، ڕوناکی لەنتەرەکان (فانوس) تێکەڵ دەبوون، جۆرەها ڕەنگیان دەنواند و بورج و ئەنتێنەکانیان ڕوناک دەکردەوە. دووبارە دەنگێ بەرز بۆوە کە:

- ئەهای! ئەوە کێیە هاوار دەکات؟

ئێستا دەنگەکە لە مەودایەکی دوورترەوە دەهات. چلکاش هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا، دڵنیا بووەوە، ڕووەو دەنگەکە ئاوڕی دایەوە وهاواری کرد:

- تۆخۆت هاوار دەکەیت!

ئەوجا ڕووی کردە گاڤریلا، کە هێشتا لەبن لێوانەوە نزای دەکردو، بە ئەسپایی گوتی:

- ئێ برادەر، ئەمجارە بەختت یار بوو، ئەگەر ئەو شەیتانانە دوومان کەوتبان، تۆ تیا دەچوویت، هەنگێ توورم دەدایتە دەریاکەوەو دەبوویت بە خۆراکی ماسییان.

گاڤریلا، کە بینی چلکاش هێور بووەتەوەو تەنانەت بە میهرەبانی و بەنەرمی قسان دەکات، بەدەم ترس و لەرزەوە کەوتە لاڤە و پاڕانەوە:

- وەرە مەردی خوا بە ئازادم بکە، بیکە بە خاتری مەسیح ئازادم بکە! لە جێیەکی وشکانی دام بگرە! ئاخر خەریکە دەمرم، مەعز بۆ ڕەزای خوا، ڕێگەم بکە با بڕۆم ئاخر چیت لەمن دەوێ، من بەکەڵکی چی تۆ دێم؟ من ئەم جۆرە کارەم نەکردووە. ئەمە یەکەمجارمە، ئەی خودایا، تیاچووم! ئاخر بۆچی کڵاوت لەسەرنام؟ گوناحت دەگات، خودا تۆڵەی ئەمەت لێدەکاتەوە... ئاخر ئەم کارە...

چلکاش نەتووندی پرسی:- کار؟ کام کار ، ها؟ بڵێ بزانم کامە کار؟

چلکاش، بەترس ولەرزەکەی گاڤریلا خۆشحاڵ بوو، ژێراوژێر بسکەی سمێڵی دەهات، زۆر کەیفی بەخۆی دەهات کەلەهەنبەر ئەو کوڕێژگەیەدا، بەوئاوایە بەسەر ڕەوشەکەدا زاڵە و باکی بەهیچ نییە.

گاڤریلا بەرسڤی دایەوە:

- کاری تالوکە! مەعز بۆ ڕەزای خوا ئازادم بکە، ئاخر تۆ چ پێویستت بەمنە؟ پیاوی چابە..

- بەسە، بیبڕەوە، ئەگەر پێویستم بە تۆ نەبوایە لەگەڵ خۆمم نەدەهێنایت، تێگەیشتی؟ کەواتە بێدەنگ بە!

گاڤریلا، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:- ئاە خواگیان!

چلکاش، بە خوڕانانەوە، قسەکەی پێبڕی و گوتی:- بەسە، بەس بگری!

لێ گاڤریلا، کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دابوو، ژێراوژێر دەگریا و لێکدالێکدا هەنسکی هەڵدەدا، دەکۆکی، دەپژمی، لە نائومێدیدا، بەتووندی سەوڵی لێدەدا، بەلەمەکە وەکو بروسکە بۆی دەردەچوو. دووبارە کەشتیە ڕەشەکانیان لێ پەیدا بوونەوە، بەلەمەکەی ئەمان کەوتە بەینی کەشتیەکانەوە، بە فڕەفڕ، بە ڕاڕەوە تەنگە ئاویەکانی نێوان کەشتیەکاندا دەسووڕایەوە.

چلکاش لە ناخافڵدا گوتی:

- گوێ بگرە برادەر! ئەگەر پرسیاریان لێکردی، خۆت بکە بە کەڕ ولاڵ، فزەت لە زار دەرنەیەت، دەنا تیادەچیت. تێگەیشتی؟

گاڤریلا، کە گوێی لە هەڕەشە ترسناکەکەی ئەو بوو، لە ترس ونائومێدیدا ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- ئۆف، دایکەگیان، تووشی چ بەدبەختیەک بووم! دیارە قەدەری من وایە، کە ناوچەوان نەیکرد خۆ بەزۆر نییە.

چلکاش، بەتووندی لەبن لێوانەوە گوتی:- زۆڕەزۆڕ، بەسە ببیڕەوە!

گاڤریلا، کە گوێی لەو قسەیە بوو، بەجارێ نەترەی بەردا، مێشکی وەستا، هەرچی سەری دێنا و سەری دەبرد زەینی بۆ هیچ لایەک بڕی نەدەکرد. وەکو شتێک لەدڵی چەقی بوو کە کارەساتێکی گەورەیان دێتەڕێ، ئیدی ڕۆحی پێ نەمابوو. بەنائومێدی سەوڵی لێدەدا، بەدەم سەوڵ لێدانەوە، خۆی بەپێش وپاش دەدا. سەری لەبەرخۆ نابوو و تەمەشای پێڵاوەکانی خۆی دەکرد.

شڵپەشڵپی شەپۆلە خەواڵووەکانی دەریا هەم خەمناک وهەم بەسام بوو. ئەنجام گەیشتنە بەندەرو لەنگەرگاکە... لەودیو دیوارە بەردینەکانی لەنگەرگاکەوە، دەنگی بەشەران، شڵپ وهۆڕی ئاو و، دەنگی شاوران دەهاتەگوێ.

چلکاش، لەبن لێوانەوە گوتی:

- بوەستە! سەوڵەکان دابنە، دەست بە دیوارەکەوە بنە! هێواش، بەنەعلەت بی!..

گاڤریلا، دەستی بە بەردە خز ولووسەکانەوە گرت وبەلەمەکەی بەپاڵ دیوارەکەدا برد. بەلەمەکە بەبێدەنگی دەجووڵا، لووتی بەلەمەکە، دەکەوتە سەر قەوزەی سەربەدەکان و دەنگی لێوە نەدەهات.

چلکاش دووبارە گوتی:

- بوەستە، کوا سەوڵەکانم وێدە! خێراکە! ئەدی ناسنامەکەت؟ لە توورەکەکەتدایە؟ کوا وێمدە! دەی خێرا!... برادەر ئەمە بۆ ئەوەیە کە هەڵنەیەی، بەڵکو بتتوانایە بەبێ سەوڵەکان هەڵێی، وخۆت بگەیەنبایە جێگایەک، بەڵام بەبێ ناسنامە ناتوانی هەڵێی. لێرە

چاوەڕوان کە. ئاگادار بە، خەیاڵی هەڵاتن لەمێشکی خۆت دەربکە، چونکە لەژێر دەریاشا بی، هەر دەتدۆزمەوە!

چلکاش، دوای ئەو قسانە، دەستی بە شتێکەوە گرت وهەستا وله پشت دیوارکەوە ون بوو... ئەوکارە زۆر بلەز ڕوویدا، گاڤریلا جووڵەیەکی کرد، نەیزانی چۆن ئەو ترسەی کەلەهەنبەر ئەم دزە سمێڵ زلە درێژ داهۆڵەدا، کەوتبووە دڵی و تەواو نیگەرانی کردبوو، لە ناکاوا ڕەوییەوەو لە کۆڵی بووەوەو وەکو بەفری بەر هەتاو توایەوە. ئێستا کاتی هەڵاتن بوو! هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو نیگایەکی دەوروبەری کرد، لە دەستە چەپییەوە، هەیکەلێکی ڕەشی بێ بورج، کەلە تابووتێکی بەتاڵی زۆر زەبەلاح دەچوو، لەناو ئاوەکە بەرزبووەوە. هەرکە شەپۆلێک خۆی بە قەدیا دەکێشا، دەنگێکی لێ بەرز دەبووەوە، دەتگوت دەنگی ئاهێکی قووڵە. لە دەستە ڕاستیەوە، دیوارێکی بەردینی لووسی شەپۆل شکێن، وەکو ئەژدیهایەکی گەورە، لەناو دەریاکەدا بە دەوری خۆیا پێچی خواردبوو. لە پشتیشیەوە، کۆمەڵێک تارمایی ڕەش دەبینران و لەبەردەمیەوە، لە پانتاییەکەی نێوان دیوارەکە و کەشتیە تابووت ئاساکەوە، تاچاو بڕ دەکات دەریا بوو، هەورێکی خەست، ڕەش، بەسەر دەریاکەوە، لە مۆڵەقا وەستابوو و بەری ئاسمانی گرتبوو. ئەم پەڵە هەورە زەبەلاحانە، هێدی هێدی دەجووڵان و لەو تاریکیەدا، ترس و خۆفی دەگەڵ خۆدا دێنا و، لەتۆوایە هەرچی بەشەرێک دێتەڕێی پان وپلیشی دەکاتەوەو مەحوی دەکاتەوە. هەموو شتێک ساردوسڕ، تاریک و نوتەک، نەحس وشووم، بۆنی کارەسات و نەگبەتی لێدەهات. گاڤریلا، ترسی لێنیشت. بەڵام ئەم ترس ونیگەرانییەی، زۆر لەو ترس و نیگەرانییەی زۆرتر بوو کەلە چلکاش هەی بوو. ئەم ترسە بەتووندی دڵی دەگوشی، قەڵەمی دەست و پێی شکاندبوو، لەناو بەلەمەکە و لەجێی خۆی سندمی کردبوو.

دنیا ئارام بوو، جگە لە دەنگی مەنگی دەریا، هیچ دەنگێکی دیکە نەدەهات، هەورەکان بەکاوەخۆ بەبەرۆکی ئاسمانەوە دادەخزین و، هەڵم وهەڵا، بەبەردەوامی لە کەنارێن

دەریاکەوە بەرزدەبوونەوەوبەگەڵ هەورەکان دەکەوتن، ئاسمان وەکو دەریایەکی تێکرژاوی پڕ شەپۆل دەهاتە بەرچاو کەبەسەر ئەم دەریا ساف و ئارام و خەواڵوو و نمەکینەدا قلْپ بووبێتەوە... هەورەکان لە شەپۆلانێک دەچوون، کە لە ئاسمانەوە برژێنە سەر زەوی وبەدەم هاڕەو هاژەی کەفچەڕینەوە، مۆنج بدەنەوەو سەری خۆ بکێشن بە داروبەردا.

گاڤریلا، هەستی دەکرد لە سایەی ئەم بێدەنگیە تاریک و جوانیە کێوییەی دەوروبەریا زۆر ماندووە، خوخوای بوو هەرچی زووترە ئاغای بزڤڕێتەوە. باشە ئەگەر ئەو نەگەڕایەوەو هەر لەپشت دیوارەکەدا مایەوە، ئەم چ بکات، تەگبیری چییە؟ کات بەخاوی دەڕۆیی، تەنانەت لە جووڵەی هەورەکانیش خاوتر دەڕۆیی... بێدەنگیەکە سات بەسات سامناکتر دەبوو. بەڵام لەناکاوا، لەپشت دیواری بەربەستی شەپۆلەکانەوە، شلْپەشلْپی ئاو و دەنگێک کە زیاتر لە چپەدووی بەشەران دەچوو، هاتە گوێ... گاڤریلا زۆر ترسا، وای هەستدەکرد هەر ئێستا دەمرێت... لەپڕ دەنگە گڕەکەی چلکاش بەرز بووەوە:- ئەهای! خەوتوویت؟ ها، ئەوە بگرە. بە ئەسپایی.

شتێکی شەشپاڵۆی قورسی لە دیوارەکەوە شۆڕ کردە خوارەوە. گاڤریلا وەریگرت و لەناو بەلەمەکەی دانا. شتێکی دیکەی قورسوەکو شتەکەی یەکەم، لە دیوارەکەوە شۆڕکرایەوە. ئەوجا چلکاش بەخۆی وقەڵافەتە لەڕ ولاوازەکەیەوە، لە سەر دیوارەکەوە ئامدیو بوو، سەوڵەکان بەدیار کەوتن، توورەکە و کۆڵەپشتیەکەی گاڤریلا کەوتەبەر پێیەکانی. چلکاش، بەهانکەهانک لە دواوەی بەلەمەکە ڕۆنیشت.

گاڤریلا، بزەیەکی ترسامێزی بۆ کرد و پرسی:- ماندوویت؟

- ئەدی مەعنای چی، هیچ کارێک بەبێ ماندووبوون دەبێت گوێرەکە گیان؟ دەی خێرا سەوڵ لێدە! کەمێک خۆت بڕەنجێنە! دەستکەوتێکی باشمان دەستکەوتووە. نیوەی کارەکەمان تەواوکردووە. دەی هەر ئەوەندەمان ماوە بە نێو ئەو مەلعوونانەدا ڕەت

ببین وتەواو، لەویٚ کرێی خۆت وەربگرە وبڕۆوە بۆلای دەنکەکەت، تۆش دەنک ومەنکت هەیە بچکۆل گیان؟

– نە... نەخێر.

گاڤریلا هەموو هێز وتوانای خۆی خستبووەکار، سینگی وەکو موشەدەمەی ئاسنگەران پڕو خاڵی دەبووەوە، دەستەکانی وەکو سپرینگی پۆلایین لە جووڵەدا بوون. ئاوەکە لەژێر بەلەمەکەدا خوڕەخوڕ شەپۆلی دەدا، نەوارە ئاوییەکەی دەوری بەلەمەکە لە بەلەمەکە بەجێدەما و وەکو فسفۆڕ دەدرەوشایەوە، گاڤریلا لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، بەڵام هەر کۆڵی نەدەداو تاهێز لە بازوویدا بوو سەوڵی لێدەدا. لەم شەودا دووجار کەوتبووە مەترسی گەورەوە، دەترسا، بۆجاری سێیەم تووشی ترس و مەترسیەکی دی ببێتەوە. هەموو خەم و خەیاڵێکی ئەوەبوو، تا زووەو گرفتار نەبووە، لەم کارە شووم و نەحسە قوتار بێت، لەبەلەمەکە دابەزێ و پێی بگاتە عاردی و پێش ئەوەی ئەم پیاوە ترسناکە بیکوژێت یان بەگرتی بدات هەڵێت و خۆی ڕزگاربکات. بۆیە لێبڕا بەهیچ جۆرێ نەیدوێنێ، گەنگەشەی لەگەڵدا نەکات، هەرچیەکی پێگوت بە گوێی بکات، ئەگەر بەخێر وبە سەلامەت لەدەستی وی ڕزگا بوو، بۆ سبەینێکەی لە کڵێسادا، نەزرێک بۆ نیکولای پەڕجوساز بکات. نوێژ و نزایەکی ئاگرین، لەسەر زمانی بوو، بەڵام نەیدەخوێند، بەبێدەنگی پیشی دەخواردەوەو خەریک بوو دەتەقی. جارجار ژێراوژێر، لەژێر برۆ ڕەشەکانییەوە تەمەشای چلکاشی دەکرد.

لێ چلکاش، ئەم پیاوە درێژ داهۆڵ و بێ موبالاتە، خۆی دابوو بە پێشا ودەتگوت تەیرێکە وخۆی بۆ فڕین تەیار کردووە، چاوەکانی، کەلە چاوێن هەڵۆ دەچوون، بڕیبوونە پێش خۆی، کەپووە دەندووکە دالاشیەکەی، کردبووە ئاسمان وهەواکەی هەڵدەمژی، وەکو ئەوەبوو بۆنی مەترسیان بکات، دەستێکی بە سوکانی بەلەمەکەوە بوو وبەدەستەکەی دیکەی سمێڵی بادەدا و لە بەرخۆوە بزەی دەهاتێ ولێوە تەنکەکانی گرژ دەبوون. چلکاش پێدەچوو لە سەرکەوتنەکەی ئەمشەویدا هەم لەخۆی ڕازی بێ و

هەم لەم کوڕیژگەیە کە تەواو ڕام و بەچە ترسێنی کردبوو. کەبینی گاڤریلا، چ تەقەلایەک دەدات، دڵی بەحاڵی سووتا، جا بۆ ئەوەی دڵخۆشی بداتەوەو تاریفێکی بکات، بە نەرمە پێکەنینێکەوە لێی پرسی:- زۆر ترسایت ها؟

گاڤریلا، ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:- گرینگ نییە. زۆریش نا!

- دەی ئێستا دەتوانی هێواش باژۆی، بەسە لە خەتەرخەلەساین. تەنیا یەک شوێن ماوە، هەرکە لەوێندەر دەرباز بووین، ئیدی تەواو ئیسراحەت دەکەین..

گاڤریلا، بەگوێی کرد، لە سەوڵێدان وەستا، هەردوو سەوڵەکەی بەردان.

- هێواش، بەکاوەخۆ سەوڵ لێدە، ئاگاداربە با ئاوەکە خوڕەخوڕ نەکات. تەنیا یەک دەروازەمان لەپێش ماوە، هێواش!... هێواشتر! کاکۆ خەڵکی ئێرە گاڵتە و سوعبەت نازانن، هەمیشە تفەنگیان سوار ولەسەرپێیە، هەرهێندەی بڵێی یەک ودوو کاسەی سەریان هەڵگرتوویت، تەنانەت فریای ئاخێکیش ناکەویت.

بەلەمەکە، بەبێدەنگی بەسەر ئاوەکەدا دەڕۆیی... خۆ ئەگەر ئەو دڵۆپە ئاوانەی لە سەوڵەکان دەتکانەوە، ناو دەریاکەو وەکو دڵۆپە فسفۆڕاندەبریسکانەوە، نەبان، هەستت بە ڕۆیشتنی بەلەمەکە هەر نەدەکرد.. شەو تاریکتر و بێدەنگ تر بوو. ئیدی ئاسمان لە دەریایەکی خرۆشیاگی بەپێڵ و شەپۆلان نەدەچوو. هەورەکان ڕەوینەوە، بە ئاسمانا پەراگەندە وبڵاوبوونەوە، ئەوەندە  لەسەر ڕووی دەریاکەوە نزیک بوون، دەتگوت پەردەیەکی ئەستوورە، بە نزمیەوە بە ئاسمانەوە هەڵواسراوەو، لە مۆڵەق وەستاوەو جووڵە ناکات، دەریاکەش هێدی تر و ڕەشتر لەجاران بوو. بۆنە نمەکینە گەرمەکەی لەجاران توندتر بوو، ئیدی وەکو چەند سەعاتێکی بەر لە ئێستا بێ پایان و سامدار نەدەهاتە بەرچاو.

چلکاش، بە ئەسپایی گوتی:

– خۆزیا باران دایدەکرد، ئەگەر باران باریبا، وەکو پەردەیەک دای دەپۆشین و بە ئاسوودەیی دەرباز دەبووین.

چەند تارماییەکی گەورە لەم بەرولەو بەریانەوە بەدیارکەوتن، ئەمانە کەشتی زەلامی بارهەڵگر بوون، بێ جووڵە وەکو کێو چووبوون بە ئاسمانا، ڕوناکییەک لەسەر یەکێکیان دەجووڵایەوە، پێدەچوو کەسێک بە فانوسەوە لەسەری ڕێ بکات، ئاوی دەریاکە، بە ئەسپایی خۆی بەقەدی کەشتیەکاندا دەکێشاو شڵپەشڵپێکی سووکیان لێ بەرز دەبووەوە. کەشتییەکان هەر خۆشیان شلوێ نەدەکرد.

چلکاش، بەدەنگێکی نەوی کەبە زەحمەت دەبیسترا گوتی:

– ئەمە سنووری دەورێ و خەفەرەکانە!

ئەوساتەی کە بە گاڤریلای گوتبوو، هێواشتر سەوڵ لێدە، هەڵچوون و نیگەرانییەکی تووند سەراپای گاڤریلای داگرتبوو، گاڤریلا کەلە تاریکی شەودا بەلەمەکەی داژوا، وای هەست دەکرد، ئازای بەدەنی، بە ئێسک و دەمارەوە، لەتاو ئازار دەزیرێنێ. تەنیا یەک شتی لە بیر وخەیاڵدا بوو، ئەوشتەش تووشی ژانەسەرێکی توونیدی کردبوو. ئازای لە ماندوویەتی ولە ترسا دەلەرزی، لاقی مێرولەیان دەکرد، دەتگوت دەرزی ئاژن دەکرێن، ئەوەندە چاوی بڕی بووە تاریکیەکە، تا نەبادا لە تاریکیەکەوە کەسێکیان لێ پەیدا بێ و هاواریان لێبکات: " بوەستن، دزینە نەڕۆن ! " چاوەکانی هاتبوونە ژان و دەسووتانەوە.

بۆیە گاڤریلا، وەختێ گوێی لە چلکاش بوو کە گوتی:

" ئەم سنووری دەورێ و خەفەرەکانە " بیرێکی شووم لە زەین و مێشکیا بڵاچەی دا و ئەعسابی شێواند، چیوای نەما هاوار بکات و داوای کۆمەک بکات. تەنانەت دەمیشی کردەوە، لەناو بەلەمەکەوە نیو ئاخێزێکی بۆکرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، سینگی

بردە پێشەوە، دەیویست هاوار بکات، بەڵام لە ناکاوا، ترسێکی سەیر دایگرت و زمانی لەگۆ کەوت، چاوانی نووقاندن و لەسەر کورسیەکەی ژێری کەوتە خوارەوە.

لەناو ئاوە ڕەشەکەوە، لە بەرانبەر بەلەمەکەی ئەمانەوە، لە مەودایەکی دوورەوە، تیلماسکە ڕوناکییەکی شینباو، وەکو شمشێرێکی درێژی ئاگرین لە ناو ئاوەکەوە بەرز بووەوەو تاریکی شەوەکەی شەق کرد. هەورەکانی ئاسمانی بڕی و وەکو خەنجەرێکی پۆڵایینی پان وشینباو داهاتەوەو چوو بە سینگی دەریاکەدا، و دەوروبەری ئەو کەشتیانەی کەلە تاریکیەکەدا دیار نەبوون ڕووناک کردەوە، پێدەچوو ئەم کەشتیانە دەمێ بێ لەژێر دەریادا بن و گەرداوێک نوقمی کردبن، بەڵام ئێستا، بە ئەمری هەمان شمشێری ئاگرینی زادەی دەریا، هەستابنەوەو هاتبنەوە سەرێ، تا تەمەشای ئاسمان و هەموو ئەو شتانەی کەبەسەر دەریاکەوە بوون، بکات... حەبل وگوریسی بایەوانەکان دەوری بورجەکانیان گرتبوو، لە گیا و لاولاوی دەریایی دەچوون کە کەوتبنە تۆڕ و داوی ئەم تارمابیە زەبەلاحە دێو ئاسایانەوە.

هەر تاونا تاوێ ئەم شمشێرە شینباوە ترسناکە لە قوڵایی دەریاکەوە بەرز دەبووەوە، بە ڕوناکی خۆی تاریکی شەوەکەی شەق دەکرد و دووبارە لەوسەرەوە دەچوو بە سینگی پیرە دەریادا، دووبارە تارمایی کەشتیە نادیارەکان، لەبەر ڕوناکیەکەیدا دەردەکەوتنەوە.

بەلەمەکەی چلکاش لەناکاوا وەستا، وەکو کەسێک ترسابێت وحایر وحەپەساو نەزانێ چ بکات، بەو ئاوایە بەسەر ئاوەکەوە دەلەرزی. گاڤریلا، لەناو بەلەمەکەدا کەوتبوو، هەردوو دەستی نابوونە سەر دەم وچاوی، چلکاش توورەو تۆسن، بەنووکی پا تێوەی دەژەند و بە ئەسپایی دەیگوت:

- ئەمە کەشتی جەنگی گومرکە گەوجەگیان... ئەوەش ڕوناکی بلاجکتۆرە شێتە! هەستە قەل پیاو، دوور نییە لە هەر ساتێکا ڕووی بلاجکتۆرەکە بکەنە مە و، شەوی تاریکمان

لێبکەن بە ڕۆژی ڕوناک... هەنگێ دەبیە بایسی گیانی هەر دووکمان، هەم من و هەم خۆت..

ئاقیبەت، شاپێکی توندی بە پشتی گاڤریلادا کێشا، گاڤریلا ڕاچڵەکی، هێشتا نەیدەوێرا چاوانی بکاتەوە، لەناو بەلەمەکەدا دانیشت، دەستی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا، هەرکە سەوڵەکانی دۆزییەوە دەستی بە سەوڵ لێدان کرد و بەلەمەکە کەوتەڕێ.

چلکاش گوتی:

- بەکاوەخۆ، بەکاوەخۆ! چۆن تووشی ئەم گەوجە بووم! دەک داوەشێی! ئاخر لەچی دەترسیت؟ هیچ نییە، ئەمە ڕۆشنایی بلاجکتۆرە، هێدی تر باژۆ، سەیری ئەمە ناکەی چۆن بەم سەوڵانەوە خۆی سەغڵەت کردووە! ئەمانە لە قاچاخچی دەگەڕێن. هەقیان بەسەر مەوە نییە، زۆر لەمەوە دوورن، مەترسە، ناگەنە مە! تەواو ڕزگار بووین.

چلکاش، بە ورەی بەرزەوە گوتی:- تەواو!. لە خەتەر خەلەسین.. تۆ شانست هەیە، شێتە.

گاڤریلا، بێدەنگ بوو، بەدەم هانکەهانکەوە سەوڵی لێدەدا، ژێراوژێر دەیڕوانیە ئەو شوێنەی کە ڕۆشنایی شمشێرە ئاگرینەکەی لێوە بەرز ونزم دەبووەوە. هەرچەندە چلکاش گوتی کە ئەمە بلاجکتۆرە، بەڵام نەیدەتوانی باوەڕی پێبکات. ئەو ڕوناکییە سارد وشینباوەی کە تاریکی شەوەکەی شەق دەکرد وبە ڕوناکییەکی سپیواژ دەریاکەی ڕۆشن دەکردەوە، بۆ گاڤریلا باوەڕکردەنی نەبوو. ترس وخەم دووبارە گاڤریلای داگرت. بەڵام ئامێر ئاسا لێکدالێکدا سەوڵی لێدەدا، خۆی کرژ کردبووەوە، دەتگوت چاوەڕوانی ئەوە بوو، لە سەرێ ڕا گورزێکی توندی لێبدەن. ئاوەزی بە هیچ گوێ ڕا نەدەگەیی، حەزی لە هیچ نەبوو، حایر وحەپەساو دەتگوت مردووە. ترس و نیگەرانی ئەمشەو لە بەشەریەتی خستبوو.

لێ چلکاش، سەرکەوتن وخۆشحاڵی پێوەدیاربوو. ئەعسابی کەلەگەڵ ئەم جۆرە هەڵوێست و تەنگانانەدا ڕاهاتبوو، سارد وتەواو ئارام بوو. سمێڵەکانی لە خۆشیان بسکەیان دەهات، چاوانی پرشنگیان دەدا. زۆر دڵ و دەروونی خۆشبوو، ژێراوژێر فیکەی لێدەدا، پڕ بە سییەکانی هەوای نمناکی دەریای هەڵدەمژی ودەیڕوانییە دەوروبەری خۆی، کە نیگای لەسەر گاڤریلا دەگیرسایەوە، بزەیەکی خۆشەویستی بەڕوویدا دەدا.

بایەک هەڵیکرد، دەریاکەی لە خەو بێدارکردەوەو وردە شەپۆلانی وەسەرکەوت. هەورێن ئاسمان بەرەبەرە دەڕەوینەوەو تەنک تر دەبوون. بەڵام هێشتا بە تەواوی بەری ئاسمانیان گرتبوو. نەرمە بایەکە بە ئەسپایی لەڕووی دەریاکەی دەدا، پەڵە هەورەکان، وەکو ئەوەی لەفکران ڕاچووبن و خەم و خەفەتێکی نادیار و گونگ باڵی بەسەردا کێشابن، بەو ئاوایە وبەبێ جووڵە لەجێی خۆیان وەستابوون.

چلکاش گوتی:

- دەی براله، ڕابە! تەواو حەواست جەم وجۆر بکە! تەمەشای قەد وقەلافەتی خۆت بکە، دەڵێی ڕۆحت تیا نەماوە. تەنیا کیسەیەک ئێسقانی و تەواو. دەڵێی دنیا ئاخر بووە! دەی تەواو، ڕابە، گوێت لێیە؟

گاڤریلا، کە گوێی لەو دەنگە بەشەرییە بوو، هەرچەند دەیزانی دەنگی چلکاشە، بوژایەوە. مینگە مینگێکی کرد و لەبن لێوانەوە گوتی:- بەڵێ، گوێم لێیە.

- دەی! وادیارە لەترسا ڕۆحت تیا نەماوە، وەرە سووکانەکە بگرە، با من سەوڵ لێدەم. بێگومان ماندوویت!

گاڤریلا، بەشێوەیەکی میکانیکی هەستا و جێگاکەی خۆی بۆ چلکاش چۆڵکرد. لەو دەمەدا کە جێگاکانیان دەگۆڕییەوە، چلکاش تەمەشایەکی ڕوو وڕوخساری گاڤریلای

کرد، کە ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو، ئەژنۆکانی دەلەرزین، بەزەحمەت خۆی بەپێوە دەگرت. زۆری بەزەیی بەم گەنجەدا هاتەوە، دەستێکی بە شانیا دا وگوتی:

- تەواو، خەم مەخۆ! دەسکەوتی باشم بووە، کە کرێیەکەت وەرگرت، ئیدی ئیسراحەت دەکەیت! بەخشش و کرێیەکی باشت دەدەمێ، چۆنە بیست و پێنج ڕۆبڵت بدەمێ؟

- نا، نا هیچم ناوێ، خوا دەکا بە سەلامەتی دەگەمەوە کەناراوەکە ئیدی هیچم نەگەرەکە.

چلکاش، تفی کردە دەستی خۆی ودەستی بە سەوڵ لێدانکرد، بە بازووە درێژەکانی، سەوڵەکانی تەواوێک بۆ دواوە دەبرد.

دەریا بێدار بوو بووەوە، یاری بەو وردە شەپۆلە پەراوێز بە کەفانەی هەمێزی خۆی دەکرد، کە خنەخن یەکیان ڕاو دەنا و پاشان ون دەبوون. لەتۆوایە کەفەکان بەر لەوەی ون بن وبتوێنەوە، زەمزە بکەن وئاخ هەڵبکێشن. ئیدی دەنگی زەمزەمەی موزیقا وەکو ئاوەکە هەموو لایەکی گرتبوو. لەوەدەچوو تاریکیەکەش بێدار بووبێتەوە.

چلکاش گوتی:

- دەی بۆم باس بکە، ئیدی بۆ گوندەکەت دەڕۆیتەوە، ژن دێنیت، زەوی دەکێڵی، گەنم دادەچنی، ژنەکەت منداڵی دەبن، ئیدی قەت نانی وشک و پێخورێکت ناگەنە یەک، تا دەمری کار وکردەوەت دەبێ بە ڕەنج ورەنجدان، ها؟ ئاخر پێم ناڵێی ئەمە چ لەزەتێکی هەیە؟

گاڤریلا، کەکەمێک دەلەرزی، لەبن لێوانەوە بەرسڤی دایەوە:- لەزەتی چی؟!

بایەکە، لێرەولەوێ، پەڵە هەورانی ڕامالی بوو، درزی خستبووە ئاسمان و یەک دوو ستێران، لەو درزانەوە، سەرەتاتێکیان دەکرد، لە ئاوەکەدا ڕەنگیان دەدایەوە، لەتۆوایە

بەسەر شەپۆلێن ئاوەکەوە سەما دەکەن، تاویَ بە ورشە ورش هەڵدەهاتن و تاویَ ئاوا دەبوون..

چلکاش گوتی:

- دەستەڕاست بگرە! زۆرمان نەماوە، هاکا گەیشتین... تەواو کارەکەمان تەواو بوو. کارێکی گەورەبوو، بە تاقە شەوێک پێنج سەد ڕۆبڵمان بەدەست هێنا.

گاڤریلا، بە ناباوەڕییەوە هاواریکرد:- پێنج سەد ڕۆبڵ؟

بەڵام لەهاوارەکەی خۆی ترسا، لە کاتێکا پێی بە دوو باڵەکەی ناو بەلەمەکەدا دەکێشا، بەپەلە پرسی:- ئەم بالانە چییان تێدایە؟

- شتی زۆر گرانبەهایان تێدایە. ئەگەر بە نرخی تەواوی خۆیان بیانفرۆشم، هەرزانفرۆشیان نەکەم، لە هەزار ڕۆبڵ زیاتر دەکەن، بەڵام من کەسێکی بە تەماح نیم... ئێمەش ڕەنجمان داوە، وانییە؟

گاڤریلا هاواریکرد و بە گومانەوە گوتی:- وایە... بریا منیش ئەوەندەم پیَ بڕابا!

لەناکاوا هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوندەکەی خۆیانی، جێگا شکارتەکەی و، دایکی و کەسوکاری بیرکەوتنەوە، ئەو کەسانەی بیرکەوتنەوە کە لەپێناوی واندا، هاتبووە کار وکاسبی و لەڕای ئەواندا ئەو هەموو عەزاب و زەحمەتەی کێشابوو.

ئیدی یادی گوندە بچووکەکەی زێدی، کە کەوتبووە قەدپاڵێکی سەراولێژو شۆڕ دەبووەوە بۆ کەنار ڕووبارێکی بچووک، دەست بەرداری نەدەبوو و عەزابی دەدا. ئەم بەر وئەوبەری چەم و ڕووبارەکە یەکپارچە دارودرەخت بوو، لە سپیدارەوە بیگرە تا دەگاتە دارچنار و گێلاس و تووە فەرەنگی..

گاڤریلا، ئاهێکی خەمناکی هەڵکێشا و گوتی:

- ئاخ، ئەگەر من ئەو پارەیەم دەبوو خۆم دەمزانی چیم دەکرد؟

چلکاش قسەکەی پێبڕی وگوتی:

- پێموایە، بەپەلە سواری قیتار دەبوویت وبەرەوماڵ دەچوویتەوە. ئیدی کیژان دەوریان دەدایت، حەزیان لێدەکردیت، هەنگێ تۆش بە کەماڵی ئارەزوو، بەدڵی خۆت یەکێکیانت هەڵدەبژارد، خانوویەکی تازەت بۆخۆت دروستدەکرد. هەرچەندە ئەم پارەیە خانوویەکی تیا نابێت.

- نا، نەخێر، بەشی خانوویەک ناکات. دار لەنک مەگرانە.

- ئێ باشە تەگبیر؟ خانووە کۆنەکەت نۆژەن بکەوە. ئەدی ئەسپ؟ ئەسپت هەیە؟

- ئەسپ؟ بەڵێ هەمە، بەڵام زۆر پیرەو بەکەڵک نەماوە.

- ئیدی ناچار، دەبێ ئەسپێکی تازە، ئەسپ ئەمما ئەسپ نە گاڵتە، چێڵێک... بڕکە پەزێک و هەندێک مریشک و تەیر و تو بکڕیت، وانییە؟

- هەرباسی مەکە، ئەگەر ئەوانەم هەبان، وەکو پاشا دەژیام، کورە شام بە سەپان نەدەگرت!

- بەڵێ براله، ژیانێکی خراپ نەدەبوو. من ئەو شتانە دەزانم، ڕۆژێ لەڕۆژان، لانە و کاشانەیەکم هەبوو، بابم لە دەوڵەمەندانی گوندی بوو.

چلکاش، بە هێواشی سەوڵی لێدەدا، بەلەمەکە، بەدەم ئەو شەپۆلانەی کەخۆیان بەم لاوبەولایدا دەکێشا، بەرزونزم دەبووەوە و دەتگوت لەناو دەریا تاریکەکەدا وەستاوەو لەجێی خۆی ناجوڵێت، شەپۆلەکان خێراتر ئامبازی یەکدی دەبوون، جووتە زەلام، هەرکەسە ونوقمی خەون وخەیاڵی خۆی بەسەر ئاوەکەوە دەجولان و خەیاڵاوی دەیانڕوانییە دەوروبەری خۆیان.

چلکاش، حەزی لێبوو کەمێک گاڤریلا دڵخۆش بکات. بۆیە خستیە سەرباڵی خەیاڵ و بەرەو گوند هەڵیفڕاند. لەسەرەتاوە بەدەم بزەیەکەوە کە گاڤریلا هەستی پێنەکرد، کەوتەقسان، بەڵام هەرکە زەمینەی قسەکردنی فەراهەم کرد کەوتە باسی خۆشی و شادییەکانی ژیانی گوندیاتی، ئەو شادی و خۆشیانەی کە ئەو لە مێژ بوو لێی دابڕابوو و لەبیری چووبووەوە، هەنووکە دووبارە سەری هەڵدابووەوەو بەرەبەرە ئەوی کەمەندکێش دەکردەوە... لەجیاتی ئەوەی پرسیاری گوندو ڕەوشی ژیان و گوزەران لە گاڤریلا بکات، خۆبەخۆ کەوتە قسان و گوتی:

- کاکۆ! گرنگترین شتی ژیانی گوندیاتی ئازادییە. لە گوندا، ئاغا و کوێخای خۆتی. ماکی تایبەتی خۆت هەیە، هەرچەندەماڵێکیبچووک و هەژارانەش بێ، گرینگ ئەوەیە هی خۆتە. زەوی زاری خۆت هەیە، با بەشی شکارتەیەکیش بێ، با بە ئەندازەی ناو لەپێک بێ، گرینگ ئەوەیە هی خۆتە، تۆ لەناو زەوی و موڵکە بچووکەکەتدا پاشایت، کەسایەتی خۆت هەیە، قەدر و حورمەتی خۆت هەیە، نە گەورەی کەسیت و نەکەس گەورەتە... وانییە؟

چلکاش بەجۆش و خرۆشەوە کۆتایی بە قسەکەی خۆی هێنا.

گاڤریلا، بە کونجکاوی تەمەشای دەکرد، ئەویش وەجۆش هاتبوو، پێدەچوو لە گەرمەی ئەو قسانەدا، بیری چووبوو کە سەروکاری دەگەڵ کێدایە. وایدەزانی هاومەجلیسی جوتیار ودێهاتیەکی وەکو خۆیەتی، کە پشتاوپشتی هەر دێهاتی و جوتیار بوون و بەڕەنج و ئارەقەی ناوچەوان زەوی و زاریان ڕەعەمەل هێناوەو دڵبەند و پابەندی بوون و ئەمیش بە ئارەزووی خۆی لێی دابڕاوە، فەرامۆشی کردووە و ببڕای ببڕ بەلایا نەچووەتەوە، لە بیری بردووەتەوەو ئێستا باجی ئەو جودایی و دابڕانە دەدات.

گاڤریلا گوتی:

- ڕاستدەکەی کاکۆ، زۆریش ڕاستدەکەیت، تۆ تەمەشای خۆت بکە، بزانە بەبێ ئەرز ڕۆژگارت بە چ ڕۆژێ گەییوە!؟ زەوی وەکو دایکە، هەرگیز نایەتە فەرامۆشکردن.

چلکاش، ڕاچڵەکی... هەمان کسپەی بەسوێ لەدڵی هەستا. هەرکاتێ لە شەخسیەت و کبریای بدرابا، ئەو کسپە ئاگرینە لە جەرگ ودڵیەوە هەڵدەستا، بەتایبەتی ئەگەر کەسێکی، بەڕای وی بودەڵە ئەو تانە و تەشەرەی لێبدایە.

بە تووڕەیی گوتی:

- تۆ من فێر دەکەیت؟ وادەزانی ئەو قسانەم بەڕاستیە؟... تۆزێ سنووری خۆت بزانە، پێ لە بەرەی خۆت زیاتر ڕامەکێشە، غروور باش نییە!

گاڤریلا، دووبارە ترسی لێنیشت و بە ملکەچییەوە گوتی:

- تۆ کابرایەکی سەیری، باشە من باسی تۆم کردووە؟ خەڵکی وەکو تۆ زۆرن... دنیا پڕە لە خەڵکی بەدبەخت و بێنەوا... ماڵ بەکۆڵ و سەرگەردان!

چلکاش، کە ڕیزێک جنێو لە ئەوکی گیرابوو گوتی:- ها بگرە، سەوڵەکان بگرە!

هیچ دیار نەبوو، چلکاش، بۆچی ئەو شەپۆلە جنێوەی کەلەسەر زاری کۆبووبووەوە، هەڵنەڕشت.

بەهەرحاڵ دووبارە جێگاکانیان گۆڕییەوە، لەوکاتەدا کە چلکاش بەلای گاڤریلادا دەڕۆیی تا بچێتەوە جێگاکەی خۆی، حەزیکی تووڕە وتۆسنی لەلا دروست بوو، کە پاڵێک بە گاڤریلاوە بنێت وبیخاتە ئاوەکەوەو بخنکێ. بەڵام هەرزوو دەستبەرداری ئەو خەیاڵە بوو.

هەردووکیان بێدەنگ بوون، بەڵام بێدەنگییەکەی گاڤریلا، دووبارە گوند وژیانی گوندیاتی وەبیر چلکاش هێنایەوە... خەیاڵی ڕۆیی و لەڕابردوودا غەرق بوو، سووکان

و ئاراستەی بەلەمەکەی لەبیرچوو، وادیار بوو شەپۆلان هەستیان کردبێ کە بەلەمەکە بێ بەمەلەوانە، بۆیە بەکەماڵی ئارەزوو بەرەو شوێنێکی نادیاری دەبرد، لەتۆوایە ئەم شەپۆلانە تەنیا بۆ ئەوە هەستابوون، تا ئاراستە و سەمتی بەلەمەکە بگۆڕن.

شەپۆلەکان لێکدا لێکدا بەلەمەکەیان هەڵدەداو بەرەبەرە یاریان پێدەکرد، پرشنگێکی شینباو لەژێر سەوڵەکانەوە دەدرەوشایەوە. کۆمەڵێک وێنەی ڕابردوو، ڕابردووی دوور، ڕابردووی پێش پتر لە یازدە ساڵ ئاوارەیی و سەرگەردانی بەبەرچاوی چلکاشدا وەکو شریتی سینەما تێپەڕین. دەورانی منداڵی خۆی، گوندەکەی زێدی خۆی، دایکی، کە ژنێکی گۆشتنی گۆنائاڵ و چاوکاڵی چاو جوان بوو، باوکی، کە پیاوێکی زەلامی ڕدێن سووری تووڕەو تڕۆ بوو، هاتنەوە بەرچاو. خۆی وەکو زاوا و ئەنفیسای ژنی کە ژنێکی خان ومانی چاوڕەشی ناسک بوو و پرچە ڕەشەکانی بە پشتیا شۆڕ بووبوونەوە، هاتەبەرچاو، دووبارە خۆی وەکو سەربازێکی قۆزی هێزی پاسەوان هاتە بەرچاو، دووبارە بابی بینییەوە کە داوی سپی کەوتبوونە سەری و کار پشتی چەماندبوو، ئەوجا دایکی هاتەوە بەرچاو کە گاسنی ڕۆژگار دەم و چاو و ڕوخساری کێڵابوو و لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو.

دیمەنی ئەو پێشوازییە گەرمەی وەبیر هاتەوە کەخەڵکی گوندەکەیان بەبۆنەی ئەوەی لە خزمەتی عەسکەری تەواو بووبوو، لێیان کرد. لەو شریتی ڕابردووەدا، ئەوەی دەبینی کە چۆن بابی لەبەردەم خەڵکی گوندەکەدا، شانازی بە کوڕە سەربازە سمێڵ زل وقۆز وگەنجەکەیەوە دەکرد. ڕابردوو، کە ڕۆیی، بوو بە بیرەوەری، هەرچەندە تاڵاوی بەدبەختی و بەڵا و نەگبەتی پێ نۆشی بێت، کە بێتە گێڕانەوەو لە یادگەدا زندوو ببێتەوە، ڕۆح تەنانەت بەبەر داروبەردی ڕابردوودا دەکاتەوەو چەند دڵۆپە هەنگوینێک بەو ژەهرە تاڵەشدا دەکات کە ڕابردوو پێی چەشتوویت.

چلکاش هەستیکرد، شنەبایەکی خۆشی لە نیشتمانەوە بەسەرا دێت، وشە پڕ میهرەکانی دایکی، گفتوگۆیە جوتیارانەکەی بابی لەگەڵ خۆیدا دێنێ و بەگوێی ئەمیدا دەدات.

چلکاش زۆر دەنگی دیکەی فەرامۆشکراوی دەبیست، بۆنی خاک وزێد وزاگەی خۆی کە خاڵ خاڵ بەفری توابووەوە، بەسەردا دەهات، زۆرچاک دەیزانی ئەو خاکە بەپیت و بەرەکەتە، بەفرەکەی تواوەتەوە و شۆو بڕاوەو سەوزەگیای بەهار داپۆشیوە. چلکاش ئەو دیمەنانەی وەبیردەهاتەوەو هەستی بەو پەڕی تەنیایی و بێکەسی دەکرد.. هەستیدەکرد، بۆ هەتاهەتایە لەو مەرز وبۆیەی کەتیایا پەروەردە بووبوو، هاوێر کراوەو جارێکی دی یەک ناگرنەوە.

گاڤریلا لەناکاوا هاواریکرد: – ئەهای، بۆ کوێ دەڕۆین؟

چلکاش ڕاچڵەکی، وەکو تەیرێک خۆی بۆ پەلاماردانی نچیرەکەی تەیار بکات، بەپارێزەوە سەیری دەوروبەری خۆت کرد وگوتی:

– شەیتان بە نەعلەت بێ، بزانە ڕەوتی ئاوەکە بۆکوێی ڕامالین؟ لێدە، سەوڵ لێدە، توندتر سەوڵ لێدە!

گاڤریلا، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پرسی:– خەیاڵت ڕۆیی بوو؟

– نە! ماندوو بووم.

گاڤریلا، لەقەیەکی بە بالەکانی ناو بەلەمەکەدا کێشا وگوتی:– بەمانەوە نامان گرن؟

– نە! خاترجەم بە، هەر ئێستا ڕادەستیان دەکەم و پارەکەی وەردەگرم.

– پێنج سەد ڕۆبڵ؟

– کەمی نییە، بەلای کەمەوە پێنج سەد ڕۆبڵ.

– پارەیەکی زۆر باشە. خۆزگە ئەو پارەیە بە نەسیبی من دەبوو، ئەگەر ئەو پارەیە بە نەسیبی من بوایە، گۆرانیەکی خۆشم پێیا هەڵدەدا.

– گۆرانیەکی دێهاتیانە؟

- بێگومان! دەمکرد بەڕۆژی خۆم...

گاڤریلا. لەشەقەی باڵی خەیالی دا. چلکاش بێدەنگ بوو. سمێڵەکانی شۆڕ بووبوونەوە، شەپۆلێک بەلای ڕاستیا هەڵپرژاو تەڕی کرد، چاوەکانی دەقووڵەوە چووبوون و گەشی و سافیەکەی خۆیان لەدەست دابوو. هەموو دڕندەکانی ناخی ڕەوینەوە، هەموو بیر وهەستە نەنگینەکانی، کە لە لۆچی کراسە چڵکنەکەشیەوە دیاربوون، ئاوابوون.

بەهەشتاو پێچی بەبەلەمەکە کردەوە، بەرەو شتێکی ڕەشی ئاژۆت کەلە ئاوەکەوە دەرچوو.

دووبارە هەور بەری ئاسمانی گرت، بارانێکی ورد وگەرم دەباری وکە بەر ترۆپکی شەپۆلەکان دەکەوت، دەنگێکی نەرم و خۆشی لێ بەرز دەبووەوەو، لەشێوەی بڵقی بچووکدا، دەکەوتنە هەڵقون هەڵقون.

چلکاش فەرمانی دا:- بوەستە! بەلەمەکە ڕابگرە!

لووتی بەلەمەکە دای لە قەدی کەشتیەکی باری. چلکاش دەستی بە خۆتە وبۆڵە کرد، بە قولاپێکی تایبەتی یەکێک لەو حەبلانەی کەبە تەنیشتی کەشتیەکەوە هەڵواسرابوو گرت و گوتی:

- چییە، پێدەچێت ئەم حەرامزادانە خەوتبن، ها؟ کوا پەیژەیەک شۆڕکەنە خوارەوە، بارانەکە دوای خستم و نەمتوانی لەوەی زووتر بتانگەمێ! ئەهای، لە گەڵ ئێوەمە، لەکام دۆزەخ دەرەن!

دەنگی منگنی کەسێک لە سەر کەشتیەکەوە بەرزبۆوەو گوتی: چلکاش؟

- بەڵێ، کوا پەیژەکە شۆڕ بکەوە!

- سڵاو چلکاش!

چلکاش هاواریکرد:- کوا پەیژەکە، هەی شەیتان!

- وادیارە ئەمشەو مگێزی تەواونییە..

چلکاشئاوڕی لای هاوڕێکەی دایەوەو گوتی:

- گاڤریلا گیان، بە حەبلەکەدا سەربکەوە.

دوای دەقیقەیەک بە دوو قۆڵی گەیشتنە سەر کەشتییەکە. سێ تارمایی ڕەشی ڕیشن، لەسەر کەشتییەکە بوون، کەبە پەلەپەل قسەیان دەگەڵ یەکدیدا دەکرد و لە قەراخ کەشتیەکەوە تەمەشای بەلەمەکەی چلکاشیان دەکرد. زەلامی چوارەم کە خۆی لە باڵاپۆشێکی درێژەوە پێچابوو، بۆلای چلکاش هات. تەوقەی دەگەڵ چلکاشدا کرد، ئەوجا نیگایەکی گومانامێزی گاڤریلای کرد.

چلکاش، بە کورتی گوتی:

- بۆ بەیانی پارەکەم بۆ ئامادە بکە! ئێستا دەچین دەخەوین. گاڤریلا بڕۆین! بەڕاست برسیت نییە؟

گاڤریلا گوتی: - نە! دەمەوێ بنووم.

دوای پێنج خولەک گاڤریلا بەدەنگی بەرز کەوتە پرخ وهۆڕ. چلکاش لە تەنیشت ئەوەوە دانیشتبوو و پێڵاوی کەسێکی دی بەپێی خۆی دەگرت. جارجار تفێکی بەم لاو بەولادا فڕێ دەدا و، بەفیکە ولەبن لێوانەوە گۆرانیەکی خەمناکی لێدەدا.

دوای تۆزێک لەلای گاڤریلاوە، هەڵاژا. دەستەکانی نابوونە ژێر سەری و سمێلەکانی دەجولان.

کەشتیەکە، بەدەم پێل وشەپۆلانی دەریاکەوە بە ئاستەم دەهەژا. لەوحە دارێک لە شوێنێکەوە، بە دەنگێکی خەمناک قرچەقرچی دەکرد، بارانێکی خۆش دەباری و

شەپۆلەکان خۆیان بە لاقەدی کەشتیەکەدا دەکێشا... هەموو شتێک خەمین بوو، هەموو دەنگەکان، لەلایلایەی دایکێک دەچوو، کە هیچ ئومێدێکی بە بەختەوەری ئایندەی منداڵەکەی نەبێت..

چلکاش، ددانەکانی لێکدی سوون، سەری هەڵێنا و تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد ولەبەر خۆیەوە شتێکی گوت. دووبارە پاڵکەوتەوە... لاقەکانی بڵاوکردنەوە، رێک لە قەیچییەکی (مقەست) گەورە دەچوو.

( ٣ )

هەوەڵجار چلکاش بێدار بووەوە، بە ترس و نیگەرانییەوە ڕوانییە دەوروبەری خۆی، لێ زوو هێدی بووەوە. تەمەشایەکی گاڤریلای کرد کە هێشتا لە غوڕابی خەودا بوو، لێکدا لێکدا دەی پرخاند، بزەیەک نیشتبووە سەر ڕوخسارە تاوەگاز ومنداڵانەکەی. چلکاش هەستا، ئاهێکی هەڵکێشا ولە پەیژە گوریسینەکەوە سەرکەوتە سەرێ. لە درزی عەماری کەشتیەکەوە، پارچەیەک لە ئاسمانی شین دیاربوو. دنیا ڕوناک بوو، بەڵام وەکو ڕۆژانی پاییز خەمناک ونمسار بوو.

چلکاش، دوای نزیکەی دوو سەعاتان زڤڕییەوە، دەم و چاوی سوور بووبووەوە، سمێڵەکانی بۆ سەرەوە بادابوو، جووتێ پووتی درێژی چاکی لەپێدا بوو. قەمسەڵەیەکی لەبەر و پانتۆڵێکی چەرمی لەپێ بوو. بەم جلکانەوە زیاتر لە ڕاوچی و ماسیگر دەچوو. جلەکانی نیوداشت بوون، بەڵام هێشتا زۆر باش بوون و پڕ بە بەری بوون و زۆری لێدەهات. لە جاران قەڵەوتری دەنواند، لەڕی ولاوازییەکەی شاردبووەوەو سەروسیمای عەسکەریی پێبەخشی بوو.

چلکاش، نووکە پێیەکی بە گاڤریلاوە ژەند وگوتی:- ئەهای، تووتەڵە ڕابە.

گاڤریلاڕاپەڕی، لێ هێشتا خەو بەری نەدابوو، چاوی هەر بە خەوەوە بوو، بەترس و نیگەرانییەوە لە چلکاش مۆڕ بووەوە، دیار بوو نەیناسیەوە. چلکاش، لەناکاوا لە قاقای پێکەنینی دا، گاڤریلاش بە پێکەنینەکەی ئەو کەوتە پێکەنین وگوتی:

- بووی بە کوڕێکی دی، دوو سێ گێڕ فەرقت کردووە! نوکە لە ئەرباب دەچیت.

- ئەگەر بمانەوێ زوو دەبین بە ئەرباب. بەڵام تۆ زۆر ترسنۆکی، من قەت خەڵکی وا قەلەزراوم نەدیتووە. لەبیرتە دوێشەوە چەندین جار خۆزیت بە مەرگ دەخواست؟

- بەڵێ، لێ نەهەقم مەگرە! ئەمە یەکەمجارمە کاری وا بکەم! ئاخر دوور نەبوو تیابچم و خۆم لە سەر ئەم کارە دابنەم.ئاخر زەحمەتە پیاو کارێک بکات بۆ هەتاهەتایە ویژدان و دەروونی بلەوتێ، بیدۆڕێنێ..

- دەی باشە ئامادەی جارێکی دی هەمان کار بکەیەوە؟

- جارێکی دی؟ ئاخر... نازانم چ بڵێم؟ چەندم دەدەیە؟... ئەمە گرینگە.

- ئەگەر ڕازی بیت، ڕەنگە دوو ئەسکەناسی پشت گوڵین وەربگریت؟

- مەبەستت دوو سەد ڕۆبڵە؟ خراپ نییە... لەگینە...

- سەبربکە، ئەدیچۆن ویژدان و دەروونی خۆت دەلەوتێنی؟

گاڤریلا پێکەنی وگوتی:

- مەرج نییە پیاو بیدۆڕێنێ یان بیلەوتێنێ، لەوەیەبۆ هەتاهەتایە ببێت بە مرۆڤ.

چلکاش بە شادییەوە لە قاقای پێکەنینی دا.

- دەی چاکە، سوعبەت و شۆخی بەسە! با بڕۆین بۆ سەر کەنارەکە!

دووباره سواری بەلەمەکەیان بوونەوە. چلکاش لەپشت سوکانەکەوە دانیشت و گاڤریلاش دەستی دایە سەوڵەکان. هەورێکی چڵکن و یەکدەست بەری ئاسمانی گرتبوو. دەریا ئامال سەوز ومەندەکە یاری بە بەلەمەکەی چلکاش دەکرد، دەیخستە هەمێزی وردە شەپۆلەکانەوەو پرژە ڕوون و نمەکینەکانی خۆی بە قەدی بەلەمەکەدا هەڵدەپرژاند. لە پێشیانەوە، لە دووری دوورەوە، کەنارە لمەڵانەکە وەکو نەوارێکی زەرد دەبینراو بەڵام لە دوایانەوە، بە درێژایی دەریاکە کەفاوی وردە شەپۆلان بە هەڵقون هەڵقون دەڕۆیشتن و لەهەتەری چاو ون دەبوون. کەشتی دنیاشیان لە دواوە بوو- بۆرجەکانیان لە دوورەوە، لە بێشە ودارستانێکی چڕ وچوغوور دەچوو لە پشتیانەوە، خانووە سپیەکانی بەندەرەکە دیاربوون... دەنگێکی گەورە وترسناک لە بەندەر ومیناکەوە، بەسەر دەریاکەدا بڵاو دەبووەوە و تێکەڵ بە زەمزەمەی شەپۆلەکان دەبوو و موزیقایەکی جوان و پڕ هەرا وزەنای پێکدەهێنا. تەنکە تەمتومانێک وەکو پەردەیەکی ناسک بەسەر هەموو ئەو شتانەدا کشابوو و لێکدی جیا دەکردنەوە...

چلکاش ئاماژەی بۆ سەمتی دەریاکە کرد وگوتی:

- بۆ شەوێ گەرداوێک هەڵدەکات چاوچاو نابینێت.

گاڤریلا، کەبەدەم سەوڵ لێدانەوە پێل وشەپۆلەکانی شەق دەکرد پرسی:- گەرداو هەڵدەکات؟

ئیدی هەموو جلەکانی بە پرژی ئەو ئاوەی بایەکە دەگەڵ خۆیی دێنا، تەڕ بووبوو.

چلکاش بەرسڤی دایەوە: - ئا، بەڵێ..

گاڤریلا، بە کونجکاوی تەمەشایەکی ئەوی کرد، کە بینی چلکاش حەزناکات باسی ئەو دەستکەوتە بکات کە بەدەستیان هێناوە، پرسی:- ئێ، چەندیان دایتێ؟

چلکاش، چەند ئەسکەناسێکی قەدکراوی لە بەرکی دەرهێنا و دەستی بۆ لای گاڤریلا درێژ کرد وگوتی:- ئەمەیان داومەتێ.

گاڤریلا، کە ئەو هەموو ئەسکەناسە پشت سوورەی بینی ئەبڵەق بوو:

- لەدڵی خۆما وامدەزانی درۆم لەگەڵ دەکەی! ئەمە چەندە؟

- پێنج سەد و چل ڕۆبڵە.

گاڤریلا، کەچاوی لەو سەفتە پارەیە نەدەگواستەوە کە چلکاش خەریک بوو، لەبەڕکی دەنایەوە، گوتی:

- وەڵا بابەزرنگی! خۆزگە، ئەو پارەیە هی من بوایە... ئەگەر ئەو پارەیەم دەبوو...

چلکاش قسەکەی پێبڕی و بەشادی و خۆشییەوە گوتی:

- کوڕی باش، ئێستا دەڕۆین دەخۆینەوە، دەمێ تەڕ دەکەین و سەرێ گەرم دەکەین. دڵ لەدڵ مەدە، پشکی خۆت وەردەگریت. بەشەکەی تۆ بەجیا دادەنەم... چل ڕۆبڵت وێدەدەم، ڕازیت؟ دەتەوێ ئێستا بتدەمێ؟

- ئەگەر پێت ناخۆش نییە، ئەی چییە؟ ئێستا بمدەیە.

گاڤریلا، بەدەم چاوەڕوانی و تامەزرۆییەوە، هانکەهانکی پێکەوتبوو.

- هێی، هەی شەیتانی بچووک! پێت باشە ها! فەرموو بیگرە. تکایە لێمی وەربگرە، من نازانم چی لەم هەموو پارەیە بکەم. ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکە و هەندێکیم لێ وەربگرە و لە کۆڵمی بکەوە... فەرموو هەڵگرە.

چلکاش، چەند ئەسکەناسێکی بۆلای گاڤریلا درێژ کرد. گاڤریلا دەستی لە سەوڵەکان بەردا، بە دەستی لەرزۆک ئەسکەناسەکانی وەرگرت و لە بەڕکی نان و بەدەم ئەو کارەوە چاوەکانی بچووک کردنەوەو وەکو یەکێک خواردنێکی گەرمی لە بەردەستدا

بێت ولێکدالێکدا فووی لێبکات، بەو ئاوایە بەدەم پیشخواردنەوە هەناسەی هەڵدەکێشا. چلکاش ژێراوژێر تەمەشای دەکرد و ناوبەناو بزەیەکی تەوسامێز بەسەر لێوەکانیەوە سەمای دەکرد. گاڤریلا، دووبارە دەستی دایە سەوڵەکان و بە تووڕەیی کەوتەوە سەوڵ لێدان، چاوی دانەواندبوون، دەتگوت لە شتێک دەترسێت. هەردوو شانی و گوێچکەکانی دەجولاًن.

چلکاش، بەدەم تێفکرینەوە گوتی:

- چەند پیاوێکی بە تەماعی! ئەمە باش نییە... بەڵام لەوە زیاترت لێ چاوەڕوان ناکرێت، تۆ بابایەکی جوتیاری!..

گاڤریلا، لەناکاوا، بەهەڵچوونەوە گوتی:- مرۆڤ، دەتوانێ بە پارە هەموو شتێک بکات.

ئەوجا، بە پەلەپەل وبە پچڕپچڕی کەوتە ڕوونکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی خۆی دەربارەی ژیانی جوتیارانی نەداروهەژار وفەرقیان لەگەڵ موڵکدارانی داراو دەوڵەمەندا کە چۆن بەوپەڕی ڕێز و حورمەت وخۆشییەوە دەژین!

لێ چلکاش، بەجدی ولە کاتێکا نیگەرانی بە سیمایەوە دیاربوو، بەدیقەت گوێی لێدەگرت وناوبەناو بزەیەکی ڕەزامەندانەی دەهاتێ، ئەنجام قسەکەی بە گاڤریلا بڕی و گوتی:- گەیشتین!

شەپۆلێک، بەلەمەکەی هەڵدا ولووتەکەی لە لمەلاًنی کەنارەکە چەقی. چلکاش گوتی:

- دەی براله، کاری مە تەواو بوو. پێویستە بەلەمەکە ڕاکێشینە سەرووترەوە تا شەپۆلەکان ڕاینەماڵنەوە ناو دەریاکە. پاشان خەڵکانێک خۆیان بۆی دێن. ئیدی من وتۆ لێکدی جیا دەبینەوە... دەی بە دوعا! لێرەوە تا ناوشار نزیکەی نۆ کیلۆمەتر ڕێگایە. تۆ چ دەکەی؟ بۆ ناوشار دەچیتەوە؟ ها؟

بزەیەکی فێڵبازانە ولەهەمان کاتدا خێرخوازنە بەسیمای چلکاشەوە دیاربوو، لەتۆ وایە بەنیازی کارێک بوو هەم دڵ و ویژدانی خۆیپێ ئاسوودە بکات، هەم گاڤریلای پێ غافڵگیر بکات. دەستی بە بەرکی خۆیدا کرد، خشەخشێکی لە ئەسکەناسەکان هەستاند، گاڤریلا، هەناسەی تووند بوو، خەریک بوو دەخنکا، بەزەحمەت گوتی:

- نا... ناچمەوە...نا.. من... من...

چلکاش، مۆڕەیەکی لێکرد وگوتی:- چییە، بۆ لاڵ بووی؟

- هیچ.

گاڤریلا، کە ڕەنگی دێنا و ڕەنگی دەبرد، لە جێگای خۆی ڕەق ڕاوەستابوو. نیگەران و دوودڵ بوو، نەدەوێرا پەلاماری چلکاش بدات، نە دەیتوانی چاوپۆشی لەو ئارەزوو و حەزەش بکات، کە وەدەست هێنانی، زۆر دژوار دەهاتە بەرچاو.

چلکاش، کە نیگەرانی وشڵەژانەکەی گاڤریلای بینی، تەواو پەشۆکا، چاوەڕوانی ئاقیبەتی شڵەژانەکەی وی بوو.

گاڤریلا، لەناکاوا لە قاقای پێکەنینی دا، لێ پێکەنینەکەی زیاتر لە گریان دەچوو. سەری لەبەر خۆ نابوو و، چلکاش دەم وچاوی ئەوی بەباشی نەدەبینی، بەڵام گوێچکەکانی، بە ئاشکرا سوور دادەگیرسان و دەکوژانەوە.

لێ چلکاش، دەستی هەڵتەکاند وبەپەستی گوتی:

- دە برۆ دەی، چیە بۆ وەستاوی، مەگەر حەزت لە من کردووە؟ وەکو کچان پەشۆکاوەو ئەم لاق وئەولاق دەکات. ڕەنگە دڵت نەیەت لەمن جیابیتەوە؟ دەی قسە بکە بەبەگیان! ئەگینا من دەڕۆم.

گاڤریلا، هاوارێکی توووندی کرد: - دەڕۆیت؟

کەناره چۆڵ وهۆڵەکە، لە هاوارەکەی وی لەرییەوە، لەتۆ وایە لمە زەردەکەی کەناراوەکە کە شەپۆلی ئاوەکە لەوێندەری خڕکردبووەوە، کەوتە جوولە. چلکاش بەخۆیشی ڕاچڵەکی. گاڤریلا، لەناکاوا تەکانێکی دا، خۆی هاویشتە سەرپای چلکاش و باوەشی بەلاقیا کرد. چلکاش چەند تەکانێکی خوارد و بەقورسی لەسەر لمەکە دانیشت. ددانەکانی بەجیڕەوە بردن، بازووە درێژەکەی هەڵبڕی و کۆڵەمستی توونـد گوشی، بەڵام مستەکەی دانەوەشاند، چونکە گاڤریلا، شەرمەزار و خەجاڵەت، بەکاوەخۆ، بەدەم لاڤە وپاڕانەوەوە دەیگوت:

– چاوەکەم... مەردی خوابە، مەعز بۆ ڕەزای مەسیح ئەم پارانە بدە بەمن، تۆ چ پێویستت بەو پارانەیە؟... تۆ ئەم هەموو پارەیە لە شەوێکا، لەتەنیا شەوێکا خەرج دەکەیت... بەڵام سەبارەت بەمن، بەشی ساڵەهای من دەکات... بیدە بەمن، تا ماوم دوعا ونزای خێرت بۆ دەکەم، لەسێ کڵێسایاندا نوێژ و نزات بۆ دەکەم، لەپێناوی پاکبوونەوەو ئاسوودەیی ڕۆحی تۆدا نزا دەکەم... ئەم پارانە بدە بەمن، تۆ بەبایا دەدەیت، بەڵام من دەیدەم بە زەوی، بیدە بەمن، بۆ تۆ ناکاتە هیچ، بە ئاسانی دەست دەکەوێت، بە تاقە شەوێک ئەو بڕەو زیاترت دەست دەکەوێت... تۆ بە شەوێک دەوڵەمەند دەبیت! وەرە ئەم چاکەیە بکە، تۆ زۆرت بەبەرەوە نەماوە، هاکا مردیت... بیدە بەمن، من هێشتا زۆرم بەبەرەوە ماوە، مەگەر هەرخوا بزانێ چی بەو پارەیە دەکەم، جا چی پێناکەم! مەردی چا بە وبیدە بەمن!..

چلکاش، حایر وحەپەساو، شپرزە وپەشۆکاو، لەسەر لمەلانەکە دانیشت، هەردوو ئانیشکی دادانە سەر لمەلانەکە و خۆی بە پشتا دا. کڕوکپ ورتەی لەزار دەرنەدەچوو، نیگای بڕی بووە ئەم گەنجەی کەخۆی هاوێشتبووە سەرپای و باوەشی بە لاقیا کردبوو، ولێی دەپاڕایەوە. ئەنجام چلکاش ڕاپەڕی و هەستایە سەر لاقان، گاڤریلای لەخۆی دوورخستەوە. دەستی بە بەرکی خۆیدا کرد، پارەکەی دەرهێنا و بۆ گاڤریلای

توورڕ دا. لە کاتێکا، بەدەم هەڵچوون و نەفرەت و قێزوبێزەوە لەم کۆیلەی تەماع و چاوچنۆکییە، دەلەرزی، هاواریکرد:- فەرموو، بیگرە، بڕۆ ژەهری ماری بکە!

چلکاش، دوای ئەوەی پارەکەی بۆ گاڤریلا فڕێدا، هەستی بە جۆرە قارەمانەتیەک کرد وگوتی:

- من خۆم دەمویست زیاترت بدەمێ، دوێنێ شەو کە بیرم لە ژیانیهەژارانەی گوندەکەی خۆم دەکردەوە، دڵم بە تەواوەتی پڕ بوو. لەدڵی خۆمدا گوتم: " چلکاش، وەرە یارمەتی ئەم گەنجە بدە! " لێ چاوەڕوان بووم تابزانم تۆ بەتەمای چیت، داوام لێدەکەیت یان نا؟ بەڵام تۆ... تۆی بێ غیرەت، جڵف! گەدا، خوازەڵۆک!... ماقووڵە پیاو بۆ پارە بەو ڕادەیە خۆی سووک و ڕیسوا بکات؟ کەرە، ئێوەگەل شەیتانانی تەماعکار، کەرامەتی خۆتان بن پێ دەنەن... ئامادەن خۆتان بە پێنج ڕۆبڵان هەڕاج بکەن و بفرۆشن.

گاڤریلا، لەخۆشیا پێی لە عاردی گیر نەدەبوو، لەو دەمەدا کە پارەکەیلە بەرکی دەنا، بەدەم هاوارەوە گوتی:

- مەسیح ئاگادارت بێ، هەتا ماوم لەبیرت ناکەم، نەک هەر خۆم دوعای خێرت بۆدەکەم، بەژن و منداڵەکانیشم دەڵێم دوعا و نزای خێرت بۆ بکەن..

چلکاش، گوێی لە لاڤە وپاڕانەوەکانی ئەو دەگرت، دەیڕوانییە ڕوخسارە گەشەکەی ئەو کە لە چاوچنۆکی وئاڵچاخیدا ڕەش هەڵگەڕابوو و هەستی دەکرد ئەمی دزو سەرگەردان، دابڕاو لە خزم و خوێش، دوور لە کەس وکار، هەرگیز بەم ڕادەیە چروک وڕژد وچاوچنۆک نەبووە و بۆ پارە نەپاڕاوەتەوە و، نەمردووە و بشمرێت بەو ئەندازەیە تەنازول ناکات. ئەم هەست و بیرکردنەوەیە باڵی بەسەر ویژدان و دەروونیا کێشا وناچاری کرد کە گاڤریلا، لەو کەنارە چۆڵ و هۆڵو لمەڵانەدا بەتەنیا بەجێ نەهێڵێت.

گاڤریلا، دەستی چلکاشی توند گرت و لە ڕوخساری خۆی نزیک کردەوەو گوتی: - تۆ منت خۆشحاڵ و بەختەوەر کردا!

چلکاش، وەکو گورگێکی برسی، ددانەکانی لێکدی هەڵسوون، بەڵام تاقە وشەیەکی لەزار دەرنەهات.

گاڤریلا، دووبارە گوتی:

- دەزانی بەنیازی چی بووم؟ بەنیازی ئەوە بووم هەرکە بە دوو قۆڵی گەییشتینە ئێرە.. تا هێزم تیایە سەوڵێک بە تەپڵی سەرتا بکێشم... پارەکە لە بەرکت دەربێنم و خۆت فڕێ بدەمە دەریاکەوە، ئاوەو ئاو بڕۆیت وکەسیش پێنەزانیت، خۆئەگەر جەنازەکەشت بدۆزراباوە، کەس ناچار نەبوو خۆی ئەزیەت بدات و تاقیبی ئەوە بکات کە چۆن مردوویت وچ کەسێک کوشتووتی. تۆ کەسێک نیت، کەس غەمت بخوات، بوونی تۆ لە دنیادا زیادەیە و..

چلکاش، بۆڵەیەکی کرد، توند بۆقەتەی ملی گاڤریلای گرت:- کوا پارەکەم وێدەوە!

گاڤریلا، یەک دوو چەلان خۆی لەدەستی ڕاپسکاند، لێ باسکی چلکاش وەکو ئەژدیها لە دەوری ئالا، توند ناوقەدی گرت. دەنگی دڕانی کراسەکەی بەرز بووەوەو گاڤریلا، بە پشتا کەوت و لەسەر لمەلانەکە تەخت بوو! چاوەکانی ئەبڵەق بوون، چنگی لە هەواکە گیردەکرد وبە نائومێدی کەوتە لەقەفرتێ. چلکاش بە سەریەوە وەستابوو، درێژ، باریک و بنێس، تووڕە لە هەڵۆ دەچوو، ددانە بەجیرەوە بردبوو، سمێڵەکانی، بە دەم وچاوە ڕەقەکەیەوە، لە تووڕەییدا دەلەرزین، قەت بەم شێوەیە تووڕە نەبووبوو... هەر بەو دەقەوە پێکەنی ولە گاڤریلای پرسی:- ئەمەت پێخۆشە، ئیسراحەتت کرد؟

هەنگێ پشتی کردە گاڤریلاو بەرەو شار وەڕێکەوت. هێشتا تەنیا چەند هەنگاوێک ڕۆیی بوو، کە گاڤریلا، وەکو پشیلە هەستایەوەو کەوتە سەرپێیان، خڕکە بەردێکی هەڵگرت، تاهێز لە بازویدا بوو خێواندیە چلکاش و لە دواوە هاواریکرد: – ئەمە یەک!

چلکاش، ناڵەیەکی لێ بەرز بووەوە، هەردوو دەستی بە سەریەوە گرت، چەند جارێک بۆ پێشەوە ڕەتی برد، بەرەولای گاڤریلا وەرسوڕایەوەو بەدەما کەوت بەسەر لمەلانەکەدا. گاڤریلا نیگایەکی کرد و لە ترسا لەجێی خۆی وشک بوو. چلکاش یەکێک لە لاقەکانی جولاند، ویستی سەری بەرزبکاتەوە، بەڵام نەیتوانی لە جێی خۆی کەوتەوە. گاڤریلا پای وەغارێوە نا، بەرەولایەک غاری دەدا، کە هەورێکی ڕەش وتووند، باڵی بەسەر دەشتێکی تاریکی تەماویدا کێشابوو. پێل وشەپۆلان، بە شلْپ وهۆڕ خۆیان بە لمەلانی کەناراوەکەدا دەکێشا ودووبارە دەگەڕانەوە ناو دەریاکە و باران دایکرد. لە هەوەڵەوە بە ئاستەم پرۆشەی دەکرد، لێ زۆری پێنەچوو کردی بە لێزمەو وەکو ئەوەی دەمبێن لە کوندەی سەربەرەوخوار بکەیەوە، دایکرد ئەمما داکردن. ئاو، لە دەشتە بێکۆتایی و دەریا بێ سنوورەکەدا جۆگەی بەست، گاڤریلا، لەپشت بارانەکەوە دیار نەما، تا ماوەیەک جگەلە لێزمەی باران و تارمایی پیاوێکی درێژداهۆڵ کەلەسەر لمەلانی کەنارەکە یەک تەختە ڕاکشابوو چ شتێکی دیکە نەدەبینرا. ئەوجا گاڤریلا، بە ژێر بارانەکەدا ولەناو جەرگەی تاریکیەکەوە، وەکو تەیرێکی تەرە بە هەڵەداوان هات، تا گەییە دیار چلکاش نەوەستایەوە، هەرکە گەییە ئاستی ئەو، لە تەنیشتیەوە بەچۆکدا هات کەوتە هەوڵی ئەوەی کە هەڵی بسەنێتەوە. دەستی چووبە شتێکی لینجی سووردا... ڕاجفری، بەترسەوە کشایەوە، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما. چپەیەک، لە قووڵایی دەنگی بارانەکەوە هات و بە ئەسپایی لە گوێی چلکاشدا گیرسایەوەوگوتی:– داشۆ (براگەورە) ڕابە!

چلکاش، چاوی هەڵێنان، گاڤریلای لە خۆی دوور خستەوەو بەدەنگێکی نەوی گوتی:

– وازم لێبێنە.

گاڤریلا، بەدەم ماچ کردنی دەستی چلکاشەوەو بەدەنگێکی نەوی و لەرزۆکەوە گوتی:

- داشۆ، بمبورە! شەیتان لە خشتەی بردم...

چلکاش بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی:- وازم لێبێنە! لاکەوە لەبەرچاوم!

- بەگەورەیی خۆت بمبەخشە، خەتام کرد، لەم خەتایەم ببورە داشۆ.

چلکاش، لە ناخافڵدا ڕابوو، لە سەر لمەڵانەکە ڕۆنیشت و هاواریکرد:

- بڕۆ، گوم بە لەبەرچاوم! پێت دەڵێم بڕۆ...

چلکاش زۆر توورە بوو، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو. چاوەکانی لێڵ وخەواڵوو بوون، بە بێتاقەتیەوە بە گاڤریلای گوت:

- ئیدی چیت دەویَ؟ دەستی خۆت وەشاند... دەبڕۆ! هەیدێ گوم بە لەبەرچاوم!...

چلکاش، ویستی بەلەقە گاڤریلا کەباری خەم نیشتبوو لە لێوی و بڕستی لێبڕی بوو، لەخۆی دوور بخاتەوە، لیَ نەیتوانی، ئەگەر گاڤریلا فریا نەکەوتبا و شانی نەگرتبا دووبارە دەکەوتە سەر ئەرزەکە. دەم وچاوی چلکاش و گاڤریلا لە ئاستی یەکدا بوون، هەردووکیان ڕەنگ زەرد وبێتاقەت، پیاو لێیان دەترسا.

چلکاش تا دەمی گرتی تفێکی کردە ناو چاوە ئەبڵەقەکانی گاڤریلا: تفۆ...

گاڤریلا، بە ئاسینی کراسەکەی، بە ئەسپایی دەم و چاوی سڕی و بە هێواشی گوتی:

- چیم لێدەکەی بیکە! یەک قسەش ناکەم، بمکە بەخاتری مەسیح!

چلکاش، زۆر پەست بوو، هاواری بەسەریدا کرد:

- خوێڕی، لەگام!... تەنانەت غیرەتی کوشتنشت نییە.

ئەوجا دەستی کرد بەژێر قەمسەڵەکەیدا، پارچەیەکی لە کراسەکەی دادڕی، بەدەم دان کرۆشتنەوە توورەیی خۆی دەخواردەوەو دەستی بە بەستنی برینەکەی سەری کرد، کەلە بەستنی سەری بووەوە، لەبن لێوانەوەو بەبێتاقەتی گوتی:- پارەکەت برد؟

- داشۆ نەم برد، ناشیبەم. نامەوێ، ئەم پارەیە خێر ناداتەوە.

چلکاش دەستی بە گیرفانی قەمسەڵەکەیا کرد، سەفتە پارەکەی دەرهێنا، یەک ئەسکەناسی سەد ڕۆبڵی لێدەرهێنا وخستیەوە گیرفانی وباقی پارەکەی هەڵدایە بەردەم گاڤریلا و گوتی:- بیبە و بڕۆ!

- نا، داشۆ نایبەم!... ناتوانم. بمبورە، خەتام کرد.

چلکاش، چاوەکانی زەق کردنەوە، پیاو لێی دەترسا، هاواریکرد:

- پێت دەڵێم بیبە!

گاڤریلا کەوتە خاک وپای چلکاش و بە شەرمەزارییەکی زۆرەوە گوتی: - بمبورە، ئەگەر نەمبوری ناتوانم دەستی بۆ ببەم، بمبورە.

چلکاش، بەوپەڕی قەناعەتەوە گوتی:

- درۆ دەکەیت، دەیبەیت وکرەش دەکەی، خوێڕی لەگام!

بەدەم ئەو قسانەوە، بە زەحمەتێکی زۆر قژی هاوڕێکەی گرت و سەری هەڵبڕی و پارەکەی لەبەردەمیا ڕاگرت و گوتی:

- وەری گرە، وەری بگرە! بەخۆڕایی کارت نەکردووە. هەڵی بگرە، مەترسە، هەڵی بگرە، ترسی ئەوەت نەبێ کە خەریک بوو مرۆڤێک بکوژیت، کەس لەسەر کوشتنی کەسێکی وەکو من لێت ناپرسێتەوە، خۆ ئەگەر پێت بزانن، مەمنوونت دەبن. دەی هەڵیگرە.

گاڤریلا کە بینی چلکاش پێدەکەنێ، دڵی کرایەوە، پارەکەی وەرگرت و بەدەم ڕوندک ڕشتنەوە گوتی:- داشۆ، ئاخر دەمبوری؟!

چلکاش بەلارەلار هەستایەوە سەر پێیان و بەهەمان ڕاوێژی (نبرة) وی گوتی:

- گیانە بوردنی چی! لەچیت ببورم؟ دنیا دەوران دەورانە، ئەمڕۆ نۆرەی تۆ بوو، سبەی نۆرەی من دێ.

گاڤریلا، سەرێکی لەقاند، ئاهێکی پڕ کەسەری هەڵکێشا وگوتی: - ئەهای داشۆ، داشۆ.

چلکاش لە هەنبەریا وەستابوو، بزەیەکی سەیر ڕووی گەشاندبووەوە. پەڕۆکەی لەسەری بەستبوو، بەرەبەرە سوورتر دەبوو، لە تەڕبووشی تورکان دەچوو.

بارانەکە توندی کرد، دەتگوت کوندەی سەرەونخوونە. دەریا دەتگوت لەبەرخۆوە زمزەمە دەکات. پێل و شەپۆلان بە تووڕەیی سەریان بە کەنارەکەدا دەکێشا. ئەم دوو پیاوە بەبێدەنگی تەمەشای یەکیان دەکرد.

چلکاش، لەکاتێکا خەریک بوو پێچی دەکردەوە تا بڕوات، بە تانووتەوە گوتی:

- دەی، خودا حافیز!

وەڕێکەوت. لاقی بە باشی عاردی نەدەگرت، بەلادا دەهات. بەجۆرێ دەستی بەسەرییەوە گرتبوو، وەک ئەوەی بترسێت نەبا لێی بکەوێت. گاڤریلا، جارەکی دی، دووبارەی کردەوە: - بمبورە، داشۆ!

چلکاش، بەدەم ڕێگاوە و بە ساردی گوتی: - قەیدێ ناکا، گوێ مەدەیە!

گاڤریلا، وەستا، لە دواوە تەمەشای دەکرد تالە بارانەکەدا ون بوو، بارانی چی! وەک ئەوە بوو دەمبێن لە کوندەی سەرەونخوون هەڵگرن. دەشت و دەرەکەیلە پەردەیەکی تاریکی تاریکەوە پێچابوو، بەرپێی خۆت نەدەبینی.

هەنگێ گاڤریلا، کڵاوە تەڕەکەی لەسەری داکەند، نیشانەی خاچی بە سەر وسینگی خۆیدا کێشا، ڕوانییە پارە قەد کراوەکانی دەستی. هەناسەیەکی قووڵی ئۆخەی هەڵکێشا. پارەکانی لە گیرفانی کراسەکەیدا تاقەت کرد و بە هەنگاوی بتەوەوە بەکەناری دەریاکەدا کەوتەڕێ، ڕێک بە پێچەوانەی ئەو سەمتەدا کە چلکاش گرتبوویە بەر، بەڕێکەوت. دەریا وەکو دڕندە دەی نەڕاند، شەپۆلە گەورە و قورسەکانی بە کەنارە لمەڵانەکەدا دەکێشا و لەشێوەی کەف و پریشکاندا، پەرش و بڵاودەبوونەوە.

باران، بە لێزمە بەسەر دەریا و دەشتەکەدا دەباری... با دەیلوراند... دنیا یەکپارچە دەنگ و دەنگدانەوە و لوورە و نەڕە و شڵپ وهۆڕ بوو، لەپشت پەردەی ئەم بارانەوە نە دەریا دەبینران نە ئاسمان.

بارانەکە وپریشکی پێڵ وشەپۆلەکان، ئەو پەڵە سوورەی سەر ئەو شوێنەیان شۆردەوە کە چلکاش لێی کەوتبوو و شوێن پێیەکانی چلکاش و گاڤریلایان لە سەر لمەڵانی کەنارەکە سڕییەوە. ئیدی هیچ شوێنەوارێک بەسەر ئەو کەنارە چۆڵ و هۆڵەوە نەما کە گەواهی بێت بۆ ئەو تراجیدیا بچووکەی کە ئەو دوو کەسە نمایشیان کرد.

١٨٩٤

سەرچاوە:

*.چلکاش وچند داستان دیگر، ماکسیم گورکی، ترجمە:کازم ئەنساری، نشریە ئاندیشە، تهران، ١٣٦٩

*. مکسیم غورکی/ المؤلفات المختارة فی ٦ مجلدات/ المجلد ٣/ ترجمة: المحامی سهیل ایوب/ دار رادوغا/ مسکو ١٩٨٨

## هاوسەفەر

### ( ١ )

لە ئۆدیسا تووشی بووم. سێ ڕۆژی یەک لەدووی یەک بوو کە دیمەنی زەلام و گۆشتن و، ڕوخساری ڕیشن و جوانی ئەو پیاوەم لەلا بووبوو بە مەراق. زۆرجار لەناکاوا لەبەرچاوم قوت دەبووەوە، بە سەعاتان لەسەر شۆستە بەردینەکە ڕادەوەستا، خۆی بەسەر دار عاساکەیدا دەدا، چاوە ڕەشە بادەمیەکانی، بە نیگای خەمینەوە، دەبڕییە ئاوە خرۆشیاگ و بەپێل و شەپۆلەکەی مینا و بەندەرەکە. ڕۆژێ دە چەلان (جار، کەڕەت، گلەت ) بەلاما تێدەپەڕی، ڕەفتار و هەڵس وکەوتی لەوەدەچوو، دنیای دابێتە بەر کلکان و گوێی لە هیچ شتێک نەبێت و خەم لە هیچ شتێک نەخوات. تۆ بڵێی ئەمە کێ بێ؟ لێم بوو بە مەراق... ئیدی ژێراوژێر کەوتمە تاقیبی. ئەویش لەلای خۆیەوە وەکو ئەوەی گەرەکی بێ زیاتر سەرنجی من ڕابکێشێت، زووزوو بە بەردەممدا ڕەت دەبوو. ئیدی وای لێهات لە دوورەوە، بە جلەکانیا دەمناسییەوە، جلکێکی خانەخانەی کاڵێ مۆدی ڕۆژی لەبەربوو، کڵاوێکی ڕەشی لەسەر بوو، لە ڕێکردنا خاو بوو، نیگای خەمین، لێڵ و گەوجانە بوو. لە دوورەوە دەمناسییەوە.

بوونی ئەو لێرەدا، لەم مینا و بەندەرە جەنجاڵەدا، لەنێو ئەم هەموو کەشتیەدا، لەنێو ئەم هەموو مەکینە و قیتار و شووت کێشانە دوور و درێژ و بەردەوامە، لەنێو تەق وهۆڕی زنجیران، لەنێو هەرا و زەنای کرێکارانی لەنگەرگاکە و لەناو هەرا و هەنگامە و ژاوەژاوی شێتانەی سەرانسەری بەندەرەکەدا، بوونێکی غەریب بوو...

نەمدەزانی چ کارەیە و لێرە چ دەکات. ئەو خەڵکەی لێرە بوون، هەموو سەرقاڵی کار بوون، باریان دادەگرت و باریان بار دەکرد. هەموو نیگەران، شەکەت و ماندوو، بە سیان ودووکەڵاوی، شەلاڵی ئارەقە بوون، یەکیان گاز دەکرد، جنێویان دەدا. لە ناو جەرگەی ئەو هەراو هەنگامەیەدا، کە سەگ خیوی خۆی نەدەناسی، ئەو دیمەنە

غەریبەی ئەو پیاوە کە بێزارییەکی کوشندە لە ڕوخساری دەباری، چی دەکرد؟ گوێی بە هیچ نەدەدا، خۆی لە خەڵکی دوور دەگرت، سەری خۆی کز دەکرد وهیچ کارێکی نەدەکرد.

ڕۆژی چوارەم، لە دەمی فراڤیندا، لیبڕام بە هەر نرخێ بووە، هەوڵی ئەوە بدەم بیناسم و بزانم کێیە، چووم لە نزیکی ئەوەوە دانیشتم، نان و شووتیم دانا، کەوتمە نان خواردن. بەدەم نان خواردنەوە ژێراوژێر کەوتمە چاودێری، دەفکرەوە چووم تا باشترین ڕێگە بدۆزمەوە کەسەری قسەی لەگەڵدا دابمەزرێنم.

کۆمەڵیک سەندووقە چای هەڵدرابووەوە، پشتی بەو سەندووقانەوە دابوو و لەجێی خۆی ڕەق ڕاوەستابوو، بە بێئەوەی سەیری جێیەکی دیاریکراو بکات، چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا، بە سەری قامکەکانی هێدی هێدی، دەیکێشا بەسەری دار عاساکەیدا.

بۆ کەسێکی لات ولەوێری وەکو من، کە هێشتا کۆپانی کۆڵبەری و قولاپی حەماڵیم بەسەر پشت وبەدەستەوە بوو، ئازام لە تەپوتۆز و خاکە وگەردی ڕەژوودا ڕەش هەڵگەڕابوو، زۆر زەحمەت بووکە بتوانم سەری قسان لەگەڵ نەجیمزادەیەکی وەهادا دابمەزرێنم. ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، زۆر بە دیقەت چاوی بڕی بووە من، بە تامەزرۆییەکی حەیوانییەوە لێی دەڕوانیم. پاشان گەییمە ئەو ئەنجامگیرییەی کە هەبێت و نەبێت ئەم پیاوە برسیەتی، ئیدی تەمەشایەکی لەزگینی دەوروبەری خۆم کرد وبە ئەسپایی پرسیم:- نافەرمووی شتێک بخۆیت؟

ڕاچڵەکی، خۆبەخۆ دەمی داچەقاند، ڕیزێک ددانی ساغ دەرکەوتن، بەبێ موبالاتییەوە سەیرێکی دەوربەری خۆی کرد.

کەس ئاگای لەمە نەبوو. نیوەی شووتیەکە و لەتێک لە نانە گەنمەکەم دایێ. بەپەلە لە دەستی ڕاڕفاندم و لەپشت سەندووقەکانەوە ڕۆنیشت، هەرتاوناتاوێ، بۆ ساتێ سەری

بەرز دەکردەوە. کڵاوەکەی چووبووە دواوە، هەنیە ئارەقاوی و گەنمڕەنگەکەی بەدەرەوە بوو. بزەیەکی گەش ڕوخساری داگرتبوو، بەبێ ئەوەی بۆ دەمێک دەمی لە خواردن بوەستێ، ناوبەناو بەبێ ئەوەی بە خۆیشی بزانێت بۆ، چاوێکی لەمن دادەگرت. بە ئاماژە تێمگەیاند کە چاوەنوڕم بکات، چووم تا گۆشت بکڕم. تۆزێ گۆشتم کڕی و ژڤڕیمەوە. گۆشتەکەم دا بە ئەو. لەلای سەندووقەکانەوە بەجۆرێ ڕاوەستام، کە کابرای نەجیمزادە لەچاوی ڕێبواران بشارمەوە. لە هەوەڵەوە، وەکو حەیوانێکی کێوی کە بترسێت نێچیرەکەی لێبڕفێنن، بەو ئاوایە بە نیگەرانییەوە خواردنەکەی دەخوارد. بەڵام پاشان وردەوردە ئارام بووەوە، بەڵام زۆر بلەز خواردنەکەی هەڵمەقووت دەکرد، بە ڕادەیەک بەزەییم بەم پیاوە برسی و نائومێدەدا هاتەوە، کە ئێدی نەمدەتوانی تەمەشای ئەو بوونەوەرە برسی و بێنەوایە بکەم، بۆیە ڕووم وەرگێڕا وپشتم تێکرد.

- سوپاست دەکەم... زۆر مەمنوونم.

ئەو قسەیەی بە ڕووسییەکی سەروگوێ شکاوەوە کرد. ئەوجا شانی توونت گرتم، دەستەکانی بەجۆرێ گوشیم، کە ژانی پێگەیاندم..

دوای پێنج خولەکێک کەوتە گێرانەوەی بەسەرهاتی خۆی. ناوی میر شاکرو پتادزە بوو، بە ئەسڵ گورجستانی بوو، تاقانە کوڕی موڵکدارێکی دەوڵەمەندی دەڤەری کوتاییس بوو. لە وێستگەی قەتاری قەفقازدا کاری دەکرد، لەگەڵ هاوڕێیەکیا لەیەک ژووردا دەژیا. ئەم هاوڕێیەی لە ناکاوا دیار نامێنێ، هەرچی پارەو پول وزێڕ و جەواهیری میرشاکرۆ هەیە دزی بووی و غەیب بووبوو. ئێدی میر شاکرو کەوتبووە تاقیب و سۆراغی، بەڕێکەوت بۆی دەرکەوتبوو، هاوڕێکەی گوایە بلیتی باتومی کڕیوە و بۆ ئەوێندەر ڕۆییوە. ئێدی میریش یەکسەر بۆ ئەوێندەر چووە، لەوێ زانیویەتی کە گوایە هاوڕێکەی بۆ ئودیسا ڕۆییوە. میر شاکرۆش، دەچێتەلای دۆستێکی خۆی بەناوی ڤانۆسڤانیدزە، ئەم دۆستەی هاوتەمەنی خۆی دەبێت، ناسنامەکەی ئەو

وەردەگرێت و بەو ناسنامەیە بەرەو ئودیسا چووبوو. لەوێ واتە لە ئودیسا پۆلیسی لە دزینی پارە و جەواهیراتەکانی خۆی ئاگادار کردبووەوە. پۆلیس بەڵێنیان دابووێی کە دزەکەی بۆ بدۆزنەوە. دوو هەفتە بوو چاوەڕوانی دەکرد، هەرچی پارە وپولێکی پێبوو هەمووی خەرج کردبوو، دوو شەو وڕۆژ بوو دەمی بە زەواد نەکەوتبوو، لەبرسا لاکەی سەری دەهات.

لە یەکبینە قسەی دەکرد وبەسەرهاتەکەی خۆی دەگێڕایەوە، ناو بەناو دەمرێژێ جنێوی ناوکێشی قسەکانی دەکرد، من بە دڵ گوێم لە قسەکانی دەگرت، باوەڕم پێکرد. حایر وحەپەساو چاوم بڕی بووە ئەم گەنجە، باوەڕم بە قسەکانی دەکرد، دڵم بەحاڵی دەسووتا. تەمەنی هەر بیست ساڵێک دەبوو و نەدەبوو. بەڵام هێندە سادە و ساویلکە بوو، لەبیست ساڵیش بچووکتر دیار بوو. زۆر بە تووڕەیی باسی دۆستایەتی خۆی و ئەو هاوڕێیەی دەکرد، کە هەموو دار نەداری دزی بوو.

دڵنیا بوو کە ئەگەر ئەو شتانە نەدۆزێتەوە، باوکی گۆشاوگۆش بە خەنجەر سەری دەبڕێت. لەدڵی خۆدا بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر کەسێک فریای ئەم گەنجە نەکەوێت، ئەوا ئەم شارە چاو چنۆکە، قووتی دەدات و تیا دەچێت. زۆرچاک دەمزانی شەقاوەو سەرسەری وشەلاتیەکانی شار، خوا خوای کەسێکی وان، لە ئاسمان دەیقۆزنەوە و تووشی هەزار و یەک گێچەڵی دەکەن... ئیدی میر شاکرۆ سەری بۆ ئەم کارە دەیەشا. ئیدی لێبڕام خۆم یارمەتی بدەم، کرێی من بەشی کڕینی بلیتێکی تا باتومی نەدەکرد. تەنانەت سەردانی چەند نووسینگەیەکیشم کرد کە بلیتی خۆڕایی بۆ میر شاکرو پەیدا بکەم. زەرورەتی ئەو کۆمەکەم تێگەیاندن، لێ وەدەریان نام. ئەنجام پێشنیازم بۆ میر شاکرو کرد کە بچێتە پۆلیسخانە تا داوای بلیتێکی بۆ بکەن. بەلام تەواو پەشۆکا، بە ڕاشکاوی گوتی کە نایەت بۆ پۆلیسخانە، بۆچی؟ دەرکەوت کرێی ئەو ئۆتێلەی نەدابوو کە تیایدا مابوو بووەوەو وەختایەک داوای کرێ ئۆتێلەکەیان لێکردبوو، دەگەڵیاندا بەشەڕ هاتبوو و تەنانەت لەو کابرایەشی دابوو کە داوای کرێ

ئوتێلەکەی لێکردبوو. ئیدی لەوکاتەوە خۆی شاردبووەوە. لەلایەکەوە قەرزی ئۆتێلەکەی لابوو و لەلایەکی دییەوە، لەکابرای دابوو، بۆیە دڵنیا بوو پۆلیس چاوپۆشی لێناکەن، ئەوا چاوپۆشیان لە خەتایەکی کرد، ئەدی خەتای دووەمی! خۆیشی نەیدەزانی چەند جەزرەبەی لەو کابرایە دابوو، یەک، دوو، سێ یان چوار.

ئەم کێشەیە هێندەی دی قوڕەکەی خەست کردەوە. بۆیە بڕیارم دا لە کارەکەی ئێستامدا بەردەوام بم تا پارەی کڕینی بلیتی باتووم پەیدا دەکەم و بۆ ئەوێندەری دەنێرمەوە، لێ لە هەوەڵەوە دیار بوو کە ئەم پارەیە بەدەست نایەت، ماوەیەکی زۆری پێدەوێت. چونکە شاکرۆ، دەمێ بوو ژەمبردە بووبوو، بە ئەندازەی سێ نەفەرو زیاتریشی دەخوارد. ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئەو برسێتییەوە کە دیار و دەڤەرەکانی گرتبووەوە، خەڵکانی برسی فرە لە دەوروبەرەوە ڕوویانکردبووە کارکردن، کرێی ڕۆژانە لە بەندەرەکەدا زۆر دابەزی بوو. هەر بەینی خۆمان بێ، من کرێی ڕۆژانەم هەشتا کوبێک بوو، شەست کۆبیکمان لەو ڕۆژانەیە دەدا بە خواردن. من خۆم پێش ئەوەی میر شاکرۆ بدینم بەنیاز بووم بۆ قرم بڕۆم، نەمدەویست بە یەکجارەکی لە ئودیسا ئاکنجی ببم. ئیدی پێشنیازم بۆ شاکرو کرد کە لە ئودیساوە تا قرم بە پێیان لەگەڵ مندا بێت، بەو مەرجەی ئەگەر کەسێکم نەدۆزییەوە تاکو تەفلیس دەگەڵ ویدا بڕوات، بەخۆم دەگەڵی بڕۆم، ئەگەر کەسێکیش پەیدا بوو لە گەڵیدا بڕوات، ئەوا لێکدی جیا دەبینەوە، ئەو بەخێر ومن بە سەلامەت.

میر، تەمەشایەکی پاوپێڵاوە جوانەکانی، کڵاوەکەی وپانتۆڵەکەی خۆی کرد، دەستێکی بە چاکەتەکەیدا هێنا، کەمیک دەبیرەوە چوو، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا، ئەنجام بە پێشنیازەکەم قاییل بوو. بەو جۆرەبە پای پیادە لە ئودیساوە بۆ تەفلیس وەڕێکەوتین.

که گەیشتینە خیرسون، بە تەواوەتی هاوڕێیەکەمم ناسی. کوڕێکی ساکارو ساویلکەو کێوی و کەم سیوات بوو، تا قۆناغی سەرەتایی خوێندبوو، هەرکە تێر بوایە هیچی دی نەدەویست، خەنی دەبوو، کە برسی بوایە وەکو کەو دەچوو، خەم دایدەگرت، ئیدی حەیوانێک بوو لەو گۆڕەی، لێ دڵپاک و بێوەی بوو.

بەدەم ڕێگاوە باسی قەفقاز، ژیانی ئاغا و دەرەبەگەکانی گورجستان، ئاهەنگ و کەرنەڤاڵ و ڕابواردنی وان و چۆنیەتی مامەڵە و بەرخوردی وانی دەگەڵ جوتیاەکاندا بۆ دەکردم، چیرۆکەکانی خۆش بوون، جوانییەکی تایبەتیان تیابوو. بەڵام هاوڕێکەم گێڕانەوەکەی، هەندێک ئاڵۆز بوو. بۆ نموونە، ئەمە یەکێکە لەو سەربهوردانەی کەبۆی گێڕامەوە:

میرێکی زۆر دەوڵەمەند، کۆمەڵێک دۆست وئاشنای خۆی دەعوەت دەکات، تا دەتوانن مەی وشەراب دەخۆنەوە، باشترین خواردنی گورجستان واتە (شوریک) و ( شیشلیک) و نانی (لافاش) و برنجی بەگۆشت و بەهارات دەخۆن، پاشان میر میوانەکانی بۆ تەوێڵەکەی دەبات. ئەسپەکان زین دەکەن. میر بەخۆی سواری باشترین ئەسپ دەبێت و دەست بە نمایش دەکات. ئەسپەکەی، زۆر چالاک و گورج وگۆڵ دەبێت، میوانەکان هەموو ئەفسوونی جوانی وخۆشبەزی وڕەهوانیەکەی دەبن. میر، ئەسپەکەی بەر مامێزان داو بۆی دەرچوو. لەم کاتەدا جوتیارێک بەسواری ئەسپێکی سپیەوە پەیدا بوو، وەکو بروسکە هات، پێشی ئەسپەکەی میری دایەوە... پێشی دایەوە، بە کەش و فشەوە لەقاقای پێکەنینی دا. میر لەبەردەم میوانەکانیا بەخۆدا شکایەوە! نێوچاوانی تێک نا، بە ئاماژەی سەر جوتیارەکەی گازکرد، هەرکە جوتیارەکە بەخۆی و ئەسپەکەیەوە گەییە بەردەمی، یەکسەر هەڵیکێشایە شمشێر وملی کابرای جوتیاری پەڕاند، ئەوجا هەڵیکێشایە دەمانچە و لەگویی ئەسپەکەیدا خاڵی کردەوە. ئەوجا بەپێی خۆی بۆلای فەرماندار و حاکمی شار چوو و حاڵ و حیکایەتەکەی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوەو یەکسەر حوکمی بێگارە زندانی بۆ دەرچوو.

هەستم کرد، شاکرو، ئالیگری لەکابرای میر دەکات و بەزەیی بەودا دێتەوە. هەوڵم دا تێی بگەیەنم. کە ئەو میرە شایستەی بەزەیی و خۆشەویستی نییە و ئەم بەخۆڕایی ئالیگری لەو دەکات. لێ ئەو بەم لۆژیکە وەڵامی دامەوە:

- ئاخر میران کەمن و جوتیاران زۆرن. هەرگیز نابێت میرێک لەسەر کوشتنی تاقە جوتیارێک حوکم بدرێت. ئاخر بابایەکی جوتیار چییە؟ ئەمەیە.

شاکرو، چنگێ گڵی هەڵگرت، نیشانی دام و دووپاتی کردەوە:- ئەمەیە، و لەسەری ڕۆیی:- بەڵام میر، هەر میرێک ئەستێرەیەکی پرشنگدارە..

بوو بە گەنگەشەمان، ئەو تووڕە بوو، کە تووڕە دەبوو، ئەبڵەق دەبوو و وەکو گورگ کەڵبەی نیشاندەدا، ڕوخساری بەجارێ گرژ بوو. هاوایکرد:

- بەسە ماکسیم، بیبڕەوە، تۆ لە قەفقاز نەژیاوی، شارەزای ئەوێندەر نیت.

بەڵگە لۆژیکیەکانی من، لە هەنبەر ساکاری ئەویدا بێهودە و پووچ بوون. ئەوەی لەلای من و بۆ من وەکو ڕۆژی ڕووناک خۆیا و عەیان بوو، لەلای ئەو بۆش و بەتاڵ، مایەی پێکەنین بوو. کە بە بەڵگە لۆژیکییەکانی خۆم، ڕێگەم لێ دەبەستەوە و هیچ وەڵامێکی پێ نەدەما، خۆی شلوێ نەدەکرد، هیچ گەنگەشەیەکی نەدەکرد، بە ڕووسیە سەروگوێ شکاوەکەی خۆی دەیگوت:

- برۆ بۆ قەفقازو ماوەیەک لەوێندەر بژی، هەنگێ دروستی قسەکانی منت بۆ دەردەکەوێت.. هەموو خەڵکی ئەوێ بەوجۆرە ڕەفتار دەکەن، کەواتە ئەوان لەسەر هەقن. ئەوان ڕاست دەکەن. ئیدی بۆچی من باوەر بە قسەیەک بکەم کەتەنیا بەلای تۆوە نادروستە، تەنیا تۆ دەڵێیت نادروستە، کەچی هەزاران کەسی دی دەڵێن نەخێر دروستە. ها بۆچی باوەڕ بە قسەکەی تۆ بکەم؟

ئیدی من بێدەنگ دەبووم، بۆم دەردەکەوت کەتەنیا واقیع و واریقاتەکان، نەک وشە و پەیڤان، قەناعەت بەوجۆرە کەسانە دەکات، چۆن یەکێک بوو لەو کەسانەی باوەڕی وابوو کە ژیان، وەکو چۆن هەیە و چۆن ڕێکخراوە، هەمیشە دروستە ونموونەی بێ چەند و چوونی عەدالەتە.

ئیدی من بێدەنگ دەبووم، بێدەنگییەکەی منی بە نیشانەی دروستی قسەکانی خۆی دەزانی، خۆی بە سەرکەوتوو دەزانی و هێندەی دی شوولی لێ هەڵدەکێشا و باسی ژیانی دەڤەری قەفقازی دەکرد، کە پڕ بوو لە گەرم و گوڕی و دکتاتوریەتی هۆڤیانە و ترسناک. ئەو چیرۆکانەی ئەو دەیگێڕانەوە سەرنجڕاکێش و لەگیانم خۆشبوون. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەوەندە ترسناک ونامرۆڤانە بوون کە ترسیان دەخستە دڵمەوە، ڕقیان هەڵدەستاندم، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی زۆریان بە شان وباهۆی دەوڵەمەنداندا هەڵدەگوت وستایشی زەبر وزەنگی وانیان دەکرد. جارێک بە ڕێکەوت لە شاکروم پرسی هیچ شتێک سەبارەت بە ڕێنماییەکانی مەسیح دەزانیت یان نا؟

شانەکانی هەڵتەکاندن و بەرسڤی دایەوە: – هەڵبەتە.

بەڵام کە تاقیم کردەوەو چوومە بنج و بناوانی مەسەلەکە، بۆم بە دیارکەوت کە تەنیا ئەوەندەی دەزانێ کە: " سەدانساڵ لەوەپێش کەسێک هەبووە بەنێوی مەسیح، کە دژی یاساکانی جوولەکە ڕاپەڕیوە، جوولەکانیش لەبەر ئەوە لە خاچیان داوە، بەڵام چونکە کوڕی خوا دەبێ، بەسەر خاچەکەوە نامرێت، دەچێت بۆ ئاسمان و یاسایەکی تازە بۆ خەڵکی دەنێرێت.

لێم پرسی: – ئەو یاسایە چی بوو؟

نیگایەکی تەوسامێزی سەراپای کردم و پرسی:

- تۆ مەسیحیت؟ دەی باشە منیش مەسیحیم. تەقریبەن هەموو خەڵکی سەر زەوی مەسیحین. ئیدی بۆچی پرسیار دەکەیت؟ نابینی خەڵکی چۆن دەژین؟... ئەوە هەمان یاساکانی مەسیحن.

ئیدی خوێنم هاتەجۆش، دەستم بە گێڕانەوەو شرۆڤەی ژیانی مەسیح کرد بۆی. لە سەرەتاوە زۆر بەجدی گوێی بۆ دەگرتم، بەڵام بەرە بەرە خەیاڵی ڕۆیی، سارد بووەوەو کەوتە باوێشکدان. وەختایەک کە دیتم بەدڵ گوێم لێناگرێت، لەدڵی خۆدا گوتم فایدەی نییە، با ئەقڵی بدوێنم، ئیدی باسی لایەنە ئەرێنییەکانی عەدالەت، زانست، هاوکار وبە تایبەتی ڕەچاوکردنی یاسا و سەرپێچی نەکردن لە یاسام بۆکرد. بەڵام وەکو ئەوە قسە بۆ دیوار بکەم..

میر شاکرو، بە تەمەڵی بەرسڤی دایەوە:

- کەسی بەهێز خۆی یاسا و قانوون ئیجاد دەکات، پێویستی بەوە نییە فێری بکەیت، ئەگەر نابیناش بێ، ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە! ئەگەر چاویش بنووقێنێ ڕێگای خۆی دەزانێت..

ئەم کوڕە دەگەڵ خۆی و بیرکردنەوەی خۆیدا ڕاستگۆ بوو. ئەمە واداری دەکردم کە ریز وحورمەتی بگرم، بەڵام کەسێکی هۆڤی ودڵڕەق بوو، هەستم دەکرد ناوبەناو ڕقێکی سەیر لە ناخی ناخمەوە سەبارەت بەو سەردەکات.

بەڵام هەر بە ئومێدی ئەوە بووم کە هەرچۆنێ بووە بتوانم خاڵێکی هاوبەش لەنێوان هەردووکمانا بدۆزمەوەو بتوانین لێکدی حاڵی ببین. بۆیە بە زمانێکی سادەتر دەگەڵیدا کەوتمە قسان، دەمویست لێی نزیک ببمەوە، کە هەستی کرد، من گەورەیی ئەوم قەبووڵە، بەدەنگی بەرزتر کەوتە دواندنم، زۆری پێناخۆش بوو، کە بۆچوونە لۆژیکییەکانی خۆم دەربارەی ژیان، لە بەردی ڕەق دەدا وئەو هەر خۆیشی شلوێ نەدەکرد.

"پیریکوب"مان بڕی، خەریک بوو لە یایلا نزیک دەبووینەوە، من خەوم بە کەناراوەکانی قرمەوە دەبینی. دوو ڕۆژ بوو ئەم کێوە شینباوانە، کەلە دوورەوە لە پەڵەهەوری تەنک دەچوون لە ئاسۆوە دیاربوون.

میر لە خۆیدا غەرق بووبوو، لەبن لێوانەوە گۆرانی گورجی دەگوت، هەرچی پارە و پولێکمان پێبوو، هەموویمان خەرج کردبوو ولەوەش نەدەچوو، دەرفەتێکمان بۆ بڕەخسێت وبتوانین پارەیەک پەیدا بکەین. دەمانویست بە هەشتاو خۆمان بگەیەنینە شاری فیودوسیا کە دەمانزانی لەوێندەر دەستیان بە دروستکردنی مینا و بەندەرێک کردووە.

میرش، ئاگاداری کردمەوە کە ئەویش بە نیازی کارکردنەو هەرکاتێ پارەی پێویستمان کۆکردەوە، هەینێ، لە ڕێگەی دەریاوە بۆ باتووم دەڕۆین و دەیگوت لە باتووم دۆست و ئاشنای فرەی هەن و لەوێ بە زووترین کات و بە ئاسانی کارێکی وەکو دەرگاوانی یان باخەوانی یان حەسحەسی بۆمن پەیدا دەکات، بەخۆشی دەستی بە شانی مندا دەکێشا و وەکو ئەوەی بەرپرسی من بێت، خێراخێرا دەیگوت:

- کارێکی باشت بۆ دەدۆزمەوە... خەنی دەبیت، ئیدی خواردنەوەو خواردن، گۆشتی بەرخ هەر مەپرسە. بۆخۆت ژنێکی گورجی دێنی، ژنێکی گۆشتنی خان و مان... ئیدی نانی جۆرجیت بۆ دەکات، منداڵت بۆ دێنێ، منداڵی زۆر، ئۆخەی ئۆخەی... ئیف ئیف....

ئەم ئیف ئیفە، لە هەوەڵەوە سەیربوو بەلامەوە، وای لێهات بەرەبەرە پێی قەڵسدەبووم، ئەنجام تووڕەی دەکردم. لە ڕووسیا ئەمە بۆ کۆکردنەوەی بەرازان بەکار دەبرا، لە قەفقاز، بۆ گوزارشت لە خۆشحاڵی، یان لە داخ و کەسەران یاله ستایش بە کار دەبرا.

جله ناسکەکانی شاکرۆ تەواو کۆن بووبوون. پێڵاوەکانی لەچەندین لاوە، کون کون بوو بوون، دارعاسا وکڵاوەکەیمان لە خیرسون فرۆشتبوو، لە جیاتی شەپقە، کاسکێتێکی دەستی دووی لە کرێکارێکی وێستگەی قیتارەکە کڕی.

که هەوەڵجار، کاسکێتەکەی لە سەر کرد وبەلایەکا خوار بووەوە لێی پرسیم: – لێم دێت؟ جوانە؟

(( ٣ ))

ئەنجام گەیشتینە قرم، لە ڕێگای سیمفروپلەوە هاتبووین و بۆ یالْتا دەچووین. جوانی ئەم پارچە زەوییە کە هەر چوار نکاڵی دەریا بوو، مەستی کردبووم، بە تەواوەتی ئەفسوون بووبووم. میرزادە هەر ئاخ وئۆفی بوو، بە نیگای خەمین دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی، برسیەتی زۆری بۆ هێنابوو، چاوی بڕی بووە ئەو گیا و میوە کێویانەی کە هیچ خۆیا نەبوو ئاخۆ دەخورێ یان نا، تا خۆی پێتێر بکات. بەڵام هیچ سوودێکیان نەبوو، لە جیاتی تێر بێ وئیسراحەت بکات، گەدەی دەهاڕوژا، مەعیدەی تێکدەچوو، زۆرجار بە پەستیەوە بەمنی دەگوت: – باشە ئەگەر مەعیدەم تێک بچێ یان تووشی بەلەفیرێ ببم چۆن دەتوانم درێژە بە ڕێگا بدەم؟ ها؟ پێم بڵێ چۆن؟

هیچ کارێک پەیدا نەدەبوو وئێمەش تاقە پولێکمان پێ نەمابوو، تەنانەت پارەی کڕینی نانی وشکیشمان پێ نەبوو، ئیدی بە گیا و میوەی کێوی و بە ئومیدی ئاینده دەژیاین. شاکرۆ، گلەیی ئەوەی لە من دەکرد، کە کەسێکی تەمەڵ وبێ دەسەڵاتم، دەمم داچەقاندووەو دەستە وئەژنۆ دانیشتووم..

ئەم گلەیی وگازنانە زۆریان پەست دەکردم. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێک پتر تووڕەی دەکردم، ئەو چیرۆکانە بوون کە دەربارەی حەز وئیشتیای خواردنی خۆی دەیگێڕانەوە، دەیگوت: نیوەڕوان یەک بەرخی بچووکی بە سێ قاپ شەرابەوە دەخوارد و دوای یەک سەعات دەیتوانی زۆر بە ئاسانی یەک مەنجەڵ پڵاو بە گۆشت و جۆرەها خواردنی دیکەی قەفقازی بخوات، شەرابیش ئەوە هەر مەپرسە. بە درێژایی ڕۆژ، باسی نەوسنی خۆی بۆ دەکردم. زۆر بە ئاووتاو باسی ئەو شتانەی دەکرد و تامی دەمی خۆشدەکرد و ئاو بەدەم و لێویا دەهاتە خوارەوەو لێوەکانی دەلستنەوە.

کەبەو حاڵەوە دەمبینی، دڵم تێک هەڵدەهات وبە زەحمەت ئەم قێز وبێزەی خۆمم پێ دەشاردرایەوە.

جارێک لە یاڵتا، بە کرێیان گرتم، کە باخێک لە چڵ و چێوی ئەو درەختانە پاک و خاوێن بکەمەوە کە پەرچیان کردبوو، پێشەکی کرێی هەموو ڕۆژەکەم وەرگرت و نیوەی کرێیەکەم دا بە نان وگۆشت، کە لە کڕینی نان وگۆشتەکە گەڕامەوە، باخەوانەکە گازی کردم و منیش هەرچیەکم کڕی بوو بۆ شاکرۆم بەجێهێشت کەبە بیانووی سەریەشەوە خۆی لەکارکردن دزی بووەوە. دوای سەعاتێک گەڕامەوە، سەیرم کرد شاکرۆ، هەرچییەکی دەربارەی نەوسنی وزۆرخۆری خۆی گوتبوو، هەرهەمووی ڕاست بوو، تاقە یەک پارووی لەو هەموو خواردنەی کە من کڕی بووم نەهێشتبووەوە. دیارە ئەوە ڕەفتار وهەڵوێستێکی باش نەبوو، هاوڕێ و هاوسەفەر چۆن دەبێ وابێت! من بە تاقە وشەیەکیش گلەییم لێنەکرد. شاکرۆ، ئەم هەڵوێست و بێدەنگییەی منی بە جۆرێکی دی لێکدابووەوە. لەم ڕۆژە بەدواوە، پەیوەندیمان، بەجۆرێکی کۆمیدی شکایەوە. ئیدی من کارم دەکرد، ڕەنجم دەدا و ئەو هەرجارەی بە هەنجەت وبیانوویەک خۆی لەکار دەدزییەوە، بەئارەزووی خۆی دەیخوارد و دەخەوت، ناچاری دەکردم زیاتر و زیاتر کار بکەم، ڕەنج بدەم.

من موریدی تولستوی نیم! کە شەکەت و ماندوو لە کار دەگەڕامەوەو ئەو زەلامە زلحۆرتەم دەبینی کە بەو تامەزرۆییەوە تەمەشای منی دەکرد، هەم ڕقم لێی دەبووەوە، هەم بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. بەڵام ئەوەی زۆر لە دڵم گران و خەمناک بوو، ئەوە بوو کە چونکە من کارم دەکرد، گاڵتەی پێدەکردم. نەهەقی نەبوو گاڵتەم پێبکات، چونکە خۆی فێری نانی سواڵی بووبوو، کەچی بەو حاڵەی خۆشییەوە گاڵتەی بەمن دەکرد کە کارم دەکرد، بە کەسێکی گەوج و خەڵەفاوی دەزانیم، هەوەڵجار کە دەستی دایە گەدایی، شەرمی لە من دەکرد، خەجاڵەتی دەکێشا، لێ کە لەو دواییانەدا لە گوندێکی تاتاری نزیک بووینەوە، بە تەواوەتی حەیا وحورمەتی وەلاوەنا و، بە ئاشکرا،

بەبەرچاوی منەوە گەدایی دەکرد، جا بۆ ئەوەی ئەم سواڵ و دەرۆزەیە پینەبکات، بەشەلەشەل خۆی بەسەر دارعاسایەکدا دەدا و لاقێکی لە دووی خۆی ڕادەکێشا، یانی لاقم تەواو نییە، چونکە وەکو ڕۆژی ڕوناک لەلای عەیان بوو کە تاتارە پیسکە و دەست نووقاوەکان ئامادەنین، خێر بە بابایەکی زلحۆرتی، ساغ و سەلامەت بکەن، زۆرم لەگەڵی گوت کە ئەمەی ئەو دەستی داوەتێ، کارێکی دزێوە، پێی سووک دەبێت، ئاقیبەتی خێر نابێت، عەیبەیەکی فرە گەورەیە، پێدەکەنی وبەکورتی دەیگوت:

- ناتوانم کار بکەم.

هەندێجار، شتێکی کەمیان دەدایە کەبەشی هیچی نەدەکرد. منیش ڕۆژ بەڕۆژ ماندووتر دەبووم وپەیوەندیشم ڕۆژ بەڕۆژ دەگەڵ شاکرۆ خراتردەبوو. وای وێنادەکرد کە قەرزاریم، ئەرکی سەرشانمە بەخێوی بکەم. جاران خواخوای بوو قسەی دەگەڵ بکەم، لێم دەپاڕایەوە کە قسەی دەگەڵ بکەم و دەیگوت:

- تۆ ڕێنوێنی منیت، بۆ پێشەوە پێشم بکەوە... ئەگەر تۆ نەبای بە خۆم دەمتوانی ئەم ڕێگا دوور ودرێژە ببڕم؟

من فێری ئەم کارانە نیم. بەم کارانە دەمرم! بۆچی عەزابی ڕۆحم دەدەیت، بۆ دەتەوێ بمکوژیت؟ ئاخر چیت پێدەبڕێت؟ ئەگەر بمرم، دایکم دەگری، بابم دەگری. دۆست و برادەرەکانم هەموو دەگرین! مەگەر هەرخوا بزانێ مردنی من، چ فرمێسکێکی بەدوودا دێت، دوور نییە لافاوی ڕوندکان هەستێت!

بەبێ تاقەتی گوێم لەو قسانە دەگرت، بە تۆبزی جڵەوی خۆم دەگرت، بیرۆکەیەکی سەیر واداری دەکردم تەحەمووڵی ئەو هەموو کێشە و ئاریشەیە بکەم. هەندێجار کە دەخەوت دەچووم لەلایەوە دادەنیشتم و دەمڕوانییە سەرو ڕوخسارە بێ جووڵەکەی و وەکو ئەوەی لەناکاوا ئیلهامێکم بۆبێت، لەدڵی خۆدا دەمگوت: " هاوسەفەرمە، هاوڕێی ڕێگامە... "

لەلایەکی دیکەشەوە، بیرۆکەیەکی دی پێی دەگوتم، شاکرۆ کە داوای کۆمەکی لێکردم هەقی خۆی بوو... جۆرێک متمانە و جورئەت لە داواکەیدا پەنهان بوو، من خۆبەخۆ ڕادەستی بووم، زۆر بە وردی چاودێریم دەکرد، هەڵس وکەوتەکانیم دەخوێندەوە، دەمویست بزانم چۆن و بۆچی، بەچ هەقێک ڕێ بەخۆی دەدات، کەخۆی، دەسەڵاتی خۆی بەسەر پیاوێکی دیدا بسەپێنێ... ئەو حاڵی زۆر باش بوو، بارسووک و سەر سەلامەت، ئاسوودە وخاترجەم، گۆرانی دەگوت، دەخەوت، هەرکاتێ بیویستبا، گاڵتەی بەمن دەکرد. هەندێجار وا ڕێکدەکەوت کە بۆ دوو سێ ڕۆژان لێکدی دابڕێین و هەریەکەمان بەلایەکدا بڕۆین، هەرکاتێ هەم بوایە پارە وئازووقەم دەدایە و پێمدەگوت کەلە کوێندەر چاوەنۆڕم بکات. کە دووبارە یەکمان دەگرتەوە، ئەو کە بەتووڕەیی و ناڕەزایی لێم دابڕابوو، بە شادی و خۆشحاڵییەوە پێشوازی دەکردم، بەدەم پێکەنینەوە دەیگوت:

– لەدڵی خۆمدا وام هەستدەکرد، خۆت دزیوەتەوەو منت بەتەنیا بەجێ هێشتووە! ها، ها، ها!

ئیدی شتێکی خواردەمەنیم دەدایێ و باسی دیمەنی جوانی ئەو دیار و دەڤەرانەم بۆ دەکرد کە دیبوومن. جارێکیان لە باسی باخچە سەرایدا، هەندێک خەبەر وباسی پوشکینم بۆ گێڕایەوەو چەند شیعرێکی ویم بۆ خوێندەوە، کەچی ئەو شیعرانە کەمترین کاریان تێنەکرد.

– ئەها شیعر! ئەمانە گۆرانین، شیعر نین! من کابرایەکی گورجیم دەناسی کە گۆرانی دەگوت، بەڵام دەنگی بەلاوە بوو! دەنگی زۆر زوڵاڵ و بەلەرە بوو... دوای ئەوەی باڕمەنێکی بەچەقۆ کوشت، بۆ سیبریان دوور خستەوە.

هەرجارێ کە دەگەڕامەوە، هەستم دەکرد ورەی ڕوخاوە، جار لەدووی جار زیاتر نەترەی بەردەدا، نەیدەتوانی ئەو حاڵەتە لەمن بشارێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی وەزع و

حاڵمان ڕۆژبەڕۆژ خراتر دەبوو. من بە زەحمەت هەفتەی یەک ڕۆبڵ یان یەک ڕۆبڵ و نیوم بەدەست دێنا، ئەم پارەیە بەشی دوو کەسی نەدەکرد، ئەو خێرو سەدەقانەش کە شاکرۆ وەری دەگرتن، هیچ کەلێنێکی پڕ نەدەکردەوە. مەعیدەی مەعیدە نەبوو، مغارەیەک بوو لەو گۆڕەی، هەرچیەکت لە تریێ، کاڵەک، ماسی سوێرکراو، نان، میوەی وشکەوەکراو تێبکردایە دەیگرت و هەر بەخۆی نەدەزانی، لەوەش دەچوو ئەم مغارەیە بەرەبەرە گەورەتر ببێت و داوای شتی زیاتر بکات.

شاکرۆ، بەردەوام هانی دەدام کە قرم بەجێ بێڵین و بڕۆین، بە بەڵگەوە گەنگەشەی دەکردم ودەیگوت پاییز بەڕێوەیە وڕێگایەکی دووردوودرێژمان لەبەرە. منیش هەمان بۆچوونی ویم هەبوو. ئەمە جگەلەوەی دەمێک بوو لە قرم مابوومەوەو هەموو شوێنێکی قرمم بینی بوو، بەوجۆرە بەرەو فیودوسیا بارگەمان تێکنا، بە ئومێدی ئەوەی تۆزێ پارە و پول پەیدا بکەین کە تاقە پولێکمان پێ نەمابوو و کێچ لە باخەڵمانا سەوزەڵێ خانمی دەگوت.

دیسان ناچاربووین بە گیا و بەروبوومی سروشتی و بە ئومێدی ئایندە بژین ژارۆ ئایندە! وێڕای ئەوەی خەڵکی هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەودان، لێ کە دەبێ بە ئێستا هەموو ناسکی و جوانیەکی خۆی لەدەست دەدات!

دوای ئەوەی نزیکەی بیست و دوو کیلۆمەترێک لە ئالوشتا تێپەڕین بۆ خەوی شەوێ لامان دا، شاکرۆم وادارکرد کەبە کەنارە لمەلانەکەدا بڕۆین، هەرچەندە ڕێگاکە دوورتر بوو، لێ من حەزم دەکرد شنەی دەریاکە هەڵمژم. ئاگرێکمان کردەوەو لەپاڵیا پاڵکەوتین... شەوێکی زۆر جوان بوو. پێل وشەپۆلی دەریا سەوزەکە لەژێر ئێمەوە خۆی بە تاوێرەکاندا دەکێشا. ئاسمانی شینی کاڵ، کڕ وکپ، مەند وبە ویقار بەسەر سەرمانەوە وەستابوو. دار و دەوەنان و دڕک و داڵی دەوروبەرمان، بەدەم بایەکەوە بە ئاستەم دەشنانەوەو بۆن و بەرامەیان بەو ناوەدا بڵاو دەکردەوە. مانگ وردەوردە بەرز دەبووەوە، سێبەری ترۆپکی دار چنارە بەرزەکان بۆ سەر تاوێرەکان دادەخزی.

باڵندەیەکی بچووک، بە دەنگێکی خۆش وبەرز دەیخوێند ولەرەی دەنگی تێکەڵ بە نەوای دڵارام و نەرم و لای لایە ئاسای شەپۆلەکان دەبوو و لەودا دەتوایەوە. کە ئەم ئاوازانە خامۆش دەبوون، زیکەزیکی توورەی مێروویەک بەرز دەبووەوە، ئاگرەکە خۆش خۆش دەگەشایەوە. بڵێسەی ئاگرەکە لە چەپکێک گوڵی زەرد و سوور دەچوو. ئەم بڵێسانە هەندێ سێبەریان لێ دەبووەوە کەلەدەوری مەدا سەمایان دەکرد، دەتگوت لە هەنبەر سێبەری ئارامی هەیڤدا، جوانی خۆ دەنوێنن. کەنار و ئاسۆی بەرینی دەریا چۆڵ وهۆڵ بوو، ئاسمان سایەقە و ساماڵ، پەڵە هەورێکی پێوە نەبوو. من لە کەناراوەکەدا غەرقی تەمەشای ئەم شکۆ و جەلالە بووم، هەستم دەکرد شتێکی سەیر ڕۆحم داگیر دەکات، شتێک لە گوزارشت نەدەهات. کەچی ترس، لێدانی دڵمی خەفە دەکرد.

شاکرۆ، لە نکاوا، لەقاقای پێکەنینی دا:

– ها، ها، ها... چ قەڵافەتێکی گەوجانەت هەیە! ڕێک لەمەڕ دەچی... ها، ها، ها.

من، ڕێک وەکو ئەوەی هەورە گرمەیەک بەسەرمەوە بتەقێتەوە، لەناکاوا ڕاچڵەکیم، بەڵام ئەم ڕاچڵەکینە لەو پێکەنینە خراتر بوو..

ڕەنگە قەڵافەتی من پێکەنیناوی بووبێ، لێ پێکەنینەکە زۆر تەوسامێز بوو، هەستم زۆر بریندار بوو، بەخۆدا شکامەوە. شاکرۆ ئەوەندە پێکەنی ڕوندک بە چاوانیا هاتە خوارەوە. من لەبەر هۆیەکی دیکە حازر وئامادە بووم لە بانگی گریانێ بدەم. گریان لە ئەوکم گیرابوو، دەتگوت تۆپەڵە دڕوویەکیان لە گەرووم پەستاوە، نەمدەتوانی تاقە قسەیەک بکەم. تەنیا ئەوەم دەتوانی بە چاوانی ئەبڵەقەوە تەمەشای وی بکەم، کەئەمە زیاتر دەبووە مایەی پێکەنینی ئەو.

دەستی بە ورگیەوە گرتبوو و لە سەر ئەرزەکە دەتلایەوەو منیش نەمدەتوانی بەسەر ئەم سووکایەتیەدا زاڵ بم کەبە منی دەکرد. لە ڕاستیدا ئەم بێ ڕێزییە زۆر بەئازار و

بە سوێ بوو، کەسانێک کە خۆیان بەو ئەزموونەدا تێپەڕی بن، هەست بە قورسی ئەم بێ ڕێزی و سووکایەتیە دەکەن.

بە تووڕەیی هاوارم بەسەریدا کرد: – بەسە، بیبڕەوە!

ڕاچڵەکی، ترس دایگرت، وێڕای ئەوەش خۆی پێ کۆنترۆڵ نەکرا. ئیدی پێکەنین گرتبووی، گۆناکانی بەرز دەبوونەوە، چاوانی دەگێران و دووبارە دەستی بە پێکەنین دەکردەوە. من هەستام، لێی دوور کەوتمەوە. ماوەیەکی زۆر بێئەوەی هیچ بیرێکم بە مێشکا بێ، ڕێم کرد. خۆم لەگێلی دا، ژاراوی ئەو بێ ڕێزییەم لێدەڕژا کە پێم کرابوو. باوەشی دڵم ئاشقانە بۆ سروشت گرتەوە، بەوپەڕی بێدەنگی، لە کانگای دڵمەوە، وەکو کەسێک کە بەهرەیەکی شاعیرانەی تیابێ، ڕادەی ڤیان و خۆشەویستی خۆم بۆ دەگێڕایەوە. کەچی سروشت، لە کەسایەتی شاکرودا، لەکاتێکا بەمن پێدەکەنی، کەمن لە ئەشقی ویدا غەرق بووبووم، بە تەواوەتی ڕادەستی بووبووم. خۆ ئەگەر گوێم بە دەنگی هەنگاوێن خێرا، لەدوای خۆمەوە نەزرینگاباوە، لەگین بوو هەزار ویەک تۆمەت بدەمە پاڵ سروشت و شاکرو وتێکڕای ژیان و هەموو سیستەمی بوون.

شاکرو، بە شەرمەزارییەوە، بە ئەسپایی دەستی خستە سەر شانم وگوتی: – تووڕە مەبە! نوێژ و نزات دەکرد؟ ببورە نەمزانی.

بە ڕاوێژی شەرمنانەی منالێکی بچووکەوە کە خەتایەکی کردبێ، دەئاخفی. من بە هەموو تووڕەییەکی خۆمەوە، نەمدەتوانی تەمەشای ڕوخساری کە بەشێوەیەکی کۆمیدی لە ترس و نیگەرانیدا شێوابوو، نەکەم.

سەری بەم لاو بەولادا با دەدا ودەیگوت: جارێکی دی هەرگیز بێزارت ناکەم... تۆ پیاوێکی زۆر خاکیت، هێدی و هێمن، تۆ کار دەکەیت و من ناچار ناکەیت کاربکەم... لەخۆم دەپرسم چما ئەمە دەکات؟ بە دڵنیاییەوە وەڵامی خۆم دەدەمەوە، چونکە وەکو مەڕ وایە، گێلە..

ئەو قسانەی بۆیە دەکرد، تا عوزرخوایی بۆ من بکات. هەڵبەتە دوای ئەو هەموو تەوازی وداوای بوردنە، نەمدەتوانی لێی نەبوورم، نەک هەر خەتاکانی ڕابردووی، بەڵکو لە خەتاکانی ئایندەشیخۆش نەبم.

دوای نیو سەعاتێک خەوێکی قووڵی لێکەوت، من لەلایەوە دانیشتم وکەوتمە تەمەشاکردنی. بەهێزترین مرۆڤ، لەخەودا گوناح وبێدەسەڵات دیارە. دیمەنی شاکرۆ، مایەی بەزەیی بوو. لێوە ئەستوورەکانی بە ئاستەم لێک ترازابوون، برۆ کەوانییەکانی، سیمایەکی منداڵانەی پڕ لە حەپەسانی پێ بەخشی بوو. بە هێواشی هەناسەی دەدا، هەندێجاریش گینگڵێکی دەدا و بەدەم خەوەوە دەئاخفی، بەزمانی گورجی هەندێ قسەی خێراو پڕسۆزی دەکرد. بێدەنگیەکی تاقەتبەر باڵی بەسەر دەوروبەرماندا کێشابوو، بێدەنگیەک لەو بێدەنگیە تاقەتبەرانەی کە ئەگەر بەردەوام بێت، مرۆڤ وەڕز و جارز و شێت دەکات. زەمزەمەی نەم و خۆشی پێل وشەپۆلەکان نەدەگەییە گویی مە. ئێمە لە چاڵاییەکی نێو دڕکەڵانێکدا بووین، کە دەتگوت دەمی داچەقیوی قەوزە گرتووی حەیوانێکی مردارەوە بووە. من تەمەشای شاکروم دەکرد و لە دڵی خۆدا دەمگوت: " ئەمە هاوسەفەری منە... هاوڕێ ڕێگامە، دەتوانم لێرەیا بە جێی بهێڵم. بەڵام نامەوێ لێی دابڕێم. چونکە تازە نەک هەر هاوسەفەری ڕێگامە بەڵکو بووە بە هاوڕێی سەرانسەری ژیانم، تا لە گۆڕم نەنێت لێم نابێتەوە. "

***

فیودوسیا، ئەو ئومێدە نەبوو کە ئێمە خەونمان پێوە دەبینی. وەختایەک گەیشتینە ئەوێندەر سەیرمان کرد نزیکەی چوارسەد کەسی وەکو ئێمە بە ئومێدی کار لەوێندەر خڕ بووبوونەوە. هەر ئەوەندەیان بۆ مابووەوە کەلە کەناری بارەندازی بەندەرەکە ڕاوەستن وتەمەشای بینای میناکە بکەن. کرێکارەکان، تورک، یونانی، گورجی، ڕووسی خەڵکی سمولسنی، ئوکرانی خەڵکی پولتاڤا وتەنانەت لات ولەوێر وبەرەڵڵای دەوروبەری شاریش کە برسێتی ئاوارەی کردبوون و زۆر دەڤەری قرم و دەور

وبەری دەریای ئازوفیان دابووە ژێر پاوە و بە گورگەلۆقە بەناو کرێکارەکاندا دەسوورِانەوە.

ئەم لات ولەوێرانە، ئێمەشیان نەبوارد، دزییان لەمەش کرد. لە قەرەباڵغیەکەدا دەرفەتیان هێنا. پاڵتۆیەکم بۆ شاکرو کرِی بوو، سووک وباریک لە شانیان کردبووەوە، قایشی جانتاکەی منیشیان برِی بوو. لێ دوای مشت و مرِێکی زۆر شتەکانیان داینەوە. هەستیان بە جۆرە پەیوەندییەکی رِۆحی لە نێوان ئێمە وخۆیاندا کردبوو، بەرەڵڵایان هەرچەندە بۆ دەوڵەت و هاوڵاتیان باش نین، بەڵام خەڵکانێکی ئابرِوومەندن. وەختێک کە دڵنیا بووین، لەوێندەر کارمان دەست ناکەوێت وبرِیار درابوو بەبێ مە مانان بەندەر و بەربەستەکە دروستبکەن، بەوپەرِی دڵشکاوی و نائومێدی بەرەو کرچ وەرِێ کەوتین.

هاوسەفەرەکەم قسەکەی خۆی بردەسەر، سەری نەدەکردە سەرم، ئەزیەتی نەدەدام. بەلام برسێتی تەواو تەنگی پێ هەڵچنی بوو، رِوخساری رِەش داگەرِا بوو، کە یەکێکی بدیبا خەریکی نان خواردنە، وەکو گورگی برسی دانەکانی لێکدی دەسوو، بەجۆرێ باسی ئەو خواردنانەی دەکرد، کە حەزی دەکرد لەبەردەستی بوایە و بیخواردبا، خەریک بوو زیرِەم دەکرد. ئەوسا لە خواردن هەڵی دەبوارد بۆ باسی ژنان، لەهەوەڵەوە کە ژنانی دەبینی ئاخی هەڵدەکێشا، پاشان زۆرجار وەکو (پیاوێکی رِۆژهەلاتی) پێدەکەنی. ئەنجام مەحاڵ بوو هەر ژنێک بدینێ، ئیدی هەر لە تەمەن و ساڵ وشێوە وشەکڵێک بوایە تەعلیقێکی دزێوی خۆی لەباری پراکتیکی یان فەلسەفیەوە، دەربارەی ئەندامێکی جەستەی ئەو ئافرەتە بۆمن دەرنەبرِێت. دەربارەی ژن ئەوەندە بە ئازادی و بە متمانەوە قسانی دەکرد، سەرم لێی دەسورِما، ئەوەندە بە ئاو وتاو باسی دەکردن دەحەپەسام... جارِیک هەوڵم لەگەڵیا دا تێی بگەیەنم کە ژن ژێردەستی ئەو نین، بەڵکو هاوتا و هاوسانی ئەون. بەڵام کە هەستم کرد قسەکانم نەک هەر نیگەران و نارِەحەتی دەکەن، بەڵکو لەوەیە قسەکەی من بەبێ رِیزی بۆخۆی

بزانێت و تەواو دەهری ببێت، بۆیە پاشماوەی قسەکەم هەڵگرت بۆ دوایی، بۆ کاتێک کە شاکرۆ تێر وکەیف سازبێت.

بەرەو کرچ بەڕێ کەوتین، لێ بە کەناری دەریاکەدا نەڕۆیشتین، ئیدی بەدەشت و دەرەکەدا ڕێگامان قەدبڕ کرد. کۆڵە پشتەکەمان جگەلە نانێکی سێ کیلۆیی جۆ، کەبەدوا پێنج کوپیکی گیرفانمان لە کابرایەکی تاتاریمان کڕی بوو، هیچی دیکەی تیانەبوو. وەختێ بەو حاڵەوە گەیینە کرچ، هێز و شنگمان لەبەر بڕابوو، هیچ کارێکمان دەست نەکەوت، تەنانەت گەداییەکەی شاکرۆش، هیچ دادێکی نەداین. خەڵکەکە زۆر بە کورتی وەڵامیان دەدایەوە: " خەڵکی وەکو ئێوە زۆرن، ئەو هەموو خەڵکە بەمەمانان تێر ناکرێن! "

نەهەقیان نەبوو، ئەو ساڵە، ساڵێکی زۆر تووش بوو، خەڵکانێکی یەجگار زۆر، برسی بوون، عەزرەتیان پارووێەک نان بوو. سواڵی پارووە نانێکیان دەکرد.

ئەم خەڵکانە بەپای پیادە، گروپ گروپ، لە گروپیسێ نەفەرییەوە تا گروپی بیست نەفەری وزیاتریش، دەکەوتنەرێ، منداڵەکانیشیان دەگەڵ خۆدا دەبرد، دەستیان دەگرتن و بکێشیان دەکردن. منداڵەکانیان هەموو لەڕ ولاواز ومردەلۆخ، لەتۆ وایە لەجیاتی خوێن، چڵکاوێکی پیس بە دەمارەکانیاندا دەڕوات، پێستیان بەسەر ئێسکیانەوە وشک بووبووەوە، کە پیاو تەمەشای دەکردن دڵی دەگوشراو لەخۆی تەریق دەبووەوە.

ئەم منداڵە ڕەش وڕووت و برسیانە، کە ماندوویەتی ڕێگا و برسیەتی، بڕستی لێ بڕی بوون، تەنانەت هاواریشیان نەدەکرد. بە چاوانی تیژەوە، دەیانڕوانیە ئەو مەزرا و شیناتیانەی دەهاتنە ڕێگایان، کە تەمەشای داک و بابی خۆیان دەکرد، لەوە دەچوو بپرسن: ئەرێ بۆ ئێمەتان هێناوەتە دنیایێ؟ هەندێجار عەرەبانەی ژنێکی پیر کە لە ئێسکە پەیکەر دەچوو، بەلاماندا ڕەت دەبوو و دەی لە ئەسپەکەی دەکرد، سەر و گوێلاکی چەند منداڵێکی سەروپێچکە لە دەوروبەری ژنەکەوە بەدیار دەکەوتن کەبە

نیگای خەمینەوە دەیانڕوانییە زەوی وزاری خەڵکانی دی... ئەسپە لەڕ و مردەلۆخەکە، بەزەحمەت دەچووە پێشێ و سەرە باریکەکەی، بە یاڵ و بژە تێکەڵ و پێکەڵەکەیەوە دەلەقاند.

خەڵکانی گەورەتر بە دەور وبەر وبەدووی عەرەبانەکەدا ڕێیان دەکرد. سەریان داخستبوو، دەست وبازوویان وەکو قایش شۆڕ بووبوونەوە. چاوی تاریک و سەرگەردانیان، تروسکەیان تیا بەدی نەدەکرا، دەتگوت تەژی دەرد و ئازارێکن کەلە دەربڕین نایەت، ئەم گروپە بەخاوی و بێدەنگی بەناو زەوی و زاری خەڵکیدا خۆیان بکێش دەکرد. ئەم گروپە کە دەتگوت بەدبەختی لە ژیان وەدەری نابوون، لەوە دەچوو بترسن ئارامی خەڵکانی لەخۆبەختەوەتر بشڵەقێنن.

ئێمە زۆرمان لەم زندە بەگۆڕانە بینی. هەرگاڤێ کە بە یەکێک لەم گروپانە دەگەیشتین، بە زمانێکی شیرین دەیانپرسی هاوڕێ زۆرمان بۆ نێو گوند ماوە؟

دوای ئەوەی وەڵاممان دەدانەوە، ئاهێکیان هەڵدەکێشاو بەبێدەنگی تەمەشایان دەکردین.

هاوڕێ وهاوسەفەرەکەی من زۆری ڕق لەم هەڤڕکە سەرسەختانە بوو، هاوڕێکەی من لە چاوی ئەوانا، وێرای ماندوویەتی و برسیەتی خۆی، زۆرباش و سەرحاڵ بوو، بوونی ئەوان نەی دەهێشت بە شیوەیەک دەربکەوێ، کە خەڵکی بەزەییان پێیدا بێتەوە و خێرێکی پێبکەن، یانی ڕزق و ڕۆزی ئەویان بڕی بوو. هەرکە ئەوانی لە دوورەوە دەبینی، دەیگوت: بە ملی شکاویان هاتن! تفو لە چارەتان، دواتان بڕێ! نازانم ئەمانە بۆچی دێن؟ لە چ دەگەڕێن؟ باشە ڕووسیا ئەوەندە بچووکە جێی ئەوانی تیا نەبێتەوە؟ تێناگەم! بەڕاستی ئەم ڕووسانە گەلێکی گەوجن.

وەختایەک بۆم ڕوون کردەوە کە ئەم ڕووسە (گەوجانە) عەودالّی نانن، برسیەتی واداری کردوون ڕووبکەنە دەڤەری قرم، بە گومان و بێ موبالاتیەوە سەری بادەدا و دەیگوت:

– تێناگەم، چۆن شتی وا دەبێت!... لە وڵاتی مەدا، لە گورجستاندا کەس کەرێتی وا ناکات!

ئەنجام، شەکەت وبرسی گەیینە کرچ... درەنگ بوو، ناچاربووین شەوەکەمان، لەژێر پردێکی چەپەکی کەناراوەکەدا ڕۆژ بکەینەوە، هەر بۆخۆشمان باشتر وابوو، خۆمان وەشێرین و کەس نەمان بینێت، چونکە دەمانزانی، تۆزێ بەرلە گەیشتنی مە، هەموو ئەو ئاوارەو سەرگەردانانەی گەیی بوونە ئەوێندەر، لە کرچ وەدەر نرابوون. ئێمەش دەترساین خۆ پیشانی پۆلیس بدەین، تا نەبا بەناوی سوالّکەرەوە بمانگرن و گێچەڵمان پێبکەن. ئەمە جگە لەوەی شاکرو ناسنامەی کەسێکی دیکەی پێبوو، ئەمەش بۆخۆی کێشە بوو، بۆیە دەبوا زۆر وریا و بە پارێز بین. ئیدی بە درێژایی شەوەکە پریشکی کەنداوەکە وەکو باران بەسەرماندا دادەباری و لەگەڵ سپێدەی بەیانیدا، سەراپا تەڕ و لە سەرما تەزیوو، لەژێر پردەکە وەدەرکەوتین. بە درێژایی ئەو ڕۆژە بەسەر شۆستەی بەندەرەکەدا سوڕاینەوە. ئەوەی بەدەستمان هێنا بریتی بوو لە دە کۆپیکان، ئەویش ژنی کابرایەکی کەشیش، کە بارێ کاڵەکم بۆماڵ بۆی بردەوە، دایمێ.

بۆئەوەی بڕۆین بۆ تامان دەبوایە لە کەنداوەکە بپەڕینەوە، هیچ بەلەمەوانێک ئامادە نەبوو، بە سەوڵ لێدەر بمانگرێت، چەند پاڕامەوەو لالامەوە فایدەی نەبوو، هەر هەمووان دژی ئاوارەکان بوون، ئەوەندەیان دزی و فزی کردبوو، کەس خۆشی بە چارەیاندا نەدەهات، کەس متمانەی پێنەدەکردن. ئێمەشیان لە ڕیزی ئەوانا حیساب دەکرد.

که شەو داهات، من کە لەبەد شانسی خۆم و لە هەموو خەڵکی توورە بووم، بڕیارم دا ڕیسکێک بکەم، هەرکە دنیا تەواو تاریک بوو، نەخشەکەی خۆمم ئەنجام دا.

( ٤ )

لەنیوەشەودا، من و شاکرۆ، بە خشکەیی و بەبێدەنگی چووین بۆلای ئەستێڵەکەی نزیک گومرکەکە. سێ بەلەمان ، بە زنجیری ناسک، بە ئەڵقەیەکی ئاسنی قەد دیوارە بەردینەکەی سەر شۆستەی بەندەرەکەوە، بەسترابوونەوە. لە بەلەمەکان نزیک بووینەوە، دنیا تاریک بوو، بایەکی توندی دەهات، بایەکە بەلەمەکانی دەهەژاند و زنجیرەکان دەزرینگانەوە، یەکێک لە زنجیرەکانم کەمێک تەکان دا، زۆر بە ئاسانی لە ئەڵقەی قەد دیوارەکە دەرهات و یەکێک لە بەلەمەکان بەربوو.

دە شەقاوێک لە دووری مە و بەبەرزی پێنج مەترێک بە سەرسەری ئێمەوە، خەفەر و پاسەوانی گومرکەکە، لەجێی خۆی ڕاوێچکەی دەکرد و، لەبەر خۆوە فیکەی لێدەدا. هەرچەند کابرای پاسەوان لەمە نزیک دەبووەوە دەوەستا، منیش دەستبەرداری کاری خۆم دەبووم، هەرچەندە پێویست بە پاریز و ترس نەبوو، چونکە هیچ کەسێک خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو، پیاوێک خۆی خستبێتە تالووکەوەو تا بیناقاقا خۆی لە ئاو نابێ و هەموو ساتێک مەترسی ئەوەی لەسەر بێ، کە پێل و شەپۆلان، لەگەڵ خۆدا ڕایماڵن و ئاوەوئاو بچێت. ئەمە جگەلەوەی زنجیرەکان بەبێ ئەوەی من دەستیان تێوە بدەم، بەدەم تەوژمی بایەکەوە دەزرینگانەوە. شاکرۆ لە ناوەندی بەلەمەکەدا پاڵکەوتبوو و بەدەنگی نەوی شتێکی دەگوت کە من لە بەر شڵپەشڵپی پێلەکان (شەپۆل) نەمدەزانی چ دەڵێت. ئەنجام بەلەمەکەم لە ئەڵقەکە ڤەکردو شەپۆلێک چەند مەترێک لە کەناراوەکەی دوور خستەوە. من زنجیرەکەیم گرتبوو وبەدەم مەلەوە کەوتمە شانبەشانی بەلەمەکە، هەنگێ خۆم هەڵدایە نێو بەلەمەکە و سەر وتەختەمان لە بنکی بەلەمەکە دەرهێنا و لەجیاتی سەوڵ بەکارمان هێنا و وەڕێکەوتین.

هەور بەسەر سەرمانەوە لوولی دەخوارد، شلّپ وهۆڕی پێل و شەپۆلان ترس و سامی دەخستە دڵەوە. شاکرو کەلەدەستی سوکانی بەلەمەکەوە دانیشتبوو، لەگەڵ بەرز بوونەوە و نزم بوونەوەی بەلەمەکەدا لە چاو ون دەبوو، بەلەمەکە دووبارە نزم دەبووەوەو پاشان بەدەم شەپۆلێکی ترەوە تەواو بەرزدەبووەوە، شاکرو بەدەم هاوارەوە دەکەوت بەسەر مندا، پێمگوت ئەگەر دەیەوێ پاسەوانەکە ئاگادار نەبێتەوە، نابێ هاوار بکات. ئیدی بێدەنگ بوو. دەم وچاوی لە تاریکیەکەدا وەکو پەڵەیەکی سپی دیار بوو. بۆ تاقە ساتێک دەستبەرداری سوکانەکە نەدەبوو، دەرفەتی گۆڕینەوەی جێگاکانمان نەبوو، ئەمە جگە لەوەی کە نەدەوێراین لە جێگاکانمان بجوڵێین. هاوارم دەکرد کە چی بکات و چی نەکات، ئەویش یەکسەر لێم حاڵی دەبوو و بەگوێی دەکردم و وەکو دەریاوانێکی کارامە، بە دڵنیاییەوە ڕەفتاری دەکرد. ئەو دوو تەختەیەی کە وەکو سەوڵ ولەجیاتی سەوڵ بەکارم دێنان، زۆر باش نەبوون. بایەکی توند لە دوامانەوە دەهات، من لەخەمی ئەوەدا نەبووم کە شەپۆلەکان کێوەمان دەبەن، هەموو خەمێکم ئەوەبوو کە بەلەمەکەمان لە کەنداوەکە دەربچێت وبەرەو کەناراوەکەی ئەوبەرمان ببات... ئەمەش کارێکی قورس نەبوو، چونکە لە دوورەوە ڕوناکی و تیشکی چراکانی " کرچ " مان دەبینی کە لەوێندەر دوور دەکەوتینەوە.

شەپۆلان لەم بەرولەوبەرەوە خۆیان بەم لاوبەولای بەلەمەکەماندا دەکێشا، بە تووڕەیی دەکەوتنە شلّپ وهۆڕ. تا زیاتر لە کەناراوەکە دوور دەکەوتینەوەو دەچووینە قووڵایی دەریاکەوە، شەپۆلەکان گەورەتر و ترسناکتر دەبوون. لە دوورەوە هاڕە و هاژەیەکی توند و ترسناکی ئاو دەهات... بەلەمەکە سات بەسات لەز ولەزگینتر بەرەو قوڵایی دەریاکە دەڕۆیی، و کۆنترۆڵکردنی زەحمەت و زەحمەت تر دەبوو. جاری وا هەبوو دەکەوتە نشێوێکی قووڵەوە و جاری واش هەبوو، دەکەوتە سەر هەورازێکی بەرزی ئاوەوە، شەویش، سات بەسات تاریکتر دەبوو و هەورێن ڕەش نزم و نزمتر دەبوونەوە. ڕوناکییەکانی پشتەوەی بەلەمەکەمان لە تاریکیەکەدا دیار نەدەمان. هەنگێ

بە تەواوەتی ترسمان لێدەنیشت. پێدەچوو ئەم شەپۆلە تووڕانە کۆتاییان نەبێت و نەیێت، هیچ شتێک دیار نەبوو، تەنیا ئەو شەپۆلانە نەبێت کەلە تاریکیەکەوە بەرە بەلەمەکەی مە دەهاتن.

شەپۆلێک یەکێک لە تەختەکانی لە دەستم دەرهێنا و خۆمیشی هەڵدایە ئەوپەڕی بەلەمەکەوە، بەهەردوو دەستان قەراخی ئەم بەروئەوبەری بەلەمەکەم گرت. هەر چەلێک شەپۆلێک هەڵیدەداین، شاکرو هاوارێکی توونند وترسناکی دەکرد. من خۆملەهەنبەر ئەم تاریکیەدا، کەلە هەموو لایەکەوە ترس و تووڕەیی لێ هەڵدەقولا، زۆر لاواز و بێدەسەڵات دەبینی، تەواو نەترەم بەردابوو. هەرچی تەمەشام دەکرد، جگە لەو شەپۆلە سپیواژانەی بەسەرماندا دەپرژان هیچی ترم نەدەبینی. شەپۆلان لەهەر چوار نکالەوە بۆمان دەهاتن، وەکو تاجی سپی دەدرەوشانەوە، هەور بەسەر سەرمانەوە، گەواڵ گەواڵ، لە شەپۆل دەچوون. من تەنیا یەک شتم لەبیر بوو، ئەوەی لە دەوروبەرما ڕووی دەدا، یەکجار بەهێز و ترسناک بوو، سەرم لەوە سوڕمابوو، بەهەمان دەقی خۆیەوە مابوو، نە خاوتر دەبوو نە توونند تر، دەتگوت دەستێکی نادیار جڵەوی گرتووە. مەرگ حەتمی بوو، دەبوو پێشگیری لەم یاسا بێ چەند و چوونە بکرێت، ورە بدەیە بەرخۆت، دەنا نائومێدی بەسەرتا زاڵ دەبوو، ڕادەستی مەرگ دەبوویت. من یەک لەباری خۆم ئەگەر سەرپشک کرابام لە ئاگرێکا سووتابام یان گەرداوێک هەڵی لوشیبام، ئاگرەکەم هەڵدەبژارد کەبەلامەوە شایستەتر بوو.

***

شاکرو، هاواریکرد: - با بایەوان (چارۆکە) هەڵدەین.

پرسیم: - بایەوان لەکوێ بێنین؟

- پاڵتۆکەی من.

- کوا بۆمی هەڵدە! سوکانەکە بەرمەدە!..

شاکرۆ، بە بێدەنگی وبە زەحمەتێکی زۆر گرێکانی پاڵتۆکەی کردنەوەو هەڵیدا:

- فەرموو، ئەوەتانێ!

خۆم گەیاندە ناوەندی بەلەمەکە، بە زەحمەتێکی زۆر تەختەیەکی دیکەم هەڵکەند، کردم بە قۆڵی پاڵتۆکەدا. پشتم بە نشیمەنەکەوە دا، خستمە بەینی هەردوو لاقمەوەو تووند گرتم. هێشتا بە تەواوەتی قۆڵەکەی دیکەی پاڵتۆکەم نەگرتبوو کە بویەرێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا..

لە ناکاوا بەلەمەکە بەرزبووەوە و شلّپ کەوتەوە خوارێ. کاتێکم بەخۆزانی لە ئاوەکەدام و بەدەستێک پاڵتۆکەم گرتووەو بەدەستەکەی دیم خۆم بەو پەتەوە کە لە دیوی دەرەوەی بەلەمەکە بوو، گرتووە. هەر شەپۆل بوو بە شلّپ و هۆڕ بەسەرما دادەباری. ئیدی دەم و قورگم پڕ بوو لە ئاوی سوێر وتاڵ. گوێ و دەم و لووتم پڕبوون لە ئاو... بێئەوەی پەتەکە بەربدەم، لە ئاوەکە نقوم دەبووم و دووبارە سەرم هەڵدەدایەوە، سەرم بە توونددی دەیدا بە قەد بەلەمەکەدا. هەرچۆنێ بوو پاڵتۆکەم هەڵدایە ناو بەلەمەکەوەو هەوڵمدا خۆیشم بگەیەنمە ناو بەلەمەکە... دوای چەندین هەوڵ و تەقەلا، توانیم خۆم بگەتەنمە ناو بەلەمەکە. سەیرم کرد شاکرۆ لە ئاوەکەدا پەل دەکوتێ، بەرز ونزم دەبێتەوە، توونددئەو پەتەی گرتبوو کە من بەرم دابوو. پەتەکە لە ئەڵقەکانی دەوری بەلەمەکە ئاڵابوو. هاوارم لێکرد: - ماویت!

لەم کاتەدا شەپۆلێک لێیداو هەڵیدایە ناو بەلەمەکەوە. من وەکو ئەوەی سواری ئەسپ بووبووم، لاقم بڵاوکردبوونەوە، لاقێکم لەناو بەلەمەکە بوو و لاقێکم نابووە سەر پەتەکە. بەڵام شوێنەکەم باش نەبوو، لەگین بوو بە بچووکترین شەپۆل پێم لە سەر پەتەکە بترازێت وبکەومە ئاوەکەوە. شاکرۆ توونددهەر دوو دەستی بە هەر دوو ئەژنۆمەوە گرتبوو و سەری بە سینگمدا دەکوتا. ئازای وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی، لە

تاریکییەکەدا هەستم بەوە دەکرد کەلە سەرما دانە چۆقەی پێکەوتبوو. بەهەرحاڵ دەبوو هەرچی زووە کارێک بکەین. قەدی بەلەمەکە وەکو ئەوەی تازە زەیت کرابێ، زۆر خزو لووس بوو. بە شاکرۆم گوت کە خۆی بخاتە ئاوەکەوەو لەو دیوی بەلەمەکەوە توند پەتەکەی بگرێت تا منیش هەمان کار لە دیوەکەی دیکەوە بکەم و هاوسەنگی بەلەمەکە ڕابگرین. لێ ئەو لەجیاتی بە گوێی من بکات، لێکدا لێکدا و توندتر سەری بە سینگ وبەرۆکی مندا دەکێشا. شەپۆلان، بەدەم سەمایەکی هۆڤیانەوە دەیاندا بەسەرماندا و بەزەحمەت خۆمان پێدەگیرا. ئەو پەتەی پێم لەسەری دانابوو، بنی پێی دەڕوشاندم. تا چاو بڕی دەکرد، هەر شەپۆل بوو بە هەشتاو دەڕۆیی و لەچاو ون دەبوو. من هەمان داوای خۆم توندتر لە جاران، لە شاکرو دووبارە کردەوە. کەچی ئەو جگە لەوەی سەربە سینگ و بەرۆکی مندا بکێشێت، هیچی دی نەدەکرد. کات خەریک بوو درەنگ دەبوو، کاتی خاوەخاو نەبوو. وردە وردە دەستیم لەخۆم کردەوە، هەڵمدایە ناو ئاوەکەوەو پەتەکەم بۆ درێژ کرد تا بیگرێت. لەم ساتەدا بویەرێک هاتەپێشێ، لەهەموو واریقاتەکانی دیکەی ئەو شەوە پتر ترساندمی.

شاکرۆ، نیگایەکی گلەیی ئامێزی کردم و لەبن لێوانەوە گوتی: – دەتەوێ بمخنکێنی؟

ئەلهەقی پرسیارەکەی ترسناک بوو، لێ جۆرێک لە ڕادەست بوون و سوپاسگوزاری و دوا هەناسەی بوونەوەرێک، کە هیچ ئومێدێکی بە ژیان ورزگاربوون لە مردن نەبوو، لە ڕاوێژ وتۆنی پرسیارەکەدا دەخوێندرایەوە، ئەمە هێندەی دی هەڵوێستەکەی ترسناک کردبوو، بەڵام لە هەموو ئەمانە ترسناکتر، چاوەکانی بوون، کە ڕەنگی مردوویان لێنیشتبوو!... هاوارم لێکرد: – مەترسە! توند پەتەکە بگرە!

بەخۆیشم پەتەکەم توند گرت و خۆم هەڵدایە ناو ئاوەکەوە، شتێک بەسەر قاچم کەوت، ئازارێکی زۆرم پێگەیی. لەبەر ئازار پەیم بە شتەکە نەبرد. پاشان تێگەیشتم، شتێکی گەرم لە ناخمەوە هەڵقوڵا. مەست بووم، هەستم بە هێزو توانایەکی

لەڕادەبەدەرکرد، هەرگیز خۆم ئەوەندە بەتوانا نەبینی بوو، هاوارم کرد:- زەوی! وشکایی!

لەوەیە دەریاوانانی گەورەش، وەختایەک سەرزەمینێکی تازە کەشف دەکەن، بەو ئاوایە، بەو خۆشحاڵییەوە، بەو تاسەیەوە هاوار بکەن. بەڵام بە گومانم کە بتوانن ڕەساتر و بەرزتر لەمن هاوار بکەن.

شاکرۆ، هاوارێکی کرد وخۆی لە ئاوەکە هاوێشت. خێرا پشوویەکمان وەبەر هاتەوە، ئاوەکە تا نێو قەدمان بوو، لە هیچ شوێنێکەوە شوێنەواری کەناراو بەدی نەدەکرا. شەپۆلەکان خاو بووبوونەوە، ئەو تین وتاو وخرۆشانەی جارانیان نەمابوو، بە تەمەڵی بەسەر یەکدا دەکەوتن. خۆشبەختانە من جڵەوی بەلەمەکەم بەرنەدابوو. ئیدی من و شاکرو ئەم دیووئەودیوی بەلەمەکەمان گرتبوو، توووند خۆمان بە پەتەکانەوە گرتبوو، بەلەمەکە تەواو هاوسەنگ بووبووەوە، ئیدی بە بێئەوەی بزانین کێوە دەچین، بەلەمەکەمان لەدووی خۆمان ڕادەکێشا.

شاکرۆ لەبن لێوانەوە ورتە ورتی دەکرد وپێدەکەنی. من بە نیگەرانی و خەمینییەوە دەمڕوانییە دەوروبەری خۆم. دنیا تاریکی تاریک بوو. دەنگی شەپۆلان لە پشتمانەوەو لە سەمتی ڕاستمانەوە بەرزتر وتووندتر بوو، لێ لە پێشمانەوەو لە سەمتی چەپمانەوە، نەرمتر ونەوی تر بوو.

بەرەو قۆڵی چەپ دامانکێشا. ئەرزەکە ڕەقتر و هەموارتر و لمەڵان بوو. بەڵام پڕبوو لە قۆرتان، کە پێمان لە قۆرتێک ڕۆدەچوو، ناچار دەبووین کە بەدەستێک قەراغی بەلەمەکە بگرین وبەدەستەکەی دی درِ بە ئاوەکە بدەین. هەندێجار ئاوەکە تا ئەژنۆمان دەهات. لە شوێنە قووڵەکاندا شاکرو هاواری دەکرد ومن لە ترسا هەڵدەلەرزیم. پاشان، لە ناکاوا، لە هەتەری چاوا، تروسکەی ڕوناکیمان بەدی کرد. نەجاتمان بوو! شاکرو تا زاری گرتی هاواریکرد. لێ من ئەوەم لەبیر بوو کەبەلەمەکە هی گومرکچیەکانە و کە

ئەمەم وەبیر شاکرۆ خستەوە مات و بێدەنگ بوو. دوای تۆزێک هەنسکی گریانی بەرز بووەوە. هەرچیم کرد وکۆشا، پێم ژێر نەکرایەوە. نەمدەزانی چۆن چۆنی دڵخۆشی بدەمەوە.

ئاوەکە بەرەبەرە کەم دەبووەوە، بە ئاستەم دەگەییە چۆکمان (ئەژنۆ ، زرانی) ئەنجام دابەزی بۆ قولەپێمان و دوای ماوەیەک ئاو نەما. من وشاکرو هێشتا هەر بەلەمەکەمان ڕادەکێشا، ئیدی هێزمان لەبەر بڕا. وازمان لە بەلەمەکە هێنا، کۆتەرە دارێکمان هاتە ڕێگا، سەرکەوتینەسەر کۆتەرە دارەکە، بەپای پەتی خۆمان بەناو پنجە دڕواندا کرد. ئەم کار و پێشوازییە لەلایەن ئەرزەکەوە بەئازار و بەپێچەوانەی داب ونەریتی میوان پەزیری بوو، لێ ئێمە گوێمان نەدایە وبەهەشتاو بەرەو تروسکەی ڕوناکییەک ملمان نا. تروسکەکە هەر میلێک لە ئێمەوە دوور بوو... تروسکەکە ئەوەندە جوان دەدرەوشایەوە، لەتۆوایە بۆ پێشوازی مە پێدەکەنێ.

( ٥ )

سێ سەگی زەلامی تووکن، لە تاریکیەکەوە بۆمان هاتن. شاکرو کەهێشتا سەری بە هەنسکانەوە هەڵدەگێڕا و، کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت. هاوارێکی کرد وکەوتە سەر ئەرزەکە. من پاڵتۆ تەڕەکەم بۆ سەگەکان هاویشت و دانەویمەوە تا بەردێ، دارێ بدۆزمەوە و خۆمانی پێ لە سەگەکان پاس بکەم. جگە لە پۆش وپەڵاش هیچی ترم بەدەستەوە نەهات. سەگەکان بە کۆمەڵ هێرشیان هێنا، منیشدوو قامکم خستە بەینی لێوەکانم وزمانمەوەو بە هەموو هێز وقوەتی خۆمەوە فیکەیەکم کێشا. سەگەکان پاشەکشەیان کرد، من گوێم لەدەنگی پێی زەلامێک بوو کەبەهەشتاو بەرەولای مە دەهات. دوای چەند خولەکێک خۆمان لەگەڵ چوار شوانی پۆستین لەبەرا، لە دەوری ئاگرێک بینییەوە.

ئەم شوانانە بێدەنگ وبە گومانەوە سەیری مەیان دەکرد وگوێیان لە چیرۆکەکەی من دەگرت. دووانیان لە عاردی دانیشتبوون و سەبیلیان دەکێشا، سێیەمیان کابرایەکی درێژی ڕدێن پڕی ڕیش ڕەش بوو، کڵاوێکی قووچی قەفقازیانەی لەسەر بوو، خۆی دابوو بە سەر دار دەستەکەیدا و لەپشت ئێمەوە وەستابوو. چوارەمیان گەنجێکی قژ زەرد بوو، یارمەتی شاکروی دەدا تا جلەکانی دابکەنێت. شاکرۆ، هیشتا هەر دەگریا.

دار دەستەکانیانلە عاردی کەوتبوون. لە پێنج مەتری مەجلیسەکەمانەوە، چەند قۆپەنێکی سپیواژی ئامال کەوەیی، پانتاییەکی زۆری ئەرزەکەیان داپۆشی بوو، دەتگوت بەفری بەهارە وخەریکە دەتوێتەوە. دوای تەمەشاکردن و وردبوونەوەیەکی زۆر ئەوجا توانیم مەڕەکان کە بڕکەبڕکە سەریان کردبوو بەیەکدا، بەدیبکەم. ژمارەیان یەجگار زۆر بوو، چەند هەزارسەرێک دەبوون، ئیدی خەو و تاریکیەکە هەموویانی کۆکردبووەوە. ناوبەناو بە ئاوایەکی خەمین و ترسئامێز دەیانباڕاند.

من پاڵتۆکەم دابووە بەر ئاگرەکە وخەریک بوو هیشکم دەکردەوە، بەدەم وشککردنەوەی پاڵتۆکەوە، باسی ئەوەم بۆ زەلامەکان دەکرد کە بەچ حاڵێک ئەو بەلەمەمان پەیدا کردبوو. پیرەمێردە پۆڕ سپیەکەیان، بەدرێژایی ماوەی قسەکانم، چاوی لەمن نەگواستبووەوە، پرسی: - باشە ئەو بەلەمە لە کوێیە؟

شوێنەکەیم پێگوت:

گوتی: - میخائیل، هەڕە تەمەشایەکی بکە!

میخائیل، کە ڕیشێکی پڕ وڕەشی هەبوو، دارعاساکەی نایەسەر شانی و بەرەو کەنارەکە کەوتەڕێ.

پاڵتۆکە وشک بووبووەوە. شاکرو کە هێشتا لەسەرما هەڵدەلەرزی داوای لێکردم پاڵتۆکەی بدەمێ تا لە خۆوەی بئاڵێنێت..

بەڵام پیرەمێردەکە پێی گوت: – سەبرکە! جارێ تۆزێ غار بدە تا خوێنت گەرم ببێت، دەی بەدەور ئاگرەکەدا غاربدە. دەی!

شاکرۆ، هەوەڵڕا لە نیازی کابرا حاڵی نەبوو، لەناکاوا هەستایە سەرپێیان، بەڕووت و قووتی کەوتە سەمایەکی کێوییانە، وەکو تۆپ بەدەوری ئاگرەکەدا دەخولایەوە، پێی بە عاردیدا دەکوتا وپڕ بەزار هاواریدەکرد و، دەستەکانی بادەدان. بەڕاستی دیمەنێکی کۆمیدی هەبوو. دووان لە شوانەکان، لە ئەرزەکەدا لوولیان دەخوارد و خەریک بوو لە پێکەنینا دەخنکان. بەڵام پیرەمێردەکە، بەهەمان سەنگ و ویقاری خۆیەوە هەوڵی دەدا گوێ بە گوێی ڕیتمی سەماکەی شاکرۆ، چەپڵە لێبدات، بەڵام نەیدەتوانی.

بەنیگا شاکرۆی دادەبێژا، سەری بۆ دەلەقاند، سمێڵی بادەدا و بەدەنگێکی وشک و قووڵ هاواریدەکرد:– ئەوەتا، ئاوها، ئاوها! ئەوەتا.

شاکرو کە بڵێسەی ئاگرەکە لێی دەدا، وەکو مار هەڵدەپلا و جارێ لەسەر یەک لاق هەڵدەپەڕی و جارێ لەسەر هەردوو لاق هەڵدەپەڕی، جەستەی لەبەر تیشکی ئاگرەکەدا دەبریقایەوە. دڵۆپە ئارەقەی درشت نیشتبووە سەر جەستەی وئازای سوور دەچووەوە.

هەرسێ شوانەکە، پێکەوە چەپڵەیان لێدەدا، من لەسەرما هەڵدەلەرزیم و لە بەر ئاگرەکەدا خۆم گەرم دەکردەوەو لەدڵی خۆدا دەمگوت ئەم ڕیسک و سەرکێشیەی ئەمرۆی ئێمە، دەشێت بۆ ئاشقانی فینیمور کوپر یان جول فیرن مایەی سەرگەرمی بێت: بەلەمە شکاو، هاوڵاتیانی میوان پەروەر ورەقس و سەمای کێویانە لەدەوری ئاگر...

من لە فکران ڕاچووبووم و بیرم لە جوانترین بەشی ئەم چیرۆک و بەسەرهاتە، واتە بیرم لە کۆتایی و ئاقیبەتەکەی دەکردەوە.

شاکرو، دوای تۆزێک، خۆی لە پاڵتۆکەوە پێچا ولەسەر ئەرزەکە دانیشت، بەدەم نانخواردنەوە بەدووچاوی ڕەشەوە خێسەی لەمن دەکرد. دار عاسایەکیان لە عاردی و لەنزیک ئاگرەکەوە چەقاندبوو و جلەکانیان پێدا هەڵواسی بوو تا وشک ببنەوە. ئەوجا تۆزێک نان و گۆشتی سوێرکراوی بەرازیان بەمنیش دا.

میخائیل زڤڕییەوە، بەبێدەنگی لەلای پیرەمێردەکەوە ڕۆنیشت. پیرەمێردەکە پرسی: ئێ؟

میخائیل، زۆر بەکورتی گوتی: – بەلەمەکە لەوێندەرە!

– باشە ئاو نایبات؟

– نەخێر!

هەموو بێدەنگ بوون، کەوتنە تەمەشاکردنی من.

میخائیل، بێئەوەی ڕووی لە کەسێکی تایبەتی بێ گوتی:

– باشە ئەمانە نەبەین بۆلای ئەتامانی ( بەرپرس، کوێخا، سەرۆک ) گوند؟... یان بۆلای پیاوانی گومرک؟

کەس وەڵامی میخائیلی نەدایەوە. شاکرۆ، بێئەوەی گوێ بەهیچ بدات، سەرگەرمی نانخوارنی خۆی بوو.

لەدڵی خۆدا گوتم: ئەمە ئەنجامی چیرۆکەکەمانە.

دوای کەمێک بێدەنگی کابرای پیرەمێرد گوتی:

– دەکرێ هەم ڕادەستی ئەتامانی بکەین وهەم ڕادەستی گومرکچییەکانی بکەین، ئەمیشیان باشە وئەویشیان باشە، هەردووکیان باشن.

گوتم: – باوکە تۆزێک سەبربکە، پەلە مەکە.

لێ ئەو، بە تەواوی فەرامۆشی کردم، هەر حیسابی بۆ نەکردم و لەسەری ڕۆیی:

– نەدەبوو دزی بکەن. ئەگەر هیچ لێپێچینەوەیەکتان لەگەڵ نەکرێ، خراپتر دەبن.

پیرەمێرد، زۆر بە خەمساردی قسەی دەکرد، وەختایەک لە قسان بووەوە هاوڕێکانی بەبێدەنگی سەریان لەقاند.

ئەو لەسەری ڕۆیی:

– ئیدی وایە... کە شتێک دەدزیت دەبێ سزاکەشی بدەیت! میخائیل گوتت بەلەمەکە لەوێندەرە؟

– بەڵێ، لەوێیە..

– ئاوا... خۆ شەپۆلی ئاوەکە نایبات؟

– نا، نایبات.

– دەی باشە، با لەوێ بێ. سبەی ئەو بەلەمەوانانەی بۆ کرچ دەڕۆن، دەتوانن لەگەڵ خۆیاندا بیبەن. خۆ چییە، بەلەمێکی بەتاڵە، هیچ زەحمەتێکی نییە؟... ئەرێ ئێوە، نازانم چ بڵێم؟... هەردووکتان نەترسان؟ نا؟ ها، ها! هەر نیو کیلۆمەترێکی دی ڕۆشتبان دەگەیشتنە ناوەندی دەریاکە، هەنگێ ئەگەر بەلەمەکە لە ناوەندی دەریاکەدا وەرگەڕابا، قلّپەوەبا چیتان دەکرد؟ ئیدی وەکو دوو کەڤران دەکەوتنە ئاوەکەوەو دەخنکان!... بەڵێ دەخنکان و دوو بەرد تەقەی نەدەهات.

یارۆی پیرەمێرد، بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە کەلەبن سمێڵیەوە دیاربوو، نیگایەکی منی کرد و پرسی:– کوڕی باش بۆ بێدەنگی، بۆ هیچ ناڵێیت؟

پێموابوو، بەو قسانە پێم ڕادەبوێریت، بۆیە بە ڕاوێژێکی پەست وەڵامم دایەوە:

– گوێم لە تۆیە.

پیرەمێرد پرسی: - ئێ، چیت بۆ دەرکەوت؟

پیرەمێرد دەیویست ئەوە بزانێت.

- هیچم بۆ دەرنەکەوت.

- چیە بێ ڕێزیم پێدەکەی؟ ها! ئێمە کراسێکمان لەتۆ زیاتر دڕیوە گاڵتە بەخەڵکی لەخۆت گەورەتر دەکەیت؟

ئیدی بێدەنگ بووم.

پیرەمێرد لەسەری ڕۆیی:- خواردنی دیکەت ناوێ؟

- نەخێر.

- کەیفی خۆتە. کەس زۆرت لێناکات. ئەدی نان بۆ ڕێگات نابەی؟

تەزوویەکی شادیم پێداهات. لێ نەمهێشت بەڕوومەوە دەربکەوێ، بە هێمنی گوتم:

- بۆ ڕێگا، با...

- ئەهای کوڕینە! هەندێک نان و گۆشتی بەرازیان بۆ ڕێگا بۆ بپێچنەوە... ئەگەر شتی تریش هەیە، بیاندەنێ..

میخائیل پرسی: - یانی ڕێگەیان بدەین بڕۆن؟

دوو شوانەکەی دی چاویان بۆلای پیرەمێرد وەرگێڕا.

- ئەدی چیە، چ کارێکیان لای ئێمە دەست دەکەوێ، چییان لێبکەین.

میخائیل، بە ڕاوێژێکی پەست گوتی:

- مەگەر نەتدەویست ڕادەستی ئەتامان یان پیاوانی گومرکیان بکەی؟

شاکرو، کەلە نزیکی ئاگرەکەوە، خۆی لە پاڵتۆکەوە ئاڵاندبوو، بە کونجکاوی سەری لەژێر پاڵتۆکەیەوە دەرهێنا... ترس ونیگەرانییەکەی ڕەوی بووەوە.

- لەلای ئەتامان چ بکەن؟ چ کارێکیان بە ئەتامانە؟ وابزانم هیچ کارێکیان لەلای ئەو نییە. پاشان ئەگەر حەزیان کرد بیدینن، دەتوانن بچن بۆلای.

میخائیل، بە هەڵچوونەوە گوتی: - ئەدی بەلەمەکە؟ چی لێبکەین؟

پیرەمێرد گوتی:- بەلەمەکە؟ چیەتی، لەوێ نییە؟

میخائیل بەرسڤی دایەوە: - با، لەوێیە.

- با هەر لەوێ بێ. بەیانی ئیفاشکا دەتوانێ بۆ بەندەرەکەی بەرێت ولەوێ لێی وەردەگرن و بۆ " کرچ " ی دەبەن، تەگبیر بەلەمەکە هەر ئەوەیە.

بەوردی دەمڕوانییە ڕوخسارە تاوەسووتەکەی یارۆی پیرەمێرد، سێبەری ئاگرەکە بەسەر ڕوخساریا دادەخزی، هیچم لە دەم وچاویا بۆ نەدەخوێنرایەوە.

میخائیل گوتی:

- ئاخری خێر بێ. خوابکا ئاقیبەتی خراپی بەدوودا نەیەت! و لێرەدا ببڕێتەوە!

- ئەگەر زمانت بوەستێ، لێرەدا دەبڕێتەوەو باوەڕ ناکەم هیچ ئاقیبەتێکی خراپی لێبکەوێتەوە. خۆ ئەگەر بۆلای ئەتامانیان بەرین، هەم خۆمان وهەم ئەوان سەریەشەمان بۆ چێدەبێت. ئیدی ئەوان بەڕێی خۆیان و ئێمە بەڕێی خۆمان.

هەرچەندە من پێشتر پێم گوتبوو بۆ کوێ دەڕۆین، دووبارە پرسی:- ڕێگاتان دوورە؟

- بەنیازی تەفلیسین!

– زۆر دوورە! دەبینی. ئەتامان تەنیا ماتەڵیان دەکات، ئاخر ئەوسا ئەمانەکەی دەگەنە مەزڵ؟ باشترین حەل ئەوەیە، ڕێگەیان بدەین ملی ڕێگای خۆ بگرن و بڕۆن، وا باشتر نییە؟

پیرەمێرد، دوای ئەو قسانە، بەدەم هەڵگلۆفتنی قامکەکانی دەستیەوە، تەمەشایەکی پرسیارئامیزی هاوڕێکانی کرد. ئەوانیش هاتنە سەر قسەکانی وی وگوتیان:

– دەی باشە، با بڕۆن، بۆ گلیان بدەینەوە!

هەنگێ پیرەمێرد گوتی:

– دەی کوڕینە بڕۆن، خواتان لەگەڵ! خەمی بەلەمەکەشتان نەبێ، دەگاتەوە جێی خۆی، باشە؟

کڵاوەکەم هەڵگرت وگوتم: – زۆر سوپاس باپیرە!

– شایەنی نییە، بۆچی سوپاسم دەکەیت؟

بەهەڵچوونەوە دووبارەم کردەوە:– سوپاس، برای ئازیز، سوپاس!

– بۆچی سوپاسم دەکەیت؟ ئەمە شتێکی سەیرە! دەڵێم بڕۆن خواتان لەگەڵ، کەچی ئەو دەڵێت: سوپاس! وادەزانی بۆ دۆزەختان دەنێرم؟ بە شەیتانتان دەسپێرم؟

من لەمە دەترسام.

پیرەمێرد، برۆکانی وێک هێنانەوە:

– ئاخر لەپای چی مرۆڤێک بخەمەسەر ڕێگەی خراپ؟ دەبێ بیخەمە سەر ئەو ڕێگەیەی کە خۆم پێیدا دەڕۆم. ئەمە دنیایە کێو بەکێو ناگا، چاو بەچاو دەگات، دوور نییە ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکدی بدینینەوە، هەنگێ وەکو دۆستی قەدیمی بەیەکدی شاد

دەبینەوە. ئەوەت پێ خۆشە؟ ئیدی بەشەر، پێویستیان بە کۆمەک و یارمەتی یەکدییە... دەی خوداتان لە گەڵ، بەهیوای دیدار!..

ئیدی کڵاوە فەرووە توکنەکەی هەڵبڕی. کەمێک سەری دانەواند ومالاوایی لێکردین وهاوڕێکانیشی کەمێک سەریان دانەواندو دوعاخوازییان لیکردین. پرسیاری ڕێگای " ئاناپا " مان لێکردن وکەوتینە ڕێ.

شاکرۆ، پێکەنین گرتبووی، بە شتێک پێدەکەنی..

( ٦ )

لێم پرسی: - بەچی پێدەکەنیت؟

من زۆر بە کابرای پیرەمێرد و فەلسەفە و بۆچوونەکانی بۆژیان دڵبەندبووم، ئەو بایە فێنکەی بەرەبەیان کە نەرم نەرم لە دەم و چاوی دەداین، ڕۆحی نەوازش دەکردم، ئاسمانی سایەقە وسامالْ کە بەرەبەرە ڕوناک دەبووەوە، گزنگی هەتاو کە خەریکی هەڵاتن بوو، هەتاو کە دنیای زێڕوەشان دەکرد، هەرهەموو ئەم دیمەنانە مەستی مەستی کردبووم. شاکرۆ بە تەوسەوە چاوێکی لێداگرتم و بەدەنگێکی بەرزتر لە قاقای پێکەنینی دا. منیش کە گوێم لە پێکەنینە بەکوڵ و دڵەکەی ئەو بوو، کەوتمە پێکەنین. دوای ئەوەی دوو سێ سەعاتان بەدیار ئاگرەوە دانیشتین و بەکەیفی دڵی خۆمان نانی بە لەزەت وچەوری بەرازمان خوارد ومڕ بووین، بە تەواوەتی حەساینەوەو ماندوویەتیمان دەرچوو، تەنیا ئێسقانەکانمان کەمێک کوترا بوون، گیانمان ڕەق بووبوو، ئەو کوترانەش بەدەم ڕێگاوە دەڕۆیی.

گوتم: - بۆچی پێدەکەنیت؟ لەخۆشیئەوەی ڕزگار بووی، لەخۆشی ئەوەی تێر وپڕی و لە برسیەتی خەلەساوی؟!

شاکرو، سەرێکی بادا، سوخرمەیەکی تێوە ژەندم، مۆڕەیەکی لێکردم و دووبارە لە قاقای پێکەنینی دایەوە. ئەنجام بە زمانە ڕووسییە سەروگوێ شکاوەکەی و بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– نازانی بۆچی پێکەنین گرتبوومی؟ ها؟ ئێستا پێت دەڵێم: دەزانی ئەگەر ڕادەستی ئەتامان یان پیاوانی گومرکیان بکردباین بە تەمابووم چ بکەم؟ نازانی ها؟ ئێستا پێت دەڵێم، دەمگوت ئەم پیاوە بە تەمابوو من بخنکێنێ و ئەوسا لە بانگی گریانێم دەدا، ئیدی بێگومان بەزەییان بەمندا دەهاتەوە و تۆیان زندانی دەکرد... تێدەگەی؟

دەمویست ئەم قسەکانی بە سوعبەت وەربگرم، لێ مخابن، توانی قەناعەتم پێبکات کە زۆر بەڕاستیەتی و شۆخی ناکات. ئەوەندە ساویلکانە وڕاستگۆیانە و بێ پێچ و پەنا دانی بەو نیازەی خۆیدا نا، لەجیاتی لێی تووڕە و زویر بم، لە کانگای دڵمەوە بەزەییم پێیدا هاتەوە. بەزەییم بە خۆیشما هاتەوە. باشە ئەگەر کەسێک بەو ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەوە، بەو ڕوو خۆشییەوە، پێت بڵێ کەنیازی کوشتنتی هەبووە، جگە لەبەزەیی چ کاردانەوەیەکت، بەرانبەری دەبێت؟ پیاو چی لەگەڵدا بکات، لەکاتێکا ئەو ئەم کارە بە شۆخی یان نوکتەیەکی خۆش دابنێ؟

ویستم، تێی بگەیەنم کە بیرکردنەوەکەی، بیرکردنەوەیەکی بێ ئەخلاقانە و نابەجێیە... زۆر ساکارانە وەڵامی دامەوە کە من لە نیاز و مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو تێناگەم! ئەو جگە لە ناسنامەیەکی تەزویر کەدەبووە بایسی دەردەسەرێکی زۆر، هیچی دی پێ نەبوو؟

لە ناکاوا، هەستێکی ناخۆش دایگرتم وگوتم:

– هێواش هێواش، یانی دەتەوێ بڵێی بەڕاستی قەناعەتت وایەکە من بە تەما بووم تۆ بخنکێنم؟

– نا!... کە فڕێت دامە ناو ئاوەکەوە وام خەیاڵکرد، بەڵام کە وەختێ خۆیشت هەڵدایە ئاوەکەوە، ئیدی ئەو بیرەم لەلا ڕەوییەوە..

پڕبەدەم هاوارم کرد: – سوپاس بۆ خوا... وابزانم هەقە لەسەر ئەمە سوپاست بکەم!

– نا، تۆ سوپاسم مەکە، من دەبێ سوپاسی تۆ بکەم. لەوێ، لای ئاگرەکە، هەردووکمان سەرمامان بوو، پاڵتۆکەش هی تۆ بوو، کەچی تۆ لە بەرت نەکرد، وشکت کردەوەو دات بەمن... بۆیە سوپاست دەکەم. من دەزانم، چاک دەزانم تۆ پیاوێکی باشیت. کە گەیینە تەفلیس، تۆڵەت بۆ دەکەمەوە، چاکەت دەدەمەوە. دەتبەم بۆلای بابم. بە بابم دەڵێم: ئەمە پیاوێکی باشە، نان و ئاوی بدە، لە تەویلەی کەرەکانتدا ئیشێکی بدەیە! ئەو شتانەیپێدەڵێم. ئیدی تۆ لای مە دەمێنێتەوە، لەگەڵ مەدا دەژی، دەبی بە باخەوان. بەکەماڵی ئارەزوو دەخۆیت ودەخۆیتەوە! ئیدی زۆر بەباشی دەژیت... سادە و ساکار... من و تۆ لەیەک قاپدا دەخۆین، لەیەک پەرداخا دەخۆینەوە... هەموو ئەوانەی پێدەڵێم.

ماوەیەکی زۆر بەتانی وەسفی ئەو ژیانە خۆشەدا چوو کە گوایە لە تەفلیس بۆمنی فەراهەم دەکرد. بەدەم گوێگرتنەوە لە قسەکانی وی، لەدڵی خۆدا بیرم لەو کەسانە دەکردەوە، کە بە ئاگار ومەیلی تازەوە، خۆیان بەژیان دەسپارد و گاڵتەیان بە هاوعەسرانی خۆ دەهات، کەچی لە ڕێگاوباندا تووشی کەسێک دەبوون، بە بێگانەیان دەزانی و لێی حاڵی نەدەبوون. ژیانی ئەوکەسە تەنیایانە زۆر مەینەتبار و ناخۆشە! ئەوانە لە دنیادا وەکو دەنکە دانەوێڵەیەکی بەسوود، با لەگەڵ خۆیدا دەیبردن، لێ بە دەگمەن لە زەویەکی بەپیتدا دەگیرسانەوە..

دنیا خەریک بوو ڕوناک دەبووەوە. ئاوی دەریاکە لە دووری دوورەوە، بەڕەنگێکی زێرینی ئامال سوور دەدرەوشایەوە.

شاکرو گوتی: – خەوم دێت، دەمەوێ بخەوم.

وەستاین، لە کەندێکی کەناراوەکەدا، کە ڕەشەبا لە لمە وشکەکەی دروستکردبوو، پاڵکەوت. سەراپا خۆی لە پاڵتۆ گەورەکەوە پێچا وخەوی لێکەوت. من لەلایەوە ڕۆنیشتم و کەوتمە تەمەشاکردنی دەریاکە.

دەریا، بەهەمان شێوازی تایبەتی خۆی، بە هەمان هێز وسام و هەیبەتی خۆیەوە، بە هەمان هەرا وهەنگامەی خۆیەوە، پڕاوپڕ بەخۆی درێژەی بەژیانی تایبەتی خۆی دەدا. پێل وشەپۆلان، پۆل پۆل، دەهاتن، بەدەم هاڕە و هاژەوە خۆیان بە کەنارەکەدا دەکێشا و پەرش وبڵاودەبوونەوەو لمەلانەکە بە دەنگێکی کز هەڵی دەمژین. پۆلە شەپۆلەکانی پێشەوە، سەری خۆیان بە کەنارەکەدا دەکێشا وتێکدەشکان و پاشەوپاش دەکشانەوە و لە کشانەوەدا، تووشی پۆلە شەپۆلێکی دی دەبوون کەبۆ یارمەتی ئەوان دەهاتن، ئالکاوی یەکدی دەبوون و دووبارە بەدەم کەفچڕینەوە و بەیەکەوە بەرەو کەنارەکە دەگەڕانەوەو خۆیان پێدا دەکێشایەوە، لەتۆ وایە دەیانەوێ سنووری ژیانی خۆیان فراوانتر بکەن.

سەرانسەری دەریا، لە ئاسۆوە تا کەناران، یەک پارچە شەپۆلی بەهێز ونەرم بوو، دەتگوت بەمەبەستی گەیشتن بەیەک ئامانج یەکیان گرتووەو دەچنەپێش. هەتاو لە تروپکی سپیواژی شەپۆلەکانی دەدا ودەدرەوشانەوە. شەپۆلە دوورەکان سوور دەچوونەوە. ئەم شەپۆلانە بەجۆرێ یەکیان گرتبوو، دەچوونە پێش، دەتگوت گیانیان وەبەر کەوتووەو لەدووی ئارمانج و مەبەستێکی تایبەتی و دیاریکراودان. پڕکێشی و وجرئەتی شەپۆلەکان کەبە بێدەنگی خۆیان بە کەنارەکەدا دەکێشا، لەزەتێکی زۆری پێدەبەخشیم. دیمەنی دەریا، دەریای بەسام و هەیبەت، کە تیشکی خۆر لێی دەدا و بەجۆرەها ڕەنگی کۆڵکە زێڕینەیی خۆی دەنواند، ئەوەندە جوان بوو، ئەوەندە جوان بوو، مەستی مەستی دەکردیت. گەشکە و زەردەخەنەی دەدا بەژیان..

کەشتیەکی گەورە، لەپشت ئەو کەڵکەوە کەلەنێو دەریاکەدا بووم و شەپۆلەکان سەری خۆیان پێدا دەکێشا، بەدیارت کەوت. هێدی هێدی دەریا خرۆشیاگەکەی تەی دەکرد

ودڕی بە شەپۆلەکان دەدا و شەپۆلەکان توورە و خرۆشیاگ خۆیان بەقەدی کەشتیەکەدا دەکێشا.

ئەم کەشتیە گەورەو بەسامە، یەکجار جوان بوو، قەدەکانی کە ئاسنجاو بوو، لەبەر تیشکی خۆرەکەدا دەدرەوشایەوە، مرۆڤی وادار دەکرد، بیر لە توانای داهێنەرانەی مرۆڤ بکاتەوە کەچۆن دەتوانێ ویستی خۆی بەسەر هەموو ڕەگەزەکانا بسەپێنێ و دنیا کۆنترۆڵ بکات. لەم لاشەوە، لە تەنیشت منەوە، بەشەرێک، ڕەگەزێکی ساویلکە، بێ خەم و خەیاڵ لێی پاڵکەوتبوو.

( ٧ )

ئیدی ڕێمان کەوتە دەڤەری تیریک. شاکرۆ زۆر شڕ وشەپڕێو بوو، پیاو لێی دەترسا، هەرچەندە برسی نەبوو، چونکە بایی ئەوە کار پەیدا دەبوو کەبە زیادەوە پێی بژین و باکمان بە برسێتی نەبێ. بەڵام ئەو خۆی والێکردبوو کە گوایە ئەهلی هیچ جۆرە کارێک نییە. ڕۆژێک قەرار بوو لە سەر مەکینەیەکی خەرمانکوتا کاربکات و دان و کایەکە لێکدی جیابکاتەوە، بەڵام دوای تاقێک (نیوڕۆژ) پاش ئەوەی هەموو ناولەپی بووبوو بە تلۆق وخوێنی لێدەتکا، دەستبەرداری ئەم کارە بوو... کەڕەتێکی دی کە خەریکی بژاری گیا کەڵە بووین، بە پاچەکە پێستی گەرووی خۆی ڕووشاند.

زۆر بەخاوی دەڕۆیشتین، دوو ڕۆژ کارمان دەکرد و ڕۆژێک ڕێمان دەکرد. شاکرۆ، دەستبەرداری پڕخۆری خۆی نەدەبوو، ئیدی لە سۆنگەی ئەم پڕخۆرییەی ئەوەوە، پێڕانەدەگەیشتم دوو پولان پاشەکەوت بکەم و دەستێک جلکی بۆ بکڕم. جلەکانی شڕ وشەپڕێو بووبوون، تەواو تاڵکێش بووبوون وپارچەکانی بە ئاستەم بەیەکەوە بەندبوون، بەڕاستی دیمەنێکی کۆمیدی هەبوو.

من تکام لێکرد کەبۆ مەیخانانی گوندەکە نەڕوات و ئەوەندە شەراب نەخواتەوە، لێ ئەو کەمترین حیسابی بۆ تکا وداواکانی من نەدەکرد.

ڕۆژێک لە یەکێک لە گوندەکاندا، لە کیسەکەی مندا پێنج ڕۆبڵی دەرهێنابوو، کەمن بە زەحمەتێکی زۆر و بەدزییەوەکۆم کردبووەوە، ئەوەی ڕاستی بێ بۆ ئەوەم پاشەکەوت کردبوو، تا بۆئەوی بدەم بە جل وبەرگ، بەهەرحاڵ پارەکەی بردبوو،شەوێ بە مەستی، لەگەڵ ژنێکی قوزاقدا، بۆ ئەو مەزرایە گەڕایەوە کەمن کارم تیا دەکرد. ئەوژنە لەجیاتی سڵاوی ئاسایی، ڕووی کردە من و گوتی:

- سڵاو ئەی خوانەناسی نەحلەتی!

من کە گوێم لەو قسەیە بوو، حەپەسام، لێم پرسی چما بە خوانەناس ناوم دەبات. زۆر بە متمانەوە بەرسڤی دایەوە:

- چونکە تۆ، تۆی دێو، نایەڵی ئەم منداڵە، ئاشقێنێ دەگەڵ ژناندا بکات! وەختێ یاسا ڕێگەی ئەمەی پێدەدات، تۆ چۆن دەتوانی ڕێگری لێبکەیت؟ ها؟ لەبەر ئەوە تۆ خوا نەناس و نەحلەتیت وئەولاتریش..

شاکرۆ، لە پاڵیا وەستابوو، سەری بۆ دروستی قسەکانی ئەو دەلەقاند. زۆر مەست بوو، هۆشی بەخۆی نەبوو، هەرکە دەجوڵایەوە بەلادا دەهات، دەتگوت هەموو جومگەکانی شل بوونەتەوەو بە زەحمەت خۆی بەپێوە دەگرت. لێوی ژێرەوەی شۆڕ بووبووەوە. چاوە لێڵەکانی، گەوجانە بڕی بوونە من. ژنەکە بەوپەڕی بێپەروایی هاواریکرد: - بۆچی دەمت داچەقاندووەو تەمەشای مە دەکەیت؟ کوا پارەکەی وێدەوە.

بەسەرسامی پرسیم: - پارەی چی؟

- دەی، خێرا پارەکەی وێدەوە! دەنا ڕاتدەکێشمە بەر دادگا، ئەو سەد و پەنجا ڕۆبڵەی بدەوە کە لە ئودیسا لێت وەرگرتبوو.

چارم چ بوو؟ ئەم ژنە مەلعوونە هیچ دوور نەبوو ڕام بکێشێتە بەر دادگا و پۆلیسم لێئاگادار بکاتەوە. زۆر مەست بوو، هەموو شتێکی لێدەوەشایەوە. ئەوسا هێزی ئەمنی

گوند، که خۆیان له خەڵکانی ئاوارەو نیمچە قاچاغی وەکو ئێمە بە بیانووبوون، بۆمان دەهاتن و له گرتووخانەیان توونی دەکردین و ئیدی کەس نەیدەزانی چارەنووسی من و شاکرۆ بەکوێ دەگەیی! ناچاربووم بە سیاسەت لە ژنەی تاین بچمە پێشەوەو هەرچۆنێک بووە لەکۆڵ خۆمی بکەمەوە، ئیدی بەسێ شووشە شەراب خاوم کردەوە و لەنێو بڕکە گوندۆرەکاندا خەوی لێکەوت. شاکرۆشم خەواند، سپێدە زوو، ژنەی تاینمان لەنێو بڕکە کاڵەکەکاندا بەجێهێشت و گوندەکەمان بەجێهێشت.

شاکرۆ، هێشتا مەستی دوێشەو بە تەواوەتی بەری نەدابوو وهەر خومار بوو، ئەوەندەی خواردبووەوە، دەم وچاوی ئاوسابوو، پەیتا پەیتا تفی ڕۆدەکرد وئاهی هەڵدەکێشا. هەوڵمدا قسەی دەگەڵ بکەم، بەڵام هەر وەڵامیشی نەدەدایەوە، بەڵکو وەکو ئەسپی ماندوو هەر سەری بادەدا.

بەڕێگایەکی تەنگدا دەڕۆیشتین، ڕۆژ بەرەبەرە گەرم دەبوو، هەڵم لە ئەرزە شێدارەکەوە هەڵدەستا، گیا دەشت و دەری داپۆشی بوو، گیایەکە دەگەییە ناو قەدمان، دنیا کش ومات، جووڵە لە هیچ شتێکەوە نەدەهات. گوڵە قەوان بۆنێکی بە هەوادا بڵاو دەکردەوە کە تووشی سەرەگێژکەی دەکردیت. بۆ ئەوەی ڕێگاکە قەدبڕ بکەین، تولە ڕێگەیەکمان گرتەبەر، یەکپارچە کرمی سوور بوو، کە دەهاتن و دەچوون و لەژێر پێی مەدا لوول دەبوون. بەدەستەڕاستی ئێمەدا، زنجیرە هەورێکی تاریک بە ئەسپایی، بە ئاسمانەوە دەجوڵان. وردە وردە یەکیان دەگرت ولەدوای ئێمەوە بەری ئاسمانیان دەگرت. بەڵام لە پێشمانەوە، هەرچەندە پەڵەهەورێن پەراگەندە، ئاوارەی ئاسمان بوون، دنیا ڕوناک بوو.

لەدووری دوورەوە، دەنگی ترسناک و تووڕەی هەورە گرمە دەهات کە سات بەسات لەمە نزیک دەبووەوە. تاوە بارانێکی درشت دایکرد، کەلە گەڵاکانی دەدا، وەکو ئەوەی لە ئاسن بدەن، بەو ئاوایە دەنگیان لێ بەرز دەبووەوە..

هیچ شوێنێک نەبوو، خۆمانی پەنا بدەین و بارانەکە تەڕمان نەکات. هەموو شتێک لە تاریکیدا نقووم بووبوو، نەوای گەڵا ڕووەکەکان تووندتر بووبوو و هێندەی دی خۆفی دەخستە دڵمانەوە. لەناکاوا هەورە تریشقەیەک بلاچەی دا و دڕی بە هەورەکان دا وبۆ چاو تروکانێک دنیای ڕوناک کردەوەو دووبارە هەموو شتێک لە تاریکیدا نقووم بووەوە. بارانی بە خوڕزم دەستی پێکرد، گرمەی هەورە تریشقە و تەشبریقان، یەک لە دووی یەک، دەشت ودەرە چۆڵ وهۆڵەکەی دەلەرزان، گیا وگوڵ، لەژێر با وبارانەکەدا دوو لۆ چەمابوونەوەو لەسەر ئەرزەکە تەخت بووبوون و دەیان ناڵاند، هەموو شتێک دەلەرزی... تەشبریق، بڵاچەیان دەدا، بۆ ساتێک دڕیان بە هەوران دەدا، چاویان دەخستە ڕێشکە و پێشکە... زنجیرە چیایەکی تاریک لە دووری دوورەوە دەردەکەوتن و لەگەڵ ئاوابوونی تەشبریقەکەدا، دووبارە دیار نەدەمان ولەتۆ وایە تاریکیەکە قووتی دان.

هەموو شتێک هاواری دەکرد، هەراو زەنایەک بوو ئەوسەری دیار نەبوو، دەتگوت ئاسمان تووڕە بووەو دەیەوێ بە ئاگری خۆی، زەوی لە هەر پیسی و پۆخڵیەک پاک بکاتەوە و زەوی لە ترسی ئەم تووڕەییەی ئاسمان دەلەرزی.

شاکرۆ، هەڵدەلەرزی و وەکو سەگی ترساو دەیلوراند. بەڵام من کە تەمەشای ئەم پانۆراما خەمناکەی سروشتم دەکرد، جۆرە هەستێکی قارەمانانەی ترس ئامێزم لەلا دروست دەبوو...

من حەزم دەکرد، بەشداری لەم پانۆرامایەدا بکەم، تاکو هەستی ئەو ترس و حەپەسانەی کەلەلام دروست بووبوو، بڕەوێنمەوە، ئەو هەرا و هەنگامە و تەشبریق و بڵاچانەی هەموو ئاسمانی گرتبووەوە، دەتگوت لە دڵی منیشدا کڵپە دەسەنێت. لێ چۆن دەمتوانی ئەو هەڵچوون و خرۆشانەی دڵ ودەروونملە هەنبەر ئەم تابلۆ پڕشکۆیەی سروشتدا دەرببڕم؟

بەدەنگی بەرز و بەهەموو هێزی خۆمەوە هەڵمکردە گۆرانی. تەشبریق دەی گرماند، چەخماخە دنیای ڕوناک دەکردەوە، گیا وگوڵ کەوتبوونە خشەخش، باران نەرم نەرم دەباری، منیش گۆرانیم دەچڕی، بەدڵ و گیان، بەهەموو بوونمەوە، ئاوێتەی ئەم پانۆرامایە بووبووم و هەستێکی شادی بەخشم لەلا چێبووبوو… خەریک بوو لە خۆشیا باڵم دەگرت. هیچ کۆسپێکم لە ڕێگە نەبوو، جگە لە خۆم ئاسیوم بۆکەس نەبوو، گەرداو لە دەریادا، تەشبریق بەسەر دەشت و دەرەکەدا! دیمەنێکی یەجگار بەشکۆ و ئەفسووناوی بوو، هیچ دیمەنێکی جوانتر وئەفسووناوی تر لەم دیمەنە بەشکۆ وجەلالەی تەبیعەتم نەبینی بوو. ئیدی بێخەم وخەیاڵ، چونکە دڵنیا بووم نە ئازارم بۆ کەس هەیە ونەکەس لۆمەم دەکات، دەنگم لێهەڵبڕی… لەناکاوا، جەزرەبەیەکم پێکەوت، هەردوو لاقم نوشتانەوە، کەوتمە ناو قۆرتێکی پڕ قوڕو لیتەوە… شاکرۆ، بەدوو چاوی توورەوە، لێم مۆڕ بووەوە:

- شێت بووی؟ ها؟ بێدەنگ بە، هاوار مەکە، دەنا گەرووت هەڵدێنمەوە، تێدەگەی؟

حەپەسام، پێش هەموو شتێک لێم پرسی، لەچی من پەستە؟

گوتی: - تۆ من دەترسێنی! تێدەگەی؟ تەشبریق… زمان و قسەی خوایە، خودا قسە دەکات، کەچی تۆ هاوار دەکەیت، دەنگ بەرز دەکەیتەوە، خۆت بەچی دەزانیت؟

پێمگوت کە من هەقی خۆمە، هەرکاتێ بمەوێ و ئارەزووم لێبێ بەکەیفی خۆم گۆرانی بچڕم، وەکو چۆن ئەویش هەمان هەقی هەیە.

بەتووندی گوتی: - نا، من نامەوێ گۆرانی بڵێم.

گوتم: - کەیفی خۆتە، مەیڵێ.

شاکرۆ، بەتووندی گوتی: - تۆش مەیڵێ!

- نەخێر، حەزم لە گۆرانیە وهەر دەیڵێم..

شاکرۆ، بە تووڕەیی گوتی: - گوێ بگرە... تۆچیت، خۆت بەچی دەزانیت؟ ئاخر تۆ کێیت؟ ماڵت هەیە؟ دایکت هەیە، باوکت هەیە، کەس وکار و خزم و خوێشت هەن، زەوی و زارت هەیە؟ تۆ لەم دنیایەدا چ کارەیت؟ خۆت بەبەشەر دەزانی؟من، بەشەرم، چونکە من هەموو شتێکم هەیە.

دەستی بە سینگی خۆیدا کێشا:

- من بابایەکم میر! تۆ... تۆ... هیچ نیت! هەرهیچ نیت! نە سەلکی سیری نە قنچکی پیازی! کەس تۆ ناناسێت، بەڵام من لە کوتایس، لە تەفلیس، هەموو کەسێک دەمناسن!... تێدەگەی؟ نەخەڵەتابی لە ڕووما بوەستی ها!..

تۆ ئەوپەڕی دەتوانی خزمەتی من بکەیت، ئەگەر ئەوەش بکەیت، دە قات هەقی خۆتت دەدەمێ، ڕازیت خزمەتی من بکەی؟ تۆ لەوە زیاتر هیچ کارێکی دیکەت پێناکرێت. تۆ بەخۆت دەڵێی خوا بۆ ئەوەی دروستکردووم بەخۆڕایی خزمەتی هەموو خەڵکی بکەم بەڵام من هەقی خۆتت دەدەمێ. ئیدی منەتی چیم بەسەردا دەکەیت! بۆ ئەزیەتم دەدەیت؟ چما ئامۆژگاریم دەکەی، دەمترسێنی؟ دەتەوێ منیش وەکو تۆ بم؟ نا، خەیاڵت خاوە... مەحاڵە وەکو تۆ بم... ها، ها...ها!

پەیتا پەیتا دەیپرست، هاواریدەکرد، لێوی دەکرۆشت، پیشی دەخواردەوە، ئاخی هەڵدەکێشا. تفی دەکرد، دەی مڕاند، منیش کەلە سەرسامیا چاوانم ئەبڵەق بووبوون، حایر وحەپەساو تەمەشام دەکرد.

بێگومان شاکرو، بەو قسانە، هەرچی ڕق وکینە وناڕەزاییەکی بە درێژایی ڕێگا، لەمن هەڵگرتبوو، هەڵدەڕشت. جا بۆ ئەوەی قسەکانی کاریگەری زیاتریان هەبێ، قامکانی دەژەند بە سینگی منەوە، شانەکانی ڕادەتەکاندم، لەکاتی هەڵچووندا خۆی بەسەرما دەدا. باران بە خوڕزم بەسەرماندا دەباری. تەشبریق پەیتا پەیتا دەی گرماند و لە ئەرز وئاسماندا دەنگی دەدایەوە. شاکرۆ، بۆ ئەوەی گوێم لە دەنگی بێ، یەک بەخۆی

هاواریدەکرد. ئەم دیمەنە خەمناک وکۆمیدیە، هێنامیە پێکەنین، پێکەنینێکی ئەوتۆ گرتبوومی خەریک بوو دەخنکام.

شاکرۆ ڕووی لەمن کرد و، بە ئانقەست تفێکی کرد.

( ٨ )

تا زیاتر لە تەفلیس نزیک دەبووینەوە، شاکرۆ زیاتر دەفکرەوە دەچوو و خەم و خامۆشی دایدەگرت. شتێکی تازە، خاڵی لە هەر گوزارشتێک، بە ڕوخسارە لاوازەکەیەوە دەردەکەوت. لە دەڤەری قەفقازا، ڕێمان کەوتە گوندێکی چەرکەس نشین، خەریکی دروێنەی گەنمەشامی بوون، لەوێندەر خۆمان بە دروێنەوان دامەزراند.

دوای دوو ڕۆژ کارکردن لەگەڵ چەرکەسیەکاندا، کە زمانی ڕووسییان نەدەزانی و گاڵتەیان پێدەکردین و بەزمانی خۆیان تانووتیان لێدەداین لەترسی ئەوەی نەبا بەد حاڵی بوون و ناحەزیمان لەنێواندا چێ ببێت، خێرا دەستبەردار بووین و گوندەکەمان بەجێهێشت. نزیکەی یازدە کیلۆمەترێک لە گوندەکە دوور کەوتبووینەوە، شاکرۆ پارچە موزلینیکی لەبەرکی دەرهێنا و سەرکەوتووانە نیشانی دام وگوتی:

ئیدی پێویستمان بە کارکردن نییە، ئەمە دەفرۆشین وهەموو پێویستییەکی خۆمانی پێدابین دەکەین، تا تەفلیس بە زیادەوە بەشمان دەکات، تێگەیشتی؟

لە تووڕەییدا خوام نەمابوو، موزلینەکەم لەدەستی ڕاپسکاند و تووڕم دا و ئاوڕی پاشەوەم دایەوە. چەرکەسان شۆخی وسوعبەتان نازانن. چەند ڕۆژێک لەمەپێش قوزاقێک ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕابووینەوە کە: کرێکارێکی ئاوارە کەکاری لەگەڵدا کردبوون، وەختایەک ڕۆیی بوو، گوندەکەی وانی بەجێهێشتبوو، مراکێکی (کەوچک) لێ دزی بوون. چەرکەسەکان دووی کەوتبوون، گرتبوویان، پشکنی بوویان، کە مراکەکەیان دۆزی بووەوەو پێ گرتبوو، بە خەنجەر سکیان هەڵدڕی بوو، مراکەکەیان

کردبوو بە برینەکەیدا و، لەو دەشتە چۆڵ و هۆڵە بەجێیان هێشتبوو، و بەسواری ئەسپەکانیان زڤڕیبوونەوە. قوزاقەکان بەنیوە مردوویی هەڵیان گرتبووەوە. کابرای بریندار بەدەم گێڕانەوەی حاڵ و حیکایەتەکەیەوە، لەنیوەی ڕێگادا گیانی سپاردبوو. قوزاقەکان چەند جارێک ئاگاداریان کردبووینەوە کەلەگەڵ چەرکەساندا تێک نەگیرێین و چەند چیرۆکێکی لەم بابەتە چیرۆکەیان بۆ گێڕابووینەوەو ئیدی هیچ سەدەمێک نەبوو کە قسەکەیان بەهەند نەگرین یان باوەڕیان پێنەکەین. من ئەمانەم وەبیر شاکرۆ هێنانەوە. لە بەردەممدا ڕاوەستابوو و گوێی لێدەگرتم، لەناکاوا، بەبێدەنگی، دانی بە چیرەوە بردن، چاوەکانی بچووک کردنەوە، وەکو پشیلە خۆی بۆ هەڵدام. نزیکەی پێنج خولەکێک یەکدیمان هێنا و برد. ئەنجام شاکرۆ بە تووڕەیی هاواری کرد: ئیدی بەسە!

هەردووکمان شەکەت وماندوو ماوەیەک ڕووبە ڕووی یەکدی دانیشتین. شاکرۆ بە خەمینییەوە، ڕوانیە ئەو شوێنەی کەمن موزلینە دزراوەکەم بۆ تووڕ دابوو. ئەنجام گوتی:

- باشە بۆ بەگژما دێی؟ با، با، با! کە گەوجی، باشە لەتۆم دزی بوو؟ چما تووڕە دەبیت؟ لەبەر ئەوەی پارچەکەم دزی بوو! خۆ من لەبەر تۆ دزیم، بەزەییم پێتا دەهاتەوە بۆیە دزیم... تۆ دەبێ کار بکەیت و ڕەنج بدەیت... من توانای کارکردنم نییە.. دەبێ چ بکەم؟ دەمویست یارمەتی تۆ بدەم، باری سەرشانی تۆ سووک بکەم!

ویستم دزێوی کاری دزییەتی تێبگەیەنم... بە تانووتەوە گوتی:

- تکایە بێدەنگ بە! مێشکی تۆ کای تیایە... ئەگەر بگەیتە حاڵی مردن، دزی دەکەی یان نا؟ ئاخر ئەمە ژیانە؟ تکایە قسە مەکە!

لەترسی ئەوەی نەبا زیاتر تووڕەی بکەم، بێدەنگ بووم. ئەمە جاری دووەم بوو کە شاکرۆ دزی دەکرد. جاری یەکەمی لە کەناری دەریای ڕەش بوو، کە سەعاتێکی

بەرباخەڵی، یەکێک لە ماسیگرە یونانیەکانی دزی، ئەوجارەش خەریک بوو بەشەڕ بێین.

وەختایەک ماندوویەتیمان حەسایەوەو هێور بووینەوەو ئاشت بووینەوە گوتی:

- دەی نەڕۆین؟

ملی ڕێگامان گرت، شاکرۆ ڕۆژبەڕۆژ، خەمینتر دەبوو، وژێراوژێر لێم مۆڕ دەبووەوە. جارێک کە لە ئاسۆگە و زینوی داریاڵ تێپەڕین و بەرەو گودارۆ داگەڕاین، گوتی:- ئۆخەی ئۆخەی یەک دوو ڕۆژی دی دەگەینە تەفلیس!

ڕەنگ و ڕووی گەشایەوە:

- دەگەینە ماڵەوە. دەپرسن: لەکوێ بووی؟ دەڵێم لەسەفەر بووم! یەکسەر دەچم بۆ گەرماوی هەڵم، کە خۆشە! تێر بە سکی خۆم خواردن دەخۆم. زۆر دەخۆم، زۆرزۆر! بە دایکم دەڵێم زۆرم برسییە، ژەمبردە بووم، تا دەتوانی خواردنم بدەیە!... بەباوکم دەڵێم: بمبوورە، خەفەتی دنیام خواردووە، زۆر شتم بینی، شتی جۆراوجۆرمبینی. ڕەش وڕووتان، ئاوارە و سەرگەردانان، خەڵکانی باشن. هەرکاتێ یەکێکیان بدینم یەک ڕۆبڵی دەدەمێ، دەیبەم بۆ باڕ، پێی دەڵێم بخۆرەوە، چیت پێخۆشە بخۆرەوە. منیش مودەتێک ئاوارە و سەرگەردان بووم. ماجەرای تۆش بۆ بابم دەگێڕمەوە! پێی دەڵێم ئەم پیاوە بۆ من وەکو براگەورە وابووە، ئامۆژگاری کردووم، ئەم تووڵە بابە لێی داوم!... خواردنی داومەتێ. پێی دەڵێم ئێستا نۆرەی تۆیە خواردنی بدەیتێ، ئەو چاکەیەی بدەوە، یەک دانە ساڵ بەخێوی بکە، یەک ساڵی تەواو، بێکەمو بێ زیادم تێدەگەی ماکسیم؟

کەبەوجۆرە قسەی دەکرد، حەزم دەکرد گوێی لێبگرم... لەو کاتانەدا، جۆرە سادەییەکی منداڵانە لەدەم و ڕاوێژی بەدی دەکرا. جگە لەوەش، بۆیە زیاتر لەزەتم لە قسەکانی

دەبینی و لەگیانم خۆش بوون، چونکە زستان بەڕێوە بوو، بەردەرکی مالانی گرتبوو و، من لە تەفلیسدا کەسم نەدەناسی. تاڕادەیەک پشتم بە شاکرۆ قایم بوو. بەپەلە ڕۆیشتین. گەیینە متسخیتای پایتەختی کۆنی ئیبریا و نەخشەمان دانا کە ڕۆژی دواتر بگەینە تەفلیس.

لە دوورەوە، لە دووری پێنج کیلۆمەترەوە، پایتەختی قەفقازم بەدی کرد کە کەوتبووە نێوان دوو شاخەوە. ئیدی دوا قۆناغی سەفەرەکەمان نزیک دەبووەوە! هەر لەخۆوە هەستم بە شادی و خۆشحاڵییەکی گۆنگ دەکرد. شاکرۆ بێ موبالات دەهاتە بەرچاو. مات وخامۆش دەیڕوانییە پێشەوە، بەردەوام لە برسا، تفی ڕۆ دەکرد. ناو بەناو، سکی دەکەوتە ژان وتووند دەستی پێوە دەگرت. ئەوەندەی لەو گێزەرە خواردبوو، کەلەم بەر ولەوبەری ڕێگاکە هەڵمان دەکەند، سکی هاتبووە ژان. بەمنی گوت:

- ماقوولە، منی میر وئەشرافزادەی گورجی، بەڕۆژی ڕوناک و بەم جلە شڕو شەبڕێوانەدا خۆم بەشارا بکەم؟! نا، هەرگیز کاری وا ناکەم چاوەڕوان دەکەین، تا ئێوارە دێت و دنیا تاریک دەبێت!

لەپەنای بینایەکی کۆنا دانیشتین، دوا جگەرەمان دەرهێنا ولە کاتێکا لەسەرما هەڵدەلەرزین، دەستمان بە جگەرەکێشان کرد. لەڕێگای سوپایی گورجستانەوە، بایەکی ساردی دەهات. شاکرۆ، بە خەمبارییەوە و لەبن لێوانەوە گۆرانییەکی خەمگینی دەگوت من بیرم لە ژوورێکی گەرم دەکردەوە کە بابایەکی ئاوارە وخانە بەکۆڵ بگرێتەخۆ.

شاکرۆ، لە جێی خۆی هەستا وگوتی: - با بڕۆین!

ڕۆژ ئاوا بووبوو، دنیا خەریک بوو تاری دەبوو. چراێن شار لێرەولەوێ هەڵدەبوون. ڕوناکی، لێرە ولەوێ، لەنێو تاریکیە گۆنگەکەوە، بەرەبەرە ئەو دۆڵەی ڕوناک دەکردەوە کە شاری گرتبووە باوەش... شاکرۆ گوتی:

– ئەهای ئەو کڵاوەی خۆتم بدەیە کە دەم وچاومی پێداپۆشم تا دۆستانم نەمناسنەوە.

کڵاوەکەم دایێ. لەکاتێکا بە کوچەی ئولگینسکایادا دەڕۆیشتین شاکرۆ، لەبەرخۆیەوە و بەفیکە گۆرانیەکی جدی لێدەدا گوتی:

– ماکسیم، ئەو وێستگەی تراموایە دەبینی؟ بڕۆ بۆ ئەویّ، ئەوە پردی نیریسکییە، لەویّ لەلای پردەکە دانیشە وچاوەڕوانی من بکە، دەچمە یەکێک لەو ماڵانە و هەواڵێکی کەسوکارم، دایک و باوکم دەپرسم.

– زۆرت پێدەچێت؟

– نا، هەر خولەکێکم پێدەچێت، خێرا دەگەڕێمەوە.

بە هەشتاو خۆی بە کۆڵانێکی تەنگ وتاریکدا کرد و دیار نەما، ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیی ئیدی هەرگیز نەم بینییەوە... ئیدی ئەم پیاوەم، کە چوار مانگی خشت هاوڕێ و هاوسەفەری ڕێگام بوو، نەبینییەوە. بەڵام زۆرجار بەخۆشی وپێکەنینەوە یادی دەکەمەوە. زۆرشتی لێوە فێر بووم، کەلە کتێبی گەورە نووسەرانیشدا نەم دیتوون، چونکە حیکمەتی ژیان هەمیشە لە حیکمەتی بەشەران قووڵتر و فراوانترە.

سەرچاوە:

١ – داستانهای برگزیده/ ماکسیم گورکی. ترجمە: أفسر صدرات و ڕضا آذرخش/ ویراستار: مانی کاشانی/ چاپ أول ١٣٨٩.

٢ – مکسیم غورکی/ المؤلفات المختاره فی ٦ مجلدات/ المجلد ٣/ اقاصیص/ ترجمة المحامی سهیل ایوب/ دار رادوغا – موسکو ١٩٨٨ .

## ئامانجی ئەدەبیات

شەو بوو کە لە کۆڕی دۆستان، لەو شوێنەی کە دوا چیرۆکی چاپکراوی خۆم تیا خوێندبووەوە، هاتمە دەرێ. کەوتمە سەر شەقامەکە. لە ئەنجامی ئەو هەموو پێیا هەڵدانەی چیرۆکەکەم لە لایەن ئەوانەوە، هەڵچوونێکی ئاساییم لێنیشتبوو. هێدی هێدی بە شەقامە چۆڵو کپەکەدا هەنگاوم دەنا. بۆ یەکەمینجار لە ژیانما تا ئەم ڕادەیە لە چالاکی ژیان سەرمەست بووبووم.

مانگی شوبات بوو. شەوێکی ساف و ساماڵ بوو. ستێران بە چڕی ئاسمانی سافیان نەخشاندبوو. زەوی رازاوەترین بەرگی بەفری تازەی پۆشی بوو. کزە سەرمایەکی لاسار لە ئاسمانمەوە بەرەو زەوی دادەکشا. لقی درەختان لە سەر دیوارەکانەوە سەریان کێشا بوو. پروشە بەفرە بێگەردەکان، لەبەر تریفەی شینباوی مانگدا بە شێوەیەکی سەیر دەدرەوشانەوە. دنیا کپ وبێدەنگ بوو. دەنگی خرمە خرمی بەفرەکەی ژێر پێم تاقە سەدایەک بوو کە بێدەنگی سامناکی ئەم شەوە رۆشنەی دەشڵەقاند. بیرم کردەوە: چەند خۆشە مرۆڤ لە دنیادا، لە نێو مەردمدا نرخ و بایەخێکی هەبێ!.

ئەم خەیاڵو ئەندێشەیە ئایندەیەکی پرشنگدارو ڕوناکی لەبەردەممدا بەرجەستە دەکرد. زەلامێکی کورتەبنە کە جلێکی شینی تۆخی لەبەردا بوو، خۆی گەیاندمێ و شان بە شانم کەوتە ڕێ. بزەیەکی زندوو وکاریگەر نیشتبووە سەر لێوەکانی و سەراپای دەپشکنیم. ئازای گیانی کاریگەر بوو: نیگاکانی، گۆناکانی، چەناگەی، ڕدێنە زبرەکەی. ئازای ئەندامی چابکو بچووکی بەو قسە سەیرانەیەوە وەکو مێخ لە چاو دەچەقی. بەشێوەیەکی ئەوەندە کپ ومات ڕێی دەکرد، دەتگوت بەسەر بەفرەکەدا دەخلیسکێ . لەو شوێنەدا کە چیرۆکەکەم دەخوێندەوە ئەوم نەبینی بوو. بۆیە بە ژنەفتنی دەنگی سەرسام بوو بووم: ئەم زەلامە کێ بوو؟ لە کوێوە پەیدا بوو بوو؟ لێم پرسی: تۆش گوێگر بوویت؟

– بەڵێ، لەزەتیشم لێیبینی.

بە دەنگێکی گڕ وقەبە قسانی دەکرد .لێوەکانی تەنک بوون. سمێڵە ڕەشە بچکۆلەکەی، بزەکەی سەر لێوی داناپۆشی. ئەم زەردەخەنەیەی کە لەسەر لێوی ئاوا نەدەبوو، کارێکی ناجۆری لێکردم. هەستمکرد بیرێکی چزودارو ڕەخنە ئامێز لە پشت ئەم زەردە خەنەیەوە خۆی مەڵاس داوە: بەڵام هێندە بە کەیف و بە دەماخ بوو بووم، نەمتوانی گوێ بەو سیمایەی بدەم. زەردەخەنەکەی وەکو سێبەرێکی تەمەن کورت وخێرا لە

بەرچاوم ون بوو. خۆی لەبەردەم کەیف و شادییەکەمدا نەگرت. شان بە شانی ئەو ڕێم دەکرد. چاوەڕوان بووم بزانم چی دەڵێت. لە دڵی خۆدا بەتەمای ئەوە بووم مەڵۆیەکی دی بخاتە سەر خەرمانی ئەو شادییەی کە ئەوشۆ دەستم کەوتبوو: مرۆڤ تینووی ستایش و پێدا هەڵدانە. چونکە چارەنووس بە دەگمەن لە رووی دڵسۆزییەوە بە دەمییەوە پێدەکەنێ.

هاوڕێکەم پرسی:-ئەرێ خۆشە مرۆڤ هەست بکات کە لە خەڵکانی دی لێهاتووترە، وەسایە؟

هەستم بە چ شتێکی تایبەتی لە پرسیارەکەیدا نەکرد. بە پەلە رەزامەندی خۆم بۆ دەربڕی.

ئەو، دەستە چکۆلەکانی کە بە قامکانی کووڕو لاواز کۆتاییان هاتبوو، بە چەشنە توڕەییەکەوە پێکداماڵین. خەندەیەکی چزوداری کرد:ها، ها، ها..!

لە خەندەکەی ڕەنجام. بەساردییەکەوە وتم: - تۆ کەسێکی زۆر حەز بە مناقەشە دەکەی!

- بەڵێ، کەسێکی ئاشقە مناقەشەم، زۆریش قوڵ دەبمەوە.. هەمیشە گەرەکمە حاڵی ببم و سەر لە هەموو شتێک دەربکەم. ئەمە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی منە. هەر ئەمەش زاتم وەبەردەخات. هەر لەبەر ئەمەشە کە هەنووکە دەمەوێ بزانم ئەم سەرکەوتنە بە چەند لەسەرت تەواو بووە!.

نیگایەکم کردو بە بێ مەیلییەوە وتم:- بە نزیکەی یەک مانگ کارکردن... ڕەنگە کەمێکیش زیاتر..

بە پەلە قسەکەی لەزار سەندمەوەو وتی:- ئۆە، هەندێک زەحمەت وپاشان بڕێک تەجرەبەی ژیان کە هەمیشە بایەخێکی زۆری نیە، لێ لە هەمان کاتدا بێنرخ و

بێبایەخش نییە، چونکە تۆ بەم نرخە ئەم بەخششە زۆرە دەبەیتەوە کە حاڵی حازر هەزاران کەس لەگەڵ خوێندنەوەی بەرهەمی تۆ، لەگەڵ بیری تۆدا دەژین، جگە لەوەش ئومێدی ئەوە پەیدا دەبێ کە ڕەنگە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەماندا... ها، ها، ها! کاتێ کە تۆش بمری... ها، ها، ها!..لێ لە بەرانبەر ئەم هەموو ئارەزووانەدا، ئەم هەموو حەزانەدا، دەکرێ پتر لەوەی داوتە پێمان، بماندەیتێ... باوەڕناکەیت؟

هەمدیس خەندەیەکی پچڕپچڕی چزوداری کرد. چاوە تیژو ڕەشەکانی بە سەراپاما گێڕا. منیش سەراپایم خستە ژێر نیگای تەماشا کردنەوەو بە رەنجاوی وساردییەوە پرسیم:- ببورە ،مۆڵەتم دەدەی بپرسم کە شەرەفی ئاخافتنم دەگەڵ کێدایە؟

- من کێم؟ بەمەزەندە نازانی؟ کەواتە نامەوێ پێت بڵێم من کێم. بۆچی بەڕای تۆ زانینی ناوی کەسەکە لەو شتە گرنگترە کە پێتی دەڵێت؟

وەڵامم دایەوە: - هەڵبەتە نە... بەڵام کەمێک سەیریشە!.

هاودەمەکەم بێ سڵکردنەوە قۆڵی پاڵتۆکەی گرتم ، بەدەم نەرمە پێکەنینەوە دەستی بە قسانکرد:- قەیدی نییە با سەیر بێ. مەعلوم نییە کە بۆچی بنیادەم ڕێ بە خۆی نادات هەندێ جاران سنووری ئاداب و ئەتەکێتی سادەو ئاسایی ببەزێنێ و هەنگاوێک هێوەتر بچێت؟...وئەگەر تۆش بەمە قایلیت وەرە با راستگۆیانە وئازایانە پێکڤە باخفین!. وای دابنێ کە من یەکێکم لە خوێنەرانی چیرۆکەکانی تۆ... خوێنەرێکی سەیرو زۆر بە دیقەت کە گەرەکییەتی بزانێ بۆچی و چۆن کتێبێک لە دایک دەبێت... بۆ وێنە کتێبێکی تۆ؟ وەرە باخفین.

وتم:- ئۆە! فەرموو تکا دەکەم!ئەم جۆرە گفتوگۆو باسانە..بەلای منەوە زۆر ئاساییە.. هەموو ڕۆژێک دەست ناکەوێ.

لێ لە ڕاستیدا درۆم لەگەڵیدا کرد. چونکە خەریک بوو قسەکانیم بەلاوە نائاسایی دەبوو. بیرم دەکردەوە: چی لێم گەرەکە؟ یان بە چ بۆنەیەکەوە ڕێم بەخۆم دەدا کە ئەم گفتوگۆیە ڕەوتەنییەی سەر ئەم شەقامە ولەگەڵ ئەم زەلامە نەناسەدا بەجۆرە باسێک بزانم؟

وێڕای ئەمەش بە هەرجۆرێ بوو، زۆر بە هێوری شان بە شانی ئەو ڕێم دەکرد. هەوڵمدەدا خۆ نارەحەت وبێزار نەنوێنم. لە یادمە کە بەزەحمەت لەسەر ئەم کارە ڕازی دەبووم. بەڵام بە تێکڕایی هێشتا هێندەم زات هەبوو و نەمدەویست لە ڕێگەی قوڕو قەپەوە ئەو زەلامە لە خۆ بڕەنجێنم، بڕیارم دا کە ئاگام لە خۆ بێت.

تریفەی هەیڤ لە پشتمانەوە تافە تافی بوو. سێبەرەکانمانی لە ژێر پێماندا تێکەڵ دەکردو دەبوو بە پەڵەیەکی تاریک ولە پێشمانەوە بەسەر بەفرەکەدا دەخزی. سەرنجم بڕیبووە ئەم سێبەرانە. هەستم دەکرد لە ناخمدا شتێکی تاریکی وەکو ئەم سێبەرانە لە پێشمەوەیەو ناتوانم بیگەمێ..

هاوڕێکەم کەمێک بێدەنگ بوو. ئەوجا وەکو یەکێک کە تەواو بەسەر بیرەکانی خۆیدا زاڵ بێ، دەستی بە قسان کرد:- لە ژیاندا چ شتێک لە هاندان و مشتومالکردنی بەهرەی ئینسان گرنگتر نییە... نەوەسایە؟

سەری پشتگیریم بۆ قسەکەی لەقاند.

- قاییلی؟..کەواتە وەرە با ڕاستگۆیانە باخفین. هەنووکە کە تۆ لاوی دەرفەتی ڕاستگۆیانە ئاخافتن لە کیس خۆت مەدە!..

بەخۆم گوت: چ بنیادەمێکی سەیرە!. دڵبەندی قسەکانی بوو بووم. بەدەم زەردەخەنەیەکی تاڵەوە پرسیم:- باشە لەمەڕ چ بدوێین؟

بە وردی سەرنجی دەموچاوی دام. بە شێوەیەکی خۆمانی کۆنە دۆستێک هەڵیدایێ:

- دەربارەی ئامانجی ئەدەبیات!..

- فەرمووو ..هەرچەندە پێموایە درەنگە..

–نا، هێشتا بۆ تۆ دێر نەبووە!.

کە ئەم قسەیەی کرد،بەسەرسامی وێستام. لە وشەکانیا متمانەیەکی زۆرو لە ئاخافتنەکەیدا ماکی جۆرە پلارێک دیار بوو. وێستام، ویستم شتێکی لێبپرسم. بەڵام ئەو دەستی گرتم. لەودەمەدا کە بە هێواشی و بە پەیگیرییەوە بەرەو پێش دەکشا وتی: - مەوەستە، چونکە خەریکین ڕێیەکی باش دەبڕین.. با درێژەی نەدەینێ!. بڵێ بزانم مەبەستی ئەدەب چییە؟..تۆ کە خزمەتگوزاری ئەدەب وئەدەبیاتی، دیارە دەبێ ئەمە بزانی.

لەسەرسامیدا کۆنترۆڵی خۆم لەدەست دابوو.. ئەم پیاوە چی لێم گەرەکە؟ کێیە؟

وتم:- گوێ بگرە، قەبوڵ بفەرموو کە ئەوەی لە بەینی ئێمەدا روو دەدات... بنج و بناوانێکی راست ودروستی هەیە، باوەڕبکە! ئاخر لە دنیادا چ شتێک بەبێ بنج و بناوانی راست و دروست سەرناگرێ.. با خێراتر بڕۆین، بەڵام نەک بۆ پێشەوە بەڵکو بۆ قوڵایی..

بێ چەندو چوون ئەم زەلامە پیاوێکی سەیرو خۆش بوو. لێ خەریکبوو تووڕەی دەکردم. دیسان بە بێ سەبری بەرەو پێش جمام. ئەویش بەکاوەخۆ کەوتە شوێنم و وتی:

- لە مەبەستت حاڵی دەبم: پێناسەی ئامانجی ئەدەبیات لە راستیدا بۆ تۆ کارێکی دژوارە. لێ قەیدی نییە هەوڵدەدەم من ئەم کارە ئەنجام بدەم..

ئاهێکی هەڵکێشاو بەزەردەخەنەیەکەوە نیگایەکی کردم:

- ئەگەر بڵێم ئامانجی ئەدەب ئەمەیە کە کۆمەک بە ئینسان بکات تا خۆی بناسێت و باوەڕی بە خۆی قایم بێ، ئارەزووی حەقیقەتپەروەری و خەبتین دژی نزمی وپوچی لە بوونی خەڵکیدا پەرە بدات، بتوانێت سیفەتی چاکەیان تێدا بێداربکاتەوە، پاقژی، غروورو دلێری لە رۆحی خەڵکیدا بچەسپێنێ و بێداربکاتەوە. کارێکی وا لە خەڵکی بکات کە ببن بە خەڵکانی نەجیب، بەهێزو ئاینده ڕوون وبتوانن ژیانی خۆیان لەگەڵ گیانی پیرۆزی جوانیدا تێکەڵ بکەن، ئایا تۆ ئەمەت قەبووڵە؟ بۆچوونی من ئەمەیە. هەڵبەتە ئەمە بۆچوونێکی تەواو تەواو نییە وتەنیا پێشنیازێکە.. بەهەر شێوەیەک بووە گیانێکی تازە بە ژیان ببەخشێ و بیخەملێنێ. بڵێ بزانم هاوبیری لەگەڵمدا؟

وتم:- بەڵێ لەگەڵتدام! لەگینە وابێت، زۆربەی خەڵکی پێیان وایە کە ئەرکی ئەدەبیات بەگشتی بریتییە لە بەرزکردنەوەی کەسێتی ئینسان و لاواندنەوەی سۆزەکانی... ئەوجا بە دەنگێکی بنجبر وتی:- ئاگات لێیە کە خزمەتی چ کارێکی مەزن دەکەی!. دیسان خەندەیەکی چزوداری کرد: ها، ها، ها!..

وا خۆم نواند کە پێکەنینەکەی نەی ڕەنجاندووم. پرسیم:

- باشە، مەبەستت لەم قسانە چییە؟

- ئەدی تۆ چ بیرێک دەکەیەوە؟

وتم:- دۆغرییەکەی بڵێم..

لێ کەوتمە دنیای بۆچوونە بنجبرِ وزندووەکانی ئەوەوەو بێدەنگ بووم. لە خۆم پرسی: مەبەستی لە راستگۆیانە ئاخافتن چییە؟ ئەو کە پیاوێکی گەوج نییە، دەبێ بزانێ کە ڕادەی راستگۆیی ئینسان چەند تەسکە وهەستی خۆویستی ئینسان تا چ ڕادەیەک کاریگەری بەسەر پاراستنی ئەم تەسکییەوە هەیە! سەیرێکی هاورێکەمم کرد. هەستمکرد زەردەخەنەکەی بە سەختی برینداری کردووم. ئاه ئەگەر بزانی چەند

تەوس و توانج لە پشت زەردەخەنەکەیەوە خۆی مەڵاس دابوو!.. هەستمکرد لە شتێک دەترسم و هەمان ترس پێویستی دەکرد لەو دوور بکەومەوە.

کەمێک شەپقەکەم بەرزکردەوەو بە شێوەیەکی وشک وتم:- بە دوعا!.

ئەویش بەکاوەخۆو بەسەرسامی پرسی:- بۆچی؟

- چونکە حەزناکەم شۆخی لە سنووری خۆی دەربچێت.

- هەر لەبەر ئەمە دەڕۆیت؟...کەیفی خۆتە.. بەڵام دەزانی ئەگەر هەنووکە لێم هەڵێی "هەرگیز" یەکدی نابینینەوە.

پێی لەسەر وشەی "هەرگیز" داگرت. بەجۆرێ ئەو وشەیەی درکاند دەتگوت سەدای لێدانی زەنگی مەرگ دەژنەوم.

من لەم وشەیە بێزارم ودەترسم. چونکە ئم وشەیە بەلای منەوە وەکو پیکێکی قورس و گرانە کە پێشوەختە قەدەر دروستی کردووە تا بە وەشاندنی هیواکانی خەڵک تێک بشکێنێ. ئەم وشەیە ڕایگرتم.بە تووڕەیی و خەمبارییەوە لێم پرسی:- چیت لێم دەوێ؟

دیسان بزەیەکی چزوداری بە ڕووما دا. لەو دەمەدا کە توند دەستی گرتبووم وبەرەوخوار ڕایدەکێشا گوتی:- با لێرە دانیشین.

لەم کاتەدا بە دوو قۆڵی چووینە شەقامی باخی میللیەوە،کەوتبووینە نێو لق و پۆپی داریاسە بێجوڵەو سەهۆڵ گرتووەکانەوە. دەتگوت ئەم درەختانە کە چلورەی ساف و باریکی پێدا شۆڕ بوو بووەوەو تریفەی هەیڤەکە دەیلاواندن و بەسەر سەری منەوە هەڵواسرابوون، سینەمیان دەبڕی ودەگەیینە دڵم. .سەرم لەم ڕەفتارەی هاوڕێکەم سوڕمابوو. بە بێدەنگی تەمەشایم دەکرد.لە کاتێکدا کە حەزم لێبوو ورە وەبەرخۆم بخەم وکارەکەی ئەو پشتگوێ بخەم بەخۆم گوت:- بێگومان ئەم پیاوە نەخۆشە.

بەڵام وەک ئەوەی ئەو مێشکی خوێندبمەوە وتی:

– وادەزانی من نەخۆشم؟ ئەمە لە مێشکی خۆ دەربکە. چونکە زۆر زیانبەخش و پوچە!.زۆر جاران وەختێ نەمانەوێ لە قسەی کەسێک تێبگەین، خۆمان بەم خەیاڵە دادەپۆشین.ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەو لە ئێمە بەهۆشترو داهێنەرترە. بزانە ئەم بیرە بە چ بێشەرمییەک خەمەکانی ئێمە پێکەوە گرێ دەدات و پێوەندییەکانمان ئاڵۆزتر دەکات.

لە کاتێکدا پتر لە جاران خۆم لە بەرانبەر ئەم زەلامەدا شەرمەزار دەبینی وتم:

– ئا، بەڵێ... لێم ببورە ئەز دەچم... ئیدی دەبێ بڕۆم.

شانەکانی هەڵتەکاندو وتی:– بڕۆ ...بەڵام ئەوە بزانە کە زۆر زەرەر دەکەی. لە زانینی گەلەک شتان مەحروم دەبی.

دەستەکانی بەردام ولێی جودا بوومەوە.

ئەو لە نێو باخەکەی سەر گردەکە، ئەو گردەی بەسەر ڤۆلگادا دەیڕوانی، ئەو گردەی تەنکە بەفرێکی سپی دایپۆشی بوو، باریکە ڕێگەیەکی ڕەش لە ناوەندەوە شەقی دەکرد، بە تەنێ مایەوە. لە حاڵێکدا هەڵەتە فراوان وکپ وخەم ئامێزەکەی ئەوبەری ڕووبارەکە لە بەرانبەریا ڕاکشا بوو، ئەو لە باخەکەدا ولەسەر یەکێک لە تەختەکان دانیشت و چاوی بڕییە ئاسۆی مەنگ ودوور. من بەسەر شەقامەکەدا کەوتمە ڕێ. هەستمدەکرد پێم ڕێ داناگرێت ولەو دوورناکەومەوە. بەڵام دەشرۆییشتم. بەدەم ڕێوە بیرم دە کردەوە :چۆن بڕۆم و بۆ ئەو زەلامەی کە لەوێندەر دانیشتووە بسەلمێنم کە بەلای منەوە نرخێکی نییە؟ خێرا بڕۆم یان هێواش؟ ئەوەتا بەکاوەخۆ، بە فیکە ئاوازێک دەڵێتەوە کە لای من ئاشنایە... دەزانم ئەم ئاوازە خەمناک وتەوسامێزە بۆ کوێرێک دانراوە کە رووخساری سەردەستەی کوێرانی گرتووەتە ئەستۆ. بیرم کردەوە: بۆ

بەتایبەتی ئە ئاوازە دەڵێت؟ لێرەدا زانیم کە لەوساوە تووشی ئە کابرا چکۆلەیە بووم، ئیدی کەوتمە ناو بازنەیەکی تاریکی هەستی سەیرو نامۆوە. چاوەڕوانی گفتوگۆیەکی نادیارو ئاڵۆزی تەمومژ ئاسا، سێبەری بەسەرا کێشا بووم.وشەکانی ئەو شیعرانەم بیر خۆم هێنایەوە کە ئەم پیاوە بە فیکە دەیگوت:

ڕێنوێنی کێت پێدەکرێ

تۆ کە خۆت ڕێگا نازانی

ئاوڕم دایەوەو کەوتمە تەمەشاکردنی. ئانیشکێکی دادابووە سەر ئەژنۆی و سەری خستبووە نێو لەپی وسەیری منی دەکرد. فیکەی لێدەداو سمێڵە ڕەشەکەی لە ژێر تریفەی هەیڤە شەوەکەدا کە کەوتبوە سەر دەموچاوی، دەجولایەوە. هەستێکی خەمناک دایگرتم. بڕیارم دا بگەڕێمەوە.بە پەلە لێی نزیک کەوتمەوەو لە تەکیا دانیشتم. بێهەڵچوون، لێ بە گەرمییەوە وتم:- گوێ بگرە. بەسادەیی قسان دەکەین..

سەری لە قاندو وتی:- ئەم کارە بۆ خەڵکی پێویستە.

- هەستدەکەم تۆ هێزێکی ئەوتۆت تێدایە کە تەواو کاری لە من کردووە. پێدەچێ بخوازی شتێک بەمن بڵێی..ها؟

بەدەم پێکەنینێکی بەرزەوە وتی:- ئاخری زاتی بیستنت لە خۆتدا پەیدا کرد!!..

لێ ئەمجارەیان پێکەنینەکەی سازگارتر بوو بوو. تەنانەت تا ڕادەیەکیش جۆرە ئاوازێکی خۆشی بە گوێ دەگەیاند. پێم وت:- کەواتە بڵێ! ئەگەر دەتوانی بێپەردە قسان بکە.

- ئۆو، چاکە! بەڵام دەزانی ئەم پێچو پەناکردنە ،بەتایبەتی بۆ سەرنجڕاکێشانی تۆ پێویست بوو؟ وەک چۆن مرۆڤ گوێ بە شتانی ساردو بێتام نادا، بەهەمان شێوەش هێندە ئاوڕ لە بابەتی سادەو ڕوون ناداتەوە. چونکە ئێمە خۆمان ساردو بێگیانین،

گەرمی بەخشین و گیان خستنە بەری شتەکانیش بۆ ئێمە مەیسەر نییە. ئێستا وا دێتە بەرچاو کە ئێمەی شەیدای بینین وبیری جوان، بووین بە داواکاری خۆزی و ئارەزوو. چونکە ژیانێ کە ئێمە دروستمان کردووە بێ جوانییە، بێزارکەرو تاریکە!.ئەو ڕاستییەی کە زەمانێ بوو دەمانویست بە تاسەوە دروستی بکەین، ئێمەی تێکشکاندووە.. چ دەکرێ؟ لەگوینە(لەگینە، لەوانەیە) مرۆڤ بەزەبری خەیاڵ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە زەوی دووربکەوێتەوە، ئاسمان بخاتە ژێر باڵی فڕینەوەو سەرلەنوێ بڕوانێتە ئەو جێگاو پایەیەی کە لەدەستی داوە، نەوەسایە؟ چونکە مرۆڤ ئێستا چیدی سوڵتانی سەرزەوی نییە بەڵکو کۆیلەی ژیانە، بە هۆی سەردانەواندنەوە، ئەو حەقیقەتەی لەدەست خۆی داوە کە گەورەی خەلقەندەکانە. نەوەسایە؟ لەو حەقیقەتانەوە کە خۆی دروستیکردووە، دەگاتە ئەنجام و بەخۆی دەڵێ: ئەم یاسای گۆڕانە ناپەسندە! کاتێ کە پەیڕەوی ئەم یاسایە دەکات نازانێ کە بەربەستێکی لە ڕێگەی ئازادی ژیانی خۆی و لە ڕێگەی خەبات لە پێناوی ئەم مافەدا کە بتوانێ یاساو پەیڕەوە کۆنەکان تێک بشکێنێ و شتانی نوێ دابێنێ، داناوە .ئیدی ئەو خەبات ناکات ، بەڵکو تەنیا خۆی لەگەڵ ئەوەدا دەسازێنێ... دەبێ لە پێناوی چیدا خەبات بکات؟ ئەو ئامانجانەی کە ئینسان بتوانێ لە پێناویدا دەست بداتە کاری خەتەرو پڕ فیداکارییەوە کوان؟ لە کوێن؟ هەر لەبەر ئەمەیە کە ئینسان تا ئەم ڕادەیە بەدبەخت بووەو ژیانێکی پڕ لە کلۆڵی وکوێرەوەری دەگوزەرێنێ. هەر بۆیەش گیانی ئەفراندن لەودا تا ئەم ڕادەیە بێتواناو زەبوون بووە.. کۆمەڵێک کوێرانە لە هەوڵ وتەقەللای شتێکدان کە سروش بە رۆحیان ببەخشێت و باوەڕی خەڵکی بۆ ڕابکێشێت. زۆربەیان روو ناکەنە ئەو ئاڕاستەیەی کە هەموو شتێکی ئەبەدییە وخەڵکی یەکدەخات ئەو ئاراستەیەی خوای لێیە.. شتێکی بەڵگە نەویستە ئەوانەی لە ریگەی گەییشتنە حەقیقەتدا هەڵە دەکەن، لە نێو دەچن!. لێگەڕێ با لەنێو بچن. نابێ بەرهەڵستییان بکرێ . خەمخواردن بۆ ئەوان بێفایدەیە. خەڵکانی زۆر پەیدا دەبن! تەنیا ئەڵهاو ئارەزووی دۆزینەوەی خوا گرنگە، ئەگەر لە عالەمدا خەڵکانێ هەبن کە ئارەزووی خوایی باڵی بەسەرا کێشابن،

ئەوا خواش لەگەڵ ئەواندا دەبێ و گیانیان دەبەخشێت: ئەمەیە جەزبەی بێسنوور بەرەو ئاراستەی کەماڵ! نەوەسایە؟

وتم: - بەڵێ هوسایە..

هاودەمەکەم بە پێکەنینێکی چزودارەوە گوتی: - بەڵام تۆ زوو قاییل بوویت.

ئەوجا لە کاتێکدا کە چاوی بڕی بووە خاڵێکی دوور، بێدەنگییەکەیم بەلاوە دوورو درێژ بوو. بەکەم حەوسەڵییەوە هەناسەیەکم هەڵکێشا.. بێئەوەی چاو لە خاڵە دوورەکە وەگوێزێ، هەستی پێکردم وپرسی:- خوای تۆ کێیە؟

بەر لەم پرسیارە، قسەکانیم بەلاوە خۆش بوو، زۆر ئاسایی گوێم لێی ڕاگرتبوو. وەکو هەموو خەڵکانێکی خەیاڵمەند کەمێک خەمین دەهاتە بەرچاو. لە ڕۆحی منەوە نزیک بوو. لە قسەکانی حاڵی دەبووم و خەریک بوو سەرسامییەکەم دەرەوییەوە ، لەپڕ ئەم پرسیارەی کرد. پرسیارێکی قورس کە وەڵامدانەوەی بۆ خەڵکی هاوچەرخ،ئەگەر بە تەواوەتی ئاگاشی لە خۆبێ، لە زەحمەت بەدەر نییە. خوای من کێیە؟ بریا ئەمەم دەزانی.! ئەم پرسیارە تەزاندمی.. پێموایە هەر کەسێکی دیش بووایە لە جێی من، نەیدەتوانی نەپەشۆکێ وحازروەڵامی خۆی لە دەست نەدات!!.بەڵام ئەو چاوە زیتەڵەکانی بڕی بووە من. بەدەم زەردەخەنەوە چاوەڕێی وەڵام بوو.

- تۆ پتر لەو ماوەیەی کە بۆ وەڵامدانەوەی "ئینسانێک" پێویستە بێدەنگ بوویت. هەنووکە ئەم پرسیارەت لێدەکەم ڕەنگە بتوانی وەڵام بدەیتەوە: تۆ نووسەریت و هەزاران کەس بەرهەمەکانت دەخوێننەوە، بڵێ بزانم چ پەیامێکت پێیە بۆ خەڵکی؟ ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە کە هەقی ئەوەت هەیە شتێک فێری خەڵکی بکەیت؟

یەکەمین جاربوو لە ژیانما کە بەوردی دەمڕوانییە ناخی خۆم. با خەڵکی واتێنەگەن خۆم بەکەم یان بەبەرز دەگرم تا سەرنجیان بۆ لای خۆم ڕابکێشم. داوای سواڵ لە

گەدا ناکرێ. من گەلەک هەست وهیواو ئاواتم لە خۆمدا کەشف کردووە کە ئەوان ناوی چاکیی لێدەنەن. بەڵام هەستێک کە گشت ئەم ئەندێشەو خەیاڵە ڕۆشنانە لە یەک شوێندا کۆبکاتەوەو تەواوی دیاردەکانی ژیان بگرێتە خۆ، لە خۆمدا سۆراخ نەکردووە. هەستی بێزاری لە گیانمدا زۆرە، مینا(وەک) ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش تۆزە تیشکێکی هەس و جارجارێ دەبێت بە ئاگرێکی تووڕەو پڕغەزەب. بەڵام هێشتا هەر گومان و دوودڵی لە گیانی مندا پترە. هەندێ جاران ئەم دوو هەستە ئەقڵم دێننە لەرزین و بەجۆریدڵم دەگوشن کە ماوەیەکی زۆر ئاگام لە خۆ نامێنێ. حاڵم خراپ دەبێت و هیچ شتێک لە پێناوی ژیاندا نامبزوێنێ. دڵم بە ئەندازەیەک سارد دەبووەوە دەتگوت مردووە. بیرم خامۆش دەبوو. دەچووە خەو. مۆتەکەیەکی سامناک تین و تاوی لەبەر دەبڕیم. بەم تەرحە کوێرانە، کەڕوکاس، شەوو ڕۆژانی زۆرم بەسەر دەبرد. ئارەزووی چ شتێکم نییەو لە هیچ تێناگەم. وام دێتە بەرچاو کە ئیدی بوومە بە جەستەیەک وتەنیا لەبەر هۆیەکی نادیار بە خاک نەسپێردراوم. دەرککردنی درێژەدان بە ژیان لە جاران پتر ترس و لەرزی لەم چەشنە ژیانە لە لام توند دەکرد. چونکە لە مەرگدا هەم مانا کەمترەو هەم تاریکی زیاترە... مەرگ تەنانەت لەزەتی نەفرەتکردنیش لای ئینسان ناهێڵێ.

ئەرێ بەڕاست چ پەیامێکم بۆ خەڵکی پێیەو ئایا وەکو دەنوێنم وام؟ دکارم چی بە خەڵکی بڵێم؟ ئەوانەی کە لەمەوبەر کەسانێک دەیانگوت وهەمیشەش دەیڵێنەوەو گوێگریشیان هەیەو هەرگیزش خەڵکانێ لەوانەی هەن چاکتر دروست ناکەن؟ بەڵام ئایا هەقم هەیە ئەم ئامانج وچەمکانەی خۆم پێی پەروەردە بووم وزۆر جاریش کاریان پێناکەم، بە خەڵکی ڕابگەیەنم؟ ئەگەر ڕێگەیەکی جیا لەوانە هەڵبژێرم ئایا ئەمە ناگەیەنێ کە من باوەڕم بە حەقیقەتی ئەو باوەڕانە نییە کە لە "من"دا گەلاڵە بووە؟..کەواتە چ وەڵامێکی ئەم پیاوەی کە لە تەنیشتم و لە گەڵمدا دانیشتووە بدەمەوە؟ بەڵام ئەو هێندە

چاوەڕێی ژنەوتنی وەڵامی منی نەکرد. ماندووبوو. سەرلە نوێ دەستی بە قسان کردەوە:

- ئەگەر نەمدیتبا کە هێشتا شکۆخوازی تۆ توانای لە نێوبردنی لووتبەرزیتی پەیدا نەکردووە هەرگیز ئەم پرسیارانەم نەدەکرد. کە بێباکی و پیاوەتی ئەوەت هەیە گوێ لە قسەکانی من بگری، ئەو ئەنجامەم دەستگیر دەبێت کە تۆ خۆشەویستییەکی ئاقڵانەت بۆ خۆت هەیە. هەڵبەتە بۆ بەهێزکردنی ئەم خۆشەویستییە لە ئازاروکۆڤانی رۆحی بەدەرنیت، بۆیە من وەزعییەتی سەخت ودژواری تۆم لە بەرانبەر خۆمدا هاسان کردووە. بە جۆرێ لەگەڵتا دەدوێم کە کەمتەرخەمی نەک تاوانیار.

...عەیامەکی لە نێو ئێمەدا خەڵکانێک هەبوون کە پەیان بە هێماکانی ژیان ورۆحی ئینسان بردبوو. خەڵکانێک کە بەتاسەیەکی فراوانەوە، بە لەخۆبردنەوە بۆ خەملاندنی بوون تێدەکۆشان و بە باوەڕێکی قووڵەوە بە ئینسانەوە گرێ درابوون. کتێبیەلێکیان داناوە کە هەرگیز دەستی فەرامۆشی نایانگاتێ. چونکە حەقیقەتی نەمرو زندوویان تێدا چەسپاوە، چونکە جوانییەکی ئەبەدی لەسەر لاپەڕەکانیاندا دەدرەوشێتەوە، ئەو پەیکەرانەی لەم کتێبانەدا بەرجەستە کراون گیانیان کەوتووەتەبەر. هێزی ژیانیان تێگەڕاوە. لەم کتێبانەدا هەم دلێری وبێباکی و هەم رِق و توڕەیی دەبینرێ. عیشقی ڕاستەقینەو ئازادییان تێدایە. تاقە وشەیەکی زیادەیان تێدا نابینرێ. من دەزانم کە تۆ لەو سەرچاوانەوە سروشی رۆحی خۆت پاراوکردووە... بەڵام ڕەنگە رۆحی تۆ بە خراپی پەروەردە بووبێ. بۆیە باسی تۆ لەمەڕ عیشق وحەقیقەت دەستکردو ڕیاکارانەیە. وا دێتە بەرچاو وەختێ کە دەربارەی ئەم بابەتە دەدوێی گوشار لە خۆت دەکەی. تۆ وەکو مانگ بە ڕوناکی شتێکی دی تریفەت تێدەگەڕێت. ڕوناکییەکەت خەمامێزو نادیارە. سێبەری زۆر دروست دەکات. گەرمییەکەی زۆر توڕەهاتەو کەس گەرم ناکاتەوە. لە راستیدا تۆ لەوە گەداتری کە بتوانی شتێکی بەنرخ بە خەڵکی ببەخشیت. ئەوەش کە دەیبەخشیت نە لەبەر خاتری لەزەتێکی بێئەندازەیە کە ژیانی پێ

بە بیرو وشەی جوان بڕازێنیتەوە. بەڵکو زیاد لە هەموو شتێک بۆ ئەمەیە کە بوونی خۆت لای خەڵکی بەرزبکەیتەوە. بۆیە تۆ کە شتێک دەبەخشیت بۆ ئەوەیە تا لە پارسەنگی ئەوەدا پتر لە ژیان ولە خەڵکی بستێنی. تۆ لەوە گەداتری کە بتوانی دیارییەک پێشکەش بکەیت. سووخۆرێکی سادەیت، ئەزمونە ناچیزەکانت دەخەیتە بازاڕی فایدەی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی بەلای خۆتدا. کاتێ کە حەقیقەتەکان دەپشکنی، قەڵەمەکەت بڕێ وردە شتی ناچیزەی ژیان هەڵدەبژێرێ. لەوانەیە کاتێ کە وەسفی هەستە ئاساییەکانی خەڵکی سادە دەکەیت هەندێ سووکە حەقیقەت لە بیرو هۆشیاندا کەشف بکەی. بەڵام ئاخۆ ئەم توانایەت هەیە، هەرچەند بچووکیش بێ، کە بتوانی ئەو خەیاڵانە لە رۆحیاندا بێدار بکەیتەوە کە مایەی بەرزبوونەوەی رۆحیان بێت؟.. نا!.ئایا تۆ دڵنیایت کە ئەمە کارێکی بە سوودە کە لە نێو پۆخڵەوات و زبڵدانی ئاساییدا چینە بکەیت و نەتوانی جگە لە بڕێ حقیقەتی ناچیزەو سواو بدۆزیتەوە کە ئەوە بسەلمێنێ تەنیا بەشەر نزم و گەوج و بێئابڕووەو هەمیشە پاشکۆی مەرجی دەرەکی بووە، لاوازە، مایەی بەزەییەو تاق و تەنیایە؟ ئەگەرچی لەوانەشە ئێستا توانیبێتت ئەم بابەتەی پێبسەلمێنی! چونکە هەستدەکەم کە رۆحی ئەو ساردەو هزری خاوبووەتەوە... ئەمە کافییە! هێشتا خەیاڵاتەکانی خۆی لە کتێباندا دەبینێ و ئەم کتێبانە بە تایبەتی ئەگەر بە لێهاتووییەوە، ئەو لێهاتووییەی ناوی دەنێن (بەهرەو ئامادەیی) نووسرابنەوە، هەمیشە تا رادەیەک ئینسان دەخاتە دنیای خەوی موگناتیسییەوە. خوێنەر بەچاوی نووسەر دەڕوانێتە خۆی وکاتێ کە ناشیرینیی بێئەندازەی خۆی دەبینێ، ئیدی توانای چاکتربوون لە خۆیدا نادۆزێتەوە. ئایا تۆ دەتوانیت ئەم توانایەی بخەیتە بەردەست؟ چما تۆ دەتوانیت ئەم کارە بکەیت لە کاتێکا خۆت... بەڵام من ڕەحم بە تۆدا دەکەم. چونکە هەستدەکەم تۆ لە حاڵێکدا کە گوێ بۆ قسەکانی من شل دەکەیت لە بیری ئەوەدا نیت کە چ پاکانەیەک بۆ خۆت بکەی. بەڵێ!چونکە مامۆستایەکی ئابڕوومەند دەبێ هەمیشە قوتابییەکی وردبین بێت، ئێوە هەمووتان مامۆستای رۆژانەی ژیانی ئێمەن. زۆر زیاتر لەوەی بە خەڵکی دەدەی لێیان

وەردەگری. ئێوە هەمووتان  لەمەڕ کەموکووڕی قسان دەکەن وتەنیا کەم و کوڕییەکان دەبینن. بەڵام بەشەر دەبێ لایەنی چاکەشی هەبێت. مەگەر خۆت ئەوە نابینی؟ تۆ چ چاکەیەکت  بۆ ئەم خەڵکە ئاسایی و رۆژ رەشانە هەیە کە بەو چەشنە بەبێ ڕەحمی وێنەیان دەکێشیت و لە پێناوی زاڵبوونی چاکی بەسەر خەراپیدا خۆت بە پەیامبەرو ئامۆژگاری وان دەزانیت، خۆت بە ئاشکراکەری گوناحەکانی وان دەژمێریت؟ بەڵام ئایا سەرنجی ئەوەت داوە کە چاکەکەران و بەدکارانێ کە تۆ بەزۆر دروستت کردوون وەکو دوو کلافەی رەش وسپی ئالۆزکاو وایە. چونکە زۆر لە یەکەوە نزیکن. بوون بە خۆڵەمێش و ڕەنگی یەکدییان وەرگرتووە؟ دوو دڵم لەوەی کە تۆ هەڵبژاردەی خوا بی.. ئەو دەیتوانی زۆر لە تۆ بەهێزتر هەڵبژێرێ. دەیتوانی دڵی ئەوان بە ئاگری خۆشەویستیەکی لێوان لێوی ژیان ، حەقیقەت و خەڵکی هەڵبژێرێ. تا ئەوان لە تاریکی بووندا وەکو روناکی هێزو مەزنایەتی بدرەوشێنێتەوە.. بەڵام تۆ وەکو مەشخەڵی هێزی شەیتان دووکەڵ دەکەیت و دووکەڵی تۆ دەکەوێتە سەر بیرو گیانیان و بە ژەهری بێ متمانەیی ژەهراوییان دەکات ، بڵێ: چ شتێ فێری خەڵکی دەکەیت؟

هەناسە گەرمەکەی ئەم پیاوە گۆناکانمی بەسەر کردەوە. تەمەشای ئەوم نەدەکرد. چونکە دەترسام سەیری چاوەکانی بکەم. وشەکانی وەکو پشکۆی ئاگر بەسەر مێشکمدا دەتەقینەوەو دەیانڕەنجاندم.. نیگەران بووم .. دەمزانی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سادانە چەند زەحمەتە.. و چ وەڵامێکم نەدایەوە.

- چونکە من هەموو ئەو شتانەی تۆوکەسانی وەکو تۆ دەینووسن، بە وردی دەخوێنمەوە، لێت دەپرسم:

- بە چ مەبەستێک دەنووسیت؟ تۆش کە زۆر دەنووسیت.. ئایا حەزدەکەی هەستی چاکە لە خەڵکیدا بێدار بکەیتەوە؟ بەڵام بە زەبری وشەی ساردو سستەوە ناتوانیت ئەم کارە ئەنجام بدەیت. نا!.. تۆ نەک هەر ناتوانی شتی تازە بخەیتە سەر ژیان، بەڵکو شتە کۆنەکانیش بە لوولدراوی وپارچە پارچەیی و بە شێوەیەکی نا هەموار پێشکەش

دەکەیت. کاتێ کە ئینسان بەرهەمی ئێوە دەخوێنێتەوە جگە لەوەی شەرمەزارتان بکات چ شتێکی دیکە لە بەرهەمەکانتانەوە فێرنابێ. هەموو شتەکان ئاسایی وسواوە: خەڵکانی بودەڵە، بیر پوچەڵ، ڕووداو. کەواتە کەی دەتەوێ دەربارەی سەرگەردانی رۆح و پێویستی زندووکردنەوەی بدوێی ؟ ئەدی کوا جاڕدان بۆ گەشاندنەوەی ژیان، وانەکانی دلێری وئەو وشانەی چالاکی دەبەخشن و دەبنە سەرچاوەی سەرۆو ئیلهامی رۆح؟

... ڕەنگە بڵێی ژیان جگە لەم نموونانەی ئێمە دەیانخەینە ڕوو، ناخاتە بەر دەستمان. بەلاّم تۆ ئەمە مەڵێ ، چونکە ئەمە بۆ کەسێک کە خۆشبەختانە زاڵە بەسەر وشەدا زۆر نەنگ و شەرمە. خۆی لە خۆیدا داننانە بەلاوازی خۆ بەرانبەر بە ژیان... داننانە بەوەدا کە ناتوانێ لە ژیان باشتر بێ. ئەگەر لە ئاستی ژیاندا نەتوانیت بەزەبری ئەفراندن کۆمەڵێک نموونە کە لە ژیاندا نین و بۆ فێربوون پێویستن، دروستبکەی، کارەکەت چ نرخێکی دەبێت؟ چۆن ئەوە بە خۆت رەوادەبینی کە خۆت بە نووسەر بزانی؟ وەختێ هزرو سەرنجی مەردم بۆ ڕووداوە بێهوودەکان و لە ڕێگەی وێنە گرتنێکی چەپەڵی ژیانیانەو ڕادەکێشیت، بیربکەوە کە ئاخۆ زیان بە خەڵکی ناگەیەنی؟ دوودڵی ناوێ!.. دان بەوەدا بنێ کە ناتوانیت بە جۆرێ ژیان وێنە بگری کە ببێ بە مایەی شەرمەزارییەکی تۆڵەئامێز لە لای وان و کەڵکەڵەی دروستکردنی شێوەیەکی دیکەی بوونیان لە لا دروستبکات.. ئایا دەتوانی لێدانی دڵی ژیان خێراتر بکەی. ئایا دەتوانی وەکو خەڵکانی دی تۆش هێزو تینێکی بخەیتە بەر؟

هاودەمە سەیرەکەم هەڵوەستەیەکی کرد. بەبێدەنگی بیرم لە قسەکانی ئەو دەکردەوە:

– من لە دەوروبەری خۆمدا خەڵکانی ژیر زۆر دەبینم. بەلاّم خەڵکی ئابڕومەندیان زۆر کەم تیایە. ئەوانەش کە هەن ڕوحیان نەخۆش و بێزارە. نازانم بۆچی دەبینم هەمیشە ئینسان تا پاکتروخودان ڕۆحێکی پاکتر بێ ئەوەندە کەم هێزونەخۆشترەو ژیانی سەخت و دژوارە. لە ئەنجامدا هەربەشی تەنیایی و غەمە. بەلاّم بەهەمان ئەندازەی کە

خەمی ژیانێکی چاکتری لەلا زۆرە، توانای دروستکردنی ئەو ژیانەی لەلا کەمە. ئایا پاشکەوتووی و ژیانی پڕ لە کوێرەوەری ئەو لەبەر ئەمە نییە کە وەکو پێویست و لە جێی خۆیدا کۆمەکی پێنەکراە؟..

هاودەمە سەیرەکەم لەسەری ڕ ۆیی:

– لەمەش پتر ئایا دەتوانیت ئە خەندە چالاکیبەخشەی کە گیانی ئینسان دەنوێنێ بێدار بکەیتەوە؟ تەمەشاکە خەڵکی لە ناخی دڵەوە بە تەواوەتی خەندەو پێکەنینیان فەرامۆش کردووە. بەکەسەرەوە پێدەکەنن. بە پەستییەوە پێدەکەنن. زۆر جاران لە نێوان ڕوندکەوە پێدەکەنن. هەرگیز لە میانی ئەم پێکەنینانەوە دەنگی پێکەنینێک ناژنەوی کە بەتەواوەتی لە کانگای دڵەوە دەربچێت، پێکەنینێک کە سینەی تەمەنە گەورەکان بلەرزێنێ!.. باشە . پێکەنین مایەی سەلامەتی ڕۆحە... پێکەنین بۆ ئینسان پێویستە و یەکێکە لەو شتانەی کە لە گیانداری جیا دەکاتەوە. ئایا دەتوانی پێکەنینێکی دیکەی جگە لەم پێکەنینە گازاندەئامێزە، جگە لەم پێکەنینە پەستەی کە بە تۆ پێدەکەنن، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی بنیادەمێکی پێکەنین هێنەری ومایەی بەزەییت.، لە خەڵکیدا ڕابپەڕێنیت؟ هۆش وگۆشت کۆبکەوە. تەنیا لەسەر بناغەی ئەم دەستوورە گشتییە مافی ئامۆژگاریکردنت پێدەدرێ کە بتوانی هەستی ڕاستەقینەو ڕاستگۆیانەی خەڵکی بێدار بکەیتەوە. تا بتوانیت بە پشتیوانی ئەوەوە وەکو پیک هەندێ لە دەمامک و وێنەکانی ژیان تێک بدەیت و لە جێی ئەم ژیانە تەنگ و تاریکە ژیانێکی ئازادتر دروست بکەیت: تورەیی، کینە ، شەرمەزاری، نەفرەت وئەوجا نائومێدی تورەئامێزی نوێڵەکان کە دەتوانرێ بە یارمەتیانەوە  هەموو شتێک لە دنیادا تێک بشکێنرێ و لە نێو ببرێ. ئایا دەتوانیت ئەم چەشنە نوێڵانە دروست بکەی؟ دەتوانیت ئەوانە بخەیتە گەڕ؟ چونکە ئەگەر مافی ئەوە بەخۆت دەدەیت کە قسان لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت پێویستە یان نەفرەتێکی توندو تیژ بەرانبەر بە نەنگی و کەموکوڕییەکانیان نیشان بدەیت یان لە ناخی خۆتدا خۆشەویستییەکی مەزن سەبارەت بە ژان و دەردەکانیان هەست پێبکەی.

هەنووکە تاقە تیشکێک لەم هەستانە دەروونی ڕۆشن نەکردویتەوە، کەواتە بێفیز بەو بەرلەوەی چ قسەیەک بکەیت زۆر بیربکەرەوە..

دنیا تازە خەریک بوو ڕووناک دەبووەوە. بەڵام تاریکییەکی پتر لە جاران لە ڕۆحی مندا کەڵەکە دەبوو. بەڵام ئەم زەلامەی کە هەموو گۆشەیەکی رۆحی منی پشکنی بوو و لەلای ئاشکرا بوو، هێشتا قسانی دەکرد. هەندێ جاران ئەم بیرە باڵی بەسەردا دەکێشام:- ئاخۆ بنیاددەمە؟

بەڵام بە جۆرێ دڵبەندی قسەکانی بووبووم، نەمتوانی بیر لەم مەتەڵە بکەمەوە، سەرلەنوێ وشەکانی دەرزی ئاسا بە مێشکمدا دەچوونەوە.

- وێڕای ئەمەش ژیانی ئێمە ،بە پانی وقوڵی بەرین دەبێ. لێ گەشەکردنەکەی زۆر خاوە. چونکە تۆ تواناو دەسەڵاتی خێراکردنی بزووتنەوەی ژیانت نییە.. ژیان پەرەدەستێنێ و رۆژ بە رۆژ خەڵکی فێری پرسیارکردن دەبن. چ کەسێک وەڵامی ئەوان دەداتەوە؟ ئاشکرایە: ئێوەی حیلەکەران، ئێوەی داگیرکەری ناوی پێشەوایانی خەڵک! بەڵام ئایا تۆ خۆت ئەوەندە لە چەمکی ژیان تێدەگەیت کە بتوانی بۆ خەڵکانی دیکەی رۆشن بکەیتەوە؟ ئایا لەپێویستییەکانی زەمانی خۆت تێدەگەیت، پێشبینی ئایندە دەکەیت؟ بۆ بێدارکردنەوەی ئینسانێک کە لە ئەنجامی نزمی وپەستی ژیانەوە بۆنی تێگەڕاوە، روخاوە، دەتوانیت چی بڵێی؟ ئەو گیرۆدەی هەرەسی رۆحی بووە! خۆشەویستی بۆ ژیان زۆر کەم بووەو ئارەزووی ژیانی ماقوڵ و پیاوانەی لەلا کز بووە. دەیەوێت وەکو بەراز بژێ. گوێت لێیە؟ ئێستا کە باسی وشەی ئامانجی بۆ دەکەیت، بە تەوسەوە پێدەکەنێ: چونکە ئێدی ئینسان بووە بە مشتێ ئێسقان و گۆشت و پێستێکی ئەستوور داپۆشیوە.هاندەرو بزوێنەری ئەم ڕەش و رووتە ناشیرینانە رۆحیان نییە بەڵکو سوزە گەوجەکانیانە. پێویستیان بە ئاگادارکردنەوەو تیمارکردن هەیە. خێراکە تا لە ئینسانییەت نەکەوتوون یارمەتیان بدە با بژین. بەڵام تۆ چیت لە دەست دێ تا گیانی ژیانیان تیا بێداربکەیتەوە، لە کاتێکدا تەنیا شێوەن دەکەی،

دەناڵێنی، ئاخان هەڵدەکێشیت، بەبێ موبالاتی چۆنیەتی گەندەڵ بوونیان وێنە دەگریت؟ بۆنی بۆگەنی لە ژیانەوە دەگاتە کەپوو، دڵەکان لە ترسنۆکی و بەزیویدا ئاوساون، سستی و تەمەڵی ئەقڵی لەکار خستووە. دەستەکانی بە پەتێکی نەرم بەستووە.. تۆ لەم بێسەرو بەری و هەراو هەنگامەیەدا چی دێنی؟ تۆ چەند بچووک ،ومایەی بەزەییت!. چەند زۆرن وێنەی تۆ! خۆزی پیاوێکی مەردانەو دڵسۆز بە دڵێکی گەرم و مێشکێکی فراوانەوە پەیدا دەبوو، کە ئاگای لە هەموو شتەکان بووایە!. چ دەبوو ئەگەر لەم تەنگانەیەدا، لەم بێدەنگییەدا، گوتە پەڕجوو ئاساکانی بەرگوێ بکەوتایە و وەکو زەنگ رۆحی بێزراوی ئەم جەماوەرەی بهێنابوایە لەرزە..

دوای ئەم قسانە، ماوەیەک بێدەنگ بوو. من سەبرم نەکرد. نازانم کامیان پتر بەسەرمدا زاڵ بوو: ترس یان شەرمەزاری؟

پرسیارێکی ساردو سڕی ئەوم هاتە گوێ:- دەتوانی چم پێ بڵێی؟

وەڵامم دایەوە: هیچ.

سەرلە نوێ بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشاین.

- ئەدی هەنووکە دەتەوێ چۆن بژیت؟

- نازانم.

- دەتەوێ چ بڵێی؟

بێدەنگ بووم.

- چ کارێک لە بێدەنگی ئاقڵانەتر نییە!..

هەڵوەستەیەکی خەمناکی بۆ کرد. دوا بە دوای ئەوە سەدای پێکەنینی بەرزبووەوە .هێندە بە کوڵ پێدەکەنی دەتگوت ماوەیەکی زۆرە دەرفەتی ئەم چەشنە پێکەنینە

ئاساييەی بۆ نەڕەخساوە. بەڵام دڵی من لەم پێکەنینە نەحلەتییە کرمێ دەبوو. خوێنی هەڵدێنا.

– ها، ها، ها!. ئەمەتۆی مامۆستای ژیان؟ تۆیت کە بەم هاسانییە دەپەشۆکێی؟ وابزانم هەنووکە زانیت من کێم؟ ها؟ ها، ها، ها.. هەر یەکێک لەو لاوانەی کە وەکو تۆ بەپیری هاتونەتە دنیاوە، هەر کە تووشی من دەبوون، عەینی وەکو تۆ دەپەشۆکان و هەراسان دەبوون. ڕەنگە تەنیا ئەو کەسە بەرانبەر بە ویژدانی خۆی نەلەرزێ کە مەتاڵ و قەڵغانی درۆولاساری و بێشەرمی پۆشی بێ. توانای تۆ هێندە کەمە کە تاقە مستەکۆڵەیەک بەسە بۆ ڕوخاندنی!. قسان بکە! شتێ بڵێ کە لەبەردەم مندا تەبرێت بکات. ئەوەی وتم بیخە درۆوە. گیانت لە چنگی خەجاڵەت و ڕەنج ڕزگار بکە!. ئەگەر بۆ ماوەی چرکەیەکیش بووە بەهێزبە. باوەڕت بە خۆت بێ تا ئەوەی من دامە پاڵت بۆ خۆمی وەربگرمەوەو سەری ڕێزت بۆ دانەوێنم.. توانای رۆحی خۆت بنوێنە تا دان بە مامۆستایەتیتا بنێم!. من پێویستم بە مامۆستایە. چونکە ئینسانم. ژیانم لە تاریکیدا گوم کردووە، ڕێی ڕزگاربوون بەرەو روناکی، بەرەو حەقیقەت وجوانی بەرەو ژیانی نوێ دەپشکنم. ڕێگەم پێ نیشانبدە!. من ئینسانم ، کینەم بەسەردا ببارێنە. لێبدە، بەڵام لە بری ئەوە من لەم زەلکاوی ژیان فەرامۆشکردنە دەربێنە!. دەمەوێ باشتربم لەوەی کە هەم!. چی بکەم؟ فێرم بکە؟!

بیرم دەکردەوە: ئایا ئەنجامدانی ئەم داوایانەی ئەم کابرایە بە من دەکرێ؟ ژیان خامۆش دەبێ، تاریکی گومان و دوودڵی باڵ بەسەر بیری مەردمدا دەکێشێت. پێویستە ڕێگەی رزگاری بدۆزرێتەوە. کامەیە ڕێگە؟ من تەنیا یەک ریگە دەبینم. نابێ بۆ خۆشبەختی کۆشش بکرێ. چ پێویستییەک بە خۆشبەختی نییە!. مانای ژیان لە خۆشبەختیدا نییە. لەخۆرازی بوون ئینسان رازی ناکات. چونکە بێگومان پلەی ئینسان گەلەک لەمانە بالاترە.

چەمکی راستەقینەی ژیان لە جوانی و هێزی هەوڵدانە بەرەو ئامانج، وبوون پێویستە لە هەر ساتێکدا ئامانجێکی گەلەک بەرزی هەبێ. ئەم کارە لەگوینە، بەڵام نەک لە چوارچێوەیەکی کۆن وداوەشیودا کە هەموو شتێکی تا ئەم ڕاەیە تێدا تەسک بووەتەوە، ئازادی رۆح وفیکری ئینسان کەوتووەتە ئاستەنگ و تەنگانەوە..

سەرلەنوێ پێکەنی، بەڵام ئەمجارەیان زۆر بە ئارامی، وەکو پێکەنینی کەسێک کە بیر بەسەر سۆزەکانیا زاڵ بووبێ.

- چ خەڵکانێکی زۆر لە دنیادا هەبوون!و چەند بەرهەمی کەمیان بە یادگار لە دووی خۆ بەجێ هێشتووە!. بۆ دەبێ وابێ "بەڵام ئێمە نەفرەت بۆ ڕابردوو دەنێرین، چونکە حەسوودیمان بەرانبەر بە خۆی دەبزوێنێ، چونکە ئەمڕۆکە خەڵکانێ کە لە دوای مەرگی خۆیان بەرهەمی بە نرخیان بەجێهێشتووە نین. ئینسان خەوی لێدەکەوێت.. کەسیش خەبەری ناکاتەوە. دەخەوێ ودەبێ بە حەیوان. بۆیە پێویستی بە قامچی و لاوانەوەی بەسۆزو پڕ لە خۆشەویستی هەیە. ترست لە لێدانی نەبێ. چونکە ئەگەر تۆ لە ڕووی خۆشەویستییەوە لێی بدەیت لە مانای لێدانەکانت حاڵی دەبێتو بە سینگێکی فراوانەوە قەبوڵی دەکات. کاتێکیش کە هەستی بە دەردەکانی خۆی کردو خەجاڵەت بوو، ئەوسا بە گەرمی بیلاوێنە ئیدی بۆ خۆی گیانی وەبەر دەکەوێتەوە... خەڵکی هێشتا مندالن. هەرچەندە برێ جاران بە گوناحکاری و پیسی فیکری خۆیان دووچاری سەرسامیمان دەکەن، بەڵام هەمیشە پێویستیان بە خۆشەویستی و هەوڵی بەردەوام هەیە تا خۆراکی پاک و تازەی رۆحییان پێ ببەخشرێ... ئایا دەتوانیت خەڵکیت خۆش بوێ؟

بە دوودڵییەو پرسیارەکەی ئەوم دووبارە کردەوە:

- خەڵکیم خۆشبوێ؟ لە راستیدا خۆیشم نازانم ئاخۆ خەڵکیم خۆشگەرەکە یان نا!.. دەبێ دڵسۆزو ڕاستگۆبم! نازانم. کێ دەتوانێ بە خۆی بڵێ: بەڵێ من خەڵکیم خۆش

گەرەکە! ئینسانێک کە بەوردی بروانێتە دەروونی خۆی، بەر لەوەی وەڵام بداتەوەو بڵێ "خۆشم گەرەکن" ماوەیەک بیر لەم پرسیارە دەکاتەوە. هەمووان دەزانن کە نزیکەکانی ئێمە چەندین فرسەخ لێمانەوە دوورن.

– بزانم بێدەنگ بوویت؟ قەیدی نییە، بێئەوەی تۆ قسان بکەیت لە مەبەستت حاڵی دەبم... ودەڕۆم.

بەئەسپایی پرسیم: هەروا زوو.

چونکە تا رادەیەکی ئەوتۆ کەوتبوومە دڵتەنگی و تەنیاییەوە وەک ئەوەی ئەو لەوێ نەبێ.

– بەڵێ دەڕۆم. بەڵام جارەکی دی بۆ لات دێمەوە. چاوەڕوان بە.

وڕۆیی. چۆن چۆنی ڕۆیی؟ ئاگام لێنەبوو. بەپەلەو بەبێ خشپە ڕۆیی. وەک ئەوەی سێبەرێ بووبێ، لەپڕ ون بوو...ونەما..

من ماوەیەکی دیش لەسەر تەختی ناو باخەکە دانیشتم. هەستم بەسەرمای دەرەوە نەدەکرد وئاگام لێنەبوو کە خۆرهەڵاتووەو تیشکەکەی بەسەر لق وپۆی سەهۆڵگرتووی درەختەکانەوە دەدرەوشێتەوە. بینینی ڕۆژی روناک وهەتاوێ کە وەکو هەمیشە بەبێ مەبالاتی دەبریسکایەوەو تەماشاکردنی ئەم زەوییە کۆن و پیرەی کە تەنکە بەفرێک داپۆشی بوو ولەژێر تیشکی خۆرەکەدا دەبریقایەوە، بەلامەوە زۆر جوان و دڵڕفێن بوو..

سەرچاوە:هدف ادبیات، ترجمە:م.ها، شفیعیها،تهران، ١٣٣٠

## دایک و فەرزەند

چەند بتوانی و بتەوێ داستان و چیرۆکان سەبارەت بە دایکان بێژی هێژ هەر کەمەو نایەتە تەواو بوون. چەند هەفتەیەک بوو کە دژمنان تەنگیان بەشار هەڵچنی بوو، ئەڵقاوئەڵق گەمارۆیان دابوو. هەموو پەیت وتەیار، چەک وتەدارەکیان لە خۆ دابوو. شەوان بڵێسەی ئاگر بەرزدەبووەوە، دەتگوت کۆمەڵە چاوێکی سووری بێئەندازە، لە نێو تاریکی شەوەوە دەڕوانێتە دیوارەکانی شار. لەو چاوانەوە گڕی خۆشحاڵی دەباری

و مەشخەڵی شادی هەڵدەستاو ئەو سۆزو گودازە هەرەشە ئامێزە، بیری ئاڵۆزو تاریکی لە نێو شاری ئابلۆقە دراودا چێدەکرد. لەسەر دیوارەکانەوە دەیانبینی کە گەمارۆی دژمنان بەردەوام تەنگتر دەبوو، سێبەرەکانیان لە دەورو بەری ئاگرەکانەوە دیاربوو. حیلەی ئەسپە تێرو قەڵەوەکانیان دەبیسترا. تەق وهۆری چەکەکانیان و قاقای پێکەنینیان دەهاتە گوێ، سەدای ئاوازی کەسانێ کە متمانەیان بەسەرکەوتنی خۆیان هەبوو، بەرزدەبووەوە. ئاخۆ چ شتێک لە پێکەنین وئاوازی دژمن ناخۆشتربێ؟ دوژمنان تەواوی ئەو روبارو سەرچاوانەیان گرتبوو کە دەهاتنە نێو شارەوە. رەزەکانی دەوروبەری شورای شاریان خڕ سووتاندبوو، کێڵگەکانیان پاک پێشێل کردبوو. درەختی باخەکانیان لە بنڕا بڕی بوو. شار لە گشت لاوە وازو بێپارێزەر بوو. هەموو رۆژێک تۆپ و تفاقی جەنگی دوژمنان وەکو ڕێژنەی ئاگرو ئاسن بەسەر شاردا دەباری. سەربازانی برسی کە لە جەنگ وەرس بوو بوون، بەچارەی گرژو رووی مۆنەوە بە کۆڵانە تەنگەکانی شاردا دەسوڕانەوە. سەدای ناڵەی زامداران، هاوارو فریاد،نزاو نزولەی ژنان وگریەو کڕوزانەوەی منداڵان لە پەنجەرەکانەوە دەبیسترا.هەموو بەترس وبەچپەوە قسانیان دەکرد. لە کاتی گفتوگۆدا قسەی یەکدییان دەبڕی وبەوردی گوێیان هەڵدەخست کە ئاخۆ دژمن دەستی بە هێرش کردووە. بەتایبەتی لە هەوەڵی شەودا ژیان گەلەک دژوار دەبوو. چونکە وەختێ کە سێبەری شین ورەش لە نێو کێوەکانەوە دەهاتە دەرێ و ئۆردووگای دژمنی دادەپۆشی وبەرەو دیوارە نیمچە وێرانەکانی شار دەهات و مانگ وەکو قەلغانێک کە لە مەیدانی جەنگدا کەوتبێ و بەزەبری شیر لەت و پەت کرابێ، لەسەر لوتکەی چیاکانەوە دەردەکەوت، کە لەسایەی بێدەنگی و تاریکیدا، ناڵەی شیوەن پترو ئاشکراتر دەهاتە گوێ.

ئەو خەڵکەی کەشەکەتی دەستی داماوی و برسێتی بوون و چاوەروانی هیچ جۆرە کۆمەکێک نەبوون، رۆژ بەرۆژ پتر نائومێد دەبوون. خەڵکی بەترسەوە دەیانروانییە ئەو مانگە، لوتکەی قووچی چیاکان، زاری داپچڕاوورەشی دۆڵەکان و ئۆردووگای پڕو

قەرەباڵغی دژمنان، تەواوی ئەم شتانە مەرگ و کارەساتیان لەبەرچاوی خەڵکەکە بەرجەستە دەکرد. چ ئەستێرەیەکی ئومێدیش بۆ دڵدانەوەیان نەدەدرەوشایەوە. دەترسان لە ماڵەکاندا چرا هەڵبکەن. تاریکییەکی رەش و چڕ باڵی بەسەر کۆڵانەکاندا کێشابوو. لەناوجەرگەی ئەو تاریکییەوە ژنێکی سەراپا رەش وەکو ماسییەک کە لە قوڵایی روبارێکدا مەلە بکات بە نیگەرانی بە کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوە. خەڵکی وەختێ کە دەیانبینی لە یەکتریان دەپرسی:- ئەوە؟

- ئەوە!

ئەوسا دەسبەجێ لە پەناو پەسێرەکاندا ون دەبوون. یان سەریان دادەخست و بە کڕی بەلایا رەت دەبوون. فەرماندەی نیگابان و پاسەوانەکانیش بە ڕەقی پێیان دەگوت:

- ماریانا خانم دیسان کەوتیتەوە نێو کۆڵانەکان؟ ئاگات لە خۆبێ لەوانەیە بتکوژن. خۆ کەسیش تاقیبی بکوژەکەت ناکات...

ژنەکە پشتی راست دەکردەوە. هەڵوەستەیەکی دەکرد. دەستە پاسەوانەکان بە تەنیشتیا رەت دەبوون وزاتیان نەدەکرد، یا پێیان نەنگ بوو دەست لە رووی هەڵبێننەوە. خەڵکانی چەکدار بەشێوەیەک پارێزیان لێدەکرد دەتگوت لاشەیەکی مردووەو، ئەویش لە تاریکییەکەدا دەمایەوە، بەئارامی و بەتاقی تەنیا خۆی دەدایە دەم هەنگاوەوە.مات وبێدەنگ وەکو هێمای گشت نەگبەتییەکانی شار بێ، لەکۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێکی تر دەرۆیی. لە هەر چوار نکالیشەوە سەدای خەمناکی ناڵە، شیوەن، نزاو پاڕانەوەو گفت وگۆی خەمباری سەربازانی گرژو مۆن کە تەواو ئومێدبڕ بوو بوون، تاقیبیان دەکرد، وەکو سێبەر لە دووی دەکشانو سەریان دەژەنییە جەرگی. ئەو ژنە کە هەم دایک بوو هەم ئەندامێکی وڵات بوو، بیرێکی لای کوڕەکەی و بیرێکی لای نیشتمانەکەی بوو: کوڕە لاوچاک وچالاکەکەی، لێ بێبەزەییەکەی ئەو ، سەرکردایەتی خەڵکانێکی دەکرد کە شاریان وێران دەکرد. تاکو ماوەیەک لەوەوپێش دایکی بەشانازییەوە تەماشای

دەکرد، وای حسێب دەکرد کە دیارییەکی گرانبەهایەو بۆ وڵاتی بە بەرهێناوە، بەو هێزە چاکەی دەزانی کە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی شارەکە پەروەردەی کردبوو. ئەو شارە هێلانەیەک بوو کە هەم خۆی تیایا هاتبووە دنیاوە، هەم جگەرگۆشەکەشی لەوێدا پەروەردە کردبوو. سەدان داوی نەبینراو دڵی دایکەکەی بە کۆنە بەردەکانەوە، ئەو کۆنە بەردانەی کە باپیرانی خانوو وبەرەی خۆیان لێ دروست کردبوو، شورەی شاریان لێدروست کردبوو، بەو خاکەوە کە ئێسک و پروسکی خزمانی هاوخوێنی ئەو بەلایلایەی ئەفسوناوی وشیعرو ئومێدەوە تێیدا نووستبوون، گرێی دابوو. ئیستا ئەو دڵەی کە نزیکترین و خۆشەویستترین کەسی لەدەست دابوو ،گەواهی دەدا: ئەو دڵە وەکو تەرازوویەک بوو، بەڵام کاتێ خۆشەویستی خۆی دەرهەق بە کوڕەکەی و سەبارەت بە زێدەکەی بەو تەرازووە کێشانە دەکرد، نەیدەتوانی بزانێت کام تایان قورسترەو کامیان سوکترە؟

بەم شێوەیە شەوان لە کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوەو ئەو کەسانەی کە نایانناسی دووچاری ترس دەبوون. پەیکەری رەشیان بە دیمەنێکی ئەو مەرگە لە قەڵەم دەدا کە لەهەموویان نزیک بوو بووەوە. ئەگەر بشیان ناسیبا- ئەوا بەکرِی لە دایکی تاوانبار دوور دەکەوتنەوە.

شەوێک ئەم دایکە لە سووچێکی دوورو تاریکا نزیکی شورەی شار لەگەڵ ژنێکی دیدا روو بە روو بووەوە: ئەو ژنە بە بێ جووڵە وەکو پارچەیەک لە زەوی بەدیار لاشەیەکەوە چۆکی دادابوو. رووی خەمناکی کردبووە ئەستێران ونزای دەکرد. لەسەر شورەکەوەو بە دیار سەری ئەوەوە پاسەوانەکان بە ئەسپایی دەدوان، کە چەکەکانیان بەر دیوارەکە دەکەوت دەنگی دەدایەوە.

دایکی تاوانبار پرسی: – مێردتە؟

– نە.

- براته؟

- کوڕمە. مێردەکەم سیازدە ڕۆژ بەر لە ئێستا کوژرا، ئەمیش ئەمڕۆ.

ئەوجا دایکی کوژراوەکە هەستایە سەر پێ و بەرەزامەندی و شوکرانەوە گوتی:

- پاکیزەی پیرۆز هەموو شتێک دەبینێ و گشت شتێک دەزانێ و زۆری لێ مەمنوونم!

دایکەکە پرسی:- لەبەرچی؟

ژنەکە وەڵامی دایەوە:- ئێستا کە لە جەنگی بەرگری لە نیشتمان کوژراوە، دەتوانم بە ئاسودەییەوە بڵێم کە زۆری لێ دەترسام: کە منداڵ بوو زۆری حەز لە ژیانی رەحەت و خۆش بوو، منیش دەترسام لەبەر ئەمە ئەویش خیانەت لە شارەکەمان بکات و وەکو کوڕەکەی ماریانا ببێ بە دژمنی خەڵک وخوا و سەرکردایەتی دژمنان بکات، نەفرەت لەو و لەو هەناوەش کە ئەوی هێنایە دنیاوەو پەروەردەی کرد!..

ماریانا رووی خۆی داپۆشی و دوورکەوتەوە. بەڵام سبەینێ بەیانی زوو هاتە لای جەنگاوەرانی شاروگوتی:

- چونکە کوڕەکەم بووە بە دژمنتان، یا بمکوژن یا دەروازەی شارم لێوەکەن تا منیش بڕۆم بۆ لای ئەو..

وەڵامیان دایەوە:

- تۆ ئینسانیت و پێویستە نیشتمانەکەت لا خۆشەویست بێ، کوڕەکەی تۆ وەک چۆن دژمنی هەر یەکێک لە ئێمەیە ،دژمنی تۆشە.

- من دایکم دایک. ئەوم خۆشەوێ و خۆم بە گوناهبار دەزانم کە ئەو وادەرچووە!..

ئەوجا کەوتنە راوێژو تەگبیر کە چیبکەن. بڕیاریانداو گوتیان:

- ئابڕو ڕێمان نادات بە تاوانی کوڕەکەت بتکوژین. ئێمە دەزانین کە تۆ بەم گوناحە مەزنە گۆشت نەکردووەو هەستدەکەین کە چەندە نیگەرانی. بەڵام تۆ وەکو بارمتەش بۆ شار پێویست نیت- کوڕەکەی تۆ هەرگیز خەمی تۆ ناخوات، ئێمە پێمان وایە کە ئەو ئەهریمەنە بە تەواوی تۆی فەرامۆش کردووە- خۆ ئەگەر پێت وایە شایەنی سزایت ئەوا ئەم سزایەت بەسە! بەلای ئێمەوە ئەم سزایە لە مەرگیش قورسترە!

دایکەکە گوتی:-بەڵێ! ئەم سزایە بەسامترە!

دەروازەکەیان بۆ کردەوەو لەشار دەرچوو، بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر شورەکەوە تەمەشایانکرد، کە چۆن بەسەر خاکی پیرۆزی زێدی خۆیدا، ئەو خاکەی کە کوڕەکەی بە خوێنی خەڵکی پاراوی کردبوو، دەڕۆیی: بە هێمنی هەنگاوی دەنا. بە زەحمەتێکی زۆرەوە پێی لەو خاکە بەرزدەکردەوە، کڕنۆشی بۆ جەستەی بەرگریکارانی شار دەبرد. بە نەفرەتەوەو بە نوکە پێیان چەکە شکاوەکانی دوور دەخستەوە- دایکان گەلەک لە چەکی هەڵمەت و پەلامار بێزارو وەڕسن، تەنیا چەکێک پەسند دەکەن و بە ڕەوای دەزانن کە بۆ بەرگری لە ژیان پێویستە.

دەتگوت لەژێر باڵاپۆشە رەشە هاودامانەکەیەوە جامێ ئاوی هەڵگرتووەو دەترسێ بیرێژێت. تا دوورتردەکەوتەوە بچووکتر دەینواند. ئەو کەسانەی کە لەسەر شورەکانەوە تەمەشایان دەکرد، وایان دەهاتە بەرچاو کە لەگەڵ تارمایی ئەودا هەرچی بێزاری وخەم ونائومێدی هەیە یەخەی ئەمان بەردەدەن ودووردەکەونەوە. تەمەشایانکرد لە نیوەی رێگادا وەستا، کڵاوی پاڵتۆکەی لەسەر سەری لاداو ماوەیەکی زۆر ڕوانییە شار، لێ لەوێشەوە، لە ئۆردووگای دژمنیشەوە بەدییان کردبوو کە بەتاقی تەنێ لە ناوەندی ئەو دەشتەدا وێستابووو، کۆمەڵە تارماییەکی رەشی خۆی ئاسایی، بە کاوەخۆو بە سڵکردنەوە لێی نزیک دەبوونەوە. نزیک بوونەوەو پرسییان:
- کێی، بۆ کوێ دەڕۆیت؟

دایکەکە گوتی:- سەرداری ئەنگۆ کوڕی منە.

هیچ یەکێک لە سەربازەکان گومانیان لە دروستی قسەکەی نەکرد. شانبەشانی ئەو کەوتنە ڕێ، ستایشیان دەکرد کە کوڕەکەی یەکجار ژیروئازایە، دایکەکەش بە غروورەوە سەری بەرزدەکردەوەو گوێی لە قسەکانیان دەگرت وبەلایەوە سەیر نەبوو.

- رۆڵەی ئەو دەبێ وابێ!

ئەنجام لە بەرانبەر کەسێکدا گیرسایەوە کە نۆ مانگ بەر لە دایکبوونی دەیناسی. لە بەرانبەر ئەو کەسەدا بوو کە هەمیشە بە پارچەیەک لە جگەری خۆی دەزانی. سەراپای مەخمەل وئاوریشم بوو. چەکەکەی گەوهەر ڕێژ بوو. هەموو شتێک بەوشێوەیە بوو کە دەبووایە وابووایە. دایکی چەندین جار لە خەوندا بەو شێوەیەو بە دەوڵەمەندی و نێوداری بینی بووی، دەستی دایکی ماچ دەکات و دەڵێت:

- دایکە تۆ بۆلای من هاتیت، ئێژی هەستت بە نیازی من کردووە، لە سبەینێ زووتر نییە کە ئەم شارە نەفرەت لێکراوە دەگرم!

دایکی گوتی:-ئەو شارەی کە تیایا لە دایک بوویت.

کوڕە لاوەکەی، کە مەستی ئازایەتی و شەیدای نێو وشۆرەت بوو، بەگەرم و گوڕی و فیزی لاوانەوە دەیگوت:

- من لە دنیادا وبۆ دنیا لە دایک بووم، تا غەرقی سەرسامی بکەم! من لەبەر خاتری تۆ رەحمم بەم شارەدا دەکرد- ئەم شارە وەکو دڕکێک لە ژێر پێی من چەقیوەو بەرهەڵستی ئەوەیە کە وەکو چۆن خۆم دەمەوێ بە پەلە بەرەو جیهانی شۆرەت و سەربڵندی بڕۆم. بەڵام ئێستا- سبەینێ- ئەم لانەی سەرکێشانە تەفرو توونا دەکەم!

دایکەکە گوتی:- ئەو لانەیەی کە دارو بەردی لە منداڵییەوە تۆ دەناسێت.

- ئەو بەردانە مادام مرۆڤ نەتوانێ بیانهێنێتە زمان، لاڵن- گوێ لە چیاو کێوەکان بگرە کە دەربارەی من بدوێن، من ئەمەم گەرەکە!

دایکەکە پرسی:- ئەی سەبارەت بە خەڵک چ دەڵێیت؟

- ئاە!بەڵێ من ئەوانم لەبیرە دایکە! ئەوانیش بۆ من پێویستن، چونکە دلێرو قارەمانان تەنیا لە یادگەی ئەوانا نەمر دەبن!

دایکەکە گوتی:- قارەمان ئەوکەسەیە وێڕای مەرگ، ژیان دروست بکات، ئەو کەسەیە کە بەگژ مەرگدا دەچێت..

ئەو وەڵامی دایەوە:-نـــــــا! وێرانکەرانیش، وەکو دامەزرێنەرانی شاران نێودارو سەربەرزن، تەمەشاکە- ئێمە نازانین کە شاری رۆم، رمولۆس دروستی کردووە یان کەسێکی دیکە، بەڵام ناوی ئالاریخ و گشت ئەو دلێرانەی کە ئەو شارەیان وێران کردووە، بە دروستی مەعلومن..

دایکەکە دیسان بیری خستەوە:

- ئەو شارەی کە نەمرەو ئەو دلێرانەی کە چ ئاسەوارێکیان نییە.

بەمجۆرە تا خۆراوا لەگەڵ دایکیا قسەی کرد، ئیدی دایکی بەدەگمەن قسە شێتانەکانی ئەوی دەبڕی و سەری بەرزی هەردەم پتر بەسەر سینگیدا شۆڕ دەبووەوە.

دایک رۆڵە دێنێتە بەرو گیان دەبەخشێت، -دایک شەونخوونی دەکات و ئێشک دەگرێت، باسی وێرانکاری و روخاندن لای دایک وەکو دژمنایەتی کردنی ئەو وایە. کوڕەلاوەکە ئەمەی نەدەزانی و بە پێچەوانەی بۆچوونی دایکەوە بۆ مەرگ، رەفتاری دەکرد.

دایک هەمیشە دژمنی مەرگە، دایک هەمیشە نەفرەت لەو دەستە دەکات کە رووی کاروانی مەرگ دەکاتە ماڵی خەڵکی وهەمیشە دژمنایەتی ئەو دەستە دەکات. کوڕەکەی ئەو ئەمەی نەدەبینی، خولیای سەردی شۆرەت ونێوبانگ کە دڵی کرمێ دەکرد، کوێری کردبوو. هەروەها نەیدەزانی کە دایک- کاتێ منداڵی دەبێ و پارێزگاری لێدەکات، کاتێ دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی مەترسییەوە -دڕندە-یەکی یەجگار زیرەک و بێڕەحم و بێباکە.

دایکەکە بە کزییەوە دانیشتبوو، لە ژێر خێوەتی سەرداڕەوە تەمەشای ئەوشارەی دەکرد کە تیایدا یەکەمین موچوڕکەی شیرین و لەزەتبەخشی پێدا هات و ئەنجامەکەی ئەم کوڕە بوو، ئەم کوڕەی کە ئێستا نیازی وێرانکردنی ئەو شارەی هەیە. تیشکی خوێناوی خۆر لە بورج و شورەی شاری دەدا. شووشەی پەنجەرەکان بە شومی دەبریسکانەوە، دەتگوت هەموو شار بریندار بووەو شیلەی سووری ژیان لە سەدان برینییەوە دەچۆڕایەوە. کات تێدەپەڕی، شار وردە وردە ڕەش هەڵدەگەڕا، دەتگوت لاشەی مردوویەکی بەجێماوە، ئەستێران دەرکەوتن وەک ئەو شەمالکانە(مۆمی بچووک) دەیاننواند کە دەورو بەری تەرمێک روناک دەکەنەوە.

نیگای دایکەکە خۆی بە ژوور بە ژووری ماڵە تاریکەکاندا دەکرد. ئەو ماڵانەی کە خەڵکی شار نەدەوێران چرایان تیا داگیرسێنن و ئاگریان تیا بکەنەوە، نەبادا سەرنجی دژمنان راکێشن، نیگاکانی تا ئەوپەڕی کۆڵانە تاریکەکان بڕی دەکرد، ئەو کۆڵانانەی کە بۆنی تەرم پڕی کردبوون وسەڵای گریەو زاری ئەو خەڵکەی کە چاوەڕێی مەرگ بوون تیایدا دەبیسترا- ئەو هەموو کەس و گشت شتێکی دەبینی. تەواوی ئەو شتانەی کە بۆ ئەو کەوی وئاشناو پیرۆز بوون، نزیک بوو بوونەوە، دەتگوت هەموو بە ماتی و بێدەنگییەوە بەرانبەری راوەستا بوون و چاوەڕێی بڕیاری ئەو بوون، دایکەکە وای هەستدەکرد کە دایکی گشت خەڵکەکەو دایکی شارەکەی خۆیەتی.

لە لوتکەی سەربەتەمی چیاکانەوە هەوران وەکو ئەسپی باڵدار بەرەو پێدەشتەکە دەهاتن وبەرەو شاری ئابلوقەدراو دەفڕین. کوڕەکەی دەیگوت:

- ئەگەر شەو بەئەندازەی پێویست تاریک بێ، رەنگە هەر ئەمشەو بەسەر شارا بدەین! کاتێ کە تیشکی هەتاو لە چاوی مرۆڤ دەدات، بریسکەی چەک بەرچاوی دەگرێت و لەم دەمانەدا شمشێر بەچاکی مەبەست ناپێکێ .

بەدەم ئەم قسانەشەوە دەیڕوانییە شمشێرەکەی.

دایکەکە پێی گوت:- وەرە ئێرە ، سەرت بخە سەر سینگم، پشوویەک بدەو وەبیری خۆتی بێنەوە کە لە سەردەمی منداڵیدا تۆ چەند دلۆڤان و چالاک بوویت و خەڵکەکە چەندیان خۆشدەویستی.

لاوەکە بە گوێی دایکی کرد. سەری خستەسەر ڕانی دایکی. راکشاو بە چاوی نوقاوەوە گوتی:- من تەنیا شۆرەت و تۆم خۆشدەوێ- تۆشم بۆیە خۆشدەوێ کە بەم شێوەیەت هێنام. دایکەکە بە رووی گرژەوە پرسی:- ئەدی ژنان؟

- ژنان یەجگار زۆرن و پیاو زوو لێیان بێزار دەبێ.

دایکەکە دوا پرسیاری لێکرد:- تۆ حەزناکەی منالّت ببن؟

- بۆچی؟ بۆوەی بیانکوژن؟ یەکێکی وەکو من بیانکوژێت و من گیرۆدەی خەم و خەفەت ببم و ئەوساکە ئیدی من پیرو بێ توانا بووبم و نەتوانم تۆڵەیان بستێنم.

دایکەکە ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:-تۆ وەکو بریسکی داگیرساو جوانی بەڵام بیبەری.

بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:- بەڵێ وەکو بریسکی داگیرساو...و ئەوجا وەکو منداڵ بەسەر سینگی دایکییەوە خەوی لێکەوت. دایکەکە باڵاپۆشە رەشەکەی بەسەر کوڕەکەیدا داو لە ژێریا شاردییەوە. کێردێکی بڕندەی بە دڵی کوڕەکەیدا کرد، ئەویش

تەکانێکی داو دەم و دست گیانی سپارد- ئاخر دایک زۆر چاک دەزانێت کە دڵی ڕۆڵەکەی لە کوێوە لێدەدا. ئەوجا لاشەی بێگیانی کوڕەکەی توڕدایە بەر پێی پاسەوانە سەرسامەکان ورووی کردە شارو گوتی:- ئەوەی لە توانامدا بوو بۆ نیشتمانەکەمم کرد، بەڵام من وەکو دایک: لەگەڵ ڕۆڵەکەمدا دەمێنمەوە! ئیدی وەختی ئەوە بەسەر چووە کە من ڕۆڵەیەکی دی بێنم، مانەوەی منیش بۆ هیچ کەسێک پێویست نییە.

ئەوجا بەدەستێکی بەهێزەوە ، هەمان کێردی کە هێشتا بە خوێنی کورەکەی- واتە بەخوێنی خۆی- گەرم بوو ، بە سینگی خۆیدا کردو دەقاو دەق بەردڵی کەوت- وەختێ دڵ بە کول وکۆڤان بێ، بەئاسانی دێتە پێکان.

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامونزێباری، با زەوان عەبدولکەریم، قەرە میرزا، ڕەندی عارفزادە، حەمۆکە، بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*. لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەرکەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێک لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆک ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- له خۆ بێگانه بوون، کۆمەڵە چیرۆک،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک، به فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی که ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوک
٢٠- زنده خەون، کۆمەڵە چیرۆک، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێک دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوک
٢٢-دیدارو دەقو رەخنه،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی که بوو به گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوک
٢٥- میوان، چیرۆک،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد له عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١،١٩٩٨١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(          )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێک لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- له گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاک لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزم‌ودژه ریالیزم له ئه‌ده‌بیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،ده‌زگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانه ئه‌ده‌بییه‌کان،ره‌زا سه‌ید حسه‌ینی، چ٢٠٠٦،١ده‌زگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئه‌ده‌بیاتی روسی، سه‌عیدی نه‌فیسی

٦٩- لێکدانه‌وه‌یه‌ک له‌مه‌ڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونه‌روژیانی کۆمه‌ڵایه‌تی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)ده‌زگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانه‌ی قه‌ڵه‌م ٢٠٠٦

٧٢- رێبازه هونه‌رییه‌کانی جیهان

٧٣- پێکهاته‌ی به‌ده‌نی و چاره‌نووسی ئافره‌ت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- شیعر کوژی..حه‌مه که‌ریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمه‌ڵه‌ی روناکبیری و کۆمه‌ڵایه‌تی که‌رکوک، ژماره(٧٠)

٧٥- ده‌رباره‌ی رۆمان‌و چیرۆک، حه‌مه‌که‌ریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مه‌رگی نووسه‌رو چه‌ند باسێکی دیکه‌ی ئه‌دبی-رۆشنبیری،حه‌مه‌که‌ریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسه‌رانی که‌رکوک

٧٧- ناودارانی ئه‌ده‌ب، حه‌مه که‌ریم عارف، (چ١) ده‌زگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- په‌یڤستانی من، حه‌مه که‌ریم عارف،چاپی یه‌که‌م()

٧٩- په‌ڵکه ره‌نگینه، حه‌مه که‌ریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانه‌تی حه‌ڵاڵ، حه‌مه که‌ریم عارف

٨١-بووکی هه‌زار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆک، بزورگی عه‌له‌وی

٨٢-ئه‌بوزه‌ر، د.عه‌لی شه‌ریعه‌تی

٨٣-ریوایه‌ت، ڕۆمان، بزورگی عه‌له‌وی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافه الکوردیه، حه‌مه که‌ریم عارف

٨٥-هه‌ژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی

٨٦-ده‌یڤد کۆپه‌رفیلد، (رۆمانی کورتکراوه بۆ نه‌وجه‌وانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسه، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی

٨٩-شازاده و گه‌دا، رۆمان، مارک توین

٩٠-توحفه‌نمای ئه‌ده‌بیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من    رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ مناڵانی کورد
٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی
٩٧- کۆڵوانە سوور... کۆچیرۆک بۆ منداڵان
٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی
١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە
١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی
١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی
١٠٥- دیوار...کۆچیرۆک..............کۆمەڵێک نووسەر
١٠٦- کۆکۆرۆ............ڕومان........ناتسومی سوسکی
١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆک بۆ مێرمنداڵان /حەمەکەریم عارف
١٠٨- ئەودیوی مەرگ..........حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی
١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف
١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی
١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...
١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...
١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل
١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە
١١٥- جیهانی چیرۆک ( کۆمەڵێک دەق ورەخنە)
١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە..............حەمەکەریم عارف
١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا
١١٩- دۆنی ئارام/١
١٢٠- دۆنی ئارام/٢
١٢١- دۆنی ئارام/٣
١٢٢- دۆنی ئارام/٤
١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە
١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ
١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی
١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان
١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالی بەهەشت"ڕۆمان"
١٢٨- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"
١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی
١٣٠-پوشکین سەرقافڵەی ئەدەبی ڕووسی
١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی
١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف
١٣٣- کەنیزۆ ،کۆمەڵێک چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی
١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .
١٣٥- جیرۆکی شاریک ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.
١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا
١٣٧- کۆڵانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز
١٣٨- چۆن پۆڵامان ئاودا، ڕۆمان، ئۆستڕۆفسکی
١٣٩- بیست و سێ چیرۆکی تۆڵستۆی
١٤٠- چارەنووسی مرۆڤێک
١٤١- قەیرانی سێبەر
١٤٢- ئەفسانەی تەروادە
١٤٣- لە بەردەم عەرشدا، نەجیب مەحفووز

١٤٤- دڵی شەو، نەجیب مەحفووز
١٤٥- ئاوێنەکان، = =
١٤٦- جەنابی ڕێزار، نەجیب مەحفووز
١٤٧- دەورانی منداڵیم، ماکسیم گۆرکی
١٤٨- هاوسەفەر و چەند چیرۆکێکی دی، م.گۆرکی